حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سلێمانی

کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی

بەشی کوردی

# کاریگەری شیعری منداڵان لە پرۆسەی فێربووندا . قۆناغی بنەڕەتی بە نموونە

نامەیەکە

پێشکەش بە ئەنجوومەنی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی . زانکۆی سلێمانی کراوە وەک بەشێک لەپێداویستییەکانی بە دەستهێنانی بڕوانامەی(ماستەر)لە ئەدەبی کوردیدا

لەلایەن

توێژەر: شاگوڵ عثمان عبدالکریم

بە سەرپەرشتی

پ. ی. د. کوێستان جمال سلام

٢٠٢٢زاینی ٢٧٢٢کوردی

## بەڵێننامە

بەڵێن دەدەم،کە ئەم ماستەرنامەیە بە ناونیشانی(کاریگەری شیعری منداڵان لە پڕۆسەی فێربووندا- قۆناغی بنەڕەتی بە نموونە)هەمووی بە ئەنجام گەیەنراوە لەلایەن خودی خۆمەوە،جگە لەو جێگایانەی،کە بە ئاشکرا ئاماژەم پێکردووە،هەموو نووسین و ئەنجامەکانی توێژینەوە کاری سەربەخۆی خۆمە و پێشتر لە هیچ شوێنێک بڵاونەکراوەتەوە بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامە،بەڵێن دەدەم لە هەر جێگەیەک شتێکم وەرگرتبێت ئاماژەم بە سەرچاوەکەی کردووە...

ئیمزا:

ناوی خوێندکار: شاگوڵ عثمان عبدالکریم

ڕێکەوت:

## بڕیاری هەڵسەنگێنەری زانستی

**ئەم ماستەرنامەیە بەناونیشانی(..........................................................................)،کە لەلایەن(.....................................)پێشکەشکراوە .لەلایەن خودی خۆمەوە لە ڕووی زانستییەوە پیاچونەوەی بۆ کراوە و پشتگیری دەکەم و ڕەزامەندین، کە بەم شێوەیەی ئێستای پێشکەش بە لیژنەی گفتوگۆکردن بکرێت.**

**هەڵسەنگێنەری زانستی:**

**ڕێکەوت:**

# پشتگیری سەرپەرشتیار

ئەم ماستەرنامەیە بە سەرپەرشتی من ئامادەکراوە و نووسراوە بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی ماستەر لە پسپۆری ئەدەب و پشتگیری دەکەم.کەبەم شێوەیەی ئێستای پێشکەش بە لیژنەی گفتوگۆکردن بکرێت.

واژۆ

پ.ی.د. کوێستان جمال سلام

سەرپەرشتیار

ڕێکەوت :   /   / ٢٠٢٢

پشتگیری دەکەم،کە هەموو پێداویستییەکان جێبەجێکراون و ڕەزامەندین بە ناردنی بۆ لیژنەی گفتوگۆ.

واژۆ

پ.د. بێستون حسن احمد

سەرۆک بەشی کوردی

ڕێکەوت:   /   /٢٠٢٢

پشتگیری دەکەم،کە هەموو پێداویستییەکان جێبەجێکراون و ڕەزامەندین بە ناردنی بۆ لیژنەی گفتوگۆ.

لێپرسراوی هۆبەی کاروباری زانستی و خوێندنی باڵا

واژۆ:

ناو:

ڕێکەوت:

# بڕیاری لیژنەی گفتوگۆ

**ئێمە ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ وهەڵسەنگاندن،ئەم نامەیەمان بەناونیشانی.(....................... ......................................................................................)لەگەڵ خوێندکاری ماستەر(................................................)گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆک و لایەنەکانی دیکەی کرد و بڕیارماندا کە شایستەی ئەوەیە بە پلەی ( ) بڕوانامەی ماستەر لە بواری شیعری منداڵان لە پرۆسەی فێربووندا پێبدرێت ،لەم پێناوەدا واژۆمان کردووە.**

**واژۆ**

**ناو:**

**ئەندام:**

**ڕێکەوت: / / ٢٠٢٢**

**واژۆ**

**ناو:**

**ئەندام:**

**ڕێکەوت: / / ٢٠٢٢**

**واژۆ**

**ناو:**

**ئەندام:**

**ڕێکەوت: / / ٢٠٢٢**

**واژۆ**

**ناو:**

**ئەندام:**

**ڕێکەوت: / /٢٠٢٢**

**لە کۆبونەوەی ئەنجومەنی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی ژمارە ( ) لەڕێکەوتی ( / / ) پەسەند کرا.**

**واژۆ**

**ناو : پ .د . علی قادر عثمان**

**ڕاگری کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی**

**ڕێکەوت: / /٢٠٢٢**

**پێشکەشکردن :**

**. بە مامۆستا خەمخۆر و بەڕێزەکانم...**

**. بەرۆحی دایکی کۆچکردووم**

**. بە قەڵا بەرزەکەی ژیانم باوکم**

**. خێزانەکەم و خوشک براکانم**

**. هەموو ئەوانەی بە بەردەوامی سێبەر بوون بۆم .... ماندوو بوون لە گەڵم**

# سوپاس و پێزانین

. سوپاسی خوای گەورە دەکەم بۆ ئەو هەلەی کە پێیبەخشیم.

. زۆر سوپاسی ڕاگری کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی بەڕێز (پ . د .علی قادر عثمان)دەکەم کە هەمیشە هاوکارمان بوو.

- زۆر سوپاسی سەرۆک بەشی کوردی(پ.د.بێستون حسن احمد)دەکەم بۆ دڵسۆزی وهاوکاری کردنم.

. زۆر سوپاسی سەرۆکی پێشووی بەشی کوردی(پ .ی د.عادل ڕەشید قادر) دەکەم، کە هەمیشە یارمەتیدەر و خەم خۆرمان بووە.

. زۆر سوپاسی مامۆستا (بێستون عارف عەزیز) بڕیاردەری بەش دەکەم، کە هەمیشە ماندوو بووە لە گەڵمان.

. زۆر سوپاسی مامۆستای خۆشەویست و بەڕێز و چاوساغم دکتۆری سەرپەرشتیار (پ. ی د. کوێستان جمال سلام ) بە پێدانی سەرنج و تێبینییە بە سوودەکانی.

-زۆر سوپاسی بەڕێز(پ.د. علی عبدالرحمن جمعە)دەکەم کە لەو بەش و تەوەرانەی پەیوەستن بە بابەتی پەروەردەیی و فێربوونەوە ڕێنمایی و تێبینی و سەرنجی زانستیانەی پێداوم و هاوکارمان بووە.

. زۆر سوپاسی هەموو دکتۆر و مامۆستایانی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی . بەشی کوردی دەکەم بۆیارمەتیدان و خەم خۆری و مامەڵەی جوانیان.

. زۆر سوپاسی هەریەک لە پسپۆر و شارەزایانی هەڵسەنگاندنی ئامڕازەکانی توێژینەوەکەم دەکەم.

-زۆر سوپاسی کارمەندانی خوێندنی باڵای کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی دەکەم بۆ هیلاک بوونیان.

. زۆر سوپاسی کارمەندانی کتێبخانەی ناوەند دەکەم بە تایبەتی کارمەندانی بەشی سی دی و بەشی نامەکان کە هەمیشەیارمەتیدەرمان بوون.

. زۆر سوپاسی برای خۆم ( دانا عثمان عبدالکریم ) دەکەم ، کە زۆر بە دڵسۆزی یارمەتیدام.

. زۆر سوپاسی هاوڕێی ئازیزم ( روقیە عثمان فارس ) دەکەم ،کە هەمیشە هاوکارم بووە .

. سوپاسی ئەو شاعیر و نووسەرانە دەکەم کە زانیاری زۆریان پێبەخشیم لە بواری شیعری منداڵاندا.

. سوپاسی ئەو خزم و دۆست وهاوڕێ بەڕێزانەم دەکەم کە هاندەر و یارمەتیدەرم بوون.

# پێڕستی ناوەڕۆک


| ناوەڕۆک | |
|---|---|
| بابەت | لاپەرە |
| بەڵێننامە | ii |
| بڕیاری هەڵسەنگێنەری زانستی | iii |
| پشتگیری سەرپەرشتیار | iv |
| بڕیاری لیژنەی گفتوگۆ | v |
| پێشکەشکردن | vi |
| سوپاس وپێزانین | vii |
| پێڕست | viii |
| پێشەکی | ١ |
| بەشی یەکەم :پڕۆسەی پەروەردە و ڕۆڵی لە بونیادنان و فێربوونی تاک لە ناو کۆمەڵگەدا. | ٤-٣٧ |
| تەوەری یەکەم :پێناسەی پەروەردە و فێربوون و ڕۆڵی مامۆستا لەپڕۆسەی پەروەردە و فێربووندا. | ٤-١٦ |
| ١ / ١ / ١)پێناسەی پەروەردە و فێربوون | ٤ |
| ١ / ٢/١)ڕۆڵی پەروەردە لە بونیادنانی تاکی کۆمەڵگەدا | ١٠ |
| ١ / ٣/١)ڕۆڵی مامۆستا لە پڕۆسەی پەروەردە و فێربووندا | ١١ |
| ١ / ٤/١)فەلسەفەی کۆن و نوێ لە پڕۆسەی پەروەردە و فێربووندا | ١٢ |
| ١ / ٥/١)ئەو هۆکارانەی کاریگەرییان لەسەر پڕۆسەی پەروەردە و فێربوون هەیە | ١٥ |
| ١)هۆکاری ناوەکی | ١٥ |
| ٢)هۆکاری دەرەکی | ١٦ |
| تەوەری دووەم : مەرج و بنەماکان و گرنگی و بایەخی فێربوون. | ١٧-٢٧ |
| ١/٢/١)مەرج و بنەماکانی فێربوون | ١٧ |
| ١) پێگەیشتن | ١٧ |
| ٢)ڕاهێنان و فێربوون | ١٨ |
| ٣)ڕێگاکانی وانە گوتنەوە و فێربوون | ١٩ |
| ٤)ئامرازو تەکنەلۆژیای ڕوونکردنەوە و فێربوون | ١٩ |
| ٥) پاداشت و هاندان و فێربوون | ٢٠ |
| ٦) پاڵنەرەکان و فێربوون | ٢١ |
| ٧)ئامادەبوون | ٢٢ |
| ٢/٢/١)گرنگی و بایەخی فێرکردن و فێربوون لای منداڵان | ٢٣ |
| ١) پێشکەوتنی کۆمەڵگە | ٢٣ |
| ٢) پەروەردەی ڕەوشتی | ٢٣ |

| | |
|---|---|
| ٣) پەروەردەی عەقڵی | ٢٣ |
| ٤) پەروەردەی زانستی | ٢٤ |
| ٥)فێربوونی زمان | ٢٤ |
| ٦)گەشە پێدانی کەسایەتی | ٢٥ |
| ٧) پەروەردەی جەستەیی | ٢٥ |
| ٨)بەها پەروەردەییەکان | ٢٥ |
| ٩)لایەنی کارکردن | ٢٦ |
| ١٠)فێربوونی شێوازی چارەسەرکردنی کێشەکان | ٢٦ |
| تەوەری سێیەم : ڕێگا هاوچەرخەکانی فێرکردن و فێربوون. | ٢٨-٣٧ |
| ١/٣/١) ڕێگا و شێوازی فێربوونی منداڵان | ٢٨ |
| ٢/٣/١) ڕێگا هاوچەرخەکانی فێرکردن و فێربوونی شیعری منداڵان | ٣٠ |
| ٣/٣/١) کێشە پەروەردەییەکانی پرۆسەی فێربوون لە هەرێمی کوردستاندا | ٣٦ |
| بەشی دووەم :شیعری منداڵان و تایبەتمەندییەکانی و مێژووی سەرهەڵدانی . | ٣٨-٧٦ |
| تەوەری یەکەم : پێناسە و تایبەتمەندی و جۆرەکانی شیعری منداڵان . | ٣٨-٤٧ |
| ١/١/٢) پێناسەی شیعری منداڵان | ٣٨ |
| ٢/١/٢)ئامانجەکانی شیعری منداڵان | ٤١ |
| ٣/١/٢)تایبەتمەندییەکانی شیعری منداڵان | ٤٢ |
| ٤/١/٢)ڕووخساری شیعری منداڵان | ٤٢ |
| ٥/١/٢)ناوەڕۆکی شیعری منداڵان | ٤٣ |
| ٦/١/٢ )جۆرەکانی شیعری منداڵان | ٤٤ |
| تەوەری دووەم : سەرهەڵدانی شیعری منداڵان لە ئەدەبی کوردیدا. | ٤٨-٦٢ |
| ١/٢/٢)مێژووی سەرهەڵدان و گەشەسەندنی شیعری منداڵان لە ئەدەبی کوردیدا. | ٤٨ |
| ١/١/٢/٢)شیعری منداڵان لە ناو ئەدەبی فۆلکلۆری کوردیدا | ٤٨ |
| ٢/١/٢/٢)شیعری منداڵان لە ناو ئەدەبی کلاسیکی کوردیدا | ٥١ |
| ٣/١/٢/٢)شیعری منداڵان لە ناو ئەدەبی نوێ و هاوچەرخی کوردیدا | ٥٥ |
| ٢/٢/٢)شاعیرە دیارەکانی ناو ئەدەبی منداڵان | ٥٧ |
| ١)زێوەر | ٥٧ |
| ٢)گۆران | ٥٨ |
| ٣)ع.ح.ب.شەونم | ٥٩ |
| ٤)کاکەی فەلاح | ٦٠ |
| ٥)مەدحەت بێخەو | ٦١ |
| ٦)فایەق بێکەس | ٦١ |
| ٧)لەتیف هەڵمەت | ٦١ |

| | |
|---|---|
| ٨)دایکی سۆلاڤ | ٦٢ |
| تەوەری سێیەم : شیعری منداڵان و پرۆسەی پەروەردە و خوێندن . | ٦٣-٧٦ |
| ١/٣/٢)مێژووی هاتنەناوەوەی شیعری منداڵان بۆ ناو پێڕەو و پرۆگرامی پەروەردە و خوێندن . | ٦٣ |
| ٢/٣/٢)شیعری منداڵان و کاریگەری لە سەر پرۆسەی پەروەردە و فێربوون | ٦٧ |
| ١)لایەنی پەروەردەیی | ٦٨ |
| ٢)لایەنی زمانەوانی | ٧٢ |
| ٣)لایەنی نیشتمانپەروەری و ڕامیاری | ٧٣ |
| ٤)لایەنی دەروونی | ٧٤ |
| ٥)لایەنی مرۆڤایەتی | ٧٥ |
| ٦)لایەنی بەهرە و داهێنان و گەشەی عەقڵی | ٧٥ |
| ٧)لایەنی خۆشەویستی | ٧٦ |
| بەشی سێیەم : ڕێگا و بنەماکانی توێژینەوەکە . | ٧٧-١٤٦ |
| تەوەری یەکەم : کۆمەڵگا وسامپڵ و قەبارەی توێژینەوەکە . | ٧٧ |
| ١/١/٣)کۆمەڵگای توێژینەوەکە | ٧٧ |
| ٢/١/٣)سامپڵی توێژینەوەکە | ٧٧ |
| ٣/١/٣)قەبارەی سامپڵەکان | ٧٧ |
| ٤/١/٣)هەڵبژاردنی سامپڵەکان | ٧٧ |
| تەوەری دووەم : ڕێکارەکانی توێژینەوە لە بابەتە شیعرییەکانی ناو پرۆگرامی خوێندنی بنەڕەتی (بازنەی یەکەم)و(بازنەی دووەم). | ٧٨-١١٥ |
| ١/٢/٣) منداڵانی قۆناغی بنەڕەتی | ٧٨ |
| ١/١/٢/٣)بازنەی یەکەم: | ٧٩ |
| ١) شیکردنەوەی شیعرەکانی سامپڵی یەکەم | ٨٠ |
| ٢) شیکردنەوەی شیعرەکانی سامپڵی دووەم | ٨٥ |
| ٣) شیکردنەوەی شیعرەکانی سامپڵی سێیەم | ٩١ |
| ٢/١/٢/٣)بازنەی دووەم: | ٩٦ |
| ١/١/٢/٣)شیکردنەوەی شیعرەکانی سامپڵی یەکەم | ٩٦ |
| ٢/١/٢/٣)شیکردنەوەی شیعرەکانی سامپڵی دووەم | ١٠٤ |
| ٣/١/٢/٣)شیکردنەوەی شیعرەکانی سامپڵی سێیەم | ١٠٨ |
| تەوەری سێیەم : خستنەڕووی داتاکان و ڕاڤەکردنیان . | ١١٦-١٤٥ |
| ١/٣/٣)خشتە و نەخشەی داتاکان | ١١٦ |
| ئەنجام | ١٤٦ |
| پێشنیاز | ١٤٨ |
| سەرچاوەکان | ١٥٠ |

| | |
|---|---|
| پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی عەرەبی | ١٦٠ |
| پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی ئینگلیزی | ١٦١ |
| پاشکۆی ژمارە(١) | ١٦٢ |
| پاشکۆی ژمارە (٢ ) | ١٦٤ |


## پێڕستی خشتەی شیعرەکان


| ژمارە | خشتەی وانەکان | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | خشتەی شیعرەکانی پۆلی یەکەمی بنەڕەتی | ٨٠ |
| ٢ | خشتەی شیعرەکانی پۆلی دووەمی بنەڕەتی | ٨٥ |
| ٣ | خشتەی شیعرەکانی پۆلی سێیەمی بنەڕەتی | ٩١ |
| ٤ | خشتەی شیعرەکانی پۆلی چوارەمی بنەڕەتی | ٩٦ |
| ٥ | خشتەی شیعرەکانی پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی | ١٠٤ |
| ٦ | خشتەی شیعرەکانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی | ١٠٨ |


## پێرستی هێڵکارییەکان


| ژمارە | ناونیشانی هێڵکارییەکان | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | ناوەڕۆکی شیعرەکانی قۆناغی بنەڕەتی | ١١٣ |
| ٢ | بەهاکان | ١١٤ |


## پێڕستی خشتە و نەخشەکان


| ژمارەی خشتە و نەخشەکان | ناونیشانی خشتە ونەخشەکان | ژ. لاپەڕە |
|---|---|---|
| خشتە و نەخشەی ژمارە(١) | تایبەتە بە جۆرێک لە ئەدەبی منداڵان | ١١٦ |
| خشتە و نەخشەی ژمارە(٢) | تایبەتە بەشیعری نیشتمانی و نەتەوایەتی | ١١٧ |
| خشتە و نەخشەی ژمارە(٣) | تایبەتە بە بازنەی دووەم | ١١٨ |
| خشتە و نەخشەی ژمارە(٤) | تایبەتە بەڕێز و خۆشەویستی | ١١٩ |

| | | |
|---|---|---|
| خشتە و نەخشەی ژمارە(٥) | تایبەتە بەمندالآنی قۆناغی بنەڕەتی | ١٢٠ |
| خشتە و نەخشەی ژمارە(٦) | تایبەتە بە چەشەی ئەدەبی | ١٢١ |
| خشتە و نەخشەی ژمارە(٧) | تایبەتە بەرێگەی وتنەوەی شیعر | ١٢٢ |
| خشتە و نەخشەی ژمارە(٨) | تایبەتە بە گەشەکردنی بیری داهێنەرانە | ١٢٣ |
| خشتە و نەخشەی ژمارە(٩) | تایبەتە بە کەسایەتی فێرخواز | ١٢٤ |
| خشتە و نەخشەی ژمارە(١٠) | تایبەتە بە توانای دەربڕین | ١٢٥ |
| خشتە و نەخشەی ژمارە(١١) | تایبەتە بەگرنگیدان بە وتنەوەی شیعری مندالآن | ١٢٦ |
| خشتە و نەخشەی ژمارە(١٢) | تایبەتە بە ئامێری میوزیک | ١٢٧ |
| خشتە و نەخشەی ژمارە(١٣) | تایبەتە بە ناوەڕۆکی شیعری (بازنەی یەکەم)و(بازنەی دووەم) | ١٢٨ |
| خشتە و نەخشەی ژمارە(١٤) | تایبەتە بە پلاندانان بۆ شیعر | ١٢٩ |
| خشتە و نەخشەی ژمارە(١٥) | تایبەتە بە سوودی شیعر | ١٣٠ |
| خشتە و نەخشەی ژمارە(١٦) | تایبەتە بەگەشەی عەقڵی مندالآن | ١٣١ |
| خشتە و نەخشەی ژمارە(١٧) | تایبەتە بەرێگەی وتنەوەی شیعر | ١٣٢ |
| خشتە و نەخشەی ژمارە(١٨) | تایبەتە بە ئامرازەکانی فێرکردنی شیعر | ١٣٣ |
| خشتە و نەخشەی ژمارە(١٩) | تایبەتە بە شیعری فێرکاری | ١٣٤ |
| خشتە و نەخشەی ژمارە(٢٠) | تایبەتە بە زەین و هۆشی فێرخوازان | ١٣٥ |
| خشتە و نەخشەی ژمارە(٢١) | تایبەتە بە شیعری ئامۆژگاری | ١٣٦ |
| خشتە و نەخشەی ژمارە(٢٢) | تایبەتە بەرێگەی وتنەوەی شیعر | ١٣٧ |
| خشتە و نەخشەی ژمارە(٢٣) | تایبەتە بە کێش و ئاوازی شیعری بازنەی یەکەم ودووەم | ١٣٨ |
| خشتە و نەخشەی ژمارە(٢٤) | تایبەتە بەو مندالآنەی زمانیان دەیگرێت | ١٣٩ |
| خشتە و نەخشەی ژمارە(٢٥) | تایبەتە بە گەشەکردنی بەها پەروەردەییەکان | ١٤٠ |
| خشتە و نەخشەی ژمارە(٢٦) | تایبەتە بە چالاکی جەستەیی | ١٤١ |
| خشتە و نەخشەی ژمارە(٢٧) | تایبەتە بەرێگەی دابەشبوون | ١٤٢ |
| خشتە و نەخشەی ژمارە(٢٨) | تایبەتە بە بابەتی ڕەوانبیژی | ١٤٣ |
| خشتە و نەخشەی ژمارە(٢٩) | تایبەتە بە فەرهەنگی وشە | ١٤٤ |
| خشتە و نەخشەی ژمارە(٣٠) | تایبەتە بە فێربوون | ١٤٥ |

# پێشەکـــــی

قۆناغی منداڵی گرنگترین وناسکترین قۆناغی ژیانی مرۆڤە،زۆربەی زانایانی پەروەردە و دەروونناسی جەخت لەسەر گرنگی ئەم قۆناغە دەکەنەوە،چونکە منداڵان نەوەی دوارۆژی کۆمەڵگەن و دەبنە پارێزەری دەستکەوتەکان و درێژەپێدەری ڕەوتی ژیان لە ناو وڵاتدا.ئەدەبی منداڵان یەکێکە لە شێوازە گرنگەکانی پەروەردە و پێگەیاندنی منداڵان،کە لە ناویشیدا شیعری منداڵان بەشە گرنگ و کاریگەرەکەی ئەو بوارەیە،هەر بۆیە بە پێویستمان زانی ئەم توێژینەوەیە لە ژێر ناونیشانی(کاریگەری شیعری منداڵان لە پرۆسەی فێربووندا- قۆناغی بنەڕەتی بە نموونە) تایبەت بکەین بە توێژینەوە لە شیعری منداڵان و لەناویدا شیعرەکانی ناو پرۆگرامی خوێندنی بنەڕەتی و کاریگەریان لەسەر پرۆسەی فێربووندا.

**ئامانجی توێژینەوەکە: .**

ئامانجی توێژینەوەکە دەرخستنی گرنگی شیعری منداڵان و تیشک خستنە سەر تایبەتمەندییەکانی و ڕۆڵ و بایەخی لە ناوپرۆسەی پەروەردە و فێربووندا،کۆ ئامانجی توێژینەوەکەش خۆی لە پڕکردنەوەی کەلێنێک لە کەلێنەکانی شیعری منداڵان و کاریگەرییەکەی لە بواری پەروەردە دا دەبینێتەوە.

**ڕێبازی توێژینەوەکە : .**

لە نوسینی توێژینەوەکەماندا پەیڕەوی ڕێبازی ( وەسفی و شیکاری ) مان کردووە. بۆ ئەم مەبەستەش لایەنی تیۆری بابەتەکە خراوەتەڕوو،پاشان لە ڕووی پراکتیکیەوە شیعرەکانمان شیکار کردووەتەوە و ئەنجام و داتاکانی ڕاپرسییەکەمان ختسووەتەڕوو.

**گرنگی توێژینەوەکە: .**

لە گەڵ ئەوەی شیعری منداڵان لقێکی گرنگی ئەدەبییاتە،تا ئێستا توێژینەوە لەم بوارەدا کەمە و لەم ڕووەوە پێویستمان بە توێژینەوەی زیاتر هەیە.بۆیە بە پێویستمان زانی بە شێوەیەکی زانستییانە ئاوڕ لەو جیهانە پاکەی منداڵان بدەینەوە.و ئەم توێژینەوەیە گەڵاڵە بکەین.ئەمە جگە لەوەی شیعری منداڵان چێژ و خۆشی دەبەخشێت بە منداڵان،ڕۆڵ و بایەخێکی گرنگی هەیە لە بواری پەروەردە و فێرکردندا.لە لایەکی تریشەوە حەز و ئارەزووی بێ پایانی خۆم بۆ چوونە ناو جیهانی منداڵان.

**سنوری توێژینەوەکە:**

سنوری توێژینەوەکە شیعرەکانی ناو پرۆگرامی خوێندنی کوردی(بازنەی یەکەم) و (بازنەی دووەم) .

**گیروگرفتی توێژینەوەکە: .**

**لە نووسینی بابەتەکەدا چەند گرفتێک هاتە پێشمان، ئەویش کەمی سەرچاوە و توێژینەوەیە لەم بوارەدا،لە گەڵ ئەوەشدا هەندێک لە شیعرەکان ناوی شاعیر نەنووسراوە ، تا لە کاتی پێویستدا بگەڕێنەوە بۆ سەرچاوەی بنەڕەتی.هەروەها بە پێی ناونیشانی توێژینەوەکە دەتوانرێت دوو ڕێباز پەیڕەو بکرێت بۆ ئەم جۆرە توێژینەوەیە، یەکەمیان (شیکاری ) ،دووەمیان (ئەزموونی ) ،بەڵام بەو پێیەی من خوێندکاری ماستەر بەشی ئەدەب بووم، گونجاوترین ڕێباز لەم بارەدا (وەسفی و شیکاری ) بوو،هەر بۆیە پەیڕەویشمان کرد ،بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا توێژینەوەکەشمان دانەبڕیوە لە بابەتی پەروەردە و فێربوون ،هەر وەک لە ناونیشانەکەدا ئاماژەی پێکراوە.لەم ڕووەوە بەشی کۆتاییمان تایبەت کرد بە ڕۆڵ و کاریگەری شیعری منداڵان لە پرۆسەی فێربووندا بەمەش هەوڵماندا ڕێچکەیەکی نوێ بگرینە بەر،کە توێژینەوەکە ئەدەبییە ،بەڵام بیخەینە خزمەتی پرۆسەی پەروەردە و فێربوونەوە ،بەو پێیەی کە بەشەکەمان بەشی زمان و ئەدەبی کوردییە لە پەروەردەی بنەڕەتیدا .**

**پێکهاتەی توێژینەوەکە:**

**پێکهاتەی توێژینەوەکە جگە لە پێشەکی،لە سێ بەش و ئەنجام و پێشنیاز و پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی و سەرچاوەکان و پاشکۆکان پێکهاتووە .**

**بەشی یەکەم: ئەم بەشە لە سێ تەوەر پێک هاتووە،لە تەوەری یەکەمدا باس لەچەمک و پێناسەی پەروەردە و فێربوون و گرنگی و بایەخی ڕۆڵی پەروەردە لە بونیادنانی تاکی کۆمەڵگەدا و هەروەها باس لە فەلسەفەی پەروەردەی کۆن و نوێ کراوە لە گەڵ ڕۆڵی مامۆستا لە پەروەردە و فێربووندا ،لەگەڵ ئەو هۆکارانەی کاریگەرییان هەیە لە سەر پرۆسەی فێربوون.لە تەوەری دووەمدا مەرج و بنەماکانی پرۆسەی فێربوونمان باسکردووە،لەگەڵ گرنگی و بایەخی فێربوون و فێرکردن.لە تەوەری سێیەمدا.باس لە ڕێگا و شێوازی فێربوون کراوە لە گەڵ ڕێگای فێربوون و وتنەوەی شیعری منداڵان لە قۆناغی بنەڕەتیدا ،لەگەڵ ئەوەشدا باس لە گیروگرفت و ئاستەنگییەکانی پرۆسەی فێربوون کراوە.**

**بەشی دووەم: لە سێ تەوەر پێکهاتووە :لە تەوەری یەکەمدا پێناسەی شیعری منداڵان و ئامانجەکان و تایبەتمەندێتی شیعری منداڵانمان خستووەتەڕوو ،لە گەڵ ڕووخسار و ناوەڕۆکی شیعری منداڵان و جۆرەکانی شیعری منداڵان.**

**لە تەوەری دووەمدا باسمان لە مێژووی سەرهەڵدانی شیعری منداڵان کردووە لە ناو ئەدەبی کوردیدا ، کە لە فۆلکلۆرەوە دەست پێدەکات تاوەکو ئەمڕۆ،پاشان نموونەی شیعری چەند شاعیرێکی دیاری ناو شیعری منداڵانمان باس کردووە.**

**لە تەوەری سێیەمدا باسمان لە سەرەتای هاتنە ناوەی شیعری منداڵان کردووە بۆ ناو پێڕەو و پرۆگرامی خوێندنی بنەڕەتی ،پاشان باسمان لە کاریگەری شیعری منداڵان کردووە لە پرۆسەی پەروەردە و فێربووندا .**

**بەشی سێیەم: لە سێ تەوەر پێک هاتووە :لە تەوەری یەکەمدا باس لەکۆمەڵگای توێژینەوەکە و سامپڵی توێژینەوەکە و قەبارەی سامپڵەکان و هەڵبژاردنی سامپڵەکان کراوە.لە تەوەری دووەمدا شیعرەکانی ناو پەرتووکی وانەی کوردی (بازنەی یەکەم)و(بازنەی دووەم)شیکارییان بۆ کراوە و پاشان لە تەوەری سێیەمدا ئەنجامی ڕاپرسییەکە لە گەڵ داتاکان بە خشتە و نەخشە خراونەتە ڕوو.**

**لە کۆتایی بەشەکاندا گرنگترین ئەو ئەنجامانەمان دەستنیشان کردووە،کە لەم توێژینەوەیەدا پێیان گەیشتووین . پاشان چەند پێشنیارێکمان خستووەتە ڕوو،دواتر لیستی سەرچاوەکان نووسراون ، ئینجا کورتەی توێژینەوەکە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی نووسراون، پاشان پاشکۆکان خراونەتە ڕوو.**

# بەشی یەکەم

## بەشی یەکەم : پرۆسەی پەروەردە و ڕۆڵی لە بونیادنان و فێربوونی تاک لە ناو کۆمەڵگەدا.

## تەوەری یەکەم :پێناسەی پەروەردە و فێربوون و ڕۆڵی مامۆستا لە پرۆسەی پەروەردە و فێربووندا.

### ١/١/ ١) . پێناسەی پەروەردەو فێربوون

چەمکی پەروەردەچەمکێکی ئاڵۆزە و پێناسەکردنی ئاسان نییە،چونکە ئاوێتەی تەم و مژێکی زۆر بووە بە شێوەیەک،کە تێگەیشتن لەم چەمکە ئاڵۆز و قورس بووە .ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چەندین هۆکاری جۆراو جۆر ،هەندێکیان پەیوەندی بە کۆمەڵگاوە هەیە ،هەندێکیشیان پەیوەندی بە تاکە کەسەوە هەیە.کۆمەڵێک بۆچوونی جیاواز لە سەر پەروەردە هەیە،بۆ نموونە : ئەفلاتوون دەڵێت "پرۆسەی پەروەردەکردن،واتە زیادکردنی جوانی بۆ لاشە و دەروونی مرۆڤەکان و گەیشتن بە ئاستی کامڵبوون "،(فەتاح ،٢٠١٨: ل ٥).ئەفلاتوون یەکەمین فەیلەسووف و زانایە،کە باس لە پێویستی پەروەردە دەکات ،بە پێی ئەم بۆچوونەی ئەفلاتوون مرۆڤ بە هۆی پەروەردەکردنەوە کامڵ و پێگەیشتوو دەبێت لە هەموو ڕوویەکەوە بەتایبەتی لە ڕووی دەروونی و عەقڵی و لاشەوە. کەواتە"پەروەردە ، گەشەکردن ،بەرزبوونەوە ،زیاد کردن بەرەو باشکردن دەگرێتەوە.ئەم زیادکردنەش ماوەیەکی دیاریکراو و سنوردار ناگرێتەوە،بەڵکو چاودێری و گەشەکردنێکی بەردەوامە لە هەموو کات و قۆناغە جیاوازەکانی تەمەندا .هەر لەبەر ئەمەیە دەبینین پەروەردە شێواز و ڕێگەی جۆراو جۆر لە خۆ دەگرێت ،چونکە بە پێی ئاستی گەشەکردن و تەمەن و بارودۆخی کەسەکان و پێداویستییەکانیان دەگۆڕێت،بۆیە گەیشتن بە پەرەسەندنێکی بایەلۆژیانەی هاوسەنگ،واتا ئامانجی چەندایەتی(الكمی) پەروەردە دەدات بە دەستەوە، بەڵام ئامانجی چۆنایەتی (الكيفی)لەهێنانەدی گەشەی ئەقڵی سۆزدارێدا خۆی دەبینێتەوە"،(محەمەد،٢٠٠٨: ل ٣٠).پەروەردە تەنها یەک شتی دیاریکراو ناگرێتەوە بەڵکو زۆر شت دەگرێتەوە ، هەر زیندەوەرێک کە پەروەردە دەکرێت واتە بە چەند قۆناغێک گەورە بووە ،هەروەها شت فێربووە ، گۆڕانی بەسەردا هاتووە .ئەفلاتوون (٤٢٧ ـ ٣٤٨ ، پ،ز )دەڵێت " پەروەردە جوانی و تەواویی پێویست بە جەستە دەبەخشێت،ڕۆڵی مامۆستا سەپاندنی زانست نییە ، بەڵکو ئاراستە کردنی فێرخوازانە بۆ گفتوگۆ و پرسیارکردن "،(قادر ،٢٠٢٠ :ل١٧ ).زۆر گرنگە مامۆستا مێشکی فێرخوازان بجولێنێت و پرسیاریان لا دروست بکات و گفتوگۆیان لەگەڵدا بکات،"پەروەردە یەکێکە لە پایە گرنگەکانی دابینکردن و دروستکردنی پاشەڕۆژێکی گەشاوە بۆ هەر کۆمەڵگەیەکی مرۆڤایەتی پرۆژەیەکی بەهێزی شارستانی و مرۆیی و کۆمەلایەتییە لە لایەک،لە لایەکی تریشەوە پرۆسەیەکە،کە ڕابردو و ئێستا و پاشەڕۆژی مرۆڤەکان پێکەوە بە یەکتر دەبەستێتەوە،بە ڕەخنەگرتن لە کەمتەرخەمی و کەموکورتییەکانی ڕابردوو،هەروەها وەرگرتنی ئەزموون لە ئێستا و ڕابردوو بۆ دروستکردنی پاشەڕۆژ "،(ڕەسڵ ،٢٠١٨ : ل ٣٦) .لە هەر کۆمەڵگەیەکدا پرۆسەی پەروەردە بە جوانی و ڕێک و پێکی بەڕێوە چوو ،ئەوا تاکەکانی ئەو کۆمەڵگەیە دەبنە بناغەیەکی باش بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگەکە،پەروەردە پرۆسەیەکی گرنگی مرۆڤایەتییە ،ئەگەر تاکە پێگەیشتووەکان و پەروەردەکاران هەمیشە ئەزموون لە هەڵەو کەموکورتیەکانی ڕابردوو وەربگرن ئەوا لەو کۆمەڵگەیەدا دەتوانرێت ڕۆژ بە ڕۆژ پەروەردە پێشبکەوێت .لەبەر ئەوە" ئەمانەوێت پەروەردە بەرەو ئەم ئامانجە هەنگاو بنێت،کە تاکە کەس ئاکاری باش وەربگرێت ئەویش نەک لە ڕێگەی نەریت ، بەڵکو لە ڕێگەی تێگەیشتن و بڕوا بە خۆبوونەوە "،(کارانگو ،٢٠٢١ : ل ٨) .منداڵان

له ڕێگەی چالاکی جۆر بە جۆرە وە ڕۆژ بە ڕۆژ تواناکانیان زیاد دەکات و متمانە و باوەڕیان بە خۆیان دەبێت، بەڵام هەتا کەمتر بجوڵێن یان هەر خەریکی چالاکییەکی دیاریکراو بن،توانایان کەمتر دەبێت .لە چەمکە نوێکانی واتای پەروەردە " گەشەپێدانی کەسایەتی مرۆیی کۆمەڵایەتییە تا ئەو پەڕی ئەو ڕادەیەی کە تواناو تواناکانی ڕێگەی پێدەدەن ،بە شێوەیەک ببێتە کەسێتییەکی داهێنەر،بەرهەمهێنی و گەشەپێدەری خودی خۆی و کۆمەڵەکەی و پێگەکەی دەوروبەری "،(و.ئەمین،٢٠٠٦ : ل ٤١).کەواتە ئامانجی پەروەردە دروستکردنی تاکێکی بەسوود و بەرهەمهێنەرە ئەرکی سەرەکی پەروەردە جێبەجێکردنی پرۆسەی فێربوون و فێرکردنە ،ئامانجەکانیشی لەم دوو پرۆسەیەدا دێتەدی لەبەر ئەوە گرنگە ئاماژە بە پرۆسەی فێربوون بکەین .دەتوانین بڵێین تا ژیان لەسەر ئەم زەمینە مابێت،پەروەردە بوونی دەبێت وەک بەشێکی دانەبڕاوی ژیان چ لەسەر ئاستی تاک بێت یان کۆ و کۆمەڵگە درێژە بە بوونی خۆی دەدات،چونکە داڕێژەر و پێکهێنەری تاک و کۆمەڵگەیە و هیچ کەسێک شک نابرێت لە پەروەردە دوور بێت.

پرۆسەی فێربوون وەرگرتنی زانیاری تازەیە بۆ سەر زانیارییە کۆنەکان ،ئەمەش تەنها لە شتی مادیدا ڕوونادات،بەڵکو فێربوون لە شتە مەعنەوی و نابەرجەستەکانیشدا ڕوودەدات کە ناتوانرێت بە ئاسانی پێوانە بکرێت .پرۆسەیەکی گرنگ و بایەخدارە لە ژیانی مرۆڤ ،کە بە هۆیەوە مرۆڤ دەزانێت چۆن مامەڵە لە گەڵ ژینگە و دەوروبەرەکەیدا دەکات،زانایان و نووسەرانی بواری فێربوون بۆچوونی جیاواز و چونیەکیان هەیە.سەبارەت بە پێناسەکردنی ئەم زاراوەیە،"قورسە دۆزینەوەی پێناسەیەکی ڕوون و دیاریکراو بۆ کرداری فێربوون ، بە هۆی نەبوونی توانا بۆ ئەو کردارە،ئەمەش ڕاستەوخۆ شتی مادی ناگەیەنێت،کە تێبینی بکەیت و پێوانە بکرێت ،بەڵکو کرداری تیۆرییە کەپیشانی دەدات لە ڕوانگەی هەڵسوکەوت یان پێشکەشکردن،دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی وە هەروەها بۆ دۆزینەوەی پێناسەی دیاریکراو بە هۆی بۆچوونی جیاواز دەربارەی فێربوون،کرداری ژیانەوە و هێزە لە هەموو گۆڕانکارییەکان کە ڕوودەدات لەلایەن تاکەوە لە ئەنجامی هەڵچوون لە گەڵ ژینگە مادی و کۆمەڵایەتییەکان"،(الزغول،٢٠١٠: ص٣٦ ).کەواتە فێربوون، بریتییە لە" کردارێکی ئەقڵانی ناوەکی ، لە ڕێگەی کاریگەری یان ئەنجامەکانی،هەست بە ڕوودانی دەکەین کە دەردەکەوێت لە کرداری فێربووندادەردەکەوێت،دەبێتە چاککردن و گۆڕانکاری لەڕەفتاری مرۆڤەکاندا،بە تایبەتی ئەگەر هەڵچوونی بێت،وەک بەدەستهێنانی بەها و ئاڕاستەکان ،سۆز و ئارەزووی تازە یاخود ڕەفتاری عەقڵانی،وەک بەدەستهێنانی زانیاری و بەهرەکان وە کارکردن پێی لە بیرکردنەوە و هەڵوێستە ڕاستەقینەکاندا بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانج یاخود چارەسەرکردنی کێشەکان "،(محمد ، ٢٠٠٤: ل ٢٤ ).بە پێی ئەم پێناسەیە کرداری فێربوون دەبێت ڕەنگدانەوەی هەبێت لە ڕەوشت و کرداری مرۆڤدا،گۆڕانکاری لە گەڵ خۆی بهێنێت گۆڕانکارێکەش پۆزەتیڤانە بێت.هەروەها گەشەکردنی زانیاری و معریفی دەرئەنجامی زنجیرەیەک فێربوون وگۆڕانکارییە،کە فێرخواز ڕۆڵی سەرەکی هەیە،"فێربوون تێگەیشتنی ئاڵۆزە زیاد لە پێناسەیەکی هەیە،بە پێی زۆری زانا و قوتابخانە دەروونییەکان ،لەڕوانگەی زانستی دەروونییەوە لە سێ پێکهاتە پێکدێت:دەروونزانی فێربوون،دەروونزانی گەشە،دەروونزانی کۆمەڵایەتی"،(عواضە،٢٠٠٨:ل١٤٥،١٤٦)،لەبەر ڕۆشنایی ئەم پێناسەیەدا بۆمان دەردەکەوێت،پرۆسەی فێربوون پرۆسەیەک نییە تەنها پەیوەندی بە پەروەردەوە هەبێت ،بەڵکو پەیوەندیشی بە زانستی دەروونزانی و کۆمەڵناسیشەوە هەیە،چونکە مرۆڤ بۆ فێربوون پێویستی بە ژینگەی گونجاوی دەروونی و کۆمەڵایەتی هەیە." فێربوون تەنها چوارچێوەی خوێندنگا ناگرێتەوە، بەڵکو هەموو ئەو زانیارییانە دەگرێتەوە،کە مرۆڤ وەریدەگرێت لە ئاراستەو بەهاو واتاکان و سۆزەکان و توانستە جیاجیاکانی کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ وەریدەگرێت ، بۆ نموونە ئەو ئاوازەی بۆ چەند جار گوێی لێدەگیرێت،دەتوانین بیڵێینەوە، یان دوای ئەوەی بۆ چەند جارێک دەچینە شوێنێک شارەزایی دەربارەی

شوێنەکە پەیدا دەکەین،یان کاتێ فێری ڕێزگرتنی کەسانی تر دەبین لە دەرئەنجامی مامەڵەکردنمان لە گەڵیان "،(عزیز ، ٢٠١٤ : ل ١٢٠ ). شوێن زۆرە بۆ ئەوەی مرۆڤ تیا فێری هەر شتێک ببێت،کە بیەوێت ،ئەو شوێنەی کە لێی فێر دەبێت ،دەبێتە ژینگەی فێربوونی مرۆڤ .

هەروەها"( هێربەرت )لەو بڕوایەدا بوو،کە منداڵ هەر لەکاتی لە دایکبوونەوە خاوەنی عەقڵێکە،کە وەک لاپەڕەیەکی سپی وایە،لەڕێگەی فێربوون و شارەزایی و ڕاهێنان و کارکردنەوە،ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زانیاری و مەعریفەی لە سەر دەنووسرێت ، واتە بە پێی ئەم بۆچوونەی (هێربەرت ) عەقلی مرۆڤ وەک عەمبار و کۆگایەک وایە و بەردەوام لە ڕێگەی لەبەرکردنەوە،زانیاری و مەعریفە و شارەزایی تێدا عەمبار دەکرێت و لە کاتی پێویستدا دووبارە دەگەڕێنرێتەوە،کەواتە لێرەدا فێربوون بەمانای عەمبارکردن دێت و عەمبارکردنیش یەکەم جار پێویستی بە لەبەرکردن هەیە و دواتریش عەمبارکردن و یادکردنەوەیان "،( قەرەچەتانی ،٢٠٠٨: ل ٢٦ ).مێشکی مرۆڤ بە گشتی و منداڵ بە تایبەتی بەردەوام زانیاری و شتی تازە وەردەگرێت ،ئەم زانیاریانەش بەشێکی زۆری بەهۆی ڕاهێنان و دووبارەکردنەوەوە فێریان دەبێت،یان بەهۆی ئەزموونەکانی ژیانی خۆی وەریان دەگرێت و فێردەبێت،پاشان خەزنی دەکات و لە کاتی پێویستدا بەکاریدەهێنێتەوە و بەردەوام ئەم پرۆسەیە ڕوودەدات،لە مرۆڤێکی عەقڵ پێگەیشتوودا.هەروەها " فێربوون بریتییە لە هەموارکردنەوەو ڕاستکردنەوەو گۆڕینی ڕەفتار،ئەم پێناسەیەش جەخت لە سەر ئەوە دەکاتەوە کە،فێربوون بریتییە لەگۆرانکاری و هەموارکردنەوەی ئەو ڕەفتارانەی کە فێرخواز پیشانیان دەدات ، هەروەها ئەم پێناسەیە زیاتر تێرو تەسەل دەکرێت کە گۆڕین و ڕاستکردنەوە و هەموارکردنەوەی ڕەفتارە بە هۆی پیادەکاری (ممارسە) وە...بەمەرجێ ئەم هەموارکردنەوە و گۆڕانە بە ڕێژەیەک نەگۆڕبێت و کاتی نەبێت و بە هەلومەرجەکان و دۆخی کتوپڕ نەبەسترابێتەوە "،( عەدەس و ئەلقتامی ، ٢٠١٣ : ل ٢٣٤). گۆڕانی ڕەفتاری فێرخواز زۆر جار لە ئەنجامی ئەزموونی خۆیەوە دروست دەبێت و لە کاتێکدا کەخۆی هەست بەوە دەکات ڕەفتارەکانی پێویستی بە ڕاستکردنەوە هەیە،دەبێت ئەم پرۆسەیە گۆڕانکاریەکی دروست کردبێت. " فێربوون چەمکێکی فراوانە و تەنها فێربوونی نووسین و خوێندنەوە ناگرێتەوە،بەڵکو بوارێکی بەرفراوان لە ژیانی ئادەمیزاد دەگرێتە خۆی و دەتوانرێت بوارەکانی فێربوون بکرێن بە چوار بەش :

یەکەم / فێربوونی نەریت و کارامەییەکان .

دووەم / فێربوونی زانیاری و واتاکان .

سێیەم / فێربوونی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی .

چوارەم / فێربوونی جیاکەرەوەکانی تایبەتی تاکەکەس" ،( عەلی و ابراهیم ، ٢٠١٩ : ل ١٥٦ ) .

(جیلفورد)دەڵێت: "فێربوون" ئەو گۆڕانکارییە،کە لە ڕەفتاردا بەرجەستە دەبێت لە ئەنجامی وروژێنەرێکەوە " ،(مرعی و الحیلە،٢٠٠٢:ل٢٢).واتە دەبێت وروژێنەرێک یان پاڵنەرێک هەبێت بۆ ئەوەی فێربوون ڕووبدات، هەروەها (جیتس)دەڵێت :" فێربوون بریتییە لە کرداری بە دەستهێنانی ئامرازەکانی یارمەتیدان بۆ تێربوونی پاڵنەرەکان و بە دەستهێنانی ئامانجەکان "،(مصطفی ، ٢٠١٤ : ل ١٢ ).پرۆسەی فێربوون دەبێت ئەنجامێکی هەبێت،ئیتر فێربوون بێت لە هەر بوارێکدا،دەبێت گۆڕانکارییەک لەمرۆڤدا دروست بکات و پێویستە ئەو گۆڕانکارییە پۆزەتیڤ بێت.هەر لەم چوارچێوەیەشدا.فێربوون بریتییە" لە پرۆسەی بیرکردنەوە کە داوا لە تاکە کەس دەکات،دووبارە زانیارییە خەزنکراوەکانی لای خۆی ڕێک بخاتەوەو ڕایان بهێنێت بە شێوەیەک کە بتوانرێ لە ڕوانگەی پەیوەندییە نوێکانەوە بێت

کە، پێشتر زانراو نەبووبێت یان فێربوون بریتییە لەو فێربوونەی کە ڕوودەدات وەک ئەنجامێک بۆ چارەسەرکردنی داواکاری زنیارییەکان و ئاوێتەکردنی و گۆڕینی تاوەکو دەگاتە زانیاری نوێ بە شێوەیەک،فێرخواز بتوانێ ڕاستی بخەملێنێ یان پێکی بێنێتەوە یان بەکاری بێنین و تەواوکردنی یاخود هەر ڕێگەیەکی تر"، (ckb.m.wikipedia.org) .کەواتە وەرگرتنی زانیاری نوێ گۆڕانکاری،لە ڕەفتاری مرۆڤدا دروست دەکات.پرۆسەی فێربوون پێویستی بە مرۆڤی وریا هەیە.ئەو کەسانەی،کە ورياییان زیاترە لە کەسانی تر،زووتر و زۆرتر فێردەبن.

هەروەها فێربوون بریتییە" لە گۆڕانی ڕەفتار بە مەرجێک تارادەیەک جێگیر و بەردەوام بێت ،لەلایەن فێرخوازەوە ئەنجام دەدرێت و پرۆسەیەکی ناوەکییە "،( عبدولرەحمان ، ٢٠١١ ـ ٢٠١٢ : ل ٧).ئەم پرۆسەیە پەیوەندی بە عەقڵی فێرخوازەوە هەیە،گۆڕانکارییەکە لە ناو مێشکی مرۆڤدا ڕوودەدات،لەبەر ئەوەیە،کە پێویستی بە عەقڵێکی پێگەیشتوو و تەندروست هەیە.کاری سیستمی پەروەردە ئەوەیە فێرخواز فێری ئەوە بکات،کە چۆن فێری فێربوون ببێت ،کە ویستی فێری شتێک ببێت خۆی بزانێت پەنا بۆ چ ڕێگەیەک دەبات و چۆن فێر دەبێت .

ئەم ڕستەیە بەو مانایەش دێتەوە،کە فێرخواز دەبێت لەو پرۆسەیەدا توانای ئەوەشی هەبێت، ئەو مەعریفە و زانستانە بدۆزێتەوە یان بە دەست بێنێت،کە لەخوێندنگە و زانکۆ و لە ژیانی ڕۆژانەدا پێویستی پێیانە،هەر سیستمێکی پەروەردە ئەمە فێری فێرخوازان نەکات، دەیان سەدە لە دوای جیهانەوەیە. پەندێکی چینی دەڵێت : " ئەگەر برسییەکت بینی،لە جیاتی ئەوەی ماسییەکی بدەیتێ ، فێری ڕاوەماسی بکە"،(محمد ، ٢٠٢٠ : ل ١٠ ). باشترین ڕێگا بۆ پرۆسەی فێربوون،ئەوەیە کە مرۆڤ فێری زانیاری ئامادەکراو نەبێت،بەڵکو خۆی ماندوو کات هەتا ئەو زانیارییانەی دەست کەوێت،تاوەکو فێرببێت ،چونکە هەر کارێک مرۆڤ بە دەستی خۆی بیکات،باشتر فێری دەبێت و بیری ناچێتەوە ."پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان بە ئاگایی و فێربووندا هەیە و زۆر زەحمەتە بە بێ وریایی و بەبێ ئاگایی ڕووبدات،لە بەرئەوەی درکپێکردن و زانین بە بێ وریایی و ئاگایی ڕوو نادات،ئینجا ئەگەر زانین و درک پێکردنیش ڕوو نەدات،ئەوا بە هیچ شێوەیەک فێربوون ڕوو نادات ،هەر لە بەرئەوەشە بەردەوام ئەو قوتابیانەی،کەتوانای وریایی و بەئاگاییان لاوازە،لە خوێندنگا دەرناچن و ڕووبەڕووی زۆر گیروگرفت دەبنەوە و سوود لەمامۆستاو وانەکانی خوێندنگا وەرناگرن،لەلایەکی تریشەوە ئەو جۆرە قوتابیانە دەبن بە بەربەست و ڕێگر لە بەردەم مامۆستا و فێربوونی قوتابیانی تر "،(.قەرەچەتانی ، ٢٠١٥ : ل ١٩٥).فێربوون و گۆڕانکاری لە مرۆڤی پێگەیشتوودا ڕوودەدات،دەبێت هەستەکانی مرۆڤ تەواو و پێگەیشتوو بێت،کەواتە"پرۆسەیەکی عەقڵی زۆر ئاڵۆز و هەمەلایەنەیە و ژمارەیەکی زۆر پرۆسە و چالاکی و توانستی تر لە خۆ دەگرێت کە بە وەرگرتن و هەست پێکردنی وروژێنەرەکان لە لایەن هەستەوەرەکان دەست پێدەکات و دواتر گەیاندنیان بە مێشک و عەمبارکردن و لێکدانەوە و درک پێکردن و وەڵامدانەوە لە ڕێگەی ماسوولکەو گلاندەکان،کۆتایی دێت و دواجار زۆر پرۆسەی عەقڵی وەک بیرکردنەوەو تێگەیشتن و بەراوردکردن و دروستکردنی پەیوەندییەکان ڕوو دەدەن "،(قەرەچەتانی ،٢٠٠٨: ل ١٧ ـ ١٨).ئەگەر مرۆڤ هەستەوەرەکانی بە باشی کار نەکەن،ئەوا ئاستەنگیان بۆ دروست دەبێت لە پرۆسەی فێربووندا ،چونکە هەندێک لە مرۆڤەکان بە هۆی هەستی بینینەوە ( چاو ) فێردەبن،هەندێکی تریان بە هۆی بیستن(گوێ)وە فێر دەبن ،هەندێکی تریشیان بەهۆی دەست لێدانەوە.فێربوون بریتییە لە" گۆڕانکاری نیمچە بەردەوام لە ڕەفتاری فێرخوازدا،ئەوەش لە ئاکامی شارەزایی و پیادەکردن( ممارسە) وە"،(کۆمەڵێ نووسەر ، ٢٠٠٩ : ل ١٥٦ ).هەمیشە پیادەکردن (ممارسە )کاریگەری خۆی هەیە لە سەر فێربوون،کاتێک کەسێک یان فێرخوازێک زۆر پیادەی شتێک یان زمانێک دەکات فێر دەبێ.

لەگەڵ ئەوەشدا فێربوون " گۆڕانکاری و هەموارکردنەوەی ڕەفتارە لە ئەنجامی ڕاهێنان و پرۆڤە دا،گۆڕانکارییەکەش پێشکەوتن خوازانەیە ئەگەر فێربوون بزاڤێکی خودی بێت،ئەوە مانای ئەوەیە کە ڕەگەزی کارا کەسە فێرخوازەکەیە و ڕۆڵی سەرەکی لە کرداری فێرکردنی فێرخوازدا و خاڵی سەرەکی کاری فێرکاری لە نێو خودی تاکەوە یە،بەڵام ئەگەر فێربوون هەموارکردنەوەو ڕاستکردنەوەی ڕەفتارێک بێت،ئەوا ئەو کەسەی،کە کردەی گۆڕانکاری و هەموارکردنەوەکە ئەنجام دەدات مامۆستایەو ڕەگەزێکی کاراو کاریگەرە و هەر بە هۆی ئەویشەوە دەست بە کارە فێرکارییەکە دەکەین،چونکە ئەو لە ڕەفتاری تاکەکاندا ڕەگەزی کاریگەری و گۆڕانکارییە "،( شەکشەک ، ٢٠١٢: ل ٥١ ).ئەگەر پرۆسەی فێربوون لە ناو خوێندنگادا بێت،ئەوا بێگومان لە نێوان فێرخواز و مامۆستایە،بەڵام ئەگەر لە شوێنێکی تر ڕوویدات ئەوا هەر لەنێوان فێرکەر و فێرخوازدایە ،ئەم فێربوونەش بێگومان ئەنجامێکی دەبێت کەم بێت یان زۆر،"سوڕی فێربوون لە چەند قۆناغێک پێک هاتووە،هەر قۆناغێکیش پەیوەستە بە قۆناغەکانی ترەوە،بە شێوەیەک هەموو قۆناغەکان پێکەوە ببنە فاکتەرێک بۆ دروست بوونی پێگەی زانینی نوێ لەلای فێرخوازان،بە پشتبەستن بە زانیارییەکانی پێشوو و زانیارییە نوێکانیان،سوڕی فێربوون پەرە بە زانیارییەکانی فێرخوازان دەدات و سووڕێکی نوێی فێربوون دروست دەکات و چەمکەکانی فێرخوازان هەنگاو بە هەنگاو فراوانتر دەکات"،(محمد ،٢٠٢١ : ل ٨٥).بێگومان پرۆسەی فێربوون پرۆسەیەک نییە بەیەک جار و بەیەک قۆناغ تەواو بێت و کۆتایی بێت ،بۆ نموونە فێرخواز لە پرۆسەی خوێندندا هەر ساڵێک کۆمەڵێک وانە فێردەبێت و یەک قۆناغیش دەبڕێت ،کەواتە ئەم پرۆسەیە دەکرێت چەند ساڵێک بخایەنێت ،خۆ ئەگەر لە ناو خوێندنگاشدا نەبێت وردە وردە ئەم پرۆسەیە جێبەجێ دەبێت . فێربوون بریتییە لە " ڕەفتاری مەعریفی یان هەڵچوونی یان فیسیولۆژی کە فێربووەکانی پێ شرۆڤە دەکرێت و،وەک ئاماژەی جێگیر ،ڕێژەییانە کاری پێدەکرێت بۆ چۆنێتی ، کە بە هۆیەوە فێربووەکان درک بە ژینگەی فێرکردنیان دەکەن و لە گەڵیدا هەڵسوکەوت دەکەن و وەڵامی دەدەنەوە یان بریتییە لەڕێگە و تەکنیکات و ڕێ و شوێن کە فێربوو خودیانە شوێنی دەکەوێت بۆ چنگ خستنی شارەزایی نوێ"،(ckb.m.wikipedia.org) .تەکنیک و ڕێگای فێربوون کاریگەری هەیە لە سەر ڕێژەی ( کەم و زۆری ) فێربونەکە ،هەندێک ڕێگا فێربوون ئاسان دەکات .فێربوون بەکار دەهێنرێت بۆ ڕاستکردنەوەی ڕەفتاری فێرخواز لە ڕێگەی ئەزموون و چالاکی و ڕاهێنانەوە ، جەخت دەکاتەوە لە سەر چالاکی خودی فێرخواز یان ڕوودانی گۆڕانکارییە لە ڕەفتاری مرۆڤ ،یاخود وەرگرتنی تواناداری فێرخوازە بۆ ئەنجامدانی کارێک بە دروستی مرۆڤ لە ڕێگای فێربوونی کردەوەی باشەوە دەتوانێت کردەوە ناپەسەند و نابەجێکانی بگۆڕێت.یان" فێربوون بریتییە لەوەی کە مرۆڤ خۆی بە دوای زانیاریدا بگەڕێت ،خۆی فێربکات و فێرببێت کە پێویستی بە ئاسانکاری و سەرچاوە هەیە بۆ زیاتر بەرەو پێشچوون،هەروەها (ئەرستۆ) ش دەڵێت :" فێربوون کردارێکی بەردەوامە بە درێژایی ژیانی مرۆڤ ڕوو دەدات و بە ڕێگەی جیاجیا و بە گوێرەی قۆناغەکانی ژیان دەبێت "،(خۆشناو و حەمەد ، ٢٠١٠ : ل ٢١).مرۆڤ هەتا دەمرێت بەردەوام زانیاری و شتی تازە دەبینێ و فێردەبێت." فێربوون بریتییە لە چالاکی ،یاخود بریتییە لەو زنجیرە هەنگاوانەی کەلە ئەنجامدا دەبێتە هۆی بە دەست خستنی زانیاری ،یان خوێندنی ڕستەیەک یان ڕاهێنانکردن، یان شتێک فێربێت،یان فێربوونی ئەزموونێک،بۆ نموونە چالاکی خوێندکارێک بۆ فێربوونی زمانی ئینگلیزی، یان فێربوونی ئامێرێکی مۆسیقا ، یاخود فێربوونی بەکارهێنانی کۆمپیوتەر و فێربوونی ناوی بەشەکانی و چۆنێتی بەکارهێنانی بە شێوەیەکی زانستیانە,ئەم هەموو چالاکییانە کە خوێندکارێک یان کەسێکی کە پێی هەڵدەسێت هەموویان دەچنە قاڵبی فێربوون"،(٢٠١٣، Stellenbosch http://www.sun.ac.).ئامانجی مەزنی پەروەردە،فێربوونە،" فێربوون بەو واتایەی کە ئێمەی پەروەردەکار و مامۆستا و بەڕێوەبەر و سیاسەتمەدار و یاسا

داڕێژەر و باوان و تەواوی پشکدارانی تری کەرتی پەروەردە،مرۆڤێک بەرئەنجامی تەقەلامان بێ کە تامەزرۆی زانیاری زیاتربێ و بەردەوام تینوی فێربوون بێت و بە فێربوونی کەم تێر نەخوات"، (http://pashewnuri.com).هەمیشە مامۆستا دەیەوێت تاکێکی ڕۆشنبیر دروست بکات. دەتوانین بڵێن فێربوون بریتییە لە گۆرانکاری کردن لە ڕەفتار ئەویش لە ڕێگای شارەزایی و ڕاهێنانەوە دەبێت و پڕۆسەیەکی بەردەوامە. واتە تاک لە هەوڵ و کۆششدا دەبێت تا دەگاتە هێنانەدی حەزوو ئارەزو و ئامانجەکانی یاخود بریتییە لەچاکسازی و باشبوونی بەردەوامی ڕەفتار لە ڕێگەی سەرنج دانەوە ئەو چاکسازییە هەستی پێدەکرێت ،یان بریتییە لە هەموو ئەو گۆرانکارییەی کە لە ئەنجامی وروژێنەر و چالاکییە جۆراوجۆرەکانەوە ڕوودەدەن ،کەواتە فێربوون گۆڕانکاری و چاکسازی و بەردەوامییە،یان فێربوون بریتییە لەپڕۆسەی خۆگونجاندنی تاک لە گەڵ دەوروبەرو گۆرانکارییەکانی جیهانی دەرەوە ئەویش لە ڕێگەی وەڵامدانەوەی جۆرەها وروژێنەری ژینگەی دەرەکی، مرۆڤ لە ئەنجامی فێربوونەوە توانای گونجاندنی بۆ دروست دەبێت لە گەڵ ژینگە و کەسانی چواردەوری.

هەر لەم چوارچێوەیەدا "فێربوون ئەنجامدانی ئامانجەکانی فێربوونە لە سەر فێرخواز،ڕەنگدانەوە و کاریگەری و گۆڕانە لە ڕەفتاری خوددا،لە هەمانکاتدا پڕۆسەیەکی بەردەوام و هەمیشەییە،بۆ ماوەیەکی دیاریکراو یاخود کاتی نییە "،(باجەلان،٢٠٢٢)زۆربەی پێناسەکان جەخت لە سەر گۆڕانکاری رەفتاری مرۆڤ دەکەنەوە."فێربوون هەر گۆرانکارییەکە،لە هەڵسووکەوتا دروست دەبێت بە هۆی جۆش و خرۆشەوە"،(الجوهری ،ص ١٨، https://sepmagazine.com).ئەگەر تاک پەرۆشی نەبێت بۆ فێربوون ،ئەوا گۆڕانکاری دروست نابێت،هەروەها "پڕۆسەیەکە بونەوەر لە ئەنجامی شارەزایی یان پەیڕەوکردنی ئەو پڕۆسەیە ڕەفتاری خۆی دەگۆڕێت"،(قادر ، ٢٠٢٠ : ل ٢٧ ).دەکرێت " پڕۆسەی فێربوون دەکرێت پڕۆسەیەکی تاکە کەسی بێت ، واتە یەک کەس خۆی فێر دەکات "،( حسێن ، ٢٠٢١ : ل ٩٩ ).زۆر جار مرۆڤ خۆی فێردەکات، بۆ نموونە تاک خۆی لە ماڵەوە فێری زمان یان هەر شتێکی تر کە،حەزی لێبکات یان پێویستی پێبێت دەکات .بەڵام لە هەمان کاتیشدا دەکرێت کۆمەڵە کەسێک بەیەکەوە فێرببن بەڵام بە ڕێژەی جیاواز ." فێربوون ئەو پڕۆسە بەردەوامەیە کە خوێندکاران بە شێوەیەکی ڕۆژانە بەرجەستەی دەکەن ، کاتێک بابەتێکی دیاریکراو(ناوەڕۆک یان پڕۆگرامەکان ) دەخوێنن "،( سەعید ، ٢٠١٩ : ل ٥٢ ).هەندێک لە نووسەران پڕۆسەی فێربوون دەبەستنەوە بە فێربوونی پڕۆگرامەکانی خوێندنەوە." فێربوون گۆڕانکاریەکی بەردەوامە لە هەڵسوکەوتە دیارو ناوەکیەکانی تاک بە سوود وەرگرتن لە ئەزموون ،وە فێربوون پڕۆسەیەکی بەردەوامە و هەر لەگەڵ هاتنە کۆڕی ژیانەوە دەست پێدەکات ، هەر وەک چۆن منداڵ وردە وردە فێری مژینی مەمکی دایک دەبێت،دواتر فێری ناڵە ناڵ و بزەو پێکەنین دەبێت ،دەشکرێت بە دووبارەکردنەوە هەوڵ و هەڵەی خۆمان فێربین بێ ئەوەی کەسێک فێرمان بکات "،( ڕەسول ، ٢٠١٤ : ل ١٣ ). زۆر جار حەزکردن بۆ فێربوون لە سروشتی خودی مرۆڤدا هەیە ،ئەمەش وای لێدەکات کە قۆناغ بە قۆناغ شتی تازە فێرببێت،" فێربوون و فێرکردن کاریگەری گۆڕینەوەی هاوبەشە،هەموو هاوبەشەکان سوود لە یەکتری دەبینن،بەتایبەتی ئەگەر کارامەیی جۆر بە جۆر و زۆرمان وەرگرتبێت لە تاقیکردنەوەو شارەزایی خۆمان و خەڵکی ترەوە لە ژیاندا ،بە شێوەیەکی تەواو و بەیەکەوە بەستراو ، نەک بەشێوەیەکی تاکو لە یەک جیا،هەتا ئەگەر بە فێربوونێکی زاتیش خۆمان فێرکرد،پێویستمان بە تاقیکردنەوە و دۆزینەوەو ساغکردنەوە هەیە،بە یارمەتی کارامەیی و ئەزموونی پێشوی کەسانی دی ، بۆ ئەوەی هەموو ئەمانەی وەرمان گرتووە ،لە قاڵبێکی تازەدا دایبنێین یان پێی بگەین بە شتێکی تازەو ئێمەش پیشانی خەڵکی تری بدەیت تا سوودی لێ ببینن "،( عەدەس،٢٠٠٤ :ل ٣٨٦ ).پڕۆسەی فێربوون ئێجگار فراوانە و دەتوانرێت قسەی زۆری لە سەر بکرێت .وە چەندەها

بۆچوونی تری لەسەرە و پێناسەی تری هەیە،کە نزیکن لە واتا و ناوەڕۆکی ئەم پێناسانەی کە لێرەدا خستوومانەتەڕوو .دەتوانین بڵێین فێربوون پرۆسەیەکی ناوەکییە کە دەبێتە هۆی گۆڕانکاری لە ڕەفتاری مرۆڤدا.

## ١/١ / ٢ ) . ڕۆڵی پەروەردە لە بونیادنانی تاکی کۆمەڵگەدا

پرۆسەی پەروەردە ئامانجی گەشەکردنی تاکە لە کۆمەڵێک لایەنەوە ،کە بەرەو کامڵبوون دەبیات.لێرەدا دەتوانین بڵێین پەروەردە پرۆسەیەکی گرنگە لە ژیانی تاکەکان ،چونکە فاکتەرێکی بەهێزە بۆ پێشکەوتن و دروستکردن و گەشەکردن ،هەروەها پێویستییەکی کۆمەڵایەتییە کە ئامانجی بەدیهێنانی پێویستییەکانی کۆمەڵگەیە لە ڕێگەی بەدیهێنانی ئاواتی تاکەکان،هاوکات پرۆسەیەکی گرنگی تاکایەتی و مرۆییە،" پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن یەکێکە لە پرۆسە هەرە گرنگەکانی پێشخستنی کۆمەڵگە و پەیوەستە بە ڕابردو و ئێستا و داهاتووی کۆمەڵگەوە ،چونکە ئەم پرۆسەیە بایەخ بە هەموو بوار و جومگەکانی ژیان دەدات و هەوڵی پێشخستنی تاک و کۆمەڵگا دەدات لە ڕووەکانی کۆمەڵایەتی و زانستی ،ئابووری ،ئاینی ،نیشتمانی ،ڕۆشنبیری پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن واتا پێگەیاندنی تاک بە شێوەی تەندروست و سوود بەخش و بەرهەم هێن بە جۆرێک لە داهاتوودا قازانجی بۆ کۆمەڵگەکەی بەتایبەتی و مرۆڤایەتی بە گشتی هەبێت ،کۆمەڵگەش پێکهاتەی تاکە،گەر بە وردی شیبکەینەوە بۆیە بە پێگەیاندنی تاکی تەندروست کۆمەڵگەی تەندروستمان دەست دەکەوێت "،(سەلام ،٢٠١٥ : ل١١ ).کەواتە تاک و کۆمەڵگا تەواو گرێدراون بەیەکەوە و کاریگەری بەردەوامیان هەیە لە سەر یەک." ئەفلاتوون بۆ بناغەی کۆمەڵگای ڕێکوپێک،پێشنیار دەکات کە دەسەڵاتی بەڕێوەبەری کۆمەڵگا دەبێ بە فەیلەسووفان بسپێردرێت،تا بە بیر و بۆچوونی خۆیان ڕێگاو ڕێبازی خەڵک بدۆزنەوە بە دەستە و کۆمەڵ و بەپێی ویستی خۆیان بیانخەنە نێو کارەوە و یەکێتی و یەکڕیزی کۆمەڵگا بپارێزن هەر چەندە لەوانەیە ئەم فکرە لە سەردەم و چاخی ئەفلاتوون و دواتریش دروست بووبێت ،کە ئەو هاتووە قاڵب و چوارچێوەی بۆ تاک دیاری کردووە و کۆمەڵگای بە خاوەنی سێ چینی جیاواز و نەگۆڕ زانیوە . چینی ڕەنجبەر . چینی پارێزەر . چینی فەرمانڕەوا "،(کاکە وەیس ،٢٠٠٨ : ل ٥٥).پەروەردە کردارێکی ڕێکوپێکی گۆڕینە لە ڕەفتاری تاک لە پێناوی پەرەسەندنی تەواوی کەسایەتییەکەی لەلایەن تەنی و هۆشی و هەڵچوون و کۆمەڵایەتییەوە .کەواتە تەنها پەروەردە دەتوانێت بە چەمکە فراوانەکەیەوە تاک بگۆڕێت ،هەر ئەو تاکانەش کۆمەڵگە دروست دەکەن ."پەروەردە پرۆسەی ژیانە ،تێدا تاک فێری ژیان ئەبێت لە ڕێی چالاکییەکانی خۆیەوە بە ئاراستەکردنی لەلایەن مامۆستاوە،وەبەرنامەی پێشکەوتن گرنگی بە فێربوونی ژیان دەدات ،ئەوە تەنها بە فێربوونی خودی زانست نابێت ،بەڵکو گرنگی بە فێرخواز ئەدرێت وەک گشتێک و وەک یەکەیەکی یەکگرتوو گرنگی بە گەشە کردنی دەدرێت ،بە کەسایەتی لە هەموو بوارەکانیەوە،جەستەیی و هزری و کۆمەڵایەتی و هەڵچوونی و بواری هاوسەنگی لە ژیانیدا " ،(کامل،٢٠١٧:ل٧٠). کاتێک کە باس لە پەروەردە دەکەین ڕاستەوخۆ بیری فێرگە(خوێندنگا . قوتابخانە)مان دێت بە مێشکدا،چونکە ڕۆڵی گرنکی هەیە لە گەشەکردنی تاکدا.

دەبێت ئەوە بزانین " هەر گۆڕانکاریەکیش لە بەرنامەو سستمی فێرگەکاندا ڕوودات لە ئەنجامی گۆڕانکارییەکانی ناو کۆمەڵەوە سەرچاوە دەگرێت ،بە واتایەکی دیکە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان ،گۆڕانکاری لە پەروەردەدا پێک دەهێنن ،کەواتە فەراهەمکردنی پێویستییەکانی کۆمەڵگە و جێبەجێکردنی خواستە کۆمەڵایەتییەکان وەک ئەو گۆڕانکارییانەی بە سەر دۆخی پیشەسازی و بازرگانیدا دێت گۆڕانکاری لە فێرگەکاندا دەکەن بەپێویست "، (دێوی ،٢٠١٩ : ل ٤٢).گومانی

تێدا نییە هەر گۆڕانکارییەک لە هەر لایەنێکەوە بێت کاریگەری دەبێت لە سەر تاک،گۆڕانکاریش لە تاکدا دروست دەکات ،لە ئەنجامدا کۆمەڵگەش گۆڕانی بە سەردا دێت ، کە هەموو کایەکانی ژیانی مرۆڤیش دەگرێتەوە .پەروەردەکردنی تاک لە ساتی لە دایکبوونەوە دەست پێدەکات ،پاشان دوای چەند ساڵێک لە ڕێگەی تێکەڵاو بوون و کارلێکەوە لە گەڵ ئەندامانی خێزانەکەی و کۆمەڵگەکەی و هاوڕێکانی و کەسانی دەوروبەر ،چەند پەیامی جیاواز فێر دەبێت.ئامانجی پەروەردە پێگەیاندنی تاکێکی باشی ناو کۆمەڵگایە،تاوەکو کۆمەڵگەیەکی باشی لێبێتە بەرهەم،و پێکهێنانی کەسایەتی مرۆڤایەتییە ،پێکهێنانی تاکی بە توانایە کە لە داهاتوودا پشت بە خۆی ببەستێت،هەروەها پێکهێنانی هەڵسوکەوتی تاک و جڵەوگیرکردن و ئاڕاستە کردنە،فێرکردنی ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکان و جێبەجێکردنیان و،بەدەستهێنانی بەها ڕەوشتییە بنچینەییەکانی منداڵە ،وە بەدەست هێنانی دروستی تەندروستی و دەروونی منداڵانە .

## ١/١ / ٣ ) . ڕۆڵی مامۆستا لە پرۆسەی پەروەردە و فێربووندا

مامۆستا کۆڵەکەیەکی سەرەکی و گرنگی پرۆسەی پەروەردەیە ،ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە لە سەرکەوتن و شکستی پرۆسەکە گومانی تێدا نییە بنچینەی هەموو گۆڕانکاییەکان لە سەرجەم لایەنە جیاوازەکانی ژیانی هەر کۆمەڵگەیەک بەندە بە پرۆسەی پەروەردەوە ،جڵەوی ئەم کارەش بە دەستی مامۆستاوەیە ، کەواتە "هەر چەند مامۆستا پڕکارامەو هێژاو لێهاتوو پڕ چەکی زانست بێت ،ئەوا ڕۆڵەکان دوا ڕۆژێکی پڕشنگدار و کەسایەتییەکی مەزنیان لێدەردەکەوێت ،ئەمە وا دەگەیەنێت کە مامۆستا سەرکردەیەکی مەزنی نەتەوایەتییە "،(هیرانی ،٢٠٠٦ : ل ٦٧) .کەواتە مامۆستا یەکێکە لە پایە هەرە گرنگەکانی پرۆسەی پەروەردە و فێربوون و فێرکردن ،ناتوانرێت لە باسکردنی پەروەردە و فێربووندا مامۆستا فەرامۆش بکەین ،لەبەر ئەوە دەبێت هەر دوو لایەن بەیەکەوە ببەسترێتەوە ،چونکە " چۆن دەتوانین ئامانجە سیاسییەکان و پەیڕەوکردنی پەروەردەیی بەدەست بهێنین بە بێ مسۆگەر کردنی پەروەردەیەکی ئاست بەرز بۆ هەمووان لە کاتێکدا تۆ بایەخ بە مامۆستا نەدەیت "،(قادر ،٢٠٠٦ : ل ٦٠ ).بناغەی پەروەردە و فێربوون و سەرکەوتنی فێرخواز بە پلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ هەبوونی پەیوەندییەکی دروست و پتەو لە نێوان ئەو دوو ناوەندەدا (واتە مامۆستا و فێرخواز )،چەند ئەو پەیوەندییە توندوتۆڵتر و پتەوتر بێت .ئەگەری سەرکەوتنی فێرخواز و پرۆسەی پەروەردە زیاتر دەبێت ،بە پێچەوانەشەوە ،چەند ئەو پەیوەندییانە لاواز و سست بێت ، سەرکەوتنی فێرخواز و پرۆسەی پەروەردە دووچاری هەڵدێر و کێشە دەبێتەوە ،"لەتوێژینەوەیەکی ڕووپێوی (ڕینزوولی ) دا لە ڕیزبەندی کارامەییەکانی بیرکردنەوە دا هاتووە ،لە نێو پانزە ئاستدا کە لە ڕووی گرنگترینەوە ڕیزبەندکراوە مامۆستا بە پلەی یەکەم هاتووە کە کاریگەرییان لە سەر دروستکردنی تواناکانی بیرکردنەوە و بیرهاتنەوە هەیە لای فێرخوازان ،چونکە مامۆستا ڕاستەوخۆ پەیامەکان بە خوێندکار دەگەیەنێت و هەموو هەلومەرجە پەیوەندیدارەکان بە مامۆستاوە کار لە خوێندکار دەکات و کاریگەری لە جۆری پێکهێنانی بیرکردنەوە و پەرەپێدانی فێرخوازان دەکات "،(باجەلان ،٢٠١٧ : ل ٨٢ )، پێش هەموو شتێک مامۆستا دەبێت پەروەردەکار و دەروونزانێکی باش بێت ،دەبێت مامۆستا خۆی لە کاردانەوە و پەرچەکرداری نەشیاو بەرامبەر هەڵە و هەڵسوکەوتی فێرخوازان و سزای بە کۆمەڵی فێرخوازان بە دوور بگرێت تاوەکو ڕۆڵێکی پۆزەتیڤانەی باڵای هەبێت ،مامۆستای سەرکەوتوو هەمیشە هەوڵی ئەوە دەدات لە شێوازی وانە وتنەوەی کۆن دوور کەوێتەوە و گاڵتە بە فێرخواز و وەڵامی فێرخواز نەکات،بەڵکو هاندەر و پاڵپشتی فێرخوازان بێت لە پێناوی سەرکەوتنی پرۆسەی پەروەردە و دواڕۆژێکی پڕشنگدار بۆ نەوەکانی داهاتوو.بەهێزی کەسایەتی مامۆستا لە بڕیاردان و بەڵێندانادا کاریگەر دەبێت لە سەر فێرخواز ،"مامۆستا یەکێکە لە پێکهێنەرە سەرەکییەکەی پرۆسەی پەروەردە ،هەر

ئەوە دەبێتە هەوێنی بەدیهاتنی ئامانجە گەورەکە ،کە دوو ئاراستەی تەریبی هاوشان لە خۆ دەگرێت ،ئەوانیش (پەروەردەکردن ) و (فێرکردن ) ە لە ناو فەلسەفەی پەروەردەدا ،زۆر جار کاریگەری و ڕەنگدانەوەی کەسێتی مامۆستا بۆ سەر منالْ ،بەدەر لە هۆکارە بۆ ماوەییەکان ،لە هەموو کەس کارتێکەر تر و کاریگەرترە بۆ منالاّن "،(ئالانی ،٢٠٢٢: ل ١١٢)، گومانی تێدا نییە کەسایەتی مامۆستا کاریگەری زۆری هەیە لەسەر فێرخواز ،دەبێت مامۆستا نەرم ونیان و لەسەرخۆ و پەروەردەیی بێت و باشتر وایە دوور بکەوێتەوە لە توڕە بوون .

لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت "مامۆستای کارامە لە سەرەتای سالّی نوێی خوێندن و لە یەکەم وانەوە ، لە هەولّی ئەوەدا بێت پەیوەندییەکی مرۆیی بەهێز لەگەڵ خوێندکاران دروست بکات ، تا ئەمە بکاتە دەروازەیەک بۆ کارلێکی پۆل ، تێڕوانینی هاوچەرخ بۆ خوێندنگە و ڕۆلّی لە کۆمەلّگە دا کورتهەلّنایەت کە دەزگایەک بێت بۆ فێربوون،بەلّکو دامەزراوەیەکی کۆمەلاّیەتیشە ئەوەکانی ئایندە پەروەردە دەکات،وێنەیەکی بچووکراوەی کۆمەلّگەیە ،بۆیە دەبێت پەیوەندیی مرۆییان و کارلێکی ئەرێنیی نێوان مامۆستا و خوێندکار ،خودی خوێندکاران ، پەیوەندی توندوتۆلّ،سۆز و خۆشەویستی و ڕێزگرتنی بەرامبەر سیمای مامۆستا و خوێندنگە بێت " ،( سیوەیلی ،٢٠٢١ : ل ١١٣) .ڕۆلّی مامۆستا ئەوەندە گرنگە ئەگەر فێرخواز مامۆستای خۆشویست دیسپلینی خودی بەهێز دەبێت و ئەگەری کەم هەیە فێرخواز ڕەفتاری نەشیاو بنوێنێت ." لە گرنگترین ئەو بنەما و پرنسیپانەی پرۆسەی پەروەردە نوێ لە ڕەوتی چالاکییەکانی جەختیان دەکاتە سەر و جێبەجێیان دەکات بریتین لەوەی مامۆستا پێویستە لە ڕووی دەروونی و شارەزایی و کارامەییەکانی فێرکردن و ئامانجەکانی پرۆسەی پەروەردەی نوێ ئامادەکراو بێت "،(قادر ،٢٠٢٠ : ل ٨٠ ) .مامۆستا دەبێت زیندوێتی تێدا بێت،واتە چالاکی جۆراو جۆر جێبەجێ بکات،لە پێناوی بە دەستهێنانی ئامانجی پەروەردە و وانە وتنەوە ، مامۆستا دەبێت دادوەر، پەروەردەکار ، بەخێوکەر ،کارەکتەر ،دەروونزان ،هاوڕێ .... بێت

## ١/١ / ٤) . فەلسەفەی کۆن و نوێ لە پرۆسەی پەروەردە و فێربوون

### ١) فەلسەفەی پەروەردەی کۆن

کە دەوترێت پەیوەندی هەیە لەنێوان فەلسەفە و پەروەردەدا،بۆچوونێکی تازە نییە،هەر لە سەردەمی ئەفلاتوونەوە زۆربەی فەیلەسوفە گەورەکان خۆیان بە بابەتە پەروەردەییەکانەوە سەرقالّکردووە ،زۆر زانا و فەیلەسوفەکان باسی ڕاهێنان و فێرکردن و فێربوونیان کردووە و گرنگی زۆریان پێداوە ،" گەورە زانای یۆنانی سوقرات لە سالّی (٣٨٥) ی پێش زایین شێوازی پێدانی پرسیاری بۆ قوتابیان و خوێندکاران پیادە دەکرد و هەمیشە جەختی لە سەر ئەوە دەکردەوە کەوا ئەو هیچ نازانێت بەلاّم شێوازەکانی لە پێدانی پرسیار وا دەکات قوتابییان و خوێندکارانی سوود لە بەشداریکردنی یەکتری وەربگرن ئەفلاتوونیش یەکێک بووە لە زانا گەورەکانی فەلسەفە و سالّی ( ٣٨٥) ی پێش زایین هەلّسا بە دامەزراندنی ئەکادیمیایەک و گرنگی زۆری بە پەروەردە و فێرکرن دا "،(خۆشناو و حەمەد ،٢٠١٠ : ل٢١ ).پەیوەندیەکی بەهێز لە نێوان پەروەردە و فەلسەفە هەیە،بە شێوەیەک دەتوانین وەکو یەک جەستەی مەعریفی و زانستی لێیان بڕوانین .هەردووکیان دوو دیوی یەک پرۆسەن ، دیوی یەکەمیان فەلسەفەیە ، کە لایەنی تیۆری پەرەسەندنی ژیانە،دیوی دووەمیان پەروەردە یە کە لایەنی پڕاکتیکی پەرەسەندنەکانە ،کەواتە دابڕان لە نێوان پەروەردە و فەلسەفە نییە. ( ئەرستۆ) ش بە هەمان شێوەی فەیلەسوفەکانی تری یۆنانی گرنگی داوە بە پرۆسەی پەروەردەو فێربوون .هەروەها " لە سەدەی پێنجەمی پێش زایین فەیلەسوفی چینی گەورە (کرنفۆشیۆس ) گوتوویەتی من کەتەنها گوێم لێبێت ،لەبیر دەکەم،کە ببینم ،لەوانەیە بە بیرم

بێتەوە ،بەڵام کە بە کردار بیکەم ، تێی دەگەم ، لێرەوە یەکەم فێربوونی ئەزمونی دەستپێکرد و چەندەها فەیلەسوفی دیکەی چینی هەبوون کە زۆر شێوازی هاوشێوەیان پێشکەشکرد "،( هەمان سەرچاوەی : ل٢١)،فێربوونی هەموو شتێک بە پڕاکتیکی ئاسانترە،" بەم پێیەی فەلسەفەی پەروەردە ڕۆڵێکی کاریگەر دەگێڕێت لە هێنانە کایەی ئامانجە پەروەردەییەکان ،چەند ئەرکێکی گرنگیشی دەکەوێتە ئەستۆ وەکو ڕێکخستنی ناوەڕۆکی خوێندن و توێژینەوە لەو بەهایانەی پڕۆسەی پەروەردەیان لە سەر بەندە "،(مەغدید ،٢٠١٧ : ل ٣٧).

هەر لە کۆنەوە وتراوە " فەلسەفە بێ پەروەردە بەتاڵە و پەروەردەش بێ فەلسەفە نابینایە "،(محەمەد ، ٢٠٠٨ : ل ١٠٩ ).کەواتە لە بنەڕەتدا هۆکاری سەرهەڵدانی فەلسەفەی پەروەردە پێویستییەکی گرنگی پڕۆسەی پەروەردەیە،کە "بریتییە لەو چوارچێوە هزرییەی کە پێناسە و ڕونکردنەوەی بۆ گشت چەمک و لایەنە پەروەردەییەکان هەیە، هەروەها ئامانج و ڕێبازی پێگەیاندنی ژیری تاکە لە میانەی پڕۆسەی پەروەردەکردنی مرۆڤ لە کۆمەڵگەدا" ، (عەبدوڵلا، ٢٠١٠ : ل ٦٢) . لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت فەلسەفەی پەروەردە کۆمەڵێک ئامانجی گرنگی لە خۆگرتووە کە ئەویش پەروەردەکردنی مرۆڤە لە پێناوی دەستەبەرکردنی کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو،" لە پەروەردەی کۆندا پەروەردە تەنیا کاری ناو خوێندنگا بووە، هەندێ جاریش تەنیا پڕۆسەی فێربوون بووە، بەڵام پەروەردە زیاتر لەوە دەگەیەنێت و گرنگییەکی ژیانی هەیە بۆ کۆمەڵگە و تاک ،بۆ مانەوەی کۆمەڵگە و گەشەی تاک"،(حەسەن و سەرحەد،٢٠١٨ ، (penus.krd,ckb )،لە پەوەردەی کۆنی یۆناندا زیاتر مەبەستی پەروەردە بریتی بووە" لەبارهێنان و ڕاهێنان، دەرهێنان و تەقاندنەوەی توانا شاراوەکانی مرۆڤ،یانی ئەوەی ئەرستۆ پێی دەڵێت گۆڕانی توانا شاراوە و گریماناوییەکانی مرۆڤ بۆ کردەکی،لە جیهانی ئیسلامیشدا بریتی بووە لە مشتوماڵدانی ئەخلاقی و بارهێنان لەسەر چاکەکاری و بوونی چاکەکردن بەمەلەکە لە مرۆڤدا، یانی پەروەردە دەیتوانی مرۆڤێک باربێنێت کە بەبێ زۆر لە خۆکردن چاکەکار بێت "،(شەوکەت ،(negativegroup.org) .

### ٢) فەلسەفەی پەروەردەی نوێ

لە کۆندا پڕۆسەی پەروەردە بریتی بووە لە " پەروەردەکردنی تاکێک بۆ کۆمەڵگایەک ، پاشان بوو بە پەروەردەکردنی تاکێک کە بگونجێت لە گەڵ کۆمەڵگا ، ئێستا هەوڵەکان بۆ ئەوەیە چۆن تاکێکی ئازاد پەروەردە بکەین لە سنوورێکی کۆمەڵایەتی کە درێژکراوەی سنووره مرۆییەکەی گەورەترە لە سنووری نەتەوەیی و تایبەتی کە کۆمەڵێ بنەما گۆڕاو و جیاوازە تێیدا،بۆ ئەوەی ئەو ڕیزبەندیانە نەئاڵۆسکێن لە منداڵەکان ،دەبێت هەر لە سەرەتاوە بە ڕوونی بۆی جیابکرێتەوە و فێربکرێت لە کوێدا مرۆڤە و لە کوێدا خۆیەتی لە کوێدا نەتەوەکەیەتی و لە کوێدا ئاینە،بەمەش سەرجەم ئەرک و بەرپرسیارێتیەکانی دەزانێت و هەرگیز لە مافەکانی خۆش نابێت ، هەروەها مافەکانی کەسانی دیکەش پێشێل ناکات ، بۆیە دەبێت هاوسەنگی هەبێت ئەو کاتەش نەتاک کۆیلەی کۆمەڵگا دەبێت و نەکۆمەڵگاش پەرتەوازە و بێ سەرو بەر دەبێت "،(فەتاح ،٢٠١٨ : ل ٢٤ ).هەموو هەوڵێکی پەروەردەی کۆن و نوێ لە پێناوی ئەوەدا بووە تاک ئامادە بکرێت بۆ تاکێکی باش و بە سوود لە پاشەڕۆژدا،بەڵام بۆچوونە پەروەردەیەکانیش گۆڕانی بە سەردا دێت ،" بێرتراند ڕەسڵ بە وردی قسەی لە سەر پەروەردەی مۆدێرن کردووە ، ئەوەمان فێر دەکات منداڵ هەر لە سەرەتای زۆر منداڵییەوە حەز و خولیای بەدواداگەڕان و دۆزینەوەی تێدایە ، ئەم حەز و ئارەزووانە غەریزە خۆڕسکییەکانی خودی منداڵ پاڵنەریانە ، کە بەردەوام لە زۆر بوون و گەشەکردندان هەتا تەمەنی منداڵ هەڵکشێت ،ئەمیش لەگەڵیاندا هەڵدەکشێت ،بۆیە حەز و ئارەزووی دۆزینەوە و ناسین و ئاگاداربوون لای منداڵ لە قۆناغ بە قۆناغی تەمەنیدا گەورەتر و گەشاوەتر دەبێت "،( ڕەسڵ ،٢٠١٨ :

ل ٣٩ ـ ٤٠ ).ئەم فەیلەسوفە زۆر قسەی لە بارەی پەروەردەکردنی منداڵەوە کردووە ، مەبەستێتی منداڵ بخرێتە دۆخی پەروەردەکردنێکی مۆدێرنی وەهاوە کە گەورە بوو ئیتر نەنوشتێەوە،بۆیە پەروەردەی سەردەم دژی لێدان وەستاوەتەوە بۆ ئاڕاستەکردنی منداڵ بەرەو ڕەوشتی باش،شێوازی پەروەردەی کۆن لە مێژە مۆدێلەکەی بە سەرچووە ." شێوەی نوێ لە پەروەردەی منداڵ لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە منداڵ فێربکرێت چۆن بیربکاتەوە نەک چۆن فێرببێت بە شێوەیەکی میکانیکی فێربوونی فکرەیەک بۆ گفتوگۆ کردن چۆن وا لە منداڵ بکەین کە باوەڕی بە خۆی هەبێت کە کێشەیەکی هاتە ڕێ بتوانێت چارەسەری بکات "،( محەمەد ،٢٠٠٤: ل ٧٧ ).زۆر گرنگە منداڵ باوەڕی بە خۆی هەبێت ، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە بۆچوونی منداڵ وەربگیرێت بە تایبەتی لە ناو خێزاندا،چونکە منداڵ سەرەتا لە ناو خێزاندا پەروەردە دەبێت.

لە پەروەردەی هاوچەرخدا "پەروەردە وەک سامانێکی گشتی تەماشا دەکرێت و کاریگی بە کۆمەڵی کۆمەڵگایە دەزگا کۆمەڵایەتییەکانی تریش بەشدار دەبن و ڕۆڵیان تیایدا دەبێت ،پەروەردە بووە بە یەکێ لە پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیانی هاوچەرخ،پەروەردە بووە بە بەرپرسیارێتی و ئەرک و پڕۆژەی دەوڵەتەکان ،فەلسەفەیەکی پەروەردەیی لەپشت پرۆژەی پەروەردەوە بەرقەرارە و تیۆریزەی بیردۆزی پەروەردەیی دەکات و ئامانج ومەبەستە دوورەکانی دیاری دەکات و چارەی کێشە ڕێگرییەکانی پەروەردە دەکات" ،(حەسەن و سەرحەد، ٢٠١٨،(http://penus.krd,ckb,item).پەروەردە پڕۆسەیەکی سەربەخۆ نییە،زۆربەی پڕۆسە و دامودەزگاکانی تر ڕۆڵی تێدا دەبینن ،چونکە تاک بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە.لە ئەمریکادا دیدێک هەبوو سەبارەت بە پەروەردەی نوێ " کە پێی وا بوو دەبێت پەروەردە ئازادی بەخش بێت،تاک لە چنگی کۆمەڵگا دەربێنێت،تاکایەتی پێ ببەخشێت و لە فەرهەنگی کەڵەکەبووی کۆمەڵگا ڕزگاری بکات،لە تەپوتۆزی کۆمەڵگا بیتەکێنێت و بیباتەوە سەر وجودە ڕەسەن وخەلاقەکەی"،

(شەوکەت https://www.negativegroup.org).پەروەردەی نوێ بێ ئامانج نییە ،کارکردن بۆ بەدیهێنانی پەروەردە و فێربوونێکی زانستیانەی هاوچەرخ دەبێت لە چەند ڕێگەیەکەوە بێت :

١-"دارشتن و چەسپاندن و پێرەوکردنی فەلسەفەیەکی پەروەردەی دیموکراتی.

٢- کارکردن بۆ دیموکراندنی سیستمی پەروەردە و فێربوون،لەبەرتیشکی ئەو فەلسەفەیەدا.

٣- هاوکاریکردنی هەر هەوڵێک ،بۆ پەرەپێدان و گەشەکردنی پڕۆسەی پەروەردە و فێربوون بدرێت.

٤- کارکردن بۆ خستنەوەی هۆشیارییەکی پەروەردەیی و زانستییانەلە گشت ئاستەکانی کۆمەڵدا.

٥- بەدواداچوونی پڕۆسەی پەروەردە وفێربوون لە کوردستاندا،بە وەرگرتنی هەڵوێستی ڕەخنەگرانە لە کەم و کوڕییەکان و پشتگیری هەر هەوڵێکی ئەرێییانە کە بۆ پێشخستنی پڕۆسەکە بدرێت"،(قەرەداغی،٢٠١٥) ،(https://nanwazadi.wordpress.com).

ئێمەی کوردیش پێویستمان بەو بۆچوونە بوێرانەیە کە کەموکوڕی پەروەردە و کێشەکانمان چارەسەر بکات،وەکو چۆن پێویستمان بە سیستەمێکی پەروەردە و پرۆگرامێکی باش و تۆکمەی فێرکردن هەیە کە لە توانایدا بێت لە بواری پڕاکتیکیدا بۆچوونە فەلسەفییە دروست و بەسوودەکان جێبەجێ بکات.

## ١/١ / ٥ ) ئەو هۆكارانەی كاریگەرییان لە سەر پرۆسەی پەروەردە و فێربوون هەیە

**ئەو هۆكارانەی كە كاریگەریان لە سەر پرۆسە و دەرئەنجامەكانی فێربوون هەیە بریتین لە : (هۆكاری ناوەكی و هۆكاری دەرەكی ) .**

**١/١ /٥ /١ ) . هۆكاری ناوەكی**

**ئەم هۆكارە كاریگەری هەیە لە سەر پرۆسەی فێربوون ،" ئەم هۆكارانەش پەیوەستن بە توانا و ئامادەباشییەكانی فێرخواز لەوانە حەز و ئارەزووەكانی ، تەمەن و،توانا عەقڵی و هەڵچوونەكانی .....هتد،كە لە كۆئەندامی یادكردنەوەیدا عەمباركراون و پێویستن بۆ فێربوون "،( قەرەچەتانی، ٢٠٠٨ :ل١٥٥) .**

**تایبەتمەندییەكانی فێرخوازیش رۆڵێكی گرنگیایان هەیە لە پرۆسەی فێربووندا،یەكێكە لە گرنگترین ئەو هۆكارانەی كە كاریگەری هەیە لە سەر چالاكی فێربوون ،بەتایبەتی لە رووی توانا ئەقڵی و جوڵەیی سیفەتی جەستەیی و بەها و كەسێتییەوە،بە رەچاو كردنی جیاوازی تاكایەتی ، پۆل لە كۆمەڵێك فێرخواز پێكهاتووە كە لە توانای ئەقڵی و جوڵەیی و جەستەیی و كەسایەتییەوە هەروەها لە رووی حەز و بەهاو ئاراستەوە جیاوازن ،لە بەر ئەوە رادەی سەركەوتنی ئاستی خوێندن بە گونجانی ئەو پێكهاتە كۆمەڵایەتییە زۆر كاریگەر دەبێت.هەروەها توانای فێرخوازان بۆ فێربوون زۆر جیاوازە مەرج نییە هەموویان وەك یەك فێربن،چونكە پەیوەندی بە توانا ئەقڵی و هۆشەكییەوە هەیە،حەز و ئارەزووی فێرخوازیش رۆڵی گرنگی هەیە و جیاوازیشن لە یەكتری ،هەروەها باری دەروونیشیان لە دڵخۆشی و دڵ تەنگی و توورەبوونیان و رۆڵیان هەیە لەپرۆسەی فێربووندا،باری دەروونی هەر یەكەشیان جیاوازن،توانای بیركردنەو و ئەقڵی هەر یەكەیان جیاوازە .**

**بێگومان ئەو فێرخوازەی لە كەشێكی ئارام و لەباردا دەژی توانای فێربوونی زیاترە لەو فێرخوازەی لە رووی دەروونییەوە كەشەكەی لەبار نییە .لە هەمان كاتدا بۆ ماوەیش كاریگەری هەیە لە سەر فێربوون و هەروەها كارلێكیش دەكات لەگەڵ فاكتەرەكانی تری وەك ژینگە بۆ نموونە : . دەشێت فێرخواز خۆی زیرەك بێت و لە باوانیشەوە ئەم سیفەتی زیرەكییەی بۆ مابێتەوە،بەڵام بارودۆخی ناو ماڵ و گرفتە دەروونییەكانی دەوروبەر رێگەگر بن لە خوێندنی و دوابكەوێت لە هاوتەمەنەكانی بێدەسەڵات و دەستە وەستان بێت لە ركابەری و فێربوون ." زاناكانی دەروونزانی هەوڵیاندا دەستنیشانی ئەو سیفەتانە بكەن كە دەكرێت بپێورێن كە پێشبینی توانا دەكات بۆ فێربوونی تاك و ، هەندێك تایبەتمەندی دیاریكراویان دۆزییەوە كە گرنگیان نییە بۆ دۆزینەوەی ئەم توانایە لای تاك وەكو : قەبارە و هێزی جەستەیی و رەنگ و روو،رووخسارەكانی كەسێتی، كارامەییە هونەری و میكانیكییەكان لەو كاتەی تایبەتمەندییەكانی تر كە ئاماژەی گرنگن لە تواناكانی فێربوون وەكو : هێزی یادكردنەوە، واتا ژمارەكان ، ئەنجامدانی كاری خوێندنگا،توانای چارەسەركردنی  گرفتەكان ، چارەسەركردنی چەمكە پەتییەكان، جیاكردنەوەی لێكچووەكان و جیاوازەكان و،توانای وەڵامدانەوەی چەند شێوازێكی مەتەڵ و توانا ژیرییە گشتییەكان " ، (الزعبی ، ٢٠١٨ : ل ١٣٤ - ١٣٥ ) .بێگومان هەموو ئەم شتانە لە یەكێكەوە بۆ یەكێكی تر جیاواز دەبێت .**

**١/١ / ٥ /٢) . هۆكاری دەرەكی**

**هەندێک هۆکار هەن " تایبەتن بەو ژینگەو دەوروبەری کە فێرخواز تیایدا فێر دەبێت وەکو مامۆستا ، پرۆگرام ،هاندان و پاداشت کردن و جۆری مامەڵە ...هتد ",( قەرەچەتانی، ٢٠٠٨ :ل١٥٥) .کۆمەڵێک هۆکار ڕۆڵیان هەیە لە پرۆسەی فێربوون یەکێک لەوانە مامۆستا،تایبەتمەندێتی کەسێتی مامۆستا و زیرەکی و لێهاتوویی و حەز و ئاراستەو بەهای مامۆستا کاریگەری هەیە لە سەر فێرخواز ،هەتا مامۆستا پڕ زانیاری بێت و شێوازی گەیاندنی باش بێت ،ئەوا فێرخوازان زیاتر سوود لە پرۆسەکە وەردەگرن،هەروەها چۆنێتی مامەڵکردنیان لە گەڵ فێرخوازان کاریگەری بەردەوامی هەیە لەسەر پرۆسەکە،بۆیە مامۆستای هۆشیار و زیرەک ڕێگەی وانە وتنەوەی کارا بەکاردێنێت ،کە لەسەر بنەمای کارلێککردن دارێژراوە ،مامۆستا دەبێت لە هەموو ڕوویەکەوە کەسێکی تەواو پەروەردەیی بێت ، شارەزایی هەبێت لە دەروونزانی منداڵ ، قۆناغەکانی گەشە کردنیان ،و دەبێت پەروەردەییانە مامەڵە لەگەڵ فێرخوازان بکات ،بە پێی پسپۆری و شارەزاییەکانی بەرپرسی سەرەکی بێت لە چاندنی خۆشەویستی بۆ زانست و مەعریفە لە ناخی فێرخوازاندا.مامۆستا دەبێت لە ڕێگەی پەیرەوکردنی ڕێگا و شێواز و ستراتیجی گونجاو چالاکییەکانی ناو پۆل و دەرەوەی پۆل ئەنجام بدات.هەروەها هەوڵ و کۆششکردنی خودی فێرخواز خۆی ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە پرۆسەی فێربووندا ،چونکە بە پێی ئەزموونەکان ئەوە دەرکەوتووە،کە تێبینی و تێڕامان و دیالۆگ و گفتووگۆکردن گرنگترین ڕێگایە بۆ فێربوون .مادە و پرۆگرامەکانی خوێندن بە هەمان شێوە کاریگەرییان هەیە لە سەر پرۆسەی فێربوون ،بۆ نموونە هەندێک فێرخواز بە سروشتی خۆیان حەزیان لە هەندێک بابەت نییە ،هەندێک فێرخواز لە بابەتی زماندا زیرەکن ،بەڵام حەزیان لە بیرکاری و زانست نییە ، بەڵام ڕێکخستنی باش و گوتنەوەی وانەکە بە شێوەیەکی ئاسان کاریگەری فێربوون کارا تر دەکەن.ئامراز و ئامێرەکانی فێرکردن لە خوێندنگادا ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە زیاتر ڕوونکردنەوەی بابەتی فێربوون ، بۆ نموونە ئەگەر بمانەوێت فێرخواز فێری لێدانی مۆسیقا بکەین،دەبێت ئامێرەکەمان لەبەر دەستادا بێت .هەروەها ئەو ژینگە ڕۆشنبیرییەی کە فێرخواز تێدا دەژی،لەو هۆکارە گرنگەیە کە شێوازی ڕەفتاری ناو پۆل دیاری دەکات ، بۆچوونی کۆمەڵگاش لە سەر خوێندن و خوێندنگا کاریگەری هەیە لە سەر فێربوون و سەرکەوتنی فێرخواز .**

## تەوەری دووەم : مەرج و بنەماکان و گرنگی و بایەخی فێربوون .

### ١ / ٢ /١ ) . مەرج و بنەماکانی فێربوون

بۆ ئەوەی پرۆسەی فێربوون ڕوویدات ،پێویستە کۆمەڵێک هۆکار یان مەرج هەبن،واتە ئەم پرۆسەیە بەبێ بنەما ڕوو نادات،ئەم بنەمانەش پەروەردەکار و دەروونزانەکان لە سەری ڕێککەوتوون .

**١ . پێگەیشتن**

یەکێکە لە مەرجە سەرەکی و گرنگەکانی پرۆسەی فێربوون ، بنەمای هەر فێربوونێک دەگەڕێتەوە بۆ خێزان و لایەنی جەستەیی و دەروونی مرۆڤ ."پەیوەندیەکی بەهێز هەیە لە نێوان پێگەیشتن و فێربوون ، هەندێک لە دەروونزانەکان بەیەک چاو تەماشایان دەکەن و بەیەک شت لە قەڵەمیان دەدەن ، دەتوانرێت پێناسەی پێگەیشتن بکرێت وەک " گۆڕان لە شێوەیەکەوە بۆ شێوەیەکی تر،کە ببێتە هۆی گۆڕانی ڕەفتار " گرنگی پێگەیشتن بۆ هاتنەدی فێربوون زۆر ئاشکرایە ، بۆ نموونە منداڵ لە تەمەنی دوومانگیدا ناتوانێت فێری ڕۆیشتن ببێت ،چونکە هێشتا ئەو ئەندامانەی لەشی کە بەکرداری ڕۆیشتن هەڵدەستن پێنەگەیشتوون و نەگەیشتوونەتە ئاستی پێویستی بۆ هەڵسان بەو کردارە،بە کورتی فێربوون بەبێ پێگەیشتن ڕوونادات ،ئەو مەسەلەیەش لە ژیانی ڕۆژانەماندا زۆر ئاشکرایە و پێویست بە نموونەی تر ناکات"،(عەلی و ابراهیم ، ٢٠١٩ : ل ١٥٩ - ١٦٠).مرۆڤ لە کاتی ئەنجامدانی پرۆسەی فێربووندا پێوستی بە هەستەکان و ئەندامەکانی لەشییەوە هەیە ، کەواتە ئەو ئەندامانە دەبێت ئامادە بن ."پێگەیشتن یەکێکە لە بنەما گرنگەکانی فێربوون ،لە بەرئەوەی سنور یان چوارچێوەی فێربوون دیاری دەکات ،لەگەڵ ئەوەی هەریەک لە پێگەیشتن و فێربوون ،گۆڕانکاری لە ڕەفتار دەکەن ،بەڵام ئەدگاری بنەمایی جیاوازی نێوانیان،ئەوەیە پێگەیشتن لە ئەنجامی پێگەیشتنی لایەنی بایەلۆژی تاک و تایبەتمەندییە بایەلۆژییەکان دەبێت ، بە بێ پەیڕەکردنی پرۆگرام یان مەشق یان ڕاهێنان ،بەڵام فێربوون لە سەر بنەمای پەیڕەوکردن و شارەزایی و مەشق و ڕاهێنان دەبێت ،هاوکات کارەکانیان لە سایەی ئاستی گونجاوی پێگەیشتن دەبێت "،( قادر ، ٢٠٢٠ : ل ٣٤ ) .لایەنی بایەلۆژی مرۆڤ بە مەشق و ڕاهێنان گەشە ناکات،تەنها هەندێک حاڵەت نەبێت .بۆ نموونە زمان گرتنی مرۆڤ زۆر جار بەڕاهێنان و مەشق کردن کەم بۆتەوە ،بەڵام هەندێک لایەنی بایەلۆژی هەیە زگماکییە و مرۆڤ دەسەڵاتی تێدانییە و قابیلی گۆڕان و گەشەکردن نییە .

پێگەیشتن هاوبەشە لە نێوان هەموو جۆرە تاکێک بەگشتی، بەڵام جیاوازن لە فێربوون ،هەموو منداڵانی جیهان بۆ نموونە دەتوانن لە تەمەنێکی دیاریکراودا بە پێ بڕۆن وە لە تەمەنێکی دیاریکراودا باز هەڵبدات،بەڵام هەموویان وەک یەک فێر نابن.جیاوازی تاکەکان لە پێگەیشتن و گەشەکردندا وەکو یەک نییە، هەر ئەمەشە جیاوازی تاکایەتی دروست دەکات لە پرۆسەی فێربووندا.

لەبەر ئەوە"پێگەیشتن تاکە مەرجی فێربوون نییە ، بەڵکو مەرجێکی پێویستە،چونکە منداڵ ناتوانێت فێری هیچ جۆرە کارامەییەکی جووڵەیی و ئەقڵی ببێت ئەگەر نەگەیشتبێتە پلەیەکی پێگەیشتن کە توانای فێربوونی پێببەخشێت ، ئێمە پێشتر لە بەشی تایبەت بە گەشەکردن ئاماژەمان بە پەیوەندی نێوان پێگەیشتن و فێربوون داوە ، هەروەها دەرکەوتووە پێگەیشتن بە مەرجێکی پێویستی فێربوون دادەنرێت ، بۆ نموونە:ئێمە ناتوانین منداڵانی باخچەکانی ساوایان فێری کردە ئاڵۆزەکانی ژمێرە بکەین،چونکە هێشتا نەگەیشتوونەتە پێگەیشتنێکی ئەقڵی و مەعریفی کە توانایان پێببەخشێت فێری ئەو کردارانە ببن" ،(عەدەس و ئەلقتامی ، ٢٠١٣ :ل ٢٤٤ ).زۆر جار دوو منداڵ یەک تەمەنیان هەیە ، بەڵام

یەکێکیان لە تەمەنی دوو ساڵیدا فێری قسەکردن دەبێت ئەوی تریان لە تەمەنی سێ ساڵیدا .بۆ هەموو بابەتەکانی تریش بە هەمان شێوەیە."پێگەیشتن گۆڕانکاری ئۆتۆماتیکی و بایەلۆژین و مرۆڤ تواناو دەسەڵاتی بەسەریاندا نیە و بە پێی یاسا و ڕێسای تایبەت بەخۆی گەشە دەکات ، بەڵام فێربوون بە ویست و حەز و ئارەزووی مرۆڤەو دەسەڵاتی بە سەریاندا هەیە ، کەواتە دەبێت مرۆڤ لە لایەنی بایۆلۆژی و ئەندامیەوە ئامادەو پێگەیشتوو بێت و ئەندامەکانی تایبەت بە چالاکی و دیاردە دەروونی و کۆمەڵایەتیەکان ئامادەبن . ئینجا پرۆسەی فێربوون ڕوودەدات.بەڵام ئەگەر لایەنی بایەلۆژی و کۆئەندامەکانی لەش ئامادەباشیان نەبووە و نەگەیشتووتە حاڵەتی پێگەیشتن. ئەوا هەموو هەوڵەکانی فێربوون بە فیرۆ دەچێت و زۆر جاریش بە زیانی منداڵ و تاکەکان تەواو دەبێت.چونکە زۆر لێکردنیان و ناچارکردنیان بۆ کردنی کارو چالاکیەک بە بێ ئەوەی لە لایەنی جەستەیی و بایۆلۆژیەوە ئامادەبن . ئەوا تووشی هەستکردن بە کەمی و بڕوا بە خۆنەبوون و هەرەس هێنانیان دەکەن "،( قەرەچەتانی ، ٢٠٠٨ : ل ١٩) (ژانژاک ڕۆسۆ ) دەڵێت : ـ " فێرکردن و ڕاهێنان لە گەڵ ویستە سروشتییەکان بە تەواوی دەبێت سازگار بێت " ڕۆسۆ لەم ڕووەوە دەنوسێت : فێرکردن و ڕاهێنانی مرۆڤ بەیارمەتی سێ هۆکار ئەنجام دەدرێت .

هۆکاری یەکەم / ئامادەکارییە سروشتییەکانی جەستەیی .

هۆکاری دووەم / دانیشتوان و خەڵکانی دەوروبەری .

هۆکاری سێیەم / ئامێر و شتەکان .

ڕۆسۆ هاوکاری هەر سێ هۆکار بۆ پەروەردە و فێرکردن بە پێویست دەزانێت ،لە گەڵ ئەم پێناسەیەشدا سروشتی جەستەیی لە دوانەکەی تر بە گرنگتر دەزانێت و دەڵێت جەستەی مرۆڤ بۆ خۆی ڕێو ڕێبازێکی تایبەت بە خۆی هەیە و دەتوانێت بە دوور لە شتومەک و مرۆڤەکان گەشە بکات ".( کاکە وەیس ، ٢٠٠٨ : ل ٦٤ ) .پێویستە " منداڵ توانای هەبێت کەلەناخی خۆی تێبگات و بۆ ئەوەی ڕێز بگرێت لە پاشخانی ڕۆشنبیری و بەها ئەخلاقییەکان و داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان و یەکەی نەتەوەیی ،هەوڵبدات کە دەوڵەمەندییان بکات و شانازی پێوە بکات "،( قەرەنی ،٢٠٠٣ : ل ٣٩٧ ).مرۆڤ کە پێگەیشتوو بوو توانای هەموو شتێکی دەبێت ."پێگەیشتن لە فێرکردندا مەرجی سەرەکییە ،چونکە فێربوون وابەستەی گەشەکردن و بە دیارکەوتنیەتی و ئەو چالاکییانەش پەیوەندی بە گەشەکردنی ئەندامەکانیانەوە هەیە،دەبێت ئەوەش بزانین کە پێگەیشتن بە بێ ڕاهێنان و شیاندن دێتە ئاراوە ، بەڵام ڕاهێنان و شیاندن یارمەتیدەری پێگەیشتن و هێزو بەرگری بە منداڵ دەبەخشێ چونکە فێربوون بەندە بە کارلێکی نێوان پێگەیشتن و ڕاهێنان،بۆیە زۆر هەڵەیە جۆرەها چالاکی فێری منداڵ بکەیت لەو کاتەی هێشتا بە تەواوی پێنەگەیشتووە و ڕاهێنان و شیاندنی زوو نابێتە هۆی باشتر کردنی کردەی فێربوون و دواخستنیشی،بۆیە هەر دەبێت تاک بگاتە ئاستی پێویستی پێگەیشتن "،(شەکشەک ، ٢٠١٢ : ل ٥٢ )، مرۆڤ تا لە هەموو ڕوویەکەوە پێگەیشتوو نەبێت ،ناتوانێت بەشداری بکات لە پرۆسەی فێربوون و فێرکردن .

**٢ ـ ڕاهێنان و فێربوون**

مرۆڤ خاوەنی زۆر توانا و حەز و بەهرەیە ،کە بە ڕاهێنان گەشە دەکەن و زیاتر فێردەبێت "ڕاهێنان و بەئاکام گەیاندنی چالاکی جۆراوجۆر هۆکارێکی گرنگە بۆ فێربوون ، واتە ئەو کار و چالاکییانەی ڕاهێنانیان لە سەر دەکرێت و چەند جار دووبارە دەکرێنەوە،ئەوا باشتر و زووتر فێریان دەبین لە ئەوانەی کە دووبارە ناکرێنەوە و ڕاهێنانیان لە سەر ناکەین"،(قەرەچەتانی ، ٢٠٠٨ : ل ٢٠ ).مرۆڤ لە ژیانیدا زۆربەی زۆری ئیش و کارەکانی بە هۆی ڕاهێنان و

تاقیکردنەوەوە دەگاتە پلەیەکی باشی فێربوون."منتسۆری جەخت لە سەر ڕاهێنانی منداڵان دەکاتەوە لە سەر هەستەوەرەکانیان ،کە هەر یەکەیان بەشێوەی تایبەت و ئامرازی گونجاوی خۆی بێت .لێرەشدا دیسان باس لە ئازادی منداڵ دەکات لە هەڵبژاردنی ئەزموون و چالاکیەکانی خۆیدا ،چونکە پاڵنەری فێربوون و بەردەوامی بۆ زیاد دەکات و فێری سیستماتیکی دەکات بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ، هەر بۆیە دابینکردنی ئامرازەکانی خۆ فێرکردن ، یان پەروەردەی خودی ، پێویستە بۆ یارمەتیدانی گرنگی پێدانەکانی منداڵ بەو ئامراز و کەرەستە سەرنجڕاکێشانەی کە دوا جار دەبنە هۆی فێربوون "،(عەزیز ،٢٠١٧ : ل ١٤٨ )،هەمیشە ڕاهێنان مرۆڤ زیرەکتر و بەتوانا تر دەکات " فێربوون پرۆسەیەکە زۆر جار بە مومارەسەکردن و ئەزموون دێتە دی ، بۆیە ڕاهێنان و ئەنجامدانی چالاکی جۆراوجۆر هۆکاری گرنگن بۆ فێربوون ، چەند بارەکردنەوەی ئەزموونە شکست خواردووەکان و هەڵەکانیش دەبن بەکاری بەرهەمدار و بە هۆیانەوە دەگەین بە ڕاستییەک کە فێربوونە ، لە بەر ئەوە ڕاهێنان و چالاکیەکان تا زیاتر دووبارە بکرێنەوە ئەوا باشتر و خێراتر ئامانجەکەی دێتە دی ، بە پێچەوانەوە هەر کارێک کە ڕاهێنانی کەمی لە سەر بکرێت درەنگتر فێری دەبێت "،(رسول، ٢٠١٤ : ل ١٧ )،کاتێک مرۆڤ کارێک زۆر دووبارە دەکاتەوە ،پاش ماوەیەک لەو کارەدا دەبێت بە شارەزا و پسپۆرێکی چاک.

### ٣ . ڕێگاکانی وانەگوتنەوە و فێربوون .

پەیوەندیەکی بەهێز لە نێوان فێربوون و شێواز و ڕێگاکانی وانەگوتنەوە دا هەیە ،" واتە هەندێک ڕێگا و شێواز باشتر و خێراتر دەبنە هۆی فێربوون و فێرخواز زیاتر سودیان لێوەردەگرێت بۆ نموونە لە هەندێک حاڵەت و بارودۆخدا باشترە کە لە بەشەوە بۆ گشت ، بەڵام هەندێک جاری تر فێرکردن لە گشتییەوە بۆ بەش،باشترەو فێرخواز باشتر فێر دەبێت ، لە لایەکی ترەوە هەندێک جار وا پێویست دەکات کە مامۆستای وانەکە ڕاڤە بکات و بیخاتەڕوو.دواتر گفتوگۆ دەست پێدەکات،بەڵام هەندێک جار باشترە فێرخواز لە ڕێگای گفتوگۆ یان گروپەوە یان لە تاقیگە فێربکرێن ،کەواتە دەبێت مامۆستا شارەزایی پێویستی لە شێواز و ڕێگاکانی وانە گوتنەوە دا هەبێت و بزانێت لە چ کات و قۆناغێکدا و بۆ چ مەبەستێک بەکاریان دەهێنێت ، بۆ ئەوەی فێرخواز بە باشترین شێوە فێر ببێت" .(قەرەچەتانی ، ٢٠٠٨ : ل ٢٠). بە پێی وانەکان مامۆستا دەتوانێت ڕێگەی گونجاو بۆ خۆی هەڵبژێرێت بۆ وانەوتنەوە و گەیاندن ،زۆر جار مامۆستا زانیاری تەواوی هەیە ،بەڵام بە هۆی خراپ وتنەوە و گەیاندنەوە ، فێرخواز فێر نابێت ." ڕێگەی وانەوتنەوە کاریگەری گەورەی هەیە لە سەر فێربوون، دەبێت گۆڕانی بەسەردا بێت تاوەکو مامۆستا بتوانێت ڕێگەکانی وانەگوتنەوەی هاوچەرخ بەکاربهێنێت تاوەکو لە گەڵ ڕێڕەوی پێشکەوتنی جیهان گونجاو بێت . ڕێگەکانی وانەوتنەوەی هاوچەرخ بریتین لە,کۆمەڵە کردارێکی جۆراوجۆری هونەری نوێ بۆ گەیاندنی بابەت و جێگیرکردنی زانیارییەکان و بەدەستهێنانی ئامانجەکان بە ئاسانترین شێوە کە لە گەڵ بارودۆخی ژینگەی فێربووندا بگونجێ ،ئەم ڕێگە هاوچەرخە دەرفەتی بەشداریکردن زیاد دەکەن و دەبنە هۆی کارلێککردن ،جێگیربوونی زانیاری و فێربوونی کاریگەر "،( خۆشناو و حەمەد ،٢٠١٠ : ل ٨٩ ) ،گۆڕانکاری لە شێوازی وانەگوتنەوەدا دەبێتە هۆی بێزار نەبوونی فێرخوازان و فێربوونیان .

### ٤ . ئامراز و تەکنەلۆژیای ڕوونکردنەوە و فێربوون

هۆکار و ئامرازەکان کاریگەرییان هەیە لە سەر هەموو فێربوونێک،چونکە یارمەتیدەرن بۆ ئاسانی گەیاندن،"گومانی تێدا نییە بەکارهێنانی کەرەستە و ئامرازەکانی ڕوونکردنەوە وەکو:کۆمپیوتەر ، کاسێت ، سیدی ،نەخشە ،تەلەفزیۆن ، ئۆڤەرهێد ،وێنە و کەلوپەلەکانی تری ڕوونکردنەوە،سوودی زۆریان بۆ فێرخواز هەیە و باشتر فێردەبێت لەوەی ئەگەر

بەکاریان نەهێنێت .واتە کاتێک مامۆستا تەنها قسە دەکات ، ئەوا خوێندکار تەنها هەستەوەری بیستنی بەکاردەهێنێت ، بەڵام ئەگەر مامۆستا قسەی کرد و وێنەیەکیشی پیشانی فێرخوازدا ،ئەو کاتە فێرخواز گوێ و چاویشی بەکاردەهێنێت و زیاتر لە بابەتەکە تێدەگات . بەڵام ئەگەر فێرخواز بۆنی شتەکەشی کرد یان دەستی لێدا یان تامی کرد ،ئەوا هەستەوەرەکانی تریشی بەشداری لە فێربوون و تێگەیشتنی بابەتەکەدا دەکەن و باشتر فێرخواز فێردەبێت .کەواتە مامۆستا تا دەتوانێت با سوود لە هەستەوەرەکانی فێرخواز وەربگرێت و لە رێگەیانەوە زانیاری و شارەزاییەکان بگەیەنێتە مێشکی  فێرخواز "،(قەرەچەتانی ، ۲۰۰۸ : ل ۲۱ ).واتە هەتا هۆیەکانی تێگەیشتن زۆر و باش بن فێرخواز باشتر تێدەگات." هۆیەکانی فێرکردن لە هەموو قۆناغەکان زۆر گرنگن ، دەبێت گونجاو بێت لە گەڵ تەمەن و عەقڵ و ئاست و مەعریفە و ناوەڕۆکی ئەو بابەتەی کە مامۆستا مەبەستێتی بیگەیەنێت ، لە پۆلەکانی یەک و دوو و سێ زۆر گرنگە سەرجەم ئەو یاری و کەرەستانە و هۆکارانەی بەکار دێت چێژ بەخش بن و یاری ئامێز بێت "،(باجەلان ، ۲۰۲۲)، پێویستە مامۆستا بە پێی پێویست و قۆناغی خوێندنەکە هۆیەکانی فێربوون بۆ وانەگوتنەوەکەی دیاری بکات.هەروەها "بە هاتنە ناوەوەی تەکنەلۆژیای فێرکردن بۆ ناو پرۆسەی فێرکردن رێگای نوێی وانەگوتنەوە و شێوازی جۆراوجۆری دروستکرد،کاریکرد بۆ چارەسەری زۆربەی کێشە پەروەردەییەکان،فێرخوازی بە زانیاری و کارامەیی پێویست پڕ چەک کرد و کاریکرد بۆ گەشەپێدانی بیرو فراوانکردنی بۆ چوونەکانیان و کاراکردنی رۆڵی فێرخواز و ئامادەکردنی سەرچاوەی جۆراوجۆر کە لە گەڵ توانا و ئارەزووی فێربوونی فێرخواز دا بگونجێت "،(سعید و علی ، ۲۰۲۱ : ل ۹۹ ) هۆیەکانی فێرکردن و فێربوون بەکاردێت بۆ:

۱ ـ " سەرنجڕاکێشانی قوتابییان و خوێندکاران .

۲ ـ جەختکردن لە سەر بیرۆکە سەرەکییەکانی بابەت .

۳ ـ ڕوونکردنەوە و شرۆڤەکردنی بابەتە گرنگەکان .

٤ ـ یارمەتیدانی مامۆستا بۆ رێکخستنی کارەکان گرێدانی بیر و هزر .

٥ ـ دڵخۆشکردن و دڵنەوایی بەشداربووان کەوا چالاکییەکە گرنگە و سوودیان پێدەگەنێت ،دەبێت مامۆستا زۆر بە وریایی هۆیەکانی فێرکردن بەکاربێنێت ،کە بگونجێت لە گەڵ بارودۆخ و هەروەها یاریدەدەر بن نەوەک بەربەست" ،(خۆشناو و حەمەد ، ۲۰۱۰ : ل ۷۸ )،بەکارهێنانی هۆکار و ئامڕازەکانی فێربوون و فێرکردن بێگومان پڕۆسەی پەروەردەو فێربوون ئاسان و ڕوونتر دەکات .

**٥ ـ پاداشت و هاندان و فێربوون**

پاداشت و هاندان  گرنگی خۆیان لە پرۆسەی فێربوون و فێرکردندا هەیە،"هاندان بریتییە لە کۆمەڵێک وروژێنەری بێلایەن ،لە بنەڕەتەوە ڕوودانی یان بوونی ئاوێزان دەبێت لەگەڵ هاندانی بنەڕەتی ، بۆ ئەوەی لە ئەنجامی ئەو نزیکبوونەوەیە وەکو ئەو وروژێنەرە بنەڕەتییە بتوانێت ڕەفتار بنوێنێت،کە هاندانی بنەڕەتی پاڵی ناوە بۆ نموونە ئەگەر وروژێنەرێک ئاوێزان بوو لە گەڵ برسیەک ، ئەو وروژێنەرە دەتوانێت ڕەفتاری گەڕان بە دوای خۆراک لەو بۆنانە بەرپا بکات لە بوونەوەر لە حاڵەتی ئەو وروژێنەرانە ڕووبەڕووی دەبێتەوە "،( قادر ، ۲۰۲۰ : ل ۱۷۸ )،هەر کار و چالاکیەک بچێتە ناو پرۆسەی فێربوونەوە ،بە هاندان و پاداشت زیاد و گەشە دەکات،" ئەو فێربوون و ڕەفتارو چالاکیانەی کە پاداشت دەکرێن ،ئەوا زووتر فێریان دەبێت و بەئاسانی دێنەوە یادمان و درەنگ لە بیر دەچنەوە و بە ئاسانی دووبارە دەبنەوە،بەڵام ئەو ڕەفتارو هەڵسوکەوتانەی سزا دەدرێن و هان و پاداشت ناکرێن ، ئەوا دەکوژێنەوە و

**به خێرایی له بیردەچنەوە "،(قەرەچەتانی ، ٢٠٠٨ : ل ٢٢)،هەموو کەسێک بەهاندان کاری باشتر دەکات " هاندان کاریگەریەکی گەورەی لە سەر خوێندکار هەیە ،ئەگەر چی کارەکە لای خوێندکار، مەبەستیشی نەبێت ، هاندان بە سوپاس و وتنی وشەیەکی باش و دیاری کردنیان یان هاندانی مەعنەوی و دانانی ناویان لە سەر تابلۆی سەرکەوتووان،هەموو ئەمانە شوێنەوارێکی گەورە لە فێرکردنی خوێندکاردا بە جێدەهێڵن و ، ئاسانن و خەرجیەکی ئەوتۆشیان ناوێت "،( العبدالکریم ، ٢٠١٥ : ل ١٦ )،هاندان و پاداشتی فێرخوازان لە لایەن مامۆستاوە زۆر کاریگەری هەیە لە سەر دەروون و دڵخۆشی فێرخوازان  و بەرەو پێشبردنیان ،" لە هەندێک سەرچاوەدا پاداشت و هاندان بە بەهێزکردن ناو دەبەن مەبەست لە بەهێزکردن هەر کردارێکە کە ببێتە هۆی دووبارەبوونەوەی ڕەفتارێک یان وەڵامدانەوەیەک.زۆر لە تاقیکردنەوەکان لە بواری فێربووندا کاریگەری بەهێزکردنیان سەلماندو بیردۆزەکانی ( هۆڵ و سورندایک و سکینەر)جەخت لە سەر گرنگی بەهێزکردن دەکەن لە کاتی فێربوون و بە ڕای ئەوان فێربوون بەبێ بەهێزکردن ئەستەمە.بۆ نموونە ئەگەر منداڵێک یارمەتی منداڵێکی تریدا و ئێمە پاداشتمان کرد ، واتە ئەو ڕەفتارەمان بەهێز کرد ، ئەوا ئەو منداڵە فێری ڕەفتاری یارمەتیدان دەبێت ، بەڵام ئەگەر لە سەر کارەکەی پاداشتمان نەدا ، ئەوا ئەگەری زیاتر ئەوەیە کە منداڵەکە لە پاشەڕۆژدا ئەو کردارە دووبارە ناکاتەوە "،(عەلی و ابراهیم ، ٢٠١٩ : ل ١٦١ ).پرۆسەی فێربوون پێویستی بە پاداشت و هاندان هەیە بۆ ئەمەش مامۆستا دەبێت ڕێگەی هونەری و زانستی بەکاربهێنێت ."دەبێت مامۆستا ، تەکنیکێک بدۆزێتەوە بۆ بەشداری پێکردنی فێرخوازان و گفتوگۆکردن ، ئەم تەکنیکەش بریتییە لە هاندانی فێرخوازان لەلایەن مامۆستا بۆ ئەوەی وا بکات ڕایان بکێشێتە ناو گفتوگۆ و بابەتەکەیان پێ ئاشنا بکات و فێرخوازان بەشداری بکەن ، بەم ڕێگەیە مامۆستا بە ئاسانی دەتوانێت کێشەکانی فێرخوازان بزانێت و چارەسەریان بکات "،(خۆشناو و حەمەد ، ٢٠١٠ : ل ١٠٠) .بەشداریکردنی فێرخوازان لە کاتی وانەگوتنەوەدا، کاری مامۆستایە کە فێرخواز بکاتە سەنتەری پۆل و وانەکە .**

**٦ ـ پاڵنەرەکان و فێربوون**

**پاڵنەر هۆکارێکی گرنگی فێربوونە،"چەمکی پاڵنەر ئاماژەیە بۆ پێویستییە بایۆلۆژییەکانی بوونەوەر ، کە هاندەرە سەرەکییەکانی، وەکو برسیەتی ، تینوێتی ، پارێزگاریکردن لە پلەی جەستەو هەناسەدان دەگرێتەوە،هەروەها ڕزگاربوون لە پاشەڕۆکان ، نوستن ، پشودان ، چالاکی ، سێکس ، ڕزگاربوون لە ئازار ، دایکایەتی ، چاودێری ... هتد دەگرێتەوە ، لە دیدی ( هۆل ) ئەو پاڵنەرانە جوڵێنەری سەرەکی فێربوون و ڕەفتارن ، کەواتە بێبەشکردن لێیان ، بوونەوەر پاڵدەنێت بۆ ئەنجامدانی ڕەفتاری گەنجاو"،(قادر ، ٢٠٢٠ : ل ١٧٧ ـ ١٧٨ )،بۆ نموونە برسێتی دەبێتە پاڵنەرێک بۆ ئەوەی مرۆڤ فێری خواردن دروست کردن بێت ،یان حەزکردن لە خوێندن پاڵنەرێکە بۆ دەستکردن بە خوێندن ."هەر کاتێک فێرخواز پاڵنەری بۆ خوێندن هەبوو وە حەزو و ئارەزووی لە بابەت و خوێندنەکە هەبوو ، ئەوا باشتر فێر دەبێت ،ئەگەر بەراوردبکرێت بە فێرخوازێکی تر کە حەزو و ئارەزووی لە خوێندن نییە ، واتە پاڵنەرو حەز و ئارەزوو یەکێکە لە مەرجەکانی فێربوون و بە بێ ئەو فێربوون زەحمەت و کرچ و کاڵ دەبێت "،(قەرەچەتانی ، ٢٠٠٨ : ل ٢٣ ).حەزکردن لە مرۆڤدا بۆ هەر شتێک دەبێتە پاڵنەر ،" بێگومان خوێنەر لە ژیانی ڕۆژانەدا تێبینی ئەوەی کردووە ، چ لە سەر خۆی چ لە سەر خەڵکی دیکە،کە ئەگەر کەسێک ئارەزووی لە کارێک بێت ئەوا بە ئاسانی و بەخێرایی فێری دەبێت و بە پێچەوانەشەوە . ئەگەر کەسێک ئارەزووی کارێکی نەبێت  بە زەحمەت و درەنگ فێری دەبێت ، ئارەزوو پاڵنەر لای مرۆڤ دروست دەکات و لە ئەنجامدا پرۆسەی فێربوون ئاسان دەبێت و هەرچەندە پاڵنەرەکە**

بەهێزتر بێت،فێربوون خێراتر دەبێت، دەروونزانەکان بە بەردەوامی پاڵنەر بەکاردەهێنن لەکاتی ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکان لە سەر چۆنێتی فێربوونی ئاژەڵ و بەهێزترین پاڵنەر لای ئاژەڵ ، برسێتییە ، ئینجا ئەو دەروونزانانەی تێبینیان کرد کە ئەگەر ئاژەڵ برسی نەبێت،واتە پاڵنەرێک نەبێت ، ئەوا ئەو ئاژەڵانە هیچ چالاکیەکی وەها ئەنجام نادەن کە لە ئەنجامدا فێری شتێک ببن.بوونی حەز و هەڵوێستیش دەکەوێتە ژێر خانەی پاڵنەرەکان ، چونکە دەبنە هۆی ئاسانکردنی پرۆسەی فێربوون .( گیتس ) بڕوای وایە کە پاڵنەر سێ فرمانی هەیە لە کرداری فێربووندا : .

*بەهێز کردنی ڕەفتار.

*هەڵبژاردنی وەڵامدانەوەیەک کە پێویستییەک تێربکات ، وەک گەڕان بۆ خواردن .

* ئاڕاستەکردنی ڕەفتار بەرەو ئامانجێکی دیاریکراو " ، (عەلی و ابراهیم ، ٢٠١٩ : ل ١٦٠ ) .

"فێربوون بەبێ پاڵنەر نابێت ،واتە ئەگەر کەسەکە ئامانجێکی دیاریکراوی نەبێت،بۆ وەرگرتنی زانیاری ئەوا هەر چەند وروژێنەری جیا جیای هەبێت و هەلی فێربوونی بۆ برەخسێت ، پرۆسەی فێربوون ئەنجام نادرێت "،( عزیز ، ٢٠١٤ : ل ١٢١ ). ئامانج خۆی لە خۆیدا پاڵنەرە لە مرۆڤدا،"پاڵنەرەکان وەها لە فێرخوازەکە دەکەن زوو بوروژێت ،چونکە گرنگیدان گرژییەک لای تاک دروست دەکات کە وەهای لێدەکات حەز بە وەدەستهێنانی شارەزایی و پسپۆرییەکان بکات و بەباشی وەریانبگرێت و کاریان پێبکات،هەروەها پاڵنەرەکان ڕەفتارەکان ئاڕاستەی دەکەن ، چونکە هەر ئەوەندە بەس نییە کە ئەندامەیەتییەکە بوروژێنرێ بەڵکو هەر دەبێت بزاڤەکان بەرەو کارێک ئاراستە بکرێن کە پاڵنەرەکە ڕازیبکات ،بەشێوەیەک بە هەوڵێکی کەمتر و کارێکی کورتتر مەبەستەکانی وەدیبهێنێت "،( شەکشەک ٢٠١٢ : ل ٥٤).کەواتە فێربوون دەرئەنجامی پاڵنەرە .

**٧ . ئامادەبوون**

ئامادەبوون بریتییە لە" تێکەڵاویەک لە هۆکارەکانی گەشەکردنی ناوەکی و ئەنجامی مەشقکردن و شارەزایی )شتێکی ئاشکرایە ئامادەبوون بۆ پیشەیەک فێربوونی ئەو پیشەیە ئاسان دەکات ، چونکە ئەو ئامادەبوونە دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو کەسە ئاگاداری خۆی بخاتە سەر ئەوبابەتەی کە دەیەوێت فێری ببێت ، هەموو شتێکیش لە بیری خۆی دوور دەخاتەوە ئەو کارەش یارمەتی ئەو کەسە دەدات کە گشت وزەی عەقڵی خۆی بخاتە کار بۆ فێربوونی ئەو پیشەییە کە خۆی بۆ ئامادەکردووە "،(عەلی و ابراهیم ، ٢٠١٩ : ل ١٦١).گرنگیدان بە دوو فاکتەری گرنگی فێربوون،کە لە دەروونناسی پەروەردەیی نوێدا جەختی لەسەر دەکرێتەوە،ئەویش ئامادەباشی و تواناداری تاکە." مامۆستا لە کاتی وانەگوتنەوەدا پێویستە ئاگاداری ئاگایی فێرخوازەکانی بێت و نەهێڵێت بکەونە داڵغە و ئەندێشەوە ،چونکە هەڵەیەکە پێی وابێت لە کاتی ڕاڤەکردنی وانەدا بەردەوام ئاگایان لە مامۆستایانە،بێگومان ئامادەبوونی جەستەیی پێوەری فێربوون نییە،بەڵکو ئامادەبوونی دەروونی مەرجە بۆ فێربوون ،بۆیە دەبێت مامۆستا لە ڕێگەی چەند چالاکیەکەوە کۆنترۆڵی ئاگاییان بکات و بێ تاقەتی و بێزارییان بڕەوێنێتەوە "،(رسول ، ٢٠١٤ : ل ٣١).ئامادەبوون لە هەر پرۆسەیەکدا،ئەنجامێکی باش و سەرکەووتوانەی دەبێت .

## ١ / ٢ /٢ ) ـ گرنگی و بایەخی فێرکردن و فێربوون لای منداڵان

پرۆسەی فێربوون و فێرکردن گرنگی خۆی هەیە لە ژیانی مرۆڤایەتی بە گشتی و منداڵان بەتایبەتی ، چونکە منداڵان نەوەی دوارۆژی هەموو نەتەوەیەکن ،ئەم پرۆسەیە سەرەتا لە ماڵەوە دەست پێدەکات،ئەگەر لە دامودەزگایەکی پەروەردەیی بێت لە باخچەی منداڵان،پاشان لە خوێندنگای بنەڕەتیدا دەست پێدەکات ،دەتوانین سوود و بایەخی لە چەند خاڵێکدا کۆبکەینەوە .

### ١/ پێشکەوتنی کۆمەڵگا

فێربوون رۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە پێشکەوتنی گەلاندا و کاریگەرییەکی پۆزەتیڤانەی دەبێت لە گەشەکردنی نەوەی نوێ ، لەسەر بنەمایەکی زانستی پێشکەوتووی تازە ئەم پێشکەوتنە پێوانە دەکرێت بە توانای زانستی گەلان بە ڕێگاکانی ئامراز و هۆکار و تیۆرەکانی وانە گوتنەوە ( ئەفلاتون ) یەکەمین فەیلەسوفە کە پێویستی فێرکردن و پەروەردەی بە دەستهێناوە و بە جوانی باسی کردووە ،دەڵێت : " ئەگەر ئەندامانی کۆمەڵ بە گوێرەی توانا ئامادەکاری خۆیان،کاریان پێبسپێردرێت ،هەر کام دەتوانێت بە ڕادەیەکی زۆر بەرز،بۆ کۆمەڵگا سوود بەخش بێت.بەم پێیە کۆمەڵگا ناتوانێت بە بێ فێرکردن و پەروەردە کردنێکی دروست بەردەوام و ڕاوەستاو و پێشکەوتوو بێت "،(کاکە وەیس ، ٢٠٠٨: ل ٥٤).لێرەدا ئەفلاتوون ئاماژە بەوە دەکات کەسی شیاو لە شوێنی شیاو هۆکارێکە بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگا .چونکە ئەو کاتە هەموو تاکێک ئیش و کاری خۆی بە جوانی جێبەجێ دەکات .گرنگە تاکی کۆمەڵگا بە پێی پێویستی کۆمەڵگاکە تواناکانیان پەروەردە بکرێت تاکو سوودیان هەبێت

### ٢/ پەروەردەی ڕەوشتی ( ئەخلاقی )

یەکێک لە ئەرکە گرنگەکانی پەروەردە لە قۆناغی سەرەتاییدا (بنەڕەتی ) فێربوونی ڕەوشت و ڕەفتاری جوان و ڕێک و پێک و دروستە،" بەبۆچوونی ( جان لاک )ڕەوشت و هەڵسوکەوتی باش بە هۆی ئەزموونەوە بە دەست دێت،لە جیهانێکدا کە پڕە لە درۆ و دوو ڕوویی و لادان ،دەبێت لە بنەمای ئەزموونی ڕاستەوخۆ لە پەروەردە و فێرکردنی ئەخلاقیدا کەڵک وەربگیرێت و بە سەرپەرشتی وردو ،کەڵک وەرگرتن لە ئامۆژگاری و هاندان ، فێرخوازان فێری ڕەوشت و هەڵسوکەوتی باش بکرێن "،(ئەکبەر و ئەوانی تر، ٢٠٠٥ : ل ١٠٣ ).بێگومان لە ڕێگەی فێرکردنەوە ، فێرخوازانی بنەڕەتی بەتایبەتی زۆر ڕەوشت و بەهای پەروەردەیی فێر دەبن،شیعری منداڵان ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە فێرکردنی ڕەوشتە بەرزەکان،مامۆستا دەتوانێت ، لەگەڵ خوێندنی هەر شیعرێکدا باس لەو ڕەوشت و ئاکارە بکات ، کە شاعیر لە شیعرەکەیدا باسی کردووە تاوەکو لەم ڕێگایەوە منداڵان فێربکرێن.کەواتە" پەروەردە ئەو ڕێگا گونجا و گرنگەیە کە بەهاکان لە ناخی تاکەکاندا جێگیر دەکات و لە نەوەیەکەوە دەیگوێزێتەوە بۆ نەوەیەکی تر و کاردانەوەی بە سەر ڕەفتار و ئاکاریاندا دەبێت و دەبنە پاڵنەرێکی بەهێز بۆ ڕەفتار و هەڵسووکەوتی دروست"،(محمد، ٢٠١٦ : ل ٦٠ ). پرۆسەی پەروەردە و فێربوون دەروازەیەکی باشە بۆ فێربوونی ڕەوشت و ئاکاری ڕێکوپێک و گونجاو.

### ٣/پەروەردەی عەقڵی

فێرخوازانی بنەڕەتی لە ڕێگەی فێربوونەوە ،هۆش و عەقڵیان پێشدەکەوێت و فێر دەبن و خۆراک دەدەن بە مێشکیان . "جاک لاک ،لایەنگری جۆرێک سیستەمی فیکری و عەقڵی ( لێهاتوویی زەینی ) بوو ،کە بەیارمەتی ئەو مرۆڤ بتوانێت

**به حەقیقەت بگات و بە سەر گیروگرفتەکاندا سەر بکەوێت .لاک فێرخوازانی بۆ ئەنجامدانی ڕاهێنان یا وەرزشی زەینی ڕاسپاردو،گرنگی زۆری بە بیرکاری دەدا کە مرۆڤ دەکەن بە مرۆڤی ماقووڵ و مەنتیقی ، بێجگە لەم بیرانە ، هەندێک ماددەی خوێندنی دیکە لە لایەن (جاک لاک) ەوە بایەخیان پێدرا کە بریتیبوون لە : جوگرافیا و ئەستێرەناسی ، مێژوو،واتاکانی دەربڕین ، لۆژیک ، ئەخلاق ، زانستە کۆمەڵایەتییەکان "،(ئەکبەر و ئەوانی تر،٢٠٠٥ : ل ١٠٣ ـ ١٠٤ ) .مرۆڤ هەر لە ڕێگەی فێربوون و فێرکردنەوە دەتوانێت مێشکی بجوڵێنێت و چالاکی بکات و بیربکاتەوە .**

**٤/ پەروەردەی زانستی**

**هەموو بابەتێکی زانستی،سەرەتا فێرخواز لە قۆناغی بنەڕەتیدا بە هۆی پرۆسەی فێرکردنەوە فێری دەبێت ، مرۆڤ خاوەنی زۆر بەهرەو سەلیقەو توانای شاراوەیە،کە هەر یەکێکیان لە خۆیدا لایەن و ئامانجی تایبەتی هەیە ، لە کات و قۆناغی گەشە و فێرکاری و ڕاهێناندا هێدی هێدی دێنە بوون و پەرە دەستێنن و لە تواناوە دەبنە کردەوە ، قۆناغی بنەڕەتیش زۆر گونجاوە بۆ فێرکردنی هەر بەهرەو توانایەک .(جان لاک ) دەڵێت : "زانستی مرۆڤ لە بەرهەمی تێکەڵاوی مرۆڤ و دونیای دەرەوەیە ـ دونیای دەرەکی ـ هێزی جۆراوجۆری زەین ، وەک : تێگەیشتن ، بینین ، سەرنج ، پاراستن، پێوانە ـ تێکدان ـ پەیوەندی دەخاتە کارەوە ، بەهۆی کاریگەری ئەوانەوە کار دەکاتە سەر هەستی زانست "، (کاکە وەیس ، ٢٠٠٨ : ل ١٤٦ )بێگومان خوێندنگا شوێنێکی گرنگ و سەرەکی پرۆسەی فێرکردنی منداڵان و پەروەردەکردنیانە .( جۆن دێوی ) دەڵێت : " پەروەردە ژیانە ، چونکە کەسایەتی تاک یان فێرخواز پێدەگەیەنێت ، بۆ ئەوەی بەهرەکان بکرێنەوە و توانستەکان دەربکەون "،( جگەر سۆز ، ٢٠١٥ : ١٠ )." فرۆبڵ پێی وایە مرۆڤ بە سروشت داهێنەرە ، ڕۆژانە ئیش و کار و چالاکییەکانی لە ڕابردووی ناچێت و جیاوازتر و باشترە ، پەروەردەش پێویستە ئەو وزە و هێزە داهێنەرانەی منداڵ بدۆزێتەوە و وە بەرهێنانی تێدا بکات "،(عەزیز ، ٢٠١٧ : ل ١٤١ ) . مرۆڤ لە ڕێگەی فێرکردن و فێربوون و پەروەردە وە توانا و بەهرەکانی دەردەکەوێت،هەر لەم ڕێگەیەشەوە زانستی نوێ بە دەست دەهێنێت .**

**٥/ فێربوونی زمان**

**منداڵ لە قۆناغی بنەڕەتیدا بەتەواوی فێری زمانی دایک دەبێت لە ڕێگەی خوێندنەوەو نوسینەوە" لە سەردەمی کۆمنیوس،فێربوونی زمان،یەکێک لە ماددە بنەڕەتییەکانی فێرکردن بوو،ڕێزمانی لاتینیش وەک بناغەی فێربوون سەیردەکرا،لە فێربوونی زماندا نەک هەر لە میتۆدە کۆن و کەم کاریگەرەکان کەڵک وەرگیرا،بەڵکو کتێبی کۆنیش بەکاردەهێنران،کۆمنیوس هاتە سەر ئەم بڕوایە کەلە شێوەی فێرکردنی زمانی لاتینیدا چاکسازی بکات ،کە بەرهەمی کارەکە بوو بە پێنج کتێب ، یەکەم کەناوی " جیهانی بوونەوەران بە شێوەیەکی وێنەدار " بوو ، گرنگییەکی زۆری هەبوو ، چونکە یەکەم کتێبی وێنەدارە کە بۆ منداڵان ئامادەکراوە و بناغە و نیشانەی کەڵک وەرگرتن لە کەلوپەلی بینین (وسایل بصری )لە فێرکردندایە "،( ئەکبەر و ئەوانی تر، ٢٠٠٥ : ل ١٠٧ ) .خوێندنی زمان بە هۆکار دادەنرێت ، نەک ئامانج و مەبەست ، "وا دادەنرێت کەزمان و زمانەوانی هۆکارێکە سوود بە تاکەکانی کۆمەڵ دەگەیەنێت ، ئامێرێکی کۆمەڵایەتییە،لە ڕێگەی ئەوەوە تاکەکانی کۆمەڵگا دەتوانن پەیوەندی بە کەسانی ترەوە بکەن و لێیان تێبگەن و هەستی خۆیان بۆ یەکتری دەربڕن "، ( ڕەئووف ، ٢٠١٤ : ل ٣١ ) .**

**زمانی کوردیش، کە زمانێکی ڕەسەنی کۆنی سەر بە کۆمەڵەی زمانە هیندۆئەورووپییەکانە ، بەهۆی هۆکاری جوگرافی ، مێژوویی ، ڕامیاری ، ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە چوار دیالێکتی هەیە کە بریتین لە(کرمانجی ژووروو ، کرمانجی**

**خواروو ، گۆران ،لوڕ ) فێرخوازان هەر لە ڕێگەی فێرکردنەوە ئەم دیالێکتانە دەناسنەوە و تا ڕادەیەکی کەم شارەزاییان دەبێت لە سەر ئەم دیالێکتانە .**

**٦/ گەشەپێدانی کەسایەتی**

**قۆناغی بنەڕەتی قۆناغێکی گرنگی دروستبوونی کەسایەتی منداڵە،چونکە کەسایەتییەک گەر چاک پەروەردە بکرێت دەبێتە مرۆڤێکی هەڵسوڕێنەری کۆمەڵایەتی،واتە وەک کەسێک کە لە ڕاستیدا پلەی شیاوی ژیانی نێو کۆمەڵگا بە دەست بێنێت ئەمەش بە هۆی پرۆسەی پەروەردەوە دەبێت. مامۆستا دەتوانێت لە ڕێگەی خوێندن و وتنەوەی وانەکەی گرنگی بدات بە کەسایەتی منداڵ،چونکە لێکۆڵینەوەکان ئەوە یان دەرخستووە " ئەو منداڵانەی لە پەیوەندی کۆمەڵایەتیدا باوەڕییان بە خۆیان نییە ،بە چالاکی لە شانۆی خوێندنگا و کاروباری شانۆییدا دەتوانن دەرفەتی فێربوونی توانا نوێکان بە شێوەی دڵنیا و چێژ بەخشی لە شوێنی ڕکابەریدا بە دەست بێنن ،مامۆستای شانۆ هەندێ ڕاهێنان بە منداڵان دەکات،کەلە ڕێگای ڕۆڵ گێڕان لەسەر شانۆ ،خۆباوەڕی زیاتر پەیدا بکەن" ،(هاوس ، ٢٠٠٩: ل ١٩٥ ) .خوێندنگا ناوەندێکی گرنگی دروستکردنی کەسایەتی منداڵانە ،هەروەها شیعریش ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە پتەوکردنی کەسایەتی منداڵدا،مامۆستا دەتوانێت لە بەرکردن و وتنی شیعر بکاتە ئامرازێکی گرنگی ئەم مەبەستە. یەکێک لە ئاوات و ئامانجە گرنگەکانی قۆناغی سەرەتایی"پێشکەشکردنی بنچینەکانی باوەڕ بە خۆهێنان و بەرەو پێشبردنی کەسایەتی منداڵانە" (قەرەنی ، ٢٠٠٣: ل ٣٩٧ ) .**

**٧/پەروەردەی جەستەیی**

**منداڵان لە قۆناغی بنەڕەتیدا وزەیەکی زۆریان هەیە و چالاکن ،بۆ ئەوەی منداڵان بە شێوەیەکی دروست ئەو وزەیەیان بەکاربهێنن، پێویستە مامۆستا لەکاتی وانە خوێندندا چالاکی جوڵەیی و وەرزشی ئەنجام بدات،" بە پێی تاقیکردنەوەکان و لە ڕوانگەی دەروونناسەکانەوە تەنانەت نەک هەر جموجۆڵ و یاریکردن باشە بەڵکو زۆریش پێویستن کە بەشێکی کات لە خوێندنگا تەرخان بکرێت بۆ ئەوەی منداڵان بتوانن جەستەو ئەندامانی لەشی خۆیان بەکاربێنن و یاری پێبکەن ئەمەش ئەوەی سەلماندووە جموجۆڵ و یاری زیاتر توانا و هێز دەبەخشێت بە زەین وهۆش و ئەندامەکانی جەستە بۆ ئامادەبوون و باشتر وەرگرتن لەم ڕووەوە ،هەم زیاتر یەکتری دەناسن و دەبنە هاوڕێ و هەمیش لە مامۆستا زیاتر نزیک دەبنەوەو مامۆستا یان دەتوانن لەم ڕووەوە تواناو هێز و هزر و هۆشی منداڵان بناسن ، هەموو ئەمانەش لە چوارچێوەی پرۆسەی فێرکردندا ئەنجام دەدرێت "،( کاکەوەیس ، ٢٠٠٨ : ل ٨٥ ).هەر لەڕێگەی پرۆسەی پەروەردەوە "بەتایبەتی لە وانەی کوردیدا مامۆستا دەتوانێت شیعرکان بە گۆرانی و مۆسیقاوە فێری منداڵان بکات ، و بۆ کۆمەڵێک ئامانج بەکاریان بهێنێت لەوانە : وزەی زیاد بەتاڵ دەکاتەوەو توڕەیی هێور دەکاتەوە ، وا دەکات فێربوون چێژ بەخش بێت،بەکاردەهێنرێت بۆ دەربڕینی هەستەکان لە ڕێگای سەماو جوڵەو گۆرانی گوتنەوە ژینگەیەکی تێگەیشتن بۆ هەندێک کلتوری جیاواز لای منداڵ دروست دەکات "،(بابان ، محمد ، ٢٠١٩ : ل ٢٦ ). هەروەها هەموو جوڵەیەک منداڵان زیاتر چالاک و وریا دەکات.**

**٨/ بەها پەروەردەییەکان**

**لە قۆناغەکانی بنەڕەتیدا گرنگی دەدرێت بە بەها پەروەردەییەکان،کە یەکێکە لەگرنگترین ئامانجەکانی پەروەردە، چونکە " دەچنە ژیانی تاکەوە و دواتر کۆمەڵیشەوە ،ئەم تێبینیکراوە وەهایکردووە ، کە جێگەی لێکۆڵینەوە و گرنگی**

**پێدانی زانایان و بیرمەندان بێت ،هەر بە هۆی ئەم خاڵەشەوە مرۆڤ لایەنداری ، شوناس،خودێتی نەتەوەیی خۆی پتەو دەکات "،(سعید و علی ، ٢٠٢١ : ل ١٨ ).کاراکردنی بەها پەروەردەییەکان لای منداڵانی قۆناغی بنەڕەتی قۆناغێکی گرنگی پەروەردەکردنی منداڵانە ،چونکە پەروەردە بریتییە " لە باش گۆشکردن و ڕاهێنانی نەوەی نوێ لە سەر زمانپاکی و دەروونپاکی و ڕەوشت بەرزی و دەستپاکی و گوێڕایەڵی و خوێندەواری ، بە جۆرێک کە نەوەی نوێ سوودمەندبێت لەو پەروەردەکردنەی لە مناڵیەوە لە سەری گۆشکراوەو پەروەردە کراوە"،(ئالانی ، ٢٠١٥:ل ٤١ ).لە قۆناغی بنەڕەتیدا وانەی کوردی بە تایبەتی شیعری منداڵان ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە کاراکردنی بەها پەروەردەییەکان و ئاراستەکردنی منداڵان ، لە بەر ئەوەی " منداڵیش بە سروشتی خۆی و بە گوێرەی بچوکی تەمەن و کەم ئەزموونی لە ژیاندا،خاوەنی هەستێکی ناسک و دڵێکی پاک و دەروونێکی بێگەردە ،بۆیە ئەدەب دەتوانێت بە شێوەیەکی کاراو کاریگەر بە سەر منداڵەوە کاریگەر بێت ،ڕێنمایی پێبدات و ئاڕاستەی بکات، بەڵام دەبێت بە وریاییەوە ئەدەب مامەڵە لە گەڵ منداڵ بکات ، نابێت ئەو ئەدەبە منداڵ بە شێوەیەک ئاڕاستە بکات کە گۆمی بیری لیخن بکات "،(شوانی ، ٢٠١٨ : ل ٣٦ ).گرنگە پەروەردەکاران و مامۆستایان و دەروونزانەکان ئەو هەستە ناسک و دڵە پاک و بێگەردەی منداڵان بە شێوەیەکی تەندروست پەروەردە بکەن،" هەر لە ڕێگەی فێربوونەوە دەتوانرێت، ڕەفتاری منداڵان بگۆڕدرێت ،لە بەر ئەوەی ئامانجی گەورەی پەروەردە گۆڕینی ڕەفتاری مرۆڤە لە نەرێنییەوە بۆ ئەرێنی و ئەویش لە ڕێگای کاراکردن و چاندنی بەهاکانەوە دەبێت "،( سعید و علی ، ٢٠٢١: ل ٤٢ ) .**

**٩/ لایەنی کارکردن**

**کارکردن پرۆسەیەکی گرنگی ژیانی ئادەمیزادە ،مرۆڤ لە چەند ڕێگەیەکەوە فێری پیشە جۆراوجۆرەکان دەبن ،یەکێک لە ئامانج و ئاواتەکانی فێرکردنی قۆناغی بنەڕەتی" ئامادەکردنی منداڵە بۆ چوونە ناو جیهانی کارکردن "،(قەرەنی ، ٢٠٠٣ : ل ٣٩٧ ).گرنگە ئەوەی مرۆڤ فێری دەبێت،بتوانێت لە ژیانی ڕۆژانەدا کاری پێبکات .مرۆڤ خۆی خاوەنی زۆر توانا و بەهرەیە ،ئەگەر کاتی گونجاوی بۆ ڕەخسا بۆ زیاتر فێربوونی ،ئەوا وردە وردە تواناکانی بۆ کارکردن گەشە دەکەن ،بێجگە لە توانا شاراوەکانی مرۆڤ خۆی ، بەهۆی پرۆسەی فێرکردنەوە ،لە ڕێگای کەسێکی ترەوە مرۆڤ فێری زۆر کار و پیشەی تر دەبێت وەک : دارتاشی ، ئاسنگەری ،دروومان ، چنین ، ..." فێربوون و وەرگرتنی شارەزایی و پسپۆری چەند شارەزاییەکی دەروونیی جووڵەییە کە تیایدا پێگەیشتنی جەستەیی و ئەقڵی بۆ دەست ڕەنگینی و باش ئەنجامدانی کاروبار کار لێکدەکەن ،هەر چەندەش شارەزایی و دەست ڕەنگینیش زیادبوو و پێشکەوت ،خانەوادەکەی لەلایەن خەڵکەوە ڕێزی لێدەگیرێت،هەر ئەمەشە دەبێتە هۆی پتەو کردن و قوڵکردنەوە و پێشخستنی پسپۆری و شارەزاییەکان "،(شەکشەک ، ٢٠١٢ : ل ٥٧ ). مرۆڤ دەتوانێت لە زۆر کەناڵی ترەوە فێری کار و پیشەی تر ببێت ،مەرج نییە هەر لە خوێندنگادا فێر ببێت.**

**١٠/ فێربوونی شێوازی چارەسەرکردنی کێشەکان**

**بەو پێیەی مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتیە،بەردەوام لە پەیوەندیدایە لەگەڵ خەڵک و شتەکانی دەوروبەری .دروستکردنی پەیوەندیش زۆر جار کێشە و ئاستەنگ لە بەردەم مرۆڤدا دروست دەکات و بەهۆیەوە توشی ئازار و دڵەڕاوکێ دەبێت،کەواتە شێوازی ژیان و پەیوەندییەکان پاڵنەرن بۆ ئەوەی مرۆڤ فێری چارەسەرکردنی کێشەکانی**

**ببێت،بێگومان تاوەکو مرۆڤ زیاتر زانیاری لا بێت توانای بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان زیاتر و باشتر دەبێت ، دەتوانێت پشت بە زانیاری و ئەزموونی پێشووتر ببەستێت بۆ چارەسەرکردنی هەموو کێشەیەک.**

## تەوەری سێیەم : ڕێگا هاوچەرخەکانی فێرکردن و فێربوون .

### ١ / ٣ /١ ) . ڕێگا و شێوازی فێربوونی منداڵان

**شێوازی فێربوونی منداڵان بە چەند ڕێگەیەک دەکرێت .**

**١. فێربوون بە هۆی کردەی مەرجی** " ئەگەر کردەی فێربوون بە وروژێنەرە تێرکەرەکانی پێویستییەکانی گرێ بدرێت ، زۆر باشتر دەبێت "،( شەکشەک ، ١٠١٢ :ل ٥٦ ) .گرنگی پێداویستییەکان وا لە منداڵ دەکات کە هەوڵی فێربوون بدات ، فێربوونی مەرجی واتە (بوونەوەر یان ئاژەڵ وەڵامدانەوەی بۆ وروژێنەرە جیاجیاکان دەبێت بە هۆی هاوشانبوونی لەگەڵ وروژێنەری تر کە لە بنەڕەتدا کاریگەری لەسەر وروژاندنی ڕەفتار هەیە لە کاتی ڕوودانی)،(ئەحمەد،٢٠٢١ ) (https://zaniary.com,blog)ئەمەش لە تیۆریەکەی ( بافلۆف ) دەردەکەوێت ،کە لە سەر سەگ ئەنجامیدا ، "بۆ ئەوەی ( فێربوونی مەرجی ) بخاتە ڕوو. شێوازی تاقیکردنەوەکەشی لە ڕێگەی پێوانی ڕێژەی ڕژانی لیکی سەگ بوو لە کاتی پێدانی خواردن بۆی ، بەڵام ئەوەی بافلۆف لە تاقیکردنەوەکە ئەنجامی دەدا لە کاتی پێدانی خواردن بۆ سەگەکەی هاوشانی زەنگێک بوو . واتە بافلۆف هەڵدەستا بە لێدانی زەنگ بە چەند چرکەیەک پێش ئەوەی خواردن بە سەگەکە بدات و لە کاتی پێدانی خواردن ڕێژەی لیکی سەگەکەی دەپێوا بۆ ئەوەی ڕادەی وەڵامدانەوەی سەگەکە بپێوێت بۆ وروژێنەرە سروشتێکە، کە ئەویش خواردن بوو. دواتر بافلۆف هەڵدەستا بە لێدانی زەنگەکە بە بێ ئەوەی خواردنی بە دوادا بێت، بینی سەگەکە وەڵامدانەوەی بۆ زەنگەکە ( وروژێنەری مەرجی ) هەیە بە ڕژاندنی لیکی .لە ئەنجاما بۆی دەرکەوت بوونی وروژێنەری ( مەرجی ) بە هاوشانی لە گەڵ وروژێنەرێکی( سروشتی ) لە پاش دووبارەبوونەوەیان ، وروژێنەری ( مەرجی ) هەمان کاریگەری وروژێنەری ( سروشتی ) دەبێت "،(عزیز ،٢٠١٤ : ل ١٢٢ . ١٢٣ ) .بۆ ئەوەی مامۆستا سوود لە تیۆرەکەی بافلۆڤ وەربگرێت پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانە بکات :

١- "پەیوەندی پۆزەتیڤ لە نێوان فێرخواز و خوێندنگا دروستبکات ،بەشێوەیەک ببێتە جێگایەکی دڵخۆشکەر بۆ فێرخواز.

٢- هانی فێرخواز بدات بۆ بەشداریکردنێکی پۆزەتیڤانە لە چالاکیە جیاجیاکان و پێویستە پەیوەندی لە نێوان وەڵامی هەڵە و ڕاست دەستنیشان بکات بۆ ئەوەی فێرخواز فێری وەڵامی ڕاست ببێت و بڕوای بە خۆی بەهێز بێت .

٣-پێویستە ژووری پۆل بکاتە شوێنێکی خۆش لە ڕێگەی ئەنجامدانی چالاکی جۆراوجۆر .

٤- بۆ ئەوەی فێرخواز ترسیان لە تاقیکردنەوە نەمێنێت ،پێویستە مامۆستا چەند تاقیکردنەوەیەک ئەنجام بدات .

٥-پێویستە مامۆستا هەوڵ بدات دڵەڕاوکێ و ماندوبوونی فێرخواز کەم بکاتەوە لە ڕێگەی ئەنجامدانی گەشت و چالاکی لە دەرەوەی خوێندنگا "،(ئەحمەد،٢٠٢١،(https://zaniary.com,blog ).

**٢ . فێربوون بە هەوڵدان و دووبارەکردنەوە (ئەزموون )** ،( بابان ، محەمەد ،٢٠١٩: ل ١٣ ).

منداڵ لە ڕێگەی هەوڵەوە فێر دەبێت ،مرۆڤ دەتوانێت بەڕێگای جۆراوجۆر هەوڵ بدات بۆ بەدەستهێنانی ئەو ئامانجەی کەدەیەویت بەدیبهێنێت. هەوڵدان چالاکییەکی دووبارە و بەردەوامە بە چەند قۆناغێک لەپێناوی ئامانجێک،ئەمەش لە تیۆری (سورندایک )دا دەردەکەوێت،"سورندایک لە تاقیکردنەوەکەی هەڵسا بە دانانی پشیلەیەکی برسی لە ناو قەفەسێک دەرگایەکی بچوکی هەبوو بە سورجێێک داخرا بوو بە ئاسانی دەکرایەوە ، وە لە دەرەوەی قەفەسەکە خواردنی

بۆ پشیلەکە دانا ، کاتێ پشیلەکە خواردنەکەی بینی هەوڵیدا بگاتە خواردنەکە و دوای هەوڵدانێکی زۆر پشیلەکە دەتوانێت دەرگاکە بکاتەوە و دەربچێت و خواردنەکە بخوات، پاش چەندین دووبارەکردنەوە پشیلە کە هەر لە ناو قەفەس دادەنرا بە ئاسانی دەیتوانی دەرگاکە بکاتەوە ، سورندایک لە تاقیکرنەوەکەدا هەوڵی دا ڕادەی فێربوون بپێوێت لە کۆی هەوڵدانەکانی گیانلەبەرەکە بۆ دەرچوون لە قەفەس بۆ ئەم مەبەستەش دوو پێوەری گرتە بەر : ژمارەی هەوڵەکان و کاتی پێویست بۆ هەر هەوڵدانێک بۆ کردنەوەی دەرگای قەفەس،بۆ نموونە سورندایک بینی پشیلەکە لە جاری یەکەمدا پێویستی بە (١٦٠)چرکە هەیە بۆ کردنەوەی دەرگاکە،جاری دووەم پێویستی بە( ١٥٦) چرکە هەیە ،لە جاری سێیەمدا کاتی کەمتری پێویستە بۆ کردنەوەی دەرگاکە،بەم شێوەیە لە جاری بیست و دووەم تەنها (٧) چرکەی پێویست بوو ، کۆتا جار بە ( ٢) چرکە دەرگاکەی کردەوە،لێرەدا سورندایک جەخت لە سەر پەیوەندی نێوان (وروژێنەرو وەڵامدانەوە ) دەکات "،( عزیز ، ٢٠١٤ : ل١٣٢ ـ ١٣٣ ) .ئەم تیۆرەی سورندایک لە بواری پەروەردەدا کەریگەری هەیە "سورندایک بەردەوام ڕەخنەی لە شێوازە کۆنەکانی فێربوون دەگرت و لەو بڕوایەدا بوو کە شێوازی وانەوتنەوە لە ڕێگەی پێدانی زانیاری بە فێرخواز لەلایەن مامۆستاوە بەبێ بەشداریکردنی فێرخواز کاریگەریەکی ئەوتۆی نییە ،بە پێچەوانەوە دەبێت فێرخواز لە ڕێگەی کارکردن و بەشداربوونەوە ڕۆڵی کاریگەری هەبێت و بەردەوام ڕەخنەی لەو مامۆستا بەهرەدارانە دەگرت کە شارەزاییان لە بواری پەروەردە و فێرکردندا نییە و لەو بڕوایەدان کە فێرخواز سوود لەو زانیاری وشارەزاییانە وەردەگرن،کە ئەوان بۆیان باس دەکەن" ،(قەرەچەتانی ،٢٠٠٨:ل ٦١) . سەرکەوتنی مامۆستا لەوەدایە کە بتوانێت هەموو فێرخوازان بەڕێژەیەکی یەکسان بەشداری پێبکات.

**٣ ـ فێربوون بە ڕوونکردنەوە و تێگەیشتنی بەڵگەو ئاماژەکان (پێکهێنان و شیکردنەوە)**،(بابان ، محەمەد ،٢٠١٩: ل ١٣).

بەڵگە و ئاماژەکان هۆکارێکن بۆ ئاسانکردنی کردەی فێربوون،بەڵام پێویستییان بە ڕوونکردنەوە و تێگەیشتن هەیە ،" لەگەڵ گەشەی منداڵ و تێگەیشتنیان لەوەی کە تۆ چی دەڵێت ،دەتوانن زیاتر فێرببن لەوەش تێدەگەن کە تۆ بۆ ئەوانی شیدەکەیتەوە ، بەڵام چەندە فێر ببێت ئەوا هەر شاخێک هەیە ،کە دەبێت خۆی بە سەریدا سەرکەوێت ئاساییە کە هەموو منداڵێک ناگاتە لوتکە ، بەڵام بە ڕێنمایی باوان دەتوانێت بە پێی توانا لە دامێنی چیاکە دوور بکەوێتەوە ،گەیشتنی منداڵەکە بە لوتکەکە بەندە بە توانای خۆی و کەسێتی و سوربوونی ، سەرباری هۆکاری تری وەک : متمانە بە خۆ بوون ، ڕێزگرتن لە خود " ،(هەمان سەرچاوە: ل ١٣ ).کەواتە ئەگەر منداڵ زۆریش هەوڵبدات ڕەنگە هەر نەگاتە پلەیەکی بەرز ،چونکە گەیشتن بە پلەیەکی باش لە تێگەیشتن، بەستراوە بە توانای منداڵ و کەسێتی و هەوڵدانی و متمانە بەخۆبوونی ،هەموو ئەمانە هۆکارن بۆ زیاتر تێگەیشتن .

**٤ ـ فێربوون بە بیرکردنەوە و درککردنی پەیوەندییەکان** ،( بابان ، محەمەد ،٢٠١٩: ل ١٣ ).

سەرەتا دەبێت ئاماژە بە(بیرکردنەوە)بکەین،" بیرکردنەوە چەمک و دیاردەیەکی ناوەکی و هەست پێنەکراو وئەبستراکت و ڕووت و گریمانییە،واتە کەس ناتوانێت لە ڕێگەی هەستەوەرەکانییەوە درکیان پێبکات،بەڵکو تەنها لە ڕێگەی شوێنەوار و کاریگەریەکانییەوە هەست بە بوونی دەکەین،لە بەر ئەو نادیاری و ئاڵۆزییەی هەتاوەکو ئێستا پێناسەیەکی سەرتاسەری و گشتی کە سەرجەم زانایان لەسەری ڕێکبکەون نییە،سەرەڕای ئەوەش هەرکەسەو شێوازی تایبەت بەخۆی هەیە لە بیرکردنەوە،ئەم شێوازەش پەیوەستە بە جۆری پەروەردە و شێوازی بە کۆمەڵایەتی کردن و تواناو لێهاتوویی و زیرەکی وپاڵنەری تاکەکان" ،(قەرەچەتانی،٢٠١٥: ل٢٥٢).بیرکردنەوەی مرۆڤەکان کەسیان لە کەسیان ناچێت،چونکە

هەر کەسە بە شێوازێک پەروەردە بووە،" سەرجەم دەروونزانەکان درکپێکردن و زانین بەهەستەوەرەکانەوە دەبەستنەوەو لەو بڕوایەدان کە هەستەوەرەکان سەرچاوەی درکپێکردنن،بەڵام سەرهەڵدان و دەرکەوتنی هەندێک توانست و لێهاتوویی کەلە سەرووی هەستەکانەوە ڕوودەدەن و هیچ بنەمایەکی هەستی نییە و خاوەنەکانیان پشت بەهەستەوەرەکانیان نابەستن"،(هەمان سەرچاوە: ل ٢١٥).مرۆڤەکان بە ڕێژەی جیاواز درک بە شتەکان دەکەن،بیرکردنەوە و درکپێکردن هەردووکیان بەیەکەوە بەشدارن لە ئەنجامدانی پرۆسەی فێربووندا،فێربوون بەم ڕێگایە لە تیۆری (گشتاڵت) لە تاقیکردنەوەکەی (کۆهلەر)دەردەکەوێت کە لە سەر مەیمون کردی،" ئەم زانایە هەڵسا بە دانانی مەیمونێکی برسی ،لە ناو قەفەسێک،وە لە دەرەوەی قەفەسەکە چەند مۆزێکی دانا بە جۆرێک دەستی مەیمونەکە نەدەگەیشتە مۆزەکان،وە لە تەنیشتی قەفەسەکە دوو داری دانا یەکێکی کورت و یەکێکی درێژ ،وە دارەکان وا دانرابوون مەیمونەکە بتوانێت بیانبینێت ،دوایی ئەوەی مەیمونەکە دوو دارەکەی بینی هەوڵی دا لە ڕێگەی بەکار هێنانی دارەکان مۆزەکە بۆ لای خۆی بێنێت ،بەڵام ئەوەی جێگای سەرنج بوو مەیمونەکە نەیدەتوانی بگاتە مۆزەکان بە بەکارهێنانی دارە کورتەکە بە تەنهاو بەهەمان شێوە نەیدەتوانی بگاتە مۆزەکان لە ڕێگەی بەکارهێنانی دارە درێژەکە،تاکە ڕێگا بۆ گەیشتن بە مۆزەکان بەتێهەڵکێشانی هەردوو دارەکە لە سەرەتادا کۆهلەر بینی مەیمونەکە لەرێگەی هەوڵدان و هەڵە لە ڕێگەی بەکارهێنانی دارە کورت و درێژەکە نەیتوانی بگاتە مۆزەکان بۆیە هەوڵدانەکانی بە شکست کۆتایی هات،لە ناکاو مەیمونەکە لە هەوڵدان وەستا و دەستیکرد بە سەرنجدانی بارو دۆخەکە و تێڕامانی بۆ دوو دارەکە کرد،پاشان لە ناکاو هەڵسا بە تێهەڵکێشانی هەر دوو دارەکە و توانی بگاتە مۆزەکان ، دوای ئەوەی کۆهلەر شوێنی مۆزەکانی گواستەوە بۆ سەقفی ئەو قەفەسەی کە مەیمونەکەی تێدا بوو بەهەمان شێوەی پێشوو مەیمونەکە توانی بگاتە مۆزەکان،دواتر کۆهلەر هەڵسا بە گۆرینی ئامرازەکان بۆ ئەوەی بزانێت ئایا مەیمونەکە دەتوانێت بگاتە مۆزەکان بۆ نموونە هەڵسا بە دانانی چەند سندوقێکی بەتاڵ لە جیاتی دارەکان و بینی مەیمونەکە هەڵسا بە دانانی سەندوقەکانی لە سەر یەک تا دەستی گەیشتە مۆزەکان ،لێرەدا ئەوە دەرکەوت مرۆڤ پشت دەبەستێت بە دووبارە ڕێکخستنەوەی پێکهاتەکانی درککردنی بارودۆخەکان ،بۆ ئەوەی کێشەکانی چارەسەر بکات "،( عزیز ، ٢٠١٤ :ل١٣٢).کەواتە مرۆڤ بە بیرکردنەوە و درکپێکردن شت فێردەبێت.

## ١ / ٣ /٢) ڕێگا هاوچەرخەکانی فێرکردن و فێربوونی شیعری منداڵان

هەموو فێربوونێک لەهەر بوارێکدا بێت،ڕێگای تایبەتی خۆی پێویستە،بەتایبەتی ڕێگای وانەوتنەوە،" زاراوەی ڕێگاکانی فێرکردن ئاماژە بەو یاسا گشتی و فێرکاری و ڕێگا ڕێکخستنانە دەکات کە بەکاردەهێنرێت لە ڕاهێنانی پۆلدا ،هەڵبژاردنی ئەو ڕێگا فێرکردنەی کە دەتەوێت ،دەکەوێتەوە سەر ئەو ڕێگایەی کە دەگونجێت لە گەڵ خوێندکارەکانتدا ، فەلسەفەی فێرکردنەکەت،گۆڕانکارییەکانی ناو پۆلت،بابەتەکەو ئامانجی خوێندنگا"،( feropedia .org ).

کەواتە " مەبەست لە ڕێگای وانەگوتنەوە هەموو ئەو ڕێوشوێنانەیە کە مامۆستا دەیگرێتە بەر لە شێواز ، کەرستە و هەموو ئامرازێکی تر،بۆ ئەوەی بەپێی پلانێکی تۆکمە زانیاریی پێویست بگەیەنێت بە فێرخوازەکانی،بە ڕەچاوکردنی تواناکانی فێرخوازەکان"،( ckb.m.wikipedia.org)،باشترین شێوازی فێرکردن ئەمانەن :

یەکەم / " فێرخواز بکرێتە سەنتەری فێربوون لە جیاتی مامۆستا،فێرخواز خۆی بە دوای زانیاریدا بگەڕێت .

**دووەم / بەشدارییپێکردنی فێرخوازان لە وانەی ڕۆژانە،ئەم بەشدارییپێکردنە بۆ هاندان و تێکەڵکردنی تەرکیزی فێرخوازان بێت لە گەڵ وانەکەی .**

**سێیەم / پێویستە مامۆستا زمانی پاراو بێت و قسە خۆش و زمان شیرین بێت و هاوڕێ بێت لە گەڵ فێرخواز .**

**چوارەم / پێویستە مامۆستا زمانی جەستە بەکاربهێنێت لە کاتی وانە گوتنەوەدا .**

**پێنجەم / ترسی تاقیکردنەوە لە دڵ و دەروونی فێرخوازاندا نەهێڵێت .**

**شەشەم / پێویستە مامۆستا ڕێز لە بیرۆکەی فێرخواز بگرێت ، هەرچەندە مەحاڵ و ناتەواویش بێت تاکوو هانی بدات بەردەوام بیرۆکەکانی بخاتە ڕوو .**

**حەتەم / پێویستە مامۆستا لە پاڵ فێرکردن ،گرنگیش بە پەروەردە بدات ،چونکە پەروەردە یارمەتی دروستکردنی کەسێتی فێرخواز دەدات "،(https://m.facebook.com).**

**هەروەها" فێرکردن کردارێکی ڕێکخراوە ، کە مامۆستا پیادەی دەکات بە ئامانجی گواستنەوەی ئەو زانست و زانیارییانەی کە لە مێشک و زهنی خۆیدا هەن بۆ ئەو فێرخوازانەی، کە پێویستیان بەو زانست و زانیارییانە هەیە . کرداری فێرکردن لە چەند ڕەگەزێک پێک هاتووە، کە بریتین لە**

**- چالاکی یان کرداری کە دەتوانرێت تێبینی بکرێت و بە دوادا چوونی بۆ بکرێت .**

**- کارلێکی زمانەوانی لە نێوان دوو کەس یان زیاتردا .**

**- ئامانجێکی دیاریکراوی هەیە،کە جەخت دەخاتە سەر ڕووداوی فێربوون و گۆڕانکاری لە ڕەوشت و ڕەفتاری فێرخوازدا "، ( مصطفى ،٢٠١٤:ل ١٥ )." خەلدون وەک مامۆستایەک پێی وابوو ڕێگای وانەگوتنەوەو فێرکردنی ڕاست ئەوەیە ،ڕەچاوی توانا و ئامادەباشی تاکی تێدا بکرێت و هەمیشە فێرکردن لە چەمک و بنەما ئاسانەکانەوە بۆ ئاڵۆزەکان هەنگاو بنێت ، هەروەها لە هەستپێکراوەکانەوە بۆ نادیارەکان،لەم ڕووەوە خەلدون دەڵێت :وا دەزانم فێرکردنی فێرخواز لە ئاسان و بەشەکانەوە بۆ گشت و ئاڵۆزەکان بێت تەندروستە "،( عەزیز ، ٢٠١٧ : ل ١٢٣ ).هەمیشە بابەتە ئاسانەکان دەبن بە بناغەو بنەمای بابەتە ئاڵۆزەکان و تێگەیشتنیان ئاسان دەکات.**

**ستراتیجی فێرکردن "بریتییە لەو نەخشە ڕێگایەی لە لایەن مامۆستایان دادەڕێژرێت ،بە مەبەستی فێرکردنی فێرخوازان ، بە پێی "ئامانج و پلان" ی دیاریکراو ،بە کەمترین تێچوون و ماوە لەڕووی خەرجی و کاتدا،بەڵام فێرکردن پرۆسەیەکی دەرەکییە لەلایەن کەسانی پسپۆر بە مەبەستی فێرکردنی کەسێک یان گروپێک ئەنجام دەدرێت ،هەڵبەتە لە پرۆسەی پەروەردەدا پرۆسەی فێرکردن لەلایەن مامۆستایانی پسپۆر و کارامە ،بە پێی پلان و ئامانجێکی دیاریکراو ئەنجام دەدرێت"،(حەمەدمین،٢٠١٤ : ل ٤٤ ).مامۆستای سەرکەوتوو بۆ هەموو وانەیەک پلانێکی ڕۆژانە دادەنێت،وتنەوەی شیعریش پێویستی بە پلانێکی ڕێکو پێک و کورت خایەن هەیە.ئەم جۆرە پلانە بە گرنگترین ئەرکی مامۆستا دادەنرێت بە مەبەستی هێنانەدی ئامانجە فێرکاری و ڕەفتارییە دیاریکراو و کورت خایەنەکان،کە پێویستە مامۆستا لە ماوەیەکی زۆر کورتدا بە(وانەیەک یان چەند وانەیەک)ئەم ئامانجە بپێکێ. ئەمەش پێویستی بە خۆئامادەکردنێکی چاک هەیە،تاوەکو بتوانێت لە ماوەیەکی دیاریکراودا بابەتەکە بگەیەنێت بە فێرخوازان و ئەرکی فێرخواز دەچنە ناو چوارچێوەی پلانەکەوە ، لەبەر ئەوە مامۆستا پێش ئەوەی بچێتە سەر بابەتەکە دەبێت لەوەو پێش پلانێکی تۆکمەی بۆ وتنەوەی شیعرەکە داڕشتبێت. پێکهێنەرە بنچینەییەکانی وانەوتنەوەی سەرکەوتوو بوونی پلان و ڕێگاو ستراتیجی گونجاو بۆ وانە گوتنەوە و هۆکارەکانی فێرکردنن .خوێندنەوەی شیعر چێژی تایبەتی خۆی هەیە ،بەڵام ئەگەر بمانەوێت منداڵان فێری شیعر بکەین ،مامۆستایانی وانەی کوردی ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاویان هەیە لەو فێربوونە بەتایبەتی لە**

**خوێندنگادا ،زۆر جار " لە وانەی خوێندنەوەی بابەتەکانی پەرتووکی " خوێندنەوەی کوردی "پێویستە مامۆستا بە دەنگێکی بەرز و ڕوون و چێژەوە بابەتەکان بە تایبەتی شیعری منداڵان بخوێنێتەوە .. خۆشی و چێژێکی ئەدەبی زیاتر بە قوتابییەکانیان ببەخشن، داوا لە قوتابییەکانیشیان بکەن ئەوانیش وەک خۆیان بە دەنگی بەرز بابەتەکان بخوێننەوە"،** (شوان،٢٠١٩) (https://www.kurdistanpost)

**شیعری منداڵان بە چەند ڕێگایەک دەوترێتەوە**

**١ . ڕێگای بیستن**

**ئەم ڕێگەیە بۆ قۆناغی یەکەمی بنەڕەتی زۆر گونجاوە ، لە فێرکردنی شیعردا ، چونکە فێرخوازان لەم قۆناغەدا هێشتا بەتەواوی فێری خوێندنەوە نەبوون و پشت بە بیستن دەبەستن . هەروەها بۆ قۆناغی دووەمی بنەڕتیش گونجاوە،کە لە ڕێگەی بیستنەوە دەیلێنەوەو لە بەری دەکەن لە ئەنجامی دووبارەکردنەوە . تایبەتمەندێتی ئەم ڕێگەیە:**

**١ . فێرخواز لە ڕێگەی بیستنەوە شیعرەکە وەردەگرێت و لە مێشکیدا هەڵیدەگرێت و لە بەری دەکات و دەیڵێتەوە .**

**٢ . "بیستن پشت بە بیرکردنەوە نابەستێت .**

**٣ . ئەم ڕێگەیە گیانی بەرپرسیارییەتی لای فێرخواز دروست ناکات،چونکە پەیوەستی دەکات بەوەی کە مامۆستا فەرمانی پێدەکات "،( رەئوف ، ٢٠١٤ : ل ٧٠ ) .**

**هەروەها "ئەم ڕێگەیەخاڵی بەهێزیشی تیایە،ئەویش ئەوەیە کە مامۆستا دەتوانێت،دەستکەوتی ڕاستەوخۆ لە فێرخوازەکانی وەرگرێتەوە،وە مامۆستاش وەڵامی خێرای بۆ سەرنجەکانی فێرخواز هەبێت "،( مرعی و الحیلە ،٢٠٠٢ : ص ٤٩ ).**

**بۆ نموونە پەرتووکی پۆلی یەکەمی بنەڕەتی بە شیعر دەست پێدەکات بە ناوی ( پەرتووک ، ل ٥) ،کە یەکەم قۆناغی خوێندنی منداڵانە ،هێشتا هیچ فێری خوێندنەوە نەبوون، لە بەر ئەوە مامۆستا ڕێگەی بیستن بەکار دەهێنێت بۆ ئەوەی فێرخوازەکان بتوانن لەبەری بکەن.هەروەها پەرتووکی پۆلی دووەمی بنەڕەتیش بە هەمان شێوە بە شیعر (ساڵی نوێمان پیرۆز بێ ، ل ٣)دەست پێدەکات ،لەم قۆناغەشدا هەندێک لە فێرخوازەکان هێشتا بە تەواوی ناتوانن بە جوانی بخوێننەوە ، لە پۆلی سێیەمی بنەڕەتیش مامۆستا هەوڵی ئەوە دەدات ، هەر لە پۆلدا شیعرەکەیان پێ لەبەر بکات،لە ئەنجامی دووبارەکردنەوە .**

**٢ . ڕێگای بینین و لەبەرکردن**

**لە خوێندنگا بنەڕەتییەکاندا ڕێگای لەبەرکردن بەکاردێت بۆ فێرکردنی شیعر،ڕێگایەکی باوە ،" لەبەرکردن بریتییە لە لەبەرکردنی دەقێک وەک خۆی ،یان لەبەرکردنی چەند پارچەیەک لە مێشکدا بە بێ زیاد و کەم،بە بێ ئەوەی تەماشای هیچ نوسراوێک بکات ، بیڵێتەوە "،( ڕەئووف ، ٢٠١٤: ل ١٥٥) .**

**جۆرەکانی لە بەر کردن**

**شیعری منداڵان بەم ڕێگانە لەبەر دەکرێن :**

**ا/ ڕێگەی گشتی**

"بریتییە لە لەبەرکردنی دەق ،یان ئەو پارچەیەی کە مەبەستە لەبەربکرێ، واتە هەمووی بەتێکڕایی لە سەرەوە بۆ خوارەوە دەخوێنرێتەوە ،ماناکەی لێکدەدرێتەوە، پاشان فێرخواز هەوڵدەدات هەمووی لەبەربکات ،زانایانی سایکۆلۆژیئەم ڕێگەیەیان لا پەسەندە ،چونکە :

ا ـ پارچە لەبەرکراوەکە وەک زنجیرەیەکی نەپساو دەمێنێتەوە و پارچە پارچە نابێت. .

ب ـ هەر پەرەگرافی بابەتێک ، یان بەش بەش دەخوێنرێتەوە و لەبەردەکرێت ، واتە بەپێی پێویستی و دیاریکردن ئەنجامدەدرێت .

ج ـ زەینی قوتابییان بە بێ زیاد و کەم بەسەر سەرجەمی مانای پارچەکەدا دابەشدەبێت"،(ڕەئووف ،٢٠١٤: ل ١٥٨، ١٥٩).

**ب / ڕێگەی دابەشبوون**

"ئەگەر پارچە لەبەرکراوەکە درێژ بوو ئەو کاتە پارچەکە بە پێی دیمەنەکانی ناوەوەی یان ڕوخساری دەرەوەی دەکرێت بە چەند بەشێکەوە ، ئیتر بەش بەش لە سەرەوە بۆ خوارەوە لەبەردەکرێت.زانایان ئەم ڕێگەیەش بە پەسەند دەزانن و ئەم سوودانەی هەیە :

ا ـ فێرخواز هەر بەشێک لەبەردەکات ، ئارەزووی بۆ بەشەکەی تر نوێ دەبێتەوە .

ب ـ باشترین ڕێگەی لەبەرکردنە بۆ فیرخوازی لاواز .

ج ـ فێرخواز لە بێزاری دووردەخاتەوە "،( ڕەئووف ، ٢٠١٤: ل ١٥٩ ) .

**ت/ ڕێگەی ئاوێتە بوون**

مەبەست لەم ڕێگەیە " تێکەڵکردنی هەر دوو ڕێگەکەیە ، بەوەی بۆ لەبەرکردنی دەقێک ،مامۆستا دەتوانێت قوتابییەکان فێری بەکارهێنانی هەردوو ڕێگەکە بکات واتە دەقەکە دەکرێت بەچەند بەشێکی سەرەکییەوە فێرخواز گشت بەشەکان بەسەریەکەوە لە بەر ناکات،بەڵکو یەکەم جار بەشی یەکەم لە بەردەکات ،پاشان دەچێتە سەر بەشی دووەم و سێیەم پاش لەبەر کردنی هەموو بەشەکانی لە سەرەوە تا خوارەوە چەند جارێک لە بەر پارچە کە دەخوێنێتەوە و ، هەمووی پێکەوە دەنوسێ ...ئەم ڕێگەیە چاکەکانی ڕێگەی گشتی و ڕێگەی دابەشبوون کۆدەکاتەوە "،(هەمان سەرچاوە، ٢٠١٤ : ل ١٥٩ ـ ١٦٠ ) .

**پ / ڕێگەی لەبەرکردنی کاتی**

لێرەدا مامۆستا دەتوانێت شیعرەکە بدات بە فێرخواز بۆ لەبەرکردن،بەڵام کاتیان بۆ دیاریدەکات بۆ لێپرسینەوە،فێرخوازیش بەپێی کاتەکەی لەبەری دەکات."مەبەست لە دابەشکردنی کاتی لەبەرکردنە،کە بەکاتێک بویسترێت پارچە شیعرێک لە بەر بکرێت ،ڕۆژی جارێک دەخوێنرێتەوە ،هەتا هەمووی لە بەر دەکرێت،بەڵام بەو مەرجەی ماوەی پشودان لە نێوان دوو خوێندنەوەدا نەگاتە سێ ڕۆژ،ئەم ڕێگەیە بۆ هۆش و مێشک ئاسانە،چونکە لە ماوەی پشوودانەدا هۆش و مێشکی فێرخواز دەحەسێتەوە "،( ڕەئووف ، ٢٠١٤ : ل ١٦٠ ) . ئەم ڕێگەیە بۆ ئەو شیعرانە بەکار دێت ،کە مامۆستا مەبەستێتی لە وانەکانی داهاتوودا لە فێرخوازەکانی بپرسێتەوە. زیاتر بۆ قۆناغەکانی(چوار و پێنج و شەش ) گونجاوە ،چونکە دەتوانن خۆیان لە ماڵەوە بیخوێننەوە و لەبەری بکەن .

**ج/ ڕێگەی سڕینەوە**

**ئەم ڕێگەی سڕینەوەیە بۆ پۆلی سێی بنەڕەتی زۆر گونجاوە ،چونکە فێرخوازان بە تەواوی فێری خوێندنەوە بوون و بڕیتییە " لە نوسینەوەو خوێندنەوەی پارچەکە لە سەر تەختە ، دوای خوێندنەوە و ڕاڤەکردن و مانای گشتی ڕستە و وشەکان ، مامۆستا وردە وردە دەست بە سڕینەوەی دێڕ بە دێڕی پارچەکە دەکات و داوا لە فێرخوازان دەکات ، پارچەکە لەگەڵ سڕاوەکەدا بخوێننەوە تا وردە وردە ، هەموو پارچەکە دەسڕێتەوە ، ئەوانیش بە هۆی زۆر خوێندنەوەو دووبارەکردنەوە لە بەری دەکەن "،(هەمان سەرچاوە، ل ١٦٠) .**

**٣ ـ ڕێگەی وتووێژ (حوار)و لەبەرکردن**

**ڕێگەی وتووێژ(گفتوگۆ ـ حوار)،شێوازێکە سوقرات دایناوە،بەڵام لە ئێستاشدا ڕێگەیەکی باش و سەرکەوتوو و باوە ،چونکە ڕێگە بە فێرخواز دەدات،بۆچوون و دەربڕینی هەبێت،ئەمەش ئامانجی پەروەردە و فێرکردنە . زیاتر بۆ قۆناغەکانی(چوار و پێنج و شەش) گونجاوە،لەبەر ئەوەی لەم قۆناغەدا فێرخواز بەباشی فێری خوێندنەوە و بیرکردنەوە بووە،"ڕۆڵی مامۆستا لەم شێوازەدا تەنیا پرسیارکردن و وەڵام وەرگرتنە،بەشێوەیەک بیروڕایەک لای فێرخواز دروست ببێت ،وای لێ بکات هەست بە مەودای پێویستی بوونی بە زانیاری زیاتر دەربارەی بابەتێکی دیاریکراو ، کە وەریدەگرێت لە وەڵامی ئەو پرسیارانەوە کە بۆ ئەم مەبەستە کراون،کە مامۆستا دەیکات بە شێوەیەکی ئامانجگر،کەلە دواییدا بیروڕایەکی گشتی و فراوان دەربارەی بابەتێکی دیاریکراو دروست دەکات ، بە جۆرێکی زۆر قووڵ و جێگیر تر زیاتر لەوەی کە شوێنی شێوازێکی تر بکەوتنایە،چونکە چەن زانیاری و بیروڕایەکمان بۆ پەیدا بووە دەرباری ڕێگای هۆ دەسگیربوون و بۆ دەرکەوتن و بۆ ساغ بوونەوەیەک کە قوتابی پێی هەڵدەستێت لە ئەنجامی وتووێژ و گفتوگۆی ئامانجگردا،لە نێوان مامۆستاو فێرخوازدا "،(عەدەس ، ٢٠٠٤: ل ١٧٢ ـ ١٧٣).مامۆستا دەتوانێت ئەم ڕێگایە بەکاربهێنێت بۆ تێگەیشتنی واتای شیعرکان ،بە تایبەتی ئەو شیعرانەی کە پێویستییان بە ڕوونکردنەوە هەیە ، یان بە شێوە دیالێکتێک نووسراون کە جیاوازە لەو دیالێکتەی فێرخوازان قسەی پێدەکەن . مامۆستا چەند پرسیارێکی ڕێکوپێک و ڕێکخراو لەسەر شیعرەکە ئامادە دەکات،بەڵام دەبێت مامۆستا شیعرکەی بە دەست و خەتێکی ڕوون و جوان لە سەر تەختەکە نووسیبێت ،بۆ ئەوەی فێرخوازان هەموو ئاگاییەکیان بۆ لای مامۆستاو وایت بۆردەکە بێت.دەبێت پرسیارکردنەکەی مامۆستا ببێتە هۆی دروستبوونی وتووێژێک ،تا فێرخواز لە ئەنجامی ئەم وتووێژەوە لە مەبەست و ناوەڕۆکی شیعرکە تێبگات .**

## چۆنێتی ئەنجامدانی گفتوگۆ

**١ ـ "تەوەری گفتوگۆکە دەکرێت لەلایەن مامۆستا یان فێرخوازەوە بهێنرێت بە مەرجێک پەیوەندی بە بابەتی خوێندنەوە هەبێت و لەناو چوارچێوەی پەیڕەو و پرۆگرامی خوێندندا هەبێت .**

**٢ ـ فێرکردنی فێرخوازەکان بۆ بنەماکانی گفتوگۆ ،کاتی دیاریکراو ، ڕێز گرتن ، بۆچوونی جیاواز ، شێوازی ئەکادیمی دوور لە هەڵچوون .**

**٣ ـ شێوەی دانیشتن دەکرێت بە شێوەی نیمچە بازنەیی یان بازنەیی بێت .**

**٤ ـ دەکرێت تەوەری گفتوگۆکە لەوانەی پێشوودا یان هەفتەیەک لەووپێش بە فێرخوازەکان و وترابێت بۆ ئەوەی خۆیانی بۆ ئامادە بکەن .**

**٥ ـ مامۆستا دەتوانێت گفتوگۆی فێرخوازەکان وەکو چالاکی بۆیان هەژمار بکات و نمرەی لە سەر دابنێت " ، (عبدالرحمان ، ٢٠١١ ـ ٢٠١٢ : ل ٢٣ ) .**

**سوده پەروەردەییەکانی ڕێگای گفتوگۆ**

**١ ـ "چالاک بوونی فێرخوازان لە کاتی بەشداریکردنیان لە وانەکاندا .**

**٢ ـ سەرنجراکێشانی فێرخوازان بۆ بابەتەکان .**

**٣ ـ پەرەدان بە توانای ڕەخنەگری فێرخوازان لە ڕێگای گفتوگۆوە .**

**٤ ـ توانای خۆدەربڕینی لۆژیکی فێرخوازان گەشە دەکات .**

**٥ ـ فێرخوازان زیاتر متمانەیان بە خۆیان دەبێت "،(حەمەدمین ،٢٠١٤ : ل ١١٢ ) .**

**بۆ نموونە :شیعری ( کەچا کورد) لە پەرتووکی پۆلی شەشی بنەڕەتیدا ، مامۆستا دەتوانێت بۆ تێگەیشتن لەم شیعرە ئەم ڕێگایە بەکاربهێنێت ، بۆ ئەم مەبەستە فێرخوازان ئاگادار دەکات،کە لە وانەی داهاتوودا باس لەم شیعرە دەکەین ، تاوەکو ئەوانیش خۆیانی بۆ ئامادە بکەن .**

**کەچا کورد**

**ئەی کەچێ ڕابە بخوێنە دا تو سەربەست هەر بژی**

**زوو ژ خەو تو سەر هلێنە بەس بمینە بێ مەژی**

**لە کۆتاییدا دەڵێت : -**

**وا جەگەر خوین خوەش دنالی داکو ژن پێشڤە هەڕن**

**دابیژن هەر بژی کورد هەر بژی کورد هەر بژی ،( پەرتووکی ڕێزمان و خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی شەشەمی بنەڕەتی جگەر خوێن، ل ٧٥).**

**پێویستە مامۆستا شیعرەکە لەسەر تەختە بنووسێتەوە ، پاشان ئەم پرسیارانە لە فێرخوازان بکات : ـ**

**١ ـ ئەم شیعرە بە چ(زارێک) یان( شێوەزارێک )نووسراوە ؟**

**٢ ـ خاوەنی ئەم شیعرە کێیە ؟**

**٣ ـ چی دەزانیت دەربارەی شاعیرەکەی ؟**

**٤ ـ ناوەڕۆک و مەبەستی ئەم شیعرە باسی چی دەکات ؟**

**٥ ـ ئەم وشانە واتایان چییە ؟ (سەر هلینە ، بێ مەژی ، هوندەر ، تم ، بێتر ، دڤێتن ، .............).**

**٦ ـ چی بە کچانی کورد دەڵێت ؟**

**٧ ـ بۆچی شاعیر داوا لە کچان دەکات بخوێنن ؟**

**٨ ـ زیانی نەخوێندەواری چییە ؟**

**٩ ـ خوێندەواری لە چی ڕزگارمان دەکات ؟**

**١٠ ـ ئەم شیعرە چ جیاوازییەک ناهێڵێت ؟**

**بەم شێوەیە فێرخوازان لە شیعرەکە تێدەگەن و لەوانەی داهاتوودا مامۆستا دەتوانێت لێیان بپرسێتەوە.**

**٤ ـ ڕێگای نوسین و خوێندنەوە**

**پێویستە گرنگی زیاتر بدرێت بە شێوازی وتنەوەی شیعر بە شێوەیەکی گونجاو و ڕێگایەکی ئاسان،هەم چێژبەخش بێت و هەم شیعرەکەش بە ئاسانی لەبەر بکرێت،(علی حمە ڕەشید بەرزنجی )ی نوسەرو شاعیر وەک کەسێکی شارەزا ئەم ڕێگایە دیاری دەکات بۆ وتنەوەی شیعری منداڵان لە قۆناغی بنەڕەتیدا .بە پێی ئەم هەنگاوانەی خوارەوە :**

**١. " سەرەتا مامۆستا دەبێت،شیعرەکە جارێک بە دەنگەوە بۆ فێرخوازان بخوێنێتەوە،تا بتوانێت حەز وخولیای منداڵەکان بۆ شیعرەکە لە سیمایانەوە ببینێت .**

**٢ . پاشان چیرۆک ئاسا باسێکی کورتی شیعرەکە بکات و ناوی خاوەنەکەی بە منداڵان بڵێت .**

**٣ . ئیتر دێڕ بە دێڕ لەسەر وایت بۆردەکە بینوسێت و بەو ئاوازەی ئامادەی کردووە،خۆی بیڵێت و ئەوانیش لە دوایەوە بیڵێنەوە .**

**٤ . کە زانی دێڕی یەکەم بە باشی دەڵێن ئەوا دەتوانێت دێڕی دووەم بنوسێت .... بەم شێوەیە بەردەوام دەبێت تا کۆتایی شیعرەکە .**

**٥ . دواتر دەتوانێت یەک یەک فێرخوازەکان هەڵبسێنێت و بیڵێنەوە .**

**٦ . لەم وتنەوەیەدا،مامۆستا دەتوانێت ئەو فێرخوازانە دیاری بکات ،کە دەتوانن بە باشی بەو ئاوازە بیڵێن و زووتر لە بەریان کردووە وەک کۆرسێک .دواتر ئەو فێرخوازانەی ماون بیڵێن و جاری سێیەم هەمووان پێکەوە بیڵێن لەگەڵ مامۆستاکەیاندا .**

**٧ . لە کۆتایدا،مامۆستا داوا لە فێرخوازەکانی دەکات،لە پەراوی وانەی کوردیدا بینوسنەوە ".(بەرزنجی، موزەی هونەری منداڵان ٢٠٢٢/٤/٧، muzeymndalan.wixsite.co ).**

## ٣/١ (٣/) . کێشە پەروەردەییەکانی پرۆسەی فێربوون لە هەرێمی کوردستاندا.

**بێگومان هیچ پرۆسەیەک بێ کەم و کوڕی نییە ، سستی فێربوون یەکێکە لە کێشەکانی پرۆسەی پەروەردە ،کە بریتییە لە " کۆمەڵێک ناهاوشێوە(لێک نەچوو ) لە تێکچوونەکان کە بە شێوەی کێشەیەکی دیار لە وەرگرتن و بەکارهێنانی زانیاری و تواناکانی تاک دیاردەکەوێت وەک توانای گوێگرتن ، توانای قسەکردن ، توانای خوێندنەوە ،توانای نووسین ،توانای شیکردنەوە ، توانای بیرۆکە و نیشانە بیرییەکان ،ئەو تێکچوونانەش لە ناخی تاکەوە هەڵدەقوڵێن ) ،(جەباری ،٢٠١٦ : ل ٥١). ئەو فێرخوازانەی کە لە گەشەکردنی عەقڵیدا لە خوار ناوەندن توشی سستی فێربوون دەبن. یاخود بریتییە لە(قورسی خۆگونجاندن لەگەڵ پرۆگرامەکانی خوێندنی خوێندنگا بەهۆی دووچاربوون بە کەموکوڕییەکی سووک لە توانای زیرەکی یان لە توانای فێربوون ".(جەباری ،٢٠٠٦: ل٨٨) .زەحمەتییەکان و سستی فێربوون ئاڵۆز و هەمەلایەنەیە،نەک لە یەکێکەوە بۆ یەکێی تر دەگۆڕێت بەڵکو لە لای یەک کەسیش لە بابەتێکەوە بۆ بابەتێکی تر دەگۆڕێت " کەسانی تووشبوو بە زەحمەتیەکانی فێربوون ئەوەیە کە ڕێژەی زیرەکییان لە گەڵ دەستکەوت و نمرە و تواناکانیان لە خوێندنگا ناگونجێت،واتە زۆربەی ئەو منداڵانەی کە بە دەست زەحمەتیەکانی فێربوونەوە دەناڵێنن ڕێژەی زیرەکیان مام ناوەندییە یان زیاتریشە لە مام ناوەندی کەچی لەگەڵ ئەوەشدا وەک پێویست لە خوێندنگا دەرناچن و نمرەی نزم دەهێنن و لە چەند بابەتێک لاوازن و نمرەکانیان بەراورد بە ڕێژەی زیرەکیان زۆر کەمە،لە کاتێکدا منداڵە ئاساییەکان ڕێژەی زیرەکییان هەر وەک ئەوانن بەڵام نمرە و توانای خوێندنیان زۆر لە ئەوان باشترن "،(قەرەچەتانی ،٢٠١٨ : ل ٢٩٠ ).زۆر لە زانایان و توێژەران بە دواداچوونیان بۆ ئەم کێشەیە کردووە و گەیشتوونەتە ئەوباوەڕەی کە" مێشک و کۆئەندامی دەماری ناوەندیان هیچ کێشەی بایۆلۆژی نییە،بەڵکو کێشە ئەوەیە کە مێشک و کۆئەندامی دەماری ناوەندیان لەلایەنی فەرمان نەک لایەنی بایۆلۆجی کەم و کورتیان تێدایە و وەک مێشک و کۆئەندامی دەماری ناوەندی کەسانی ئاسایی کار ناکەن و فەرمانەکانی خۆیان جێبەجێ ناکەن" ،(هەمان سەرچاوە: ل**

۲۹۱ ).دەکرێت هۆکار زۆر بن بۆ دروستبوونی ئەم سستییە لە پرۆسەی فێربووندا " بۆیە کاتێک چالاکییەکانی فێرکردن دەگونجێت لە خوێندنگا بە گوێرەی پێویستیەکانی منداڵ و جیاوازی تاکی نێوانیان،بۆیە دەبێت سەرەڕای تەمەنی ئەقڵی زۆر فاکتەری تر لە بەرچاو بگرین ،سەرەڕای ئەو جیاوازییانەی کە دەکرێت هەبێت لە نێو منداڵان دەکرێت جیاوازی لە نێوان منداڵان لە خودی تەمەنی ئەقڵیش ببینین یەکێک لە توێژەران توێژینەوەی لە سەر کۆمەڵێک کردووە کەلە بیست و پێنج منداڵ پێکهاتبوو وەکو یەکبوون لە تەمەنی ژیری و بەراوردیانی کرد بە ڕاهێنانی پێوەرەکانی تایبەتمەندییەکانی تر،بینی ئەو سیفەتانەی کە باوەڕمان وا بوو کە زۆر پەیوەستن بە تەمەنی ژیری وەکو (گەلە وشەکانی ،توانای ئەقڵی ) یاد،جیاوازییان هەیە لە ناو کۆمەڵەکە لە ( ۲,۵ ) بۆ (۵)ساڵ ئاستی گەشەکردن "،( الزغبی ،۲۰۱۸ : ص ۱۳۷ ) بێگومان کەسێک جیاوازە لە کەسێکی تر لە هەموو ڕوویەکەوە .

## هۆکارەکانی سستی فێربوون :

هۆکارە گرنگەکانی سستی فێربوون ئەمانەن

١ ـ " کۆبوونەوەی ئاستەنگەکانی فێربوون لە میانی قۆناغە جیا جیاکانی خوێندندا .

٢ ـ کەم و کورتی و لاوازی هەستی بینین و بیستن .

٣ ـ کێشەو لێکترازانی خێزانی .

٤ ـ هۆکارە جەستەییەکان (نەخۆشیە جەستەییەکان ) .

٥ ـ کێشە دەروونیەکان .

٦ ـ ژینگەی ناتەواوی فیزیایی پۆل .

٧ ـ شێوازی وانەگوتنەوەی مامۆستایان .

٨ ـ دووری و جیاوازی نێوان لایەنی تیۆری و لایەنی کرداری بابەتەکانی خوێندن .

٩ ـ بەکارنەهێنانی پاداشت و هاندان لە ناو پۆلدا .

١٠ ـ بۆ ماوەیی دابەزینی توانای هزری منداڵ ",( جەباری ،۲۰۱٦ : ٥۲ ) .جیاوازی ڕێژەی ئەم کێشانە،جیاوازی لە ڕێژەی سستبووندا دروست دەکات.

# بەشی دووەم

## بەشی دووەم : شیعری منداڵان و تایبەتمەندییەکانی و مێژووی سەرهەڵدانی .

## تەوەری یەکەم :پێناسە و تایبەتمەندی و جۆرەکانی شیعری منداڵان.

### ٢ / ١/١ ) . پێناسەی شیعری منداڵان

شیعری منداڵان بەشێکی گرنگ و دیاری ناو ئەدەبی منداڵانە،کە لەناو ئەدەبی هەموو گەل و نەتەوەیەکدا جێگای سەرنج و بایەخ پێدانە.پێناسەکردنی شیعری منداڵان کارێکی ئاسان نییە ،هەر شاعیر و نووسەرێک بە شێوازێک پێناسەی دەکات،چونکە هەریەکەیان بە جۆرێک گوزارشت لە ناخی خۆیان دەکەن،کە کاریگەری ژیان و سەردەمی منداڵی خۆیانیان لە سەرە.بۆ نموونە،(ڕەزا شوان)دەڵێت :-"شیعر ،هەڵبەست ،یان هۆزان ،هۆنراوە،چوار زاراوەی هاو ماناو هاو مەبەستن،هەر چوار وشەکە لە زمانی کوردیدا بەکاردەهێنرێت شیعر جوانترین و ناسکترین هونەرە،گرنگترین لقی ئەدەبی منداڵانە،نزیکترین هونەرە لەدەروونی منداڵانەوە ،هەستی خۆشی و چێژێکی تایبەتی بە هۆش و دڵ و دەروونی منداڵان دەبەخشێت "،(شوان ،٢٠٢٠)،(https://www.kurdistanpost.n).شیعری منداڵان بەشێکی گرنگ و سەرەکی ئەدەبی منداڵانە.هەروەها(فەریدون میرئەحمەدی - جوانڕۆ).لە وتارێکیدا بە ناوی (ئەدەبی منداڵان و شیعر) دەڵێت : . شیعر چییە؟ "شیعر ئەو ژانەرە ئەدەبییەیە،کە شادی دەباتە سەرەوە و بایەخ و گرنگی زمان زۆر دەکات ، دەستی منداڵان دەگرێت،تا بەناخی خۆیاندا بچن وخۆیان بناسن"،(جوانڕۆ:٢٠٢٢)،(ghandilblogfa.com,post) شیعری منداڵان پێویستی بە زمانێکی باش هەیە،سەرەڕای سوکی و ئاسانییەکەی.لە هەمان کاتیشدا دەبێت هەر وشەو دەستەواژەیەک،کە بەکاردەهێنرێت ،لە ڕووی دەنگ و واتاوە کاڵای بە بەردا بکرێت،چونکە هەر وشەیەک گرنگی و سەنگی خۆی هەیە لە شیعردا.هەروەها مامۆستا (شەونم)بڕوای وایە " هەڵبەستی مناڵ بە پێی ناوەڕۆک و مەبەست،ئەبێت لە گەڵ سیرەی مناڵەکە دا بگونجێت، لەو شتانە بدوێت کە بە ئاسانی هەستی پێ ئەکات ،یان بیری بۆی ئەچێت ،لەبەر ئەوە ئەبێت خولیا و خەیاڵەکانی نهێنی نەبێ و ئاشکرا بێت"،( فتاح ،١٩٧٤:ل ١٧ ).ئەو بابەتانەی دەکرێنە مەبەستی شیعری منداڵان،دەبێت لەگەڵ عەقڵ و هۆش و تەمەنی منداڵ وحەز و ویستی منداڵاندا گونجاو و تەبا بێت،دەبێت ناوەڕۆک و مەبەستەکەی بە پێی قۆناغەکانی گەشەکردنی منداڵان بێت،چونکە هەر قۆناغێک خاسیەت و تایبەتمەندی خۆی هەیە،جیاوازە لە گەڵ قۆناغەکانی تردا.

هەر لەو چوارچێوەیەدا هەندێک لە نووسەران پێیان وایە " شیعری منداڵان ،وتەیەکی کێشدارە ،خۆی دەبینێتەوە لە هەستێکی مۆسیقی ڕەوان،یان ئاسایی ،کەبیر و هەست و خەیاڵ و واتای سەروادار یان بێ سەروا لە خۆ دەگرێت و بە پێی یاسایەکی دیاریکراو دەڕوات و چوار ڕە گەز لەخۆ دەگرێت،زمان پاراوی ،نەرم و نیانی و بەردەوامی و کاریگەری " ،(طالب ،٢٠١٢ . ٢٠١٣ : ص ١٥).شیعری منداڵان خاڵی نییە لە ڕەگەزەکانی شیعر، لەوانە سۆز و بیر و خەیاڵ و شێواز و داڕشتن،ئەم ڕەگەزانەش گرنگی خۆیان هەیە بە تایبەتی لە دروستکردنی وێنەی شیعری بەهێز و جواندا .بیر پێکهاتەی هەموو کارێکی هونەرییە،سۆزیش هێزێکە کار لە دڵ و دەروونی نووسەر دەکات،پاشان خوێنەر،خەیاڵیش ڕەگەزێکی پێویستی نووسەرە کە بۆشایی ناخی نووسەر پڕ دەکاتەوە.هەروەها بۆچوونی تر هەیە،سەبارەت بە شیعری منداڵان،بۆ نموونە: بۆچوونێک هەیە دەڵێت" گرنگە هەڵبژاردنی شیعری منداڵ لەسەر بنەمای بابەتە گونجاوەکان بێت،بۆ درککردن و تێگەیشتنی منداڵ،توانا ئەقڵییەکان،ئەوەی پەیوەندی بە ئەزموون و شارەزاییانەوە هەیە"،(نجاة،٢٠١٧ : ص ٦٨).گەشەی توانا عەقڵیەکانی منداڵان،بەپێی قۆناغەکانی تەمەنی منداڵان دەگۆڕێت ،لەبەر

ئەوە شاعیر دەبێت ڕەچاوی ئەو تەمەن و قۆناغە بکات،کە شیعری بۆ دەنووسێت.شایانی باسە شیعری منداڵان بابەتێکی گرنگە،لەبەر ئەوە قسە زۆر هەڵدەگرێت.

تەنها شاعیران خۆیان دەزانن ئەوەی لە ناخیاندا دێتە دەرەوە،چییە ؟.منداڵ چێژێکی تایبەتی لە شیعر وەردەگرێت،لەبەر ئەوە "منداڵ هەڵبەست بە یاری دەزانێت ،چونکە یاری یەکەم خرۆشێنەری ئارەزو و هەوەسی منالە ،ئەگەر هەڵبەستی ـ هەلوور بلوور ـ لەبەر کات ،لەگەڵ دەست ڕاوەشاندن و پێکەنینەکەیدا دەبێت بە یاری،ئەوسا حەز دەکات زوو زوو گوێی لێ بێت و حەزیش دەکات لە بەری کات و بە خۆشییەوە بیڵێتەوە ،چونکە هەڵبەست زمانێکە لە چوارچێوەیەکی ڕێک و پێک ئاوازەدارا،خولیاو هەستەکانی دەروونی خۆی پێ دەرئەبڕێت"،(فتاح ،١٩٧٤ :ل ١٢ ). بە هۆی ئەوەی شیعری منداڵان خاوەن ئاواز و ئیقاعێکی خۆشە ،منداڵان ڕائەکێشێ بە لای خۆیدا.هەر لەو چوارچێوەیەدا،(ئەلینور ڤارجیون )،کە شاعیرێکی ئەمریکییە و شیعر بۆ منداڵان دەنوسێت ،دەڵێت : "شیعر گوڵ نییە،بەڵکو بۆنەکەیەتی،دەریا نییە،بەڵکو دەنگەکەیەتی ". دیسان دەڵێت :" شیعر پاڵاوتەی ئەو تاقیکردنەوەیەیە،کە پەنجەی لە ناخی مەبەست و بیر گیرکردوە "،(ڕەئوف ،٢٠١٥:ل ٥١- ٥٢).لێرەدا شاعیر شیعری منداڵانی،بە بۆنی گوڵ و دەنگی دەریا چواندووە ،مەبەستی ئەوەیە بڵێت شیعری منداڵان هەر لە دوورەوە کار لە هەست و سۆزی منداڵان دەکات .
شاعیرانی تازەش بۆچوونی خۆیان هەیە سەبارەت بە شیعری منداڵان ،بۆ نموونە مامۆستا و سەرپەرشتیاری پەروەردەیی ،(عەلی حەمە ڕەشید بەرزنجی)دەڵێت :"شیعری منداڵان بریتین لەو شیعرانەی،کە شاعیران بە تایبەتی بۆ منداڵانی دەنووسن بە پێی ئاستی تەمەنیان و مەرجەکانی تایبەت بە شیعری منداڵانی تێدایە"،( بەرزنجی ،٢٨ ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٢ ).بێگومان هۆنینەوەی شیعری منداڵان پێویستی بە لێهاتوویی و بەهرەو شارەزایی وە هەیە ،" شیعری منداڵان بە پێکەوەنانی وشەو ڕستەو دەستەواژەی کێش و سەروادار،نە شیعری گەوران نە هی منداڵان نایەتە بەرهەم ،شیعر گوڵە ،ڕەنگ و بۆندارە ،ڕەنگەکەی جوانی دەداتێ ، بۆنەکەی هەناسەی ڕەوانیەتی نەک وەک گوڵە ژاڵەیەکی ژاکاو ،نە بۆنی هەبێ نە ڕەنگی مابێ ،جگە لەوەش شیعر ریتم و ئاوازی هەیە،کە گوێت لێی دەبێ هەستە خەفەبووەکانت وریا و ئاگاداردەکاتەوە و پەپوولەی هەستە خەواڵووەکانت بەرەو گوڵزاری خۆشی پەرواز دەکات،شیعری منداڵان بەشێکە لەو هۆنراوانەی کەلە گەشەی هۆش و ڕەوشت و کۆمەڵایەتی وگشت لایەنە دەروونییەکان دا بەشداری دەکات "،(هەورامی ،٢٠٠٧ : ل ٧٩).یەکێک لە سیما جوانەکانی شیعر هەست بزواندنە،تەنانەت جووڵەش ئەخاتە نەستی مرۆڤەوە ،واتە تەنها کار لە هەستی مرۆڤ ناکات،بەڵکو هەموو ئەو شتانەی لە نەستی شاعیردایە دەیهێنێتەوە هەستی شاعیرەوە،بەهەمان شێوەش کار لە هەستی خوێنەر دەکات .

کەواتە" شیعری منداڵان ڕۆڵی هەیە لە پەرەپێدانی چێژو هەست ،هیچ کەس ناتوانێ ئینکاری لێبکات هەر وەکو شیعر کاریگەری هەیە لە سەر چێژی گەورە ،ئاواش کاریگەری هەیە لە سەر منداڵ هەر لە یەک مانگییەوە،شیعری منالان بە شێوەیەکی گشتی بەشێکە لە ژیانی منداڵ لە ساڵی یەکەمیدا وەک گۆرانی وتنی دایکان بۆ منداڵان لە گەڵ ئەو سرودانەی بۆیان دەوترێت ،پێش خەوتن ،گەورەکانیش دەبێت شیعری گونجاو بۆ منالەکانیان بڵێن "،(الهرفي،١٩٩٦ :ص٧٩ ).ئەو شیعرو گۆرانیانەی،دایکان بۆ کۆرپەکانیان دەیانڵێت، دەروونی منداڵان هێمن دەکەنەوە ،چونکە بە گوێ لێبوونیان لەلایەن منداڵانەوە یەکسەر ژێر ئەبنەوە و ئاسوودە ئەبن و دەخەون.

نەک هەر ئەوەندە،بەڵکو" هەڵبەستی منداڵان ئاواز و گۆرانی نووسراوە،بە وتەی واتا جوانی و دڵگیری ،ڕەوان و داڕێژراوە،بە ڕەسەنی داهێنراوە لە بیر و هەست و خولیا وخەیاڵێکی هەڵکەوتووانە هەڵقوڵاوە"،(باڵدار ،١٩٨٥ : ل

٢٢٤ ).ئەوەی لێرەدا گرنگە،ئەوەیە  واتای شیعری منداڵان دەبێت سوود بەخش و دڵگیر و دڵڕفێن بێت.لەمەوە دەگەینە ئەوەی،کە بڵێین" شیعری منداڵان یەکێکە لەو ڕێگا گرنگ و کاریگەرانەی کە دەکرێت لە ڕێیەوە هەوڵی کاراکردنی بەها پەروەردەییەکانی پێبدرێت  لای منداڵان بە ڕەچاوکردنی قۆناغ و تەمەنی منداڵەکە "،( سعید و علی ،٢٠٢١: ل ٤٣ ).هەر لە دوو توێی شیعر بۆ منداڵان دەبینین،هەمیشە مامۆستایان هەوڵیان داوە بە تایبەتی لە قۆناغی بنەڕەتیدا،لە ڕێگەی شیعرەوە بەها پەروەردەییەکانی وەک ڕێزگرتن و ڕاستگۆیی و دەست پاکی و زمان پاکی ،دادپەروەری ، هاوکاری ، پاکوخاوێنی ، ... لە قۆناغە جیاوازەکان فێری منداڵان بکەن.کەواتە،شیعری منداڵان بریتییە لەو شیعرەی ،کە ڕووخسارو ناوەڕۆکێکی سادەو ساکار و چێژ بەخشی هەیە،جیهانێکی جوانی تایبەت بە منداڵان دەخوڵقێنێ ،پڕیەتی لە پەندو ئامۆژگاری و زانست و زانیاری کۆن و نوێ ،دەربڕینێکی جوانە لە ڕێگەیەوە منداڵ ئاشنا دەکرێت  بە ئاکارە مەزن و جوانەکان و تێگەیشتنیان بۆ ژیان و هاندانیان بۆ گۆڕینی ڕەفتارەکانیان.هەروەها ڕێگەیەکی ئاسان و یارمەتیدەرە  بۆ دەربڕینی هەستە خۆش و ناخۆشەکانی منداڵان.بزوێنەری بیر و جەستەو زمانی منداڵانە ، سەرچاوەی هونەر و داهێنانە لای منداڵان ،ئاشناکەری گوێی منداڵانە بە ئاواز و ریتم و مۆسیقا ،کپکەری هەڵچوونە نەرینییەکانی منداڵانە ، سەرچاوەی پێکەنین و دڵ خۆشبوونیانە،مەبەستەکانی ڕوون و ئاشکران و نهێنی لە خۆ ناگرێت و منداڵ دەکاتە خوێندەوارێکی چاک و پێشکەوتوو و بە ئاگا.ئەندامێکی باش و سوود بەخش بۆ کۆمەڵگاکەی " شیعری منداڵان ڕەگەزێکی ئەدەبی و هونەرییە کە شاعیرە گەورەکان بە تایبەتی بۆ منداڵانی دەنووسن و لە سروشتیانەوە نزیکە و،زووتر دەگاتە مێشکیان" ،(قاسم ، ٢٠١٨)،( https://firatn.com).بە شێوەیەکی گشتی مرۆڤ حەز لەو شتە دەکات کە لێوەی نزیکە ،بۆ منداڵیش بە هەمان شێوەیە ، کاتێک حەزیان لە شیعرێکی دیاریکراو دەبێت،واتا لەگەڵ سروشتی ئەو منداڵە گونجاوە و بەشێکە لە ناخ و دەروونی.(عمرالاسعد) دەڵێت :"شیعری منداڵان شیعرێکە توانای هەیە بچێتە ناو هەستەوەرەکانی منداڵان،جووڵێنەری هەستی جوانی و توانای زمانەوانی و سیحری وشەکانە،دەبێتە هۆی بە دەستهێنانی سەرسوڕمانی منداڵ بە سادەیی و ئاسانی  بە ئاوازە جوانەکانیان ."، ( طالب ، ٢٠١٢ ـ ٢٠١٣ : ص١٥ ).شیعر سەرنجی منداڵان ڕادەکێشێت و کار لە هەستەکانیان دەکات سەرچاوەیەکی ئینگلیزی بەم  شێوەیە پێناسەی شیعری منداڵان دەکات " شیعری منداڵان یەکێکە لە کۆنترین شێوەکانی هونەر ، بنچینەی دەگەڕێتەوە بۆ نەریتی زوو،وە شیعری میللی و سرودی منداڵان"،(ckb.m.wikipedia.org) ئەم پێناسەیە ئەوە دەگەنێت شیعری منداڵان هونەرێکی کۆنە لە هەموو جیهاندا ، کە ڕەگی لە ناو دابونەریتی گەلاندا داکوتاوە .سەرچاوەیەکی تر دەڵێت:" شیعری منداڵان یەکەم ئەدەبە کە فێری منداڵ کرا بێت ،لە شێوەی سرودی منداڵان یان لای لایە یە " ، ( international research in childrens literature(٢٠١٥) by Edinburgh university press ).شیعر بە کۆنترین جۆری ئەدەب دادەنرێت بۆ منداڵان.کەواتە" شیعری منداڵان بەشێکە لە ئەدەبیاتی منداڵان و مێردمنداڵان لە پێناو سەرقاڵکردن وفێرکردنی ئەواندا دەهێنرێنە ئاراوە،"،(مەحمود ،٢٠٠٤ : ل٤٥ ).لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین بڵێین،"هەڵبەست وەک پردێک وایە کە پەیوەندی منااڵ دەبەستێت بە نووسین و خوێندنەوە و ڕاستی و کۆمەڵگاوە ، ئەم کەناڵی پردە کراوەیە،لە بەردەم هەموو منداڵێکدا،چونکە سەرکەوتنی مناڵ مسۆگەر دەکات و لەبەرئەوەی کە نووسینی شیعری مناڵ دروست بووە،لە سەر بنەمای هەست و نەست و باری دەروونی و مێژووی هەر منداڵێک ،کەواتە ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆ هەیە،لە نێوان منداڵ و شیعردا،لەبەرئەوە زۆر پێویستە منداڵ  گوێ لە شیعر بگرێت و هاوبەش بێت لەم کەناڵە ڕاستەدا،چونکە دەبێتە هۆی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی و سەرکەوتن لە ڕووی

ئەکادیمییەوە"،(Cigmanj,٢٠١٤:p١٥).شیعر زیاتر لە هەموو نووسراوێک منداڵ پەیوەست دەکات بە خوێندنەوە و کۆمەڵگاوە ،ڕۆڵی هەیە لە کردنی منداڵ بە بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی .

لێرەوە دەردەکەوێت کە ئەدەبی منداڵان و لە ناویشیدا شیعری منداڵان ،بەردەوام جێگای سەرنج و بایەخی ئەدەب ناسان و نووسەران و شاعیرانی جیهانی و ڕۆژهەڵاتی و شاعیرانی کورد بووە و بەردەوام هەوڵی بەرچاو دەبینرێت لە پێناو ناساندنی شیعری منداڵان وەک ژانەرێکی ئەدەبی بەرز و باڵا و پڕ هونەر ،کە ناوەڕۆکەکەی بە کەرەستە و بابەتی ئامۆژگاری و پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی و ئاینی و فێرکاری و زانستی گرنگ و بەسوود داڕێژراوە بەو ئامانجەی کە چێژ و خۆشی بداتە دڵ و دەروونی منداڵان و بیر و ناخیان بە شێوەیەکی پەروەردەیی و پڕ زانست و زانیاری ڕووناک بکاتەوە و گەشە بدات بە تواناکانیان و بەهرەکانیان ببوژێنێتەوە و کەسایەتیان بەهێز بکات،هەر لێرەوە گرنگی شیعری منداڵان لە ژیانی منداڵاندا بە گشتی و لە ناو پرۆسەی پەروەردە و فێربوونیاندا بەتایبەتی دەردەکەوێت،هەر بۆیە کاتێک کە سەرنج لە ئەدەبیاتی گەلانی جیهان وە ئەدەبیاتی کوردی دەدەین لە هەر دوو بەشەکەی ئەدەب :(سەرزاری فۆلکلۆری و نووسراو ) دا دەبینین ئەدەبی منداڵان پانتاییەکی بەرچاوی ئەو ئەدەبیاتەی بۆ خۆی دیاری کردووە ،کە لە بەش و تەوەرەکانی داهاتوودا هەوڵ دەدەین،کە ئەم گرنگییەی ئەدەب و شیعری منداڵان لەو بوارانەدا زیاتر شیبکەینەوە و بخەینەڕوو .

## ٢ / ١ / ٢ ) . ئامانجەکانی شیعری منداڵان

شیعری منداڵان کۆمەڵێک ئامانجی گرنگی هەیە.

١. فێربوون یەکێکە لە ئامانجە گرنگەکانی شیعری منداڵان ،چونکە منداڵان زۆر شتی لێوە فێر دەبن . وەرگرتنی زانست و زانیاری  بە شێوەیەکی گشتی .

٢ . ڕێگەیەکە بۆ وروژاندنی هەستی هونەری منداڵان، هاوکارە بۆ باشترکردنی قسە و گۆکردن و ئاشکراکردنی بەهرەکانیان.

٣ . چاندنی بەها پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی و نیشتمانی و نەتەوایەتی و بەها ئابووری و تیۆری و ئیستاتیکیەکان .

٤ . ئامانجی چارەسەرکردنی هەندێ خەوشی زمان و زمانەوانی و نەخۆشی منداڵانە وەکو شەرمکردن و زمانگرتن وگۆشەگیری....

٥ . ئامانجی جوڵاندنی ویژدانی منداڵانە بۆ چاکە و خێرخوازی ...هتد

٦ . منداڵان چوست و چالاک دەکات و چێژیان پێدەبەخشێت و ئارامیان دەکاتەوە .

٧ . پەرەپێدانی سەلیقەی ئەدەبیی منداڵان و قوڵکردنەوەی تێڕوانینی منداڵان بۆ ژیان ،دابینکردنی ئەو ئەزموونانەی کە کەسانی دیکە ئەزموونیان کردووە ،بۆ ئەوەی سوودی لێوەرگرن .

٨ . ڕزگارکردنی منداڵان لە هەڵسووکەوتی نەرێنی وەکو توندوتیژی ، گرژی دەروونی ، شەڕانگێزی ، دوژمنایەتی ، ستەمکاری ... هتد.

٩ . هاوکاری منداڵانە بۆ ئەوەی کە گەشبین و هیوادار و ئومێد بەخش بن .

١٠ . ئامانجی ئەوەیە منداڵان ئازا و بوێر بن .

## ٢ / ١ /٣ ) . تایبەتمەندییەکانی شیعری منداڵان

شیعری منداڵان سیما و تایبەتمەندێتی خۆی هەیە،کە جیای دەکاتەوە لە شیعری گەورە ساڵان .

١ . شیعری منداڵان دەبێت لە فۆرم و ناوەرۆکدا لە گەڵ تەمەن و ئاستەکانی گەشەی ئەدەبی و عەقڵی و سۆزداری و دەروونی و کۆمەڵایەتی منداڵاندا بگونجێت،چونکە هەر قۆناغێکی تەمەنی منداڵی شیعری تایبەتی خۆی پێویستە .

٢ . شیعری منداڵان دەبێت هەڵقوڵاوی ناخی منداڵان بێت ،مامۆستا (محەمەد ساڵح پێندرۆیی . جگەر سۆز )ی شاعیر و نووسەر دەڵێت " شیعری منداڵان دەبێت ڕەنگدانەوەی ناخی منداڵان بێت و گوزارشت لە هەست و نەست و حەز و ئارەزووەکانی بکات،بۆیە ئەو شاعیرەی لە بواری منداڵان دەنووسێت دەبێت زیاتر خۆی لە جیهانی منداڵ نزیک بکاتەوە و ئاشنای پان و بەرین و پەنهانە بێت ،تا باشتر لێی تێبگات،ئاخۆ چ حەز و ئارەزوویەکی هەیە بۆ ئەوەی شیعرەکانی گوزارشت لە جیهانی ئەو بکات و کاریگەری ئەرێنی لە سەر هەست و نەستی بە جێبهێڵێت "،( سلێوە و خامۆش ، ٢٠٢٢ : ل٥٦) .

٣ . نابێت باسی ڕووداو و کارەساتی ناخۆش و ترسناک بکات ،یان وشەی نەگونجاوی وەکو ( کوشتن ، برسێتی ، مردن ، جنێودان ...) تێدا بێت .

٤ . شیعری منداڵان کورت و پوختە، نابێت دوور و درێژ بێت ، (محەمەد دارياس ) شاعیر دەڵێت "وا باشترە لە ( ٧ . ١٠ ) دێڕ زیاتر نەبێت ،خۆ ئەگەر کەمتریش بوو ئەوا باشتر " ،( هەمان سەرچاوە، ل ٥٣ ) .

٥ . شاعیرانی بواری منداڵان دەبێت ئەو کێشە شیعرییانە بەکاربهێنن،کەسووک و ئاسانن،واتەپێویستە کێش و سەرواکانی ڕێک و خۆش و لە سەر زار ئاسان و شیرین بن، واتە نارێک و لەنگ نەبن بە تایبەتی کێشی (٧ . ١٠ ) برگەیی .

٦ . دەبێت ئەو وشە و ڕستانەی لە شیعری منداڵاندا بەکاردێت سوک و ئاسان بن بۆ تێگەیشتن و نابێت وشە و واتاکانیان ئاڵۆز بن .

٧ . شیعری منداڵان ڕۆڵی گرنگی هەیە لە ناساندنی ژینگە و دەوروبەر بە منداڵان.

٨ . شیعری منداڵان دەبێت پەروەردەیی بێت ،منداڵان فێری سیفەتی جوان و خۆشەویستی بۆ ئەندامانی خێزان و خوێندنگا و ژینگە و نیشتمان و مامۆستا ... بکات .

٩ . دەبێت شیعری منداڵانی بچوک پەیوەندی بە هەستی منداڵەوە هەبێت و خەیاڵەکانی لە سەر بنەمای ئەو هەستانە بێت، هەروەها شیعری منداڵانی پێگەیشتوو پەیوەندی بە ئەزموون و وێنەی بیری گشتییەوە هەبێت.

١٠ . دەبێت شیعری منداڵان چێژو خۆشییەکی وای تێدا بێت،کە منداڵان بخاتە جوڵە و سەما .

## ٤/١/٢)- ڕووخساری شیعری منداڵان

لە ڕووی ڕووخسارەوە شیعری منداڵان دەبێت کورت و پوخت و ئاسان بن،بە زمانێکی سادە و ساکار نووسرابن،دوور لە وشەی قورس و گران و ئاڵۆزو نارێک دەبێت شاعیران ئاگاداری کێش و سەروا و مۆسیقای شیعری بن، پێویستە ڕەچاوی یەکێتی بابەت بکەن،واتا باسی چەند بابەتێک نەکەن تا منداڵان بەباشی لە مەبەست و واتای شیعرەکە تێبگەن.لە

قسەکانی پێشووەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت،کە شیعر لە کێش و سەرواو مۆسیقاوە سەرچاوە دەگرێت ،منداڵانیش خۆیان هەر بە سروشتی حەزیان لە ڕیتم و مۆسیقاو ئاواز هەیە،واتە کاردانەوەی منداڵان بۆ ڕیتم و مۆسیقا زگماکییە و زۆر جار،کە وشەیەکیان لە شیعرەکەدا بیر دەچێتەوە،لەبەر خۆیانەوە دەگەڕێنەوە بۆ وتنەوەی شیعرەکە بە ئاوازەوە،تاوەکو وشەکەیان بیر بێتەوە.ئەمەش مانای ئەوەیە منداڵان بەو ڕیتم و ئاوازانە خۆشحاڵ دەبن،" وەڵامدانەوەی بۆ ڕیتمە پێوراوەکە لە مرۆڤدا زگماکیە، ئەگەر مرۆڤ یەکەم سروود و گۆرانی ڕاو و کار و سەمای سەرەتایی خۆی هەبووایە و ئامێری ئاوازی لێدانی سەرەتایی هەبووبێت و شیعر جوانی و سیحری بۆ فۆرمەکانی دەربڕین زیاد کردبێت ،و قسەکردن لە سەر خەیاڵەکانی شیعر و وێنەکانی بە واتای وێنەی ڕاستەوخۆی بینین و دەنگ و دەست لێدان و چێژ و بۆنکردنە، ئەو هەستیارییەی شیعر منداڵان ڕازی دەکات ،چونکە ڕەنگدانەوەی ئەو شێوازەیە کە دونیای خۆیانیانی تێدا دەدۆزنەوە ،منداڵانیش بە زەقی سەیری جیهانی دەوروبەریان دەکەن ،وەک باخ و ڕووبار و شاخ و هەور و ئەستێرەکان و ئەم جوانییە دەبینن و هەستی پێدەکەن ، هەستەکانیان وریان،لێرەوە بە چاوی شاعیر دەیبینن ، چێژ لەو وێنە گەشاوە وەرگرن کە بۆیان دروست دەکات و حەز دەکەن لەوێ بژین "،(سلیم ، ٢٠٠١ : ص ١٩٥ ).شیعر نەک هەر یارمەتی منداڵان دەدات بۆ دۆزینەوەی جوانی دیمەنەکە ،بەڵکو بەشدارە لە زیادکردنی هەستیاری بیرکردنەوە و مەزاج و سەلیقەی منداڵان ، و چێژ و خۆشییان ..هتد،چالاکی هونەری گرنگییەکی زۆری هەیە لە ژیاندا ، چێژێکی زۆر بۆ ڕۆحمان ئامادە دەکات . شیعر هونەرێکە لە هونەرە سەرنج ڕاکێشەکان بۆ منداڵان ،کە چێژ و خۆشی بۆ ڕۆحیان دەهێنێت.

هەندێک لە شاعیرەکان خۆیان بە دوور دەگرن لە بەکارهێنانی بابەتەکانی ڕەوانبێژی،پێیان وایە کە بەکارنەهێنرێت،یان بە ئاسانی و بەکەمی بەکاربهێنرێت،(د.هادی نعمان الهیتی)دەڵێت:"پێویستە شاعیر خۆی بە دوور بگرێت لە بەکارهێنانی هەندێ لە هونەرە ڕەوانبێژیەکان یان هەر بەکارنەهێنانی،لەبەر ئەوەی لە ڕادەی تێگەیشتنی منداڵاندا نییە درکە و خوازە ولێکچوون و جۆرەکانی تر لە هونەری ڕەوانبێژی جیابکاتەوەو تێی بگەن"، (الهیتی، ١٩٧٧:ص١٠٠).بە پێی ئەم بۆچوونە بەکارهێنانی بابەتی ڕەوانبێژی لە شیعری منداڵاندا نەگونجاوە،چونکە منداڵان توانای تێگەیشتنیان لەو بابەتانە نییە،لەبەرئەوە وا باشترە ئەگەر بەکاریش هات زۆر بە ئاسانی و سادەیی بەکاربهێنرێت،لە ئاستی تێگەیشتنی منداڵاندا بێت.

### ٥/١/٢) – ناوەڕۆکی شیعری منداڵان

پێویستە ناوەڕۆکی شیعری منداڵان هەموو بوارە جیاجیاکانی ژیان بگرێتەوە،واتە فەرهەنگێکی باش و جوان و ڕازاوە بێت،تاوەکو منداڵان بە ئارەزووی خۆیان گەشت بە ناو ئەو فەرهەنگەدا بکەن بە مەبەستی پەروەردە و فێربوون و پێگەیشتن.منداڵ بوونەوەرێکی هەستیارە، نووسەران دەبێت بزانن چی و چۆن ئاڕاستەیان دەکەن.شیعری منداڵان لە ڕووی ناوەڕۆکەوە باشتر وایە بابەتەکان تایبەت بە جیهانی منداڵان و ناخی منداڵان  بێت و گونجاو بێت لەگەڵ حەز و خۆزگەکانی منداڵاندا.شاعیرانی بواری منداڵان گرنگییان بەو بابەتانە داوە، کە ڕۆڵی گرنگیان هەیە لە پەروەردە و فێربوون و پێگەیاندنی منداڵان و گەشەسەندنی بیر و هەست و نەست و کەسایەتیان بە مەبەستی دروستکردنی نەوەیەکی تەندروست لە ڕووی پەروەردەوە،وەک:خۆشەویستی دایک و باوک و مامۆستا و خێزان و کۆمەڵگا و گەل و نیشتمان و خوێندن و کتێب و خوێندنگا ،پاکوخاوێنی خۆی و ماڵ و ژینگە و خوێندنگا و گەڕەک و شار و وڵات و زمانەکەی،گرنگیدان بە تەندروستی و جەستەی، یاریکردن و بۆنەکان و تەکنەلۆژیا و کەلەپوری نەتەوایەتی و

خستنەڕووی بەها کۆمەڵایەتی و پەروەردەییەکان، بەها سیاسی و ڕامیارییەکان ،بەهای زانستی وزانیاری، بەهای مرۆڤایەتی،بەهای ئابووری و دارایی وەسفی دیاردە جوان و باشەکان ، وەسفی جوانی سروشتی کوردستان ،ڕێزگرتن لە یاسا و دادوەری ، ناساندنی دەوروبەر بە منداڵان بەتایبەتی گیانلەبەران و میوەکان ،هەموو ئەم بابەتانە ناوەڕۆکی شیعری منداڵانن.

## ٦/١/٢) — جۆرەکانی شیعری منداڵان

**دەتوانین شیعری منداڵان بکەین بە چەند جۆرێکەوە :-**

" لە ئەدەبی منداڵاندا هەموو جۆرەکانی شیعر هەیە(شیعری لیریکی ، شیعری فێرکردن ،شیعری چیرۆکی، شیعری نواندن) بەڵام ئەوەی پتر باوە شیعری لیریکییە کە پێی دەڵێن گۆرانی منداڵان و شیعری فێرکردنە،ئەمانەش دوو هونەری شیعری جیاوازن"،(قەرەنی،٢٠٠٧ : ل١٧).

### ١- شیعری لیریکی (گۆرانی)

پێناسە و بۆچوون زۆرە بۆ شیعری گۆرانی،(ئەرستۆ دەڵێت :-"شاعیر لەگەڵ دەربڕینی هونەریی خۆی دەمێنێتەوەو هەرگیز ڕووخساری خۆی ناگۆڕێت"،هەروەها لەم بارەیەوە هیگڵیش دەڵێت :" شاعیری لیریکی دەتوانێ بە ناخی خۆیدا ڕۆچێ و بەدوای ڕاچەنین و بەرهەمهێنانی ناوەڕۆکدا بگەڕێ،چەق لەسەر ناخی خۆی و ئەندێشەو دڵ و گیانی ببەستێ"لێرەدا شاعیرلە ژیانی ناوەوەی خۆیدا خۆی دەبێتە بەرهەمەکە"،(هاڵبێرگ و دانەرانی تر،٢٠١٠:ل ٤٤).شاعیر ئەو هەست و سۆز و ئەندێشە و بیرە دەردەبڕێت کە لە ناو ناخی خۆیدایە" شیعری گۆرانی گوزارشت لە خود دەکات ،لەبەر ئەوەی پەیوەستە بە گۆرانی و مۆسیقا و هەست و سۆزەوە .ئەم جۆرە شیعرە پێشکەوتنی بە خۆییەوە بینیوە ولەگەڵ پێشکەوتنی شارستانێتی مرۆڤایەتیدا،چووەتە ناو ڕەگەزی بیر و هۆشەوە،بەو هۆییەوە جۆرەها شیعری گۆرانی پەیدا بووە،لەوانە گۆرانی سرود و لاوانەوە، کە ئەبن بە ڕێبەر بۆ شیعری گۆرانی کە ڕێچکەیەکی سۆزداری بەهێزی هەیە" ،(نجاة،٢٠١٧:ل٤٠) شیعری گۆرانی بە ناوەڕۆک دەوڵەمەندە،زۆر بابەت دەگرێتە خۆی وەکو دڵداری ،سرووشت و جوانی،خەباتی سیاسی ،ئاشتی و ئازادی ،بۆنەو بەسەرهات،لاواندنەوە، بابەتی هەمەجۆر(سەبارەت بە مێژووی سەرهەڵدانی ئەم شیعرە بۆچوونی جیاواز هەن،هەندێکیان پێیان وایە جۆری لیریک کۆنترین شێوەی شیعرە،چونکە مرۆڤ سەرەتا هەست و نەستی ژیانی ڕۆژانەی خۆی دەربڕیوە،هەندێک بۆچوونیش شیعری حەماسی بۆ قۆناغی ساوایی و لیریک بۆ قۆناغی لاوی دەگێڕنەوە،چونکە لەو کاتەدا تاک خودی خۆی دەدۆزێتەوە و گوێی لە دەنگەکانی ناخی خۆی دەبێت،ئەرنست بۆڤە ،کە مێژووی پێشکەوتنی بیری مرۆڤایەتی بەسەر سێ قۆناغی" گەنجی،کامڵی، پیری)دابەشدەکات پێی وایە هەریەک لە کۆمەڵگا مرۆڤایەتییەکان لەو سێ قۆناغەدا جۆرێک لە شیعری گونجاویان وەبەرهێناوە .لیریک پەیوەندی بە سەردەمی گەنجی و جۆری داستان بە دەورانی کامڵبوون و درامیش بە پیرییەوە،لەگەڵ ئەم بۆچوونە جیاوازانەشدا ،ئێمە پێمان وایە جۆری لیریک بە پێی ئەو ڕەگەزانەی هەیەتی،دەکرێت لە سەرەتاییترین بەرهەمی ئەدەبیدا ببینرێتەوە،چونکە ئەم جۆرە شیعرە باسکردنە لە خودی مرۆڤ خۆی و هەست و سۆزەکانی کە بنەمای ئەدەبیش بۆ باسکردنە لە هەست و سۆز و ویستی مرۆڤ خۆی"،(مەعروف،٢٠١٧: ل١٢).بەشێکی زۆری شیعری منداڵان شیعری لیریکییە،چونکە شاعیرانی بواری منداڵانیش هەمیشە هەوڵی ئەوەیان داوە هەست و سۆزی منداڵانەی ناو ناخی خۆیان دەربڕن، لەبەر ئەو ئاواز و مۆسیقاییەی کە هەیەتی زۆربەیان کراون بە گۆرانی،گۆرانی منداڵان دەربڕینی ئەو هەست و

سۆزەیە کە لە ناخی دڵەوە بۆ منداڵان دەوترێت و ناوەرۆکەکەی پڕە لە ڕەگەزی جوانی و مرۆڤایەتی و ژینگەدۆستی، کە ڕۆڵ دەبینێت لە بنیاتنانی کەسایەتی منداڵاندا،شیعری(لیریکی)گۆرانی منداڵان پەیامێکی لە خۆگرتووە، کە زۆر شتی جوان لە بیر و هزری منداڵاندا تۆمار دەکات،هەروەها کەش و هەوایەکی پڕ لە حەز و سۆزی تێدایە و هەست بە ئامادەبوونی منداڵ دەکەیت تێیدا .بۆ نموونە(ڕەزا شوان)دەڵێت :

نـــــــەورۆز

| | |
|---|---|
| ئەمڕۆ جەژنی نەورۆزە | تەوقە و پیرۆز باییە |
| جەژنی کوردە، پیرۆزە | پڕ خۆشیی و پڕ شادییە |
| شا جەژنی کوردستانە | دیاری نەورۆز نێرگــزە |
| سەری ساڵی نوێمــانە | گوڵی جوانی ئەم وەرزە |
| نەورۆز جەژنی شادییە | ڕۆژی سەیران و گەشتە |
| ڕزگاریی و ئازادییە | کوردستانمان بەهەشتە (شوان،٢٠٢٢:ل٩). |

هەمیشە جەژنی نەورۆز جێگەی دڵخۆشی منداڵان بووە، چونکە بۆنەیەکی نەتەوایەتی تایبەتییە، کە منداڵانیش بە دڵێکی خۆش و بە جلی ڕەنگاوڕەنگەوە،ئاهەنگ دەگێڕن و هەڵدەپەڕن و ئاگر دەکەنەوە و گۆرانی دەڵێن .

### ٢- شیعری فێرکاری

شاعیرانی کورد هەر لە کۆنەوە هەوڵی ئەوەیان داوە لە ڕێگەی شیعرەوە هەندێک زانیاری بگەیەنن بە منداڵانی کورد،لەگەڵ ڕێنمایی و ئامۆژگاری کردنیاندا بە مەبەستی پەروەردە و فێرکردن و فێربوون وشارەزا بوون و چاوکردنەوەیان لەبەر ئەوەی شیعر کێش و سەرواى هەیە،بە ئاسانی منداڵان دەتوانن لەبەری بکەن،بەڵام هەست و سۆز نابزوێنێت،(شوکریە ڕەسوول)دەڵێت :" شیعری فێرکردن ئەو شیعرەیە کە سوود بە خوێنەر یان گوێگر دەگەیەنێ ،لە هەڵسوکەوت و ژیانی ڕۆژانەیدا،لە ڕێگای دەربڕینی ڕایەک یان پەندێک یا ڕاسپاردنێک یا ئامۆژگارییەک ،لە چەند دێڕێکی ئاشکرا و دیاریکراودا بەزووترین کات لەبەر دەکرێت و دەوترێتەوە"،(ڕەسوول،١٩٨٩: ل٢٥).ئەو شاعیرانەی لە ئەدەبی کوردیدا شیعری فێرکردنیان نووسیوە،زۆربەیان مامۆستای ئایینی یان مامۆستای خوێندنگا بوون و لە منداڵانەوە نزیک بوون. پەیدابوونی شیعری فێرکاری بۆ منداڵانی کورد دەگەڕێتەوە بۆ دواکەوتوویی نەتەوەی کورد لە هەموو ڕوویەکەوە بەتایبەتی لە رووی ڕۆشنبیری و خوێندەوارییەوە،لەبەر نەبوونی کتێب و چاپ و چاپەمەنی،دڵسۆزانی منداڵانی کورد پەنایان بردووەتە بەر ئەم جۆرە شیعرە.سەرەتای شیعری فێرکردن بۆ منداڵان لە ئەدەبی کوردیدا دەگەڕێتەوە بۆ (نۆبار)ی ئەحمەدی خانی و (ئەحمەدی)ی شێخ ماریفی نۆدێ و (دەلالیا زارۆکان) ی(زینۆ)...ئەو شیعرانەی لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا بۆ منداڵان نووسراون بە پێی تەمەن پۆلێن نەکراون،هەندێکیان بۆ شاگرد و خوێندکارانی خوێندنگاکان نووسراون، هەندێکیشیان بۆ ئەو منداڵانەی تازە دەستیان بە خوێندن کردووە . ئەم جۆرە شیعرە بە شێوەیەکی گشتی بۆ فێرکردنی بابەتێکی دیاریکراوی وەکو زمان یان بیروباوەڕ و پایەکانی ئایینی ئیسلام و پەروەردەی ڕەوشتی منداڵان هاتووەتە ئاراوە.(پیرەمێرد)لە شیعرێکیدا منداڵان فێری ڕێکوپێکی دەکات و بەرنامەی ڕۆژێکی پڕ ئیش و بەرپرسیارێتیان بۆ ڕووندەکاتەوە.

چەند خۆشە هەستانی دەمی بەیانـــی
بۆ ڕۆحی ساف نوور ئەبارێ لەئاسمانی
لەجێ هەستام جریوەی چۆلەکە هـــات
چاوم شت و جلم گۆڕی ڕۆژهــــــەڵات (هاوار،١٩٧٠: ل٣٤٦).

**٣- چیرۆکە شیعر(شیعری چیرۆکی)**

چیرۆکە شیعری منداڵان وەکو هەموو جۆرەکانی تری شیعر گرنگی و بایەخی خۆی هەیە،" چیرۆکە شیعر،بەشێکە لە ئەدەب بە گشتی و لە ئەدەبی منداڵان بە تایبەتی،چیرۆکە شیعر دوو هونەرن لە هونەرێکدان،لەهەمان کاتدا شیعرە و چیرۆکیشە،لە ڕووخساردا شیعرە و لە ناوەرۆکیشدا چیرۆکە، بنەما و پێویستە سەرەکییەکانی شیعر و چیرۆکیشی تێدایە،وەکو چیرۆک بریتییەلە:پێشەکی، ڕووداو، فۆرم، ناوەرۆک، گرێ، کۆتایی، وەکو شیعریش بریتییە لە: جوانی زمان،شێوازی هونەری هۆنینەوە، کێش و سەروا،لە ترپە و موزیک ، هەمووشیان پێکەوە چیرۆکێک دەگێڕنەوە،بە زۆریش چیرۆکێکی ئەندێشەیی زیاتر لەوەی کە چیرۆکێکی ڕیالیزمی بێت،ئەمەش بە نگی نازانرێت سروشتییە کە شاعیران پشت بە خەیاڵ ببەستن" ،(شوان،٢٠١٩)،(https://www.kurdistanpost).ئەم جۆرە شیعرەی منداڵان ، دەبێت هەر وەکو هەموو جۆرەکانی تری شیعری منداڵان ، سوک و ئاسان بن و بە زمانێکی پەتی و ڕوان و شیرین بهۆنرێنەوە،خەیاڵ و ئەندێشەی منداڵان فراوان بکات و لە هەموو گرنگتر ئەوەیە لەگەڵ تەمەن و قۆناغەکانی منداڵان گونجاو بن،" مەبەست و ئامانجی شاعیرانی نووسەری چیرۆکە شیعر بۆ منداڵانی کورد،لە پاڵ چێژ و خۆشی بەخشین پێیان،ئامانجیشیان هۆشیاری کردن و ڕۆشنبیری کردن و ڕێنمایی کردن و ئاڕاستەکردن وپەند و فێرکردن و سوود بەخشینە بە منداڵانی کوردمان"،(شوان،٢٠٢٠) ،(https://pmnews.se).گەلی کورد خاوەنی گەنجینەیەکی پڕ لە دەیان چیرۆکە شیعرە،هەندێک لە شاعیرانی کۆن و نوێ چیرۆکە شیعری جوانیان بۆ منداڵان نووسیوە،یان بە تام و چێژێکی کوردییەوە کۆمەڵێک چیرۆکە شیعری بیانیان وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی " وەکو:(پیرەمێرد) ی نەمر (ڕێوی و کەڵەشێر)ی لە شێوەی چیرۆکە شیعردا هۆنیوەتەوە،تام چێژی وەرگێڕانەکەی پیرەمێرد، لە دەقەکەی (لافۆنتین)گەر زیاتر نەبێت کەمتر نییە، (فایق بێکەس)یش هەر بە چیرۆکە شیعر(دوو مراوی و کیسەڵێک)ی هۆنیوەتەوە." ،(شوان،٢٠١٧/١/٧ )،(wtarikurd.info).نموونەیەک لە چیرۆکە شیعرییەکانی لەتیف هەڵمەت (ڕاوە کەڵ) کە لە چیرۆکێکی ڕوسییەوە وەریگرتووە،بە چێژێکی کوردییەوە هۆنیوێتەوە.

ڕاوە کــــــەڵ
هەبوو نەبوو ڕۆژانی زوو
ڕاوچی یەک بــــــــــــوو
لەم هەرد و لەو گــــــــرد
ڕۆژێ کەڵێکی ڕاوکــــــرد....
( شوان،٢٠١٩)،(https://www.kurdistanpost.nu).

**٤- شیعری نواندن (شیعری درامی)**

شیعری نواندن لە دراما و نواندن و ئۆپەرێتی منداڵاندا بەکار دێت،پەوەردەکاران فێرکردنی منداڵ لە ڕێی یاری خۆش و نواندنەوە،بە باشترین شێوازی فێرکردن دەزانن،"شیعری درامی ئەو شیعرەیە کە لە سەر دەپی شانۆ دەنوێنرێت،بەڵام

ئێستا لەناوچووە و، پەخشان جێگەی گرتووەتەوە"،(قەرەنی،٢٠٠٧: ل٧٨).ئەو شیعرانەی لە ئۆپەرێتی منداڵاندا بەکار دێت شیعری نواندنە،هەندێک لە شاعیران و نووسەران هەوڵیان داوە بە هەر شێوەیەک گونجاو بوویێت گەلێک دەقی شیعری جوانیان هۆنیوەتەوە و لەڕێگەی شانۆکاران و هونەرمەندانەوە نمایشکراوە و پێشکەش بە بینەران کراوە. ناوەڕۆکی ئەو دەقە شیعرییانەی بۆ نواندن بەکارهاتوون لە بابەتی فۆلکلۆر و ژیانی ڕۆژانەی خەڵکەوە وەرگیراون،بە زمانێکی سادە و ساکار،کە تێگەیشتن و لەبەرکردنی ئاسان بووە،بە مەبەستی پەروەردە و پەند و ئامۆژگاری و فێربوون. زمان دەورێکی کاریگەری هەیە،دەبێت سەرنجی بینەر بۆ لای خۆی ڕابکێشێ و بیری بوروژێنێت.هەندێک جار کۆرس بەکاردێت لەسەر تەختی شانۆ لەگەڵ بزواندنی لەش و مۆسیقا و ئاوازدا،"هونەری دراما ئاستێکی بەرزی ئاڵۆزی تێکرژان و تەواوبوونی هەیە،ستایلی دراما لە ژێر کلیلە وشەی گرژیدا دادەنێ و پێی وایە شیعری دراما لەم ڕووەوە پێچەوانەی ئێپیکە،چونکە ئەم بە لێکدانی بەشە جیاجیاکانی پێکدێت،لە درامادا پێویستە پێشەکی هەموو بەرهەمەکە ڕوون بێ و شاعیرەکە بەشە هونەرییەکانی دیاری کردبێ و شتەکان ئامادەبن، شاعیرەکە خاڵێک دیاری دەکات و لەوێوە شتەکان بڵاودەبنەوە، دواتر ئەوەش ڕەچاودەکات کە چۆن هەموو شتەکان ئاڕاستەی ئەو خاڵەبن و ڕووەو ئەو ببنەوە" ، (هاڵبێرگ،٢٠١٠: ل ٥٠).شاعیران دەیانەوێت لە ڕێگەی شیعری نواندنەوە منداڵانی کورد فێری خۆشەویستی نیشتمان و یەکێتی و یەکرِیزی نێوان تاکەکانی گەل بکەن و لە خیانەت و ناپاکی دووریان بخەنەوە ،چونکە کارێکی قێزەون و ناشرینە و بە هیچ شێوەیەک لە نێو کۆمەڵگادا جێی نابێتەوە و بۆ ئەم مەبەستەش بە شێوەیەکی سادە و ساکار مامەڵە لەگەڵ ڕەوتی ڕووداوەکاندا کراوەو خراونەتەڕوو بە زمانێکی زۆر سادە.نموونەی شیعری نواندن کە لە ئۆپەرێتی منداڵاندا بەکار هاتووە وەکو: (لە پێناو پارێزگاری لە ژینگە) ی نووسینی(عەلی حەمە ڕەشید بەرزنجی).

منداڵی یەکەم :

هەمیشە پارێزگاری ...لە ژینگەی کوردستانم

بەئەرکێکی پیرۆزی ...سەر شانی خۆم دەزانم

هەموو :

هەمیشە پارێزگاری ....لە ژینگەی نیشتمانمان

ئەرکێکی زۆر گرنگە...دەکەوێتە سەر شانمان

منداڵی دووەم :

حەزدەکەم هەموو کەسێک ....بۆ ژینگە وەک من وابێ.

وشیار بێت و زانیاریی......دەربارەی ژینگە لابێ .....،

(بەرزنجی،٢٠٢٢(https://muzemndalan.wixsit)

## تەوەری دووەم : سەرهەڵدانی شیعری منداڵان لە ئەدەبی کوردیدا.

### ٢/٢ /١ ) . مێژووی سەرهەڵدان و گەشەسەندنی شیعری منداڵان لە ئەدەبی کوردیدا.

**دیاریکردنی ساڵ و سەدەی سەرهەڵدانی شیعری منداڵان کارێکی ئاسان نییە،چونکە شیعری منداڵان لە ناو هەر دوو بەشەکەی ئەدەب(فۆلکلۆری و نووسراو)دا بوونی هەیە .کەواتە دەکرێت بڵێین سەرهەڵدان و گەشەسەندنی شیعری منداڵان بەستراوە بە سەرهەڵدانی نەتەوەی کورد لە ناوچەکەدا،بەڵام لەبەر ئەوەی لە کاتی خۆیاندا نەنووسراونەتەوە، بێگومان زۆریان لێفەوتاوە و ڕەنگە گۆڕان بەسەر وشەکاندا هاتبێت،هەروەها نالەباری بارودۆخی کوردستانیش بەتایبەتی لە ڕووی سیاسی و ڕامیارییەوە،هۆکارێکی تری نەنووسینەوەی شیعری منداڵانە ،چونکە هەمیشە دوژمنانی کورد هەوڵی ئەوەیان داوە نەتەوەی کورد زمانی خۆیان لە بیر بکەن،بەڵام لە گەڵ هەموو ئەمانەشدا ،نەتەوەی کورد خاوەنی پێشینەیەکی شیعر و ئەدەبی منداڵانە،کە ئەمەش بۆتە کەرەسەیەکی بە پێز و چاک بۆ بناغەی نوسینی شیعر و ئەدەبی منداڵان لە سەردەمەکانی دواتردا . نووسەران و شاعیران تا ئێستا سوودی باشیان لەو پێشینەیە وەرگرتووە ،منداڵانیش تاوەکو ئێستا چێژ و خۆشی لەو بەرهەمانە وەردەگرن. هەر لە کۆنیشەوە ناوەڕۆکی ئەو بەرهەمانە بە پێی قۆناغەکانی تەمەنی منداڵان جیاواز بوون و ئاوێنەی ژیانی منداڵانی ئەو سەردەمەو بارودۆخی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و ژیانی سادە و ساکاری ئەو ڕۆژگارەن . شیعری منداڵان بەشێکە لەو مێژووە و تایبەتمەندێتی خۆی هەیە ، کە جیایدەکاتەوە لە شیعری منداڵان لە قۆناغەکانی دواتردا، بۆ دیاریکردنی سەرەتاکانی سەرهەڵدانی شیعری منداڵان چەند قۆناغێک دیاری کراوە، کە سەرەتاکەی بۆ ئەدەبی فۆلکلۆر دەگەڕێتەوە،چونکە کاتێک کە باسی مێژووی ئەدەب دەکەین، بە شێوەیەکی گشتی هەر لە فۆلکلۆرەوە دەست پێدەکەین .**

### ٢ /٢ / ١ /١ ) . شیعری منداڵان لە ناو ئەدەبی فۆلکلۆری کوردیدا .

**ئەدەبی فۆلکلۆر بە شێوەیەکی گشتی شوێنێکی گرنگی هەیە لە ناو ئەدەبی کوردیدا،شیعری فۆلکلۆر" ئەو شیعرو گۆرانی و لایە لایەی و لاواندنەوانە دەگرێتەوە کە بۆ منداڵ گوتراون،یان منداڵان خۆیان بەکاریان هێناون .ئەم جۆرە شیعرە تەمەنی لە جۆرەکانی دیکە درێژترە،خاوەنەکانیان دیار نین ،دەماودەم ماونەتەوە و بوونەتە بەشێکی گرنگی فۆلکلۆری کوردی، ئەم جۆرە شیعرە هەندێکیان تەنها بۆ کوڕان و هەندێکیان تەنها بۆ کچان و هەندێکیشیان بۆ هەر دوو ڕەگەز گوتراون "،(فەرهادی ،٢٠١٣:ل١٢).بێگومان" ئەدەبی فۆلکلۆر گرنگییەکی زۆری لە پەروەردەی نەتەوایەتی و وە بەئاگا هێنانی ئەندیشە و کار کردنە سەر دەروون و ئاوەزی منداڵ هەبووە ،بە لای(مەکسیم گۆرکی)یەوە فۆلکلۆر گۆشەکەری منداڵانە بە زمانی دایک و بە ئاگاهێنی چێژی جوانناسییانە "،(ئەحمەد ،٢٠٠٥: ل ٨).هەندێک لە شیعری منداڵان دەگەڕێنەوە بۆ سەرەتای ژیانی مرۆڤ لە سەر زەوی،لە شیعری منداڵانی ناو ئەدەبی فۆلکلۆری کوردیدا چەند شێوازێک بەدی دەکرێت لەوانە:**

*** کۆنترینیان لایلایەیە،کە خۆی لە خۆیدا بە کۆنترین جۆری شیعریش دادەنرێت ،بە پێی چەندین سەرچاوە (لامارتین) دەڵێت : " جوانترین شیعر لە سەرانسەری جیهاندا ، لایلایەی دایکانە " ، (شوان ،٢٠١٥: ل ١٢٠ ).لەم ڕوانگەوە دەتوانین بڵێین :**

(لای لایە و گۆرانی  دایکان بۆ کۆرپەکانیان ، بەشێکی گرنگن لە شیعری فۆلکلۆری منداڵانی کورد .. دایکانی دڵسۆز و میهرەبانی کوردمان،لە گەڵ ڕاژەنینی لانکی ساواکانیاندا ..لەگەڵ زرەزرِی موتوو موور و زەرتکە وپەتکەی هەڵواسراوی قەد کەمەری لانک و بێشکەکانی ساواکانیاندا .. بە لای لایەی شیرین و گۆرانی خۆش بە لاواندنەوەی پڕ لە سۆز بە سەداو سۆزێکی خۆشتر لە خۆشترین موزیک و ئاواز،بەیتی کوردی و گورگانە شەوێیان بۆ دەڵێن : ئەم دێڕانە چەند نموونەیەکن ،لە لای لایەو گورگانە شەوێی کوردیمان بۆ منداڵان ،ئەمەش مانای وایە ژن و دایکان هەر لە کۆنەوە ڕۆڵیان هەبووە لە شیعری منداڵاندا.

لای لایە ،ڕۆڵە  لای لایـــــە

شەوگار درەنگە بۆ خەوت نایە

لای لایە ،ڕۆڵە لای لایـــــە

هیوای دوارِۆژم ،لە دەست تۆ دایە ..)، (شوان ،٢٠١٣ :ل١٠ ـ١٦ ) .

لایلایەی دایکان بۆ کۆرپەکانیان تاوەکو ئێستا هەر باوی ماوە و منداڵان چێژی لێدەبینن و پێی دەخەون و هەست بە ئارامی دەکەن .

*"فۆلکلۆری کوردی گەلێک دەوڵەمەندە و پڕیەتی لە بەسەرهات و کارەساتی جەرگبڕ ،یان خۆش،بۆیە(کاکەی فەللاح)یش بە پشت بەستن بەو وتەی گۆرکی "بناغەی ئەدەب لە فۆلکلۆر واتا ـ لە ئەدەبی خەڵکدایە"
دەتوانین بڵێن بەرهەمی چاکی پێشکەش کردووە ،هەروەها چیرۆکی فۆلکلۆری (گورگ و بەرخۆلە و راوکەر ) یشی بە شیعر بۆ منداڵان دارشتووەتەوە و هەوڵی داوە لە دەروونی منداڵان نزیکی بخاتەوە .ئەمەش نموونەیەکە لە شیعری فۆلکلۆری منداڵان .بە زمانێکی سادە و ساکار نووسراو و منداڵان بە ئاوازەوە دەیڵێن .

هۆ ڕێوی ڕێوی ....هۆ

ڕێوی بێ ئیمان ...هۆ

شەریکی شەیتان..هۆ....)،(ئەحمەد ،٢٠٠٦)( www.pertwk.com )

*شیعری یاریکردن لە شیعری فۆلکلۆری منداڵاندا

یاریکردن هەر لە کۆنەوە بەشێکە لە ژیانی منداڵان ." بەشە جوداکانی فۆلکلۆری منداڵان جگە لە شیعرو ستران و هەقایەت ،بەشی زۆریشی بریتین لە یاری ،کە خۆی لە یارییەکانی ،پێشبڕکێ ،وەرزش ،گورج گوتن ،مەتەڵ و هەڵهێنان ،چاوشارکێ،ماتانێ، گرەو کردن و ساپساپانێ ... هتد دەبینێتەوە،ئەم یارییانە زۆر جار لە ناوچەیەکی کوردستانەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە لە ناو و شێوازەوە جیاوازن ، بەڵام لەڕووی ناوەڕۆک و مەبەستەوە یەک شتن،ئەم یارییانەش هەر بە شیعر و گۆرانی بووە،وەک:(هەللور بەلوورتەکامە) "، (قادر ،٢٠٢١: ل٦٣ ).

هەللور ،بللور تەکامە            زەردو سوورو شەمامە

ئاوە بەرە،دەنکە زەرە            مێخم کوتی ،مێخ هەڵبەزێ

تیکە ڕاستم ، ئەمەی گەزێ،

(شوان ،٢٠١٣ : لا١٠).

" زۆربەی زۆری شیعر و گۆرانی منداڵان لەگەڵ یاریکردندا دەوترێت،وەک ئاشکرایە یاریکردن بەشێکی ژیانی منداڵ پێک دێنێ و لە وەڕەس بوون وبێزاری ئەیانپارێزێ،بە تایبەتی یاری بە کۆمەڵ کە ئەم جۆرە یارییە زۆر لە حەزو ئارەزووی منداڵەوە نزیکە "،(مەحمود ،٢٠٠٤ : ل ٨٥ ) .

هەندێک لەو یارییانە تایبەتن بە کوڕان . وەک : .

تەڤیلە لە سەر تەڤیلە
هەرچی بیبات شیرینە
کڵاوپارێزبەتینـــــــە
کڵاوی فراد ببنـــــــە ، (هەمان سەرچاوە: ل ٨٦ ) .

هەندێک لەو یاریانە تایبەتن بە کچان .وەک: .

حل حلی بل بلـــی چاوم ڕشتوە بە کلـــی
کلی نەبوو سۆفی بوو سۆفی هەستا ژن بێنێ
ژنی شەفە گوڵ بێنێ
(هەمان سەرچاوە: ل٨٧ ).

*نەریتی ئاینی لە ناو ئەدەبی فۆلکلۆری منداڵاندا ڕەنگی داوەتەوە و دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتەی، کە کورد زیاتر لە خوادیەکی پەرستووە،بۆ هەر دیاردەیەک خودایەکی هەبووە،ئەم شیعرە پاشماوەی سروتی ئاینییە، کە بۆ خواوەندی باران گوتراوە ،کە منداڵانی کورد بە تاک یان بە کۆمەڵ ، لە گەڵ یاریکردندا بە ئاوازەوە دەیانڵێن .

بووکە بە بارانێ لەدێرین زەمانێ
ئاوی بن دەغڵانێ هەیاران و مەیاران
سەعاتی جارانێ یاخوا داکاتە باران
بۆ فەقیرو هەژاران ....،
(شوان ،٢٠١٥:ل ١٢٧، ١٢٨ ) .

**تایبەتمەندیەکانی شیعری منداڵان لە ناو ئەدەبی فۆلکلۆری کوردیدا .**

چەند تایبەتمەندییەک ئەدەبی فۆلکلۆر لە جۆرەکانی تری ئەدەب جیادەکاتەوە ، دەکرێت بە چەند خاڵێک بیانخەینەڕوو.

١. لە ڕووی زمانەوە،بە زمانێکی سادەو ساکار و ئاسان نوسراون ، منداڵ بە ئاسانی تێیان دەگات و لە بەریان دەکات .
٢. زۆر بە دەگمەن وشەی بێگانەی تێدایە ، تا ڕادەیەکی باش بە کوردییەکی پەتی نوسراون .
٣. بە کێشی ( پەنجە ) ، برگە ،کە کێشێکی خۆماڵی ڕەسەنی کوردییە ،نوسراون .

٤. دێڕی شیعرەکان کورت و مۆسیقادار و ئاهەنگاوین .

٥. ڕەچاوی سەرواى دێڕە شیعرەکان کراوە ، ئەمەش واى کردووە ، ئاوازێکی خۆش ببەخشێت بە شیعرەکان .

٦. دێڕی شیعرەکان کورتن ، منداڵ لە کاتی لەبەرکردن و خوێندنەوەیان هەناسەبڕکێیان پێناکەوێت .

٧. " هەندێک لە شیعرە فۆلکلۆرییەکانی منداڵان ، بۆ خەواندنی منداڵان و یاریکردن و چێژ وەرگرتن،هەندێکیشیان نیشتمانین یا توانج و تانەی سیاسین" ،(شوان ، ٢٠١٣ ) ( http://www.komarixaz.com)

## ٢ /٢ /١ / ٢ ) . شیعری منداڵان لە ناو ئەدەبی کلاسیکی کوردیدا

ئەدەبی نووسراوی منداڵانی کورد پێک هاتووە لە(شیعر . پەخشان )،بەڵام لێرەدا مەبەستەکە تەنها شیعری منداڵانە . شیعری کلاسیکی کوردی چەند جۆرێکە (لیریکی . ویژدانی ،داستانی ، شیعری چیرۆکی ،شیعری فێرکردن ). مێژووی ئەدەبی منداڵان لە ناو ئەدەبی کلاسیکدا بە شیعری فێرکردن دەست پێدەکات،کەواتە شیعری فێرکردن " تەنها دەلالەتێکی هزری دەدات و بابەتییانە دەردەبڕێت و لایەنی خودی بە تەواوتی پشتگوێ دەخات و ئەرکی شیعر لە کاردانەوەیەکی هەڵچوونییەوە بەرەو ئاقارێکی پەروەردەیی دەبات،کە مەبەستە سەرەکییەکەی فێرکردنە ، بۆیە هەرگیز مەبەست لەم جۆرە شیعرە ئەوە نییە کە چ لەو ویژدان و سۆزی شاعیردا دەسوڕێتەوە دەردەبڕێت ،بەڵکو دەیەوێ خۆی بگەیەنێتە لایەنە ئەبستمۆلۆژی و ڕۆشنبیرییەکان و،هەروەها پرسە زانستییەکانیش لە خۆ بگرێت ،بەڵام لە دوو توێی کتێبێکدا دانەڕێژرێت،بەڵکو لە هەڵبەستێکی درێژدا جێگای بکاتەوە " ،(قەرەنی ،٢٠٠٨ : ل٢٤).پرۆسەی فێرکردن ئەوەندە گرنگە،لە شیعرو ئەدەبی منداڵانیش ڕەنگی داوەتەوە،ئەمەش واى کردووە ئامڕازێکی تری فێرکردن بێتە کایەوە ، کە پێی دەوترێت شیعری فێرکردن" کردنەوەی حوجرە و خوێندنگاکان ڕۆڵێکی گرنگیان هەبوو لە بایەخ دان بە شیعرو ڕۆشنبیری خودی ئەو مامۆستا و فەقێیانەی کە لەم حوجرانەدا دەرسیان دەگوتەوە یان دەیانخوێند شاعیر و زمانزان بوون و بایەخیان بە زمان و ئەدەب دەدا،منداڵانی کورد لە هەموو لایەکی کوردستانەوە ڕوویان تێدەکردن ،خوێندن لەم حوجرە و قوتابخانانەدا زیاتر مۆرکێکی کلاسیکیانەی گرتبووە خۆی و ئەرکیان گەشە پێدانی زانستی ئاینی و ( عقیدە) زانی بووە " ، ( ئەحمەد ، ٢٠٠٥ : ل ٦٣ ـ ٦٤ ) . ناوەڕۆکی شیعری فێرکردنی منداڵان بریتییە لە:

### ١ /فەرهەنگسازی

نەتەوەی کورد هەمیشە گرنگیان بە پەروەردەی منداڵان داوە ، بۆ بەڵگە شاعیری گەورەی کورد،" ( ئەحمەدی خانی ١٧٠٧.١٦٥٠ )زیاتر لە سێ سەدساڵ لەمەوپێش کتێبی . نۆباری بچوکان . ی بۆ منداڵان نوسیوەتەوە ،هەر وەک خۆی دەڵێت لە پێناوی چاوی منداڵانی کوردستان ئەم کتێبەم داناوە نەک بۆ زانا و ئەدیبەکان" ، (بەرزنجی ، ٢٠١٠ : ل٢٣). هەروەها( شکریە ڕەسوڵ) یش واى بۆ چووە کە " نۆبار کۆنترین شیعری فێرکردنە کە لە دیباجەیەک و سیانزە پارچە وکۆتاییەک پێک هاتووە بۆ ئەوەی منداڵانی کورد فێری عەرەبی ببن،کە ژمارەی بەیتەکانی ئەم فەرهەنگۆکە (٢٠١) شیعرە "،(مەحمود ،٢٠٠٤ : ل ٩٤ ) . ئەم بەرهەمە لە ساڵی (١٦٨٢) نووسراوە بە زاری کرمانجی ژووروو.

ناوەڕۆکی فەرهەنگەکە :-

١. " پێشەکی : لە ٢٨دێڕ پێک هاتووە،لە سەر شێوەی پەخشانێکی سەروادار نوسراوەتەوە ،لەم پێشەکیەدا دەری خستووە کە بەرهەمەکانی بۆ منداڵە دوای خوێندنی قورئانی پیرۆز بۆ ئەوەی هەم فێری هەندێ زانیاری ئاینی و هەم فێری هەندێ وشەی عەرەبی بکرێن ،پێش ئەوەی دەست بە خوێندنی رێک و پێک لە حوجرەو خوێندنگا بکەن بەم شێوەیە دەست پێ دەکات "،( محمود :٢٠٠٤ ل ٩٤ ).

بسم الله الرحمان الرحیم مَبدَ ئی هَرعلمکی ناڤی عَلیم

حَمد وثَنّاء وشوکرانـــــــی، ژ نۆ وی خالقیٚ رَحمانـــــــی،

(الخانی ،٢٠٠٨ : ل ١٣ ).

٢. "پارچەکانی نوبار : لە سیانزە پارچە پێک هاتووە ،ژمارەیان ٢١٦ بەیتە ،هەر پارچەیەک لە سەر کێشێکی عەروزی جیاوازە لە دووی بەیتی سەرەتای پارچەکەدا ناوی کێشەکەو تەفعیلەکانی دیاری کردووە ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە خانی مەبەستی بووە کێشە عەرووزیەکانیشیان فێر بکات ،هەر پارچەیەکیش تا کۆتایی یەک سەروای هەیە ،تەنها پارچەی سیانزەهەم نەبێت کە سەروای بەیتەکانی مەسنەوییە و سێ دێڕی کۆتایشی بریتییە لە نزاو پاڕانەوە،بەم شێوەیە گەر سیانزە بەیتەکەی پارچەی یەکەم و بیست و چوار بەیتەکەی سەرەتای دوانزە پارچەکەی ترو سێ بەیتی کۆتایی پارچەی سیانزەم لە سەرجەمی بەیتەکانی نامیلکە کە دەربهێنێت ئەوا (١٧٦) بەیتی دەمێنێتەوە کە تێکستی فەرهەنگەکە پێک دێنێ کە واتای نزیکەی ٩٠٠ وشەی عەرەبی بە نزیکەی ٧٠٠ وشەی کوردی لێک دراوەتەوە "، ( مەحمود ، ٢٠٠٤ : ل٩٥ ) .

پارچەی یەکەم :

" باسی سەر گوزشتەی پێغەمبەر و خۆشەویستی پێغەمبەر دەکات لە گەڵ ناوی چوار خەلیفەکان و چوار پێشەواکانی ئەهلی سوننەت و دە مژدە پێدراوەکەی تێدا هاتووە ،ئەم پارچە یە فەرهەنگ نییە،

پارچەی کۆتایی : بریتییە لە بیست و چوار بەیت لە چوار بەیتی کۆتاییدا مێژووی دانانی نوباری تیا روونکراوەتەوە ،کە بەپێی لێکدانەوەی دەگاتە( ١٠٩٤) واتە (١٦٨٢ز) " ،(محمود،٢٠٠٤: ل ٩٥ ) .

ئەم فەرهەنگە چەندین لایەنی فێرکاری لە خۆ گرتووە :

١. " فێربوونی زمانی عەرەبی بە بەرانبەرکردنی وشەی عەرەبی لەگەڵ وشەی کوردیدا و لەشوێنی پێویستدا هەندێک بابەتی رێزمانیش دەستنیشانکراون، وەکو ڕاناوەلکاوەکان و چۆنێتی دروستکردنی ڕستە .

٢. فێربوونی عەروزی شیعری کوردی بە تایبەتی (ڕەجز ،هەزەج ،ڕەمەل )، کە پتر لەگەڵ زمانی کوردیدا دەگونجێ.

٣. پێدانی زانیاری لە بارەی پێغەمبەر (د.خ) .

٤. پێدانی پەند و ئامۆژگارییە ڕەوشتییەکان " ، (قەرەنی ، ٢٠٠٧ : ل ٨٦) .

" ئەم بەیتە لایەنی پەروەردەیی و ڕێنمایی و ئامۆژگاری پیشان دەدات :

گر ته دڤێتن ببی میر و سر و معتبر
كذب و خلافێ مبێژ گر ته بكن كربكر " ، ( الخانى ، ٢٠٠٨ : ل١٣ ) .

واتە: " گەر دەتەوێت ببی بە سەردار یا سەرۆکێک کە کەس شان نەیا لە شانت ، درۆ مەکە و جگە لە ڕاستی گەر لەتیشت کەن هیچی تر مەڵێ "، ( مەحمود ، ٢٠٠٤ : ل ٩٦) .
"هەر لە چوار چێوەی ئەو بایەخدانەی شاعیران بە خوێندن و ڕۆشنبیری و ،شیعری فێرکردنیش بە شێوەیەکی نوێ هاتە ئاراوە ،ئەم جۆرە شیعرەش جگە لەلای ئەحمەدی خانی لای شێخ مارفی نۆدێش دەبینرێت، تیایاندا پەند و ئامۆژگاری و هەواڵ و زانیاری بە دی دەکرێت "، ( ئیسماعیل ،٢٠٠٩ : ل ١٥٦ ) .

*" (ئەحمەدی )یەکەی شێخ مارفی نۆدێ  لە ساڵی ١٧٩٠ بۆ کوڕەکەی خۆی کاک ئەحمەد دایناوە ،بۆ ئەوەی فێری زمانی عەرەبی ببێت ،بەڵام ئامانجە سەرەکییەکەی فێرکردنی هەموو منداڵانی کورد بوو ،کە لە حوجرەی مزگەوتەکاندا دەیانخوێند "،(قەرەنی ، ٢٠٠٧ : ل٨٧ ) .
بەڵام ڕەگەزەکانی شیعر وەک هەست و خەیاڵ و سۆزیان تێدا نابینرێت ."(ئەحمەدی) لە (٣٦٥) بەیتی شیعری فێرکردن پێک هاتووە لە نێوان ئەحمەدی خانی و شێخ مارفی نۆدێی دا سەد و دوو ساڵ دەبێ ،لەوانەیە لەو ماوە دا (نەوبار - نۆبار )لە هەندێ ناوچەی کوردستاندا بڵاوبوو بێتەوە،ڕێی تێدەچێت شێخ مارف وەک فەقێیەک بەشوێن خوێندندا گەڕابێ و نەوباری دەست کەوتبێ یان بە ڕێگەی ئەو فەقێیانەوە کە لە سەرانسەری کوردستاندا بە شوێن خوێندن و مەلای زانادا دەگەڕان نەوباری دیبێ یا خوێندبێتی، ئیدی کاری تیکردبێ ،ئەویش لە سەر شێوازی نۆبارای ئەحمەدی دانابێ ،(ئەحمەدی کوڕی ) تاوەکو بەو جۆرە فێری زمانی عەرەبی ببێ "،(هەورامی ،٢٠٠٥ : ل ١٦١).ئەوەی شایەنی باسە" ئەم فەرهەنگە بە شێوازی زاری سۆرانی نوسراوە ،شێخ مارفی نۆدێی بە زمانێکی ئاسان و ساکارو ڕەوانی سەرواداری ناسک ئەم فەرهەنگە شیعریەی ئەحمەدی هۆنیوەتەوە، بەشێوەیەک کە منداڵان و فەقیەکان بە ئاسانی لە بەریان دەکردو بە ئاوازو گۆرانیشەوە دەیان وتەوە" ،(شوان ، ٢٠١٥ : ل ١٣٥).هەروەها " ئەحمەدی لە پێشەکیەک و دوو بەش پێک هاتووە ، پێشەکێکەی لە شیعرێکی سیانزە دێڕی بە زمانێکی تێکەڵ، یانزە دێڕی بە زمانی فارسی و دوو دێڕی بە زمانی عەرەبی نووسراوە،مەبەستی دانانی فەرهەنگەکە و ناوی فەرهەنگەکە و شێوازی نووسین و بەشەکانی تیا دیاری کردووە" ،(مەحمود ، ٢٠٠٤ : ل ٩٩ )." کتێبی (ئەحمەدی ) لە دوای کۆچی شێخ مارف بوو بە یەکێک لە کتێبە سەرەتاییەکانی فەقێکانی کوردستان ، کە لە حوجرەی مزگەوتەکان دەیانخوێند "،(نۆدێ ، ١٩٨٦: ل ١٠ ).(نەوبەهاری بچووکان )و(ئەحمەدی )لە چەندین شاری کوردستان و دەرەوەدا دووبارە و دەبارە لەبەر گرنگیان چاپکراونەتەوە . ئەمەش نموونەیەکە لە (ئەحمەدی) .

( آرزْ) برنج ( شلب ) چڵتوکە                    ( ثقیل ) گران ( خَفیف ) سوکە
( صب ) دانەیە ( قَمح و حنطة ) گەنم          ( صقبع )سیخوار ( نَدی ) شبنم ، (نۆدێ،١٩٨٦ : ل ١٠ ) .

**دووەم / بیروباوەڕی ئاینی**

**شاعیرانی کورد هەوڵیان داوە لە ڕێگەی شیعرەوە بیروباوەڕی ئیسلام بگەیەنە منداڵان." (مەلاخدری رواری)، یەکێک بوو لە مەلا ناسراوەکانی ناوچەی هەورامان ،شاعیرێکی بە توانا بوو ...نامیلکەیەکی بە شێوە زاری گۆرانی (هەورامی )بۆ منداڵان داناوە ....کە بریتییە لە ڕێنمایی کردنی منداڵانی کورد ،بۆ فێربوونی بیر و باوەڕی ئیسلام" ،( شوان ، ٢٠١٥ :ل ١٣٦) . ئەمەش نموونەیەکە لە نامیلکەکەی مەلا خدری رواری .**

**ڕۆڵە بزانی ، ڕۆڵە بزانی**

**فەرزەن وەرجە گشت مە بۆ بزانی**

**اصل و فەرع و دین چەنی ئەرکانی**

**چەنی ئەحکاما پەی موسڵمانی ، ( هەورامی ، ٢٠٠٥ : ل ١٦٤) .**

**تایبەتمەندییەکانی شیعری منداڵان لەناو ئەدەبی کلاسیکی کوردیدا .**

**شیعری منداڵان لە ناو ئەدەبی کلاسیکدا سیما و تایبەتمەندی خۆی هەیە.دەتوانین بە چەند خاڵێک بیخەینەڕوو .**

**١. زمانەکەی دوورە لە زمانی منداڵانەوە" بەزمانێکی وا نوسراوە کە منداڵی ئێستا لە بەردەمیاندا دۆش دائەمێنێ و لە هەمان کاتیشدا بۆ منداڵان نوسراوە،بەڵام کام منداڵ؟ منداڵێک کە لەگەڵ چاوکردنەوەی لە حوجرەدا زانستەکانی ( صرف ، نحو ،بلاغە ، علم دلالە ) ی خوێندووە و لە گەڵیدا گەورە بووە"، ( ڕەئوف ، ٢٠١٥ : ل٦٠ ) .**

**٢. لەسەر کێشی عەروزی نوسراون، " بەتایبەتی ئەو کێشانەی کە لە گەڵ زمانی کوردیدا دەگونجێن ، وەک ( ڕەجز ، هەزەج ، ڕەمەل"،( قەرەنی ، ٢٠٠٧ : ل ٨٦ ) .**

**٣. شاعیرەکان لەم جۆرە شیعرانەدا ڕەچاوی سەروایان کردووە، واتە سەروادارن .**

**٤. مەبەست و ناوەڕۆکەکەی بۆ فێربوون و وەرگرتنی زانیاری و ڕوونکردنەوە و لێکدانەوەی مانای وشە عەرەبییەکانە ، لە هەمان کاتیشدا باس لە هەندێ بابەتی ڕێزمانی دەکات . زانستە ئایینەکانیان ڕوون کردووەتەوە،لەگەڵ پێدانی پەند و ئامۆژگاری .**

**٥. وشەی بێگانەیان زۆر تێدا بەکارهاتووە ، بەتایبەتی عەرەبی چونکە فەرهەنگەکان بۆ فێربوونی زمانی عەرەبی بووە لای منداڵان .**

**٦. " پێدانی زانیاری لە بارەی پێغەمبەر(د .خ) و چوار جێنشینەکانی و هەروەها چوار ڕەهبەری ئەهلی سوننە ،وە خوێنەر بەرەو چاکە ئاڕاستە دەکات "، ( قەرەنی، ٢٠٠٧ : ل ٨٦ ) .**

## ٢ / ٢ / ٣/١ ) ـ شیعری منداڵان لە ناو ئەدەبی نوێو هاوچەرخی کوردیدا.

**لە چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەمدا، سەردەمێکی نوێ لە بوژاندنەوەی(ڕۆشنبیری، سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی)لای کورد دەستی پێکرد. گەشەکردنی ئەدەبی منداڵانیش لایەنێکی ئەو بوژاندنەوە و پێشکەوتن و هۆشیار بوونەوەیەیە،کە لەو سەردەمەدا هەستی پێدەکرێت .هەر لە سەرەتای دامەزراندنی چاپخانەو خوێندنگا لە کوردستان و دەرچوونی گۆڤار و ڕۆژنامەکان،ئەدەبی منداڵان لە ڕووی قەبارە و چەندێتی و چۆنییەتیەوە گۆڕانکاری گەورەی بەسەردا هات،شیعری منداڵانیش سەر لەنوێ لە بەرگێکی نوێ و قەشەنگدا بەرچاو دەکەوێت" لە بیستەکانی سەدەی بیستەوە شان بە شانی کتێبەکانی خوێندنی خوێندنگا کتێب و بەرهەمی ساکار بۆ منداڵان پەیدا بوون،کە ئامانجیان فراوانکردنی بیر و هۆشی منداڵان بوو،ئەم کتێبانە بەپلەی سەرەکی لە شیعر پێک دەهاتن و هەندێ جاریش شیعری وەرگێڕاویان دەگرتە خۆ "،(ئەحمەد،٢٠٠٥:ل٦٦). دەکرێت ئەم بەرهەمانە وەک سەرەتا و دەسپێکێک بۆ ئەدەبی نوێی منداڵان ئەژمار بکرێت.**

**،" بۆ یەکەم جار (ئەمین عالی بەدرخان ) کە کوڕی ناوداری گەلەکەمان بەدرخان پاشا یە،لە ساڵی (١٩١٩) شیعرێکی بە ناوی (دەلالیا زارۆکان ) یا(بنڤە لۆلۆ ) لە ژمارە (٦)ی (گۆڤاری کوردستان)ی ئەستەمبوڵدا بڵاوکردەوە ،کە وەکو لای لایە بۆ کوڕە بچوکەکەی نوسیوە،بە شێوەزاری کرمانجی ژووروو بە پیتی لاتینی"، (شوان ، ٢٠١٥ : ل ١٣٧ ).**

**بەڵام وەک باس دەکرێت،کە شیعری(دەلالیا زارۆکان )لە لایەن (زینۆ ) ناوێکەوە بڵاوکراوەتەوە لە هەندێ سەرچاوەدا .( فەرهاد پیربال ) دەڵێت: " ئەم پارچە شیعرە بە شێوەیەکی تەکنیکی تازە نووسراوە لە سەر شێوەی (چوار پارەیی) لە چوار کۆپلە دا ، قافیەکانی هەر کۆپلەیەک سەربەخۆن لە قافیەکانی پێش کۆپلەی خۆیان و پاش خۆیان ناچن جگە لەوەی بەزمانێکی کوردی خۆش و پاراو نوسراوە کە زیرەکی نوسەرەکەی و هۆشیاری سەردەمەکەیمان بۆ دەردەخات کە هەر لەوساوە بایەخ بە منداڵ و بە گۆشگردنی هۆشیاریانەی نەوەی تازە داوە"،( مەحمود ، ٢٠٠٤ : ل١٠٣)،هەروەها" ئەو پارچە شیعرەی(ئەمین عالی بەدرخان) کە باسی لێوە دەکات بەسەرەتای شیعری منداڵان دادەنرێت،هەروەها خۆ ئامادەکردن و هەنگاو نانە بۆ کەوتنە سەر ڕێگەی مێژووی ئەدەبی منداڵانی کورد.پارچە شیعرەکە لە حەوت کۆپلە پێک هاتووە ،هەر کۆپلەی دوو بەیتە و هەر بەیتەی سەروای خۆی هەیە ،لە ساڵی (١٩٣٢) دا لە گۆڤاری هاواریشدا لە ژمارە (٥) دا بۆ دووەم جار بڵاوبووەتەوە " ،(هەورامی ، ٢٠٠٥ : ل ١٦٧ ).ئەم شیعرە لە شێوەی لایلایەدا بۆ منداڵ وتراوە بەم شێوەیە دەست پێ دەکات :**

**بنڤە خوشیا دل و دوو چاڤان**
**دادی ژ ترا هەر رو نکهبان**
**وازو تو مظن برسلیمـــــان**
**بنڤە کزیامە بنڤە لــو لـــو ، ( مەحمود ، ٢٠٠٤ : ل ١٠٤ ) .**

**" کۆمەڵە شیعرێکی تر لە گۆڤاری هاواردا(١٩٣٢ ـ ١٩٤٣ )،لە ستونی (زاڕوان )،لە چەند ژمارەیەکدا بۆ منداڵان نووسراون،کۆمەڵە هەڵبەستێکی ناسک و پاراون بە زمانێکی پەتی و شێوازێکی سادەو ساکار بە شێوەی کرمانجی نووسراون " ،(هەورامی ، ٢٠٠٥ : ل١٧٢ ).**

**هەروەها ئەو گۆڤارانەی کە دواتر دەردەچوون ،هۆکارێکی تری ئەم گەشەکردنەی شیعری منداڵانە ،" گۆڤاری (گڕوگاڵی منداڵانی کورد ) یەکەمین گۆڤاری کوردییە لە هەموو کوردستاندا کە تایبەت بوو بە منداڵانی کوردەوە ، بە**

زمانی شیرینی کوردیمان دەرەچووو،سێ ژمارەی لێدەرچوو یەکەمین ژمارەی لە سەری ساڵی کوردی لە ڕۆژی نەورۆز دا کە ڕێکەوتی ڕۆژی یەکشەممەی (١٩٤٦/٣/٢١)ە ،لە مەهاباد ، کە پایتەختی کۆماری کوردستان بوو لە لایەن کارکەرانی چاپخانەی کوردستان،گەلێ بابەتی هەمە ڕەنگەی ڕۆشنبیری و ئەدەبی و پەروەردەیی و ڕێنمایی و زانستی و زانیاری گشتی بەسودیان بۆ منداڵان لە خۆگرتووە " ،( شوان ، ٢٠١٥ : ل ٢٠٨).هەروەها " لە ساڵی (١٩٤٩) بەرهەمی ( پاڵەوانی پاشە ڕۆژ ) ی ( عومەر عەبدولڕەحیم  و فەریدون عەلی ئەمین ) ، چاپکراوە ، کە ڕۆڵی گرنگی هەبوو لەو کاتەدا بۆ گەشەکردنی شیعری منداڵان " ،(ئەحمەد،٢٠٠٥:ل ٨٠ ).نەک هەر ئەوەندە،بەڵکو(هەر لەم قۆناغەدا لەساڵی شەستەکاندا هەندێک کتێبی شیعری منداڵان بڵاوکرانەوە وەک (چرۆ ، شێری ساختە ) ی کاکەی فەلاح ، و ( جریوە )ی ع . ع . شەونم لە ساڵی ١٩٦٦ دا "، ( ڕەئوف ، ٢٠١٥: ل ٣٢ ) . هەر لە ماوەی ئەم ساڵانە دا سرودێکی زۆری منداڵان نووسراونەتەوە لەلایەن ( گۆران ، بێکەس ، دڵدار ، زێوەر ... ) .
شیعری منداڵان لەگەشەی خۆی نەکەوتووە،تەنانەت لە سەرەتای حەفتاکاندا شیعری منداڵان پێدەنێتە قۆناغێکی نوێ ترەوە،" ئەم قۆناغەش بە دەرچوونی گۆڤاری(ئەستێرە)دەست پێدەکات،بەوەی کە سێ ژمارەی لە ساڵی(١٩٧٢-١٩٧٥)، پاشان گۆڤارەکە گوازرایەوە بۆ بەغداد و لە ساڵی(١٩٧٥)دا دوو ژمارەی دەرچوو. پاشان داخرا،جگە لەمانە چەند کتێبێکی شیعر بڵاوکرانەوە وەک (شاهۆ)ی عوسمان هەورامی و ،( وشە )ی جەمال نوری ،( پیاوە بچکۆلەکە ، کارژۆڵە ) ی فەرەیدون عەلی ئەمین ،( جگەرگۆشەکان ) ی کاکەی فەلاح،(جوانترین دێ)ی لەتیف هەڵمەت "، (ڕەئوف ،٢٠١٥: ل ٣٢ ).هەروەها " لە ساڵانی هەشتاکاندا،شێوازێکی نوێ لە شیعری منداڵاندا دەرکەوت وەک( وانەی تۆڵە ، نیگاری دێ )ی لەتیف هەڵمەت،( گۆرانی ڕۆژ ، بەچکە ماسی ، کچێکی ئازاد ، داغستان ، منداڵێکی ئاوارە )،( سۆلین )ی ڕۆستەم باجەلانی ،(ماڵ وخوێندنگا ، ئۆپەرێت )ی کاکەی فەلاح ،(ئارەزوو هەم شیعر ، هەم چیرۆک ، هەم وتار ) ی سروە و مەریوان نوری ، (باخچەی منداڵان ) ی ڕۆستەم باجەلانی  . ...."،( ڕەئوف ، ٢٠١٥ : ل ٣٣ ).وەک دەبینین،لە دوای ڕاپەڕینە مەزنەکەی ( ٥/ ٣/ ١٩٩١ ) لە باشوری کوردستان دا بارودۆخێکی گونجا و  و هەلێکی زێڕین هاتەکایەوە ، کە کاریگەری هەبوو لە سەر بواری ڕۆشنبیری و ئەدەبی منداڵانی کورد ، بە سەدان کتێبی شیعر و بابەتی هەمە جۆر نووسراون،چەندەها کتێبی هەمە ڕەنگەی منداڵان لە زمانی بێگانەوە وەرگێڕدرانە سەر زمانی کوردی ، ژمارەیەکی زۆر لە گۆڤاری منداڵان دەرچوون و هەندێکیشیان تا ئەمڕۆ بەردەوامە ، وەک ( پەپولە ١٩٩٢، پەڕسێلکە ١٩٩٢ ـ جگەر گۆشەکان ١٩٩٣ ، هەنگ ١٩٩٢ ، جریوە  ١٩٩٨ ، منداڵی سەردەم ، سمۆرە ٢٠١٠ .........هتد

**تایبەتمەندێتی شیعری منداڵان لەناو ئەدەبی نوێ و هاوچەرخدا .**

**شیعری منداڵان لە ناو ئەدەبی نوێ و هاوچەرخدا سیما و تایبەتمەندی خۆی هەیە .**

١ ـ " باوترین کێش ( کێشی پەنجە ) ، کە کێشێکی ئاسان و خۆماڵییە ، وتنەوەی لە سەر زمان ئاسانە ، هەروەها لە بارەی ژمارەی بڕگەکانەوە باشتر وایە بڕگەکان کورت بن ، بەڵام شیعریش هەیە بە کێشی سەربەست نوسراوە وەک (دەنکە گەنم ) ی گۆران  " ، ( ڕەئوف ، ٢٠١٥ : ل ٦٣،٦٢ ) .
٢ـ " زۆربەی شیعری منداڵان لە سەر شێوەی عەمودی نوسراون ،بەڵام گۆران لە شیعری ( دەنکە گەنم ) توانیویەتی بە شێوازێکی ئازادانە شیعرەکە بنووسێ و سەرکەوتنیشی بە دەستهێناوە،هەروەها ( لەتیف هەڵمەت) یش لە کتێبی ( جوانترین دێ ) کێش و بەندی کۆنی شکاندووە" ، ( ئەحمەد ، ٢٠٠٦ : (www.pertwk.com)

٣ . سەرواى شیعری منداڵانی ئەم ساڵانە زیاتر هەمەجۆرن .

٤ . بوونی هونەری ڕەوانبێژی لە ناو شیعری منداڵاندا ،شاعیران ڕەچاوی ئەوەیان کردووە ، کە دەبێت بە جۆرێکی سادەو ساکار بێت و لە ئاستی بیرکردنەوەی منداڵاندا بێت .

٥ . وشەی جوان و ناسک و سادەو ساکار بەکارهاتووە و واتاکانیان ڕوون و ئاشکرایە." لێکۆڵنەوەکانی نۆبڵ لە ساڵی ١٩٥٢ ئەوەی سەلماندووە تا زمان ڕوون و ئاسان بێت خێرایی فێربوون زیاد دەکات "،( نەقشبەندی ، ١٩٩٩: ل ٩٤ ) .

٦. ناوەڕۆکی ئەم هۆنراوانە بە شێوەیەکی گشتی بەها کۆمەڵایەتییەکانی تیا دەرکەوتووە ، وەکو پاکژی ، خۆشەویستی تەبایی ....هتد

٧. بە شێوازێکی ڕوون نووسراون،" ڕوونی شێواز هێزێکی کاریگەری بۆ سەر کەسێتی منداڵ هەیە جۆش و چەشە ئەدات بە دڵ و دەروونی و،ژیان لە ئاسۆی بیری منداڵاندا خۆشەویست دەکات لە دوو دڵی و گرێی دەروونی دووری دەخاتەوە "، ( نەقشبەندی ، ١٩٩٩: ل ١٠٠ )

## ٢/ ٢ / ٢ ) . شاعیرە دیارەکانی ناو ئەدەبی منداڵان

شاعیرانی کورد ئەو توێژە دیارەی ناو کۆمەڵگەن،کە خاوەنی هەست و سۆزی پاک و بەرزی نەتەوە و نیشتمانپەروەرین و خزمەتێکی گەورەیان بە زمان و فەرهەنگ و کلتوری کوردی کردووە و بەردەوام لە خەمی گەشەسەندن و پێشکەوتندا بوون بە لەبەرچاوگرتنی دۆخی خراپی(سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و زانستی) شیعرەکانیان لە خزمەتی خەڵک و بنیادنانی کۆمەڵگای پێشکەوتوودا نووسیوەتەوە.هەر ئەمەشە وای کردووە،کە زۆربەیان بەپەرۆشەوە ئاوڕیان لە ئەدەبی منداڵان داوەتەوە و بۆ خزمەتی منداڵانی کورد شیعری بەرز و باڵایان نووسیوە.دیارترین ئەو شاعیرانەی شیعری منداڵانیان نووسیوە ، بریتین لە :

### ١ / زێوەر (١٨٧٥. ١٩٤٨)

لەناو ئەدەبی منداڵاندا زێوەر یەکێکە لە شاعیرە هەرە دیارەکان و بە ڕابەری شیعری منداڵان دادەنرێت. زێوەری کورد و کوردستان پەروەر شیعرەکانی ئاسان و پڕ ئاواز و ناسک بوون، زۆربەیانی بە دەمی منداڵانەوە نووسیوە. هەر بۆیە لەناو پرۆگرامەکانی خوێندندا جێگەیەکی گەورەیان داگیرکردووە." پێویستە ئەوەش بڵێین شیعرەکانی زێوەر بۆ منداڵان هەندێکیان بۆ منداڵانی بچووک و سەرەتای خوێندن دانراون و هەندێکیشیان بۆ منداڵی هەراش .شیعرەکان هەندێکیان لە بیرۆکەی شاعیر خۆیەتی و خۆی دایناون ، هەندێکیشیان لە زمانی دیکەوە وەرگێڕراون و هەندێکی دیکەشیان بە کاریگەریی شیعری دیکە دانراون " ،(فەرهادی ،٢٠١٣:ل١٧ ). زێوەر لە شیعرەکانیدا کە بۆ منداڵانی کوردی نووسیوە گرنگی داوە بە (فێربوونی ژمارە و ڕۆژەکانی هەفتە و ئەرکی ڕۆژانە و....هتد)،ئەم شیعرەی (زێوەر ) بە ناوی (ژمارە) نموونەیەکە لە شیعری فێرکاری بۆ منداڵان .

| | |
|---|---|
| یەک و دوو سێ و چوار ئاسانە | تۆ بیژمێرەو بی زانە |
| پێنج و شەش کووا گرانە | ژمارەی زۆر ئاسانە |
| حەوت و هەشت و نۆ و دە | هەر کەس بی زانێ مەردە |
| کێ نایزانێ ژمـــــاردن | مەنعە لە یاری کردن |

خۆ من فێر بووم "حیساب "
ئەی گەورەی "عالی جەناب" ، (عارف ،١٩٥٨: ل ٨٨ ) .

هەر لەم چوارچێوەیەدا زێوەر خۆی دەڵێت: " عومرم لە خدمەتی پێخوێندنی جگەر گۆشەکانمانا بردە سەر ، بۆم هەوەس لەوە زیاترەو ئەوەی لە لای خۆشە ،لەبەر ئەمە هاتم هەندێ مەعلوماتی کە بۆ منداڵان پێویستە نزمم کرد بابە سەهلی پێیان لە بەربکرێ ،ئەم خدمەتەیش سەربار بێ" ،(بەرزنجی ،٢٠١٠: ل ٣٠ ).هەروەها " شیعرەکانی لە ڕادەی تێگەیشتنی منداڵی قۆناغەکانی تەمەنی (٨ ـ١٥ ) ساڵیدان،هەر چەند کێشی شیعرەکان تا ڕادەیەک درێژن بەڵام وشەی ئاوازەدارو سادەی شیعرەکە ،وای کردووە کە سود و خۆشی بە منداڵ بگەیەنێت " ،(مەحمود،٢٠٠٤ : ل١٢٣ ).عەبدوڵڵا زێوەر لە شیعرێکیدا منداڵان فێری ڕەوشتێکی باش دەکات هەر لە کاتی هەڵسانەوە لە خەو تا چوونە خوێندنگا .

هەموو بەیانی کە لە خەو هەستم

پاک ئەیشۆم چاو و ڕوومەت و دەستم

بەفرو با نەبێ سەریشم ئەشۆم

یەک دوو پارچە نان بە چاوە ئەخۆم

جلی شەو نووستن لە خۆم لا ئەبەم

بە جلی مەکتەب بە دەن ڕێک ئەخەم ، ( عارف ، ١٩٥٨: ل ٨٦) .

زێوەری شاعیر " بە قووڵی تێکەڵی جیهانی ناوەوەی منداڵان دەبێت و وەک ڕێنیشاندەر و مامۆستا و باوک بە زمانێکی ساکار و ڕەوان سەرنجی منداڵ ڕادەکێشێ بۆ ئەنجامدانی ئەرکی ڕۆژانەو خوێندن وخوێندنگا وفێری خۆڕاگری و دڵفراوانیان دەکات " ،(ئەحمەد ، ٢٠٠٥ : ل ٦٧) .لەگەڵ ئەوەشدا " تواناو لێهاتوویی شاعیری زێوەر لە شیعرێکەوە بۆ شیعرێکی تر بەهێزتر دەبێ، لەو بەرهەمانەیدا کە بۆ منداڵانی نووسیوە ، زێوەر جەوهەری پڕ بەهاو نرخدار بە زمانێکی ڕەوان باس دەکا و منداڵ بە خۆشەویستی نیشتمان و زانست و ئاشنا بوونی بە خوێندنگا گۆش دەکات،شاعیر تەنها بە بانگەوازو سەر زنشت باسی خۆشەویستی نیشتمان و دایک و باوک ناکا بۆ منداڵان،بەڵکو بە زمانێکی گەرم وگوڕو داهێنانەوە باسی جوانی خاک و نیشتمان دەکات " ، (هەمان سەرچاوە : ل ٦٧ ) .

## ٢ / گۆران (عەبدوڵڵا سلێمان ١٩٠٤ ـ ١٩٦٢ )

گۆران ڕابەر و شاعیری هەرە دیاری شیعری نوێی کوردی، کە بە شاعیری سروشت و جوانی ناسراوە، یەکێکی ترە لەو شاعیرانەی،کە لە ناو ئەدەبی منداڵاندا کۆمەڵێک شیعری بەرز و ناسک و بەسوودی بۆ منداڵان نووسیوە،تەنانەت لەسەر زمانی منداڵی ساواوە شیعری نووسیوە و تیایدا ڕوو لە گەورەکان دەکات و دەڵێت: .

جگەرتانین ، ساواتانین

گوڵی باخچەی هیواتانین

بزەی ناو بێشکەین بۆ دایکان

ڕووناکی چاوین بۆ باوکان.... )، (گۆران،٢٠١٣٨٦ل:٣١٨) .

زۆرترینی ئەو بابەت و کەرەستانەی گۆران گرنگی پێداون، لەو شیعرانەی کە بۆ منداڵی نووسیوە بابەتی (ئاشتیخوازی- مرۆڤپەروەری- دژایەتی چەوساندنەوە و زەبر و زەنگ – دزێوی – چەپەڵی)یە بۆ نموونە.

**ساوای ئاشتی خواز**

**مناڵێکی کۆرپەی ناز وەک باوکی خۆم ئاشتی خواز**
**کۆتری سپی تەقلەباز لەچەقەڵ ئەکەم دەرباز**
**مناڵێکم ،مناڵێکم ئاشتی خواز...... ...، ( گۆران ،١٣٨٦هەتاوی:ل٣١٧) .**

**هەر چەندە ژمارەی ئەو شیعرانەی،کە گۆران بۆ منداڵانی نووسیوە زۆر نییە،بەڵام کۆمەڵێک ئۆپەرێتی بە زمانی کوردی پەتی و سادە و ڕەوان نووسیوە بۆ نموونە لە شیعرێکدا بە شێوەیەکی سادەو سەرنجڕاکێش باس لە چاندنی گەنم دەکات کە وەکو وانەیەکی کشتوکاڵی پێشکەش بە منداڵانی دەکات و لە نۆ هەنگاوی شیکاریدا لە عەمبارەوە وەکو تۆو دەردەهێنرێت لە دوا هەنگاودا وەکو بەرهەم دەگەڕێتەوە عەمبار ،شیعرەکەش بەم شێوەیە دەست پێ دەکات :**

**ناوی خوای لێ ئەهێنم**
**دەرکی عەمبار ئەشکێنم .......، ( گۆران،١٣٨٦هەتاوی:ل٣٢٢) .**

**دوای چاندنی گەنم پێویستە نیشانە دژی چۆلەکەو دەرمانی تایبەت دژی کرم و مشک و...بەکاربهێنرێت بۆ ئەوەی تۆوەکە بپارێزێت.**

**پۆلە چۆلەکەی سەر چڵ**
**مشکی ناو کون کرمی گڵ..........، ( گۆران،١٣٨٦هەتاوی:ل٣٢٢) .**

**لە هەنگاوی سێیەمدا باسی ئەوە دەکات چۆن گەنمەکە دێتە بەرهەم، لە هەنگاوی چوارەمدا دەنکە گەنمەکە شین دەبێت و بەرز دەبێتەوەو لە هەنگاوی پێنجەمدا باس لە ڕێگەی پاراستنی کێڵگەکە دەکات ،لە هەنگاوی شەشەمدا کە بەهار دێت گوڵ دەردەکات .**

**بەهارێ قەف دەرئەکا ...**
**گوڵ تا بەرسنگ سەر ئەکا ... (گۆران،١٣٨٦هەتاوی:ل٣٢٢).**

**لە هەنگاوی حەوتەمدا هەوڵی بە دوور خستنی سن و کوللەو تەرزە لە دەرامەتەکە دەدرێت ، لە هەنگاوی هەشتەمدا وەرزێر داسەکەی دەبات و دەروێنە دەست پێ دەکات تا دەگاتە خەرمان و لە دوا کۆپلەدا دەڵێت .**

**هەر دەنکە بوو بە هەزار سوپاس بۆ تۆ کردگار! ..)، (هەمان سەرچاوە : ل ٣٢٢) .**

## ٣ / ع.ع.شەونم(عەلی عەبدوڵلا شەونم ١٩٢٥ ـ ٢٠٢٠)

**ع.ع.شەونم یەکێکە لەو شاعیرانەی چ وەک مامۆستا چ وەک شاعیرخزمەتی زۆری پێشکەش بە منداڵانی کورد کردووە و چەندین کتێبی شیعری بۆ منداڵان نووسیوە و چاپ و بڵاوی کردوونەتەوە .ع.ع.شەونم لە ماوەی کارەکەیدا وەک مامۆستا و سەرپەرشتیاری هونەری خوێندنگاکانی سلێمانی،زۆر لە جیهانی منداڵان و زمان و خولیاکانیان نزیک بووە،کە ئەمە**

تایبەتمەندێتی بە شیعرەکانی داوە و هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدا بووە، شیعری منداڵان بەرەو کامڵی بەرێت. شاعیر لە پێشەکی کتێبەکەیدا کە کۆمەڵە شیعری منداڵانە بە ناوی (جریوە)،باس لە ڕۆڵ و لێپرسراوێتی نووسەر و شاعیر دەکات لە پەروەردەکردنی منداڵاندا و دەڵێت : " ئەدەبی تایبەت بە منداڵان تەنها پێویستی بە هەڵوێستی داهێنەرانە نییە،بەڵکو هەڵوێستی زانستییانەشی پێویستە" ،(شەونم،١٩٦٦:ل٢)..ع.ع. شەونم لە شیعری (هەنگە بچکۆلە ) دا دەڵێت :

هەنگە بچۆلەم خۆش دەوێ

چونکە تا ئەمرێ ناسرەوێ

خۆی بچوکە گیانی بەرزە

پەندێکە بۆ هەڵە و هەرزە .... ، ( شەونم ،١٩٦٦: ل ٥٩ ) .

ئەم شیعرە وەک پەندێک بۆ منداڵان نووسراوە،کە وانەی ژیانیان فێردەکات و هانیان دەدات بۆ هەوڵدان و نەسرەوتن و ماندووبوون و کۆڵنەدان تا گەیشتن بە ئامانج و خەونەکانیان.منداڵ فێری ژیانی بە کۆمەڵ و هەرەوەزی دەکات.

## ٤ / کاکەی فەلاح (محەمەد محەمەد ئەمین قادر ١٩٢٨ ـ ١٩٩٠ )

شاعیری گەورەی کورد (کاکەی فەلاح) یەکێکە لەو شاعیرانەی،بە گرنگی و بایەخەوە سەیری منداڵانی کردووە و بەرهەمێکی زۆری بۆ منداڵان نووسیوە.دوو کتێبی بۆ منداڵان چاپکردووە و بڵاوی کردوونەتەوە بە ناوی( شەپۆلەکان ، جگەر گۆشەکان )، شاعیر لە پێشەکی دیوانی دووەمیدا نووسیویەتی : " ئەوەی ئەم خولیاو کەڵکەڵەی خستە سەرمەوە تەنها ئەوەیە،کە لە قوڵترین ناخی دڵ و دەروونمەوە سەرچاوەی خۆشەویستیەکی تەواو ڕوون و ئێجگار گەش هەیە و هەمیشە ڕوو لە پەرەسەندن و زیادییە بەرامبەر بە منداڵ، بڕوایەکی تەواو قووڵ و بێ سنوورم هەیە کە پێویستە بایەخێکی زۆر بە شیعر و چیرۆک و هەموو لقەکانی تری ئەدەب و ڕۆشنبیری منداڵ بدرێ "،(ئەحمەد ،٢٠٠٥ : ل ٨١).زۆر خۆشویستنی منداڵ هۆکارێکە وا لە شاعیران دەکات،حەز بکەن شیعر بۆ منداڵان بنووسن .(کاکەی فەلاح)پێی وایە شیعر وەک منداڵ پیرۆز و خۆشەویستە و جێگای خۆی هەیە لە ژیاندا و. " توانیویەتی شتێک بخاتە سەر سامانی شیعری نەتەوەی کورد،وە شەقڵی تایبەتی خۆی هەبێت،لە ساڵانی دەوروبەری کۆتایی جەنگی دووەمی گێتی دەستی داوەتە شیعر،شیعری لە ڕووی ڕوخسار و ناوەڕۆکەوە بە سێ قۆناغی گۆڕینی شیعری کوردی تێپەڕیوە لە سەدەی بیستەمدا ،لەشیعرەکانیدا کێشی حەوت و هەشت و دە بڕگەیی بەکارهێناوە ، یاری بە قافیە کردووە " ،(خەزنەدار ، ٢٠١٠ : ل ٦٠٨ ـ ٦٠٩ ).کاکەی فەلاح هەر چەندە خۆی وەکو پیشە مامۆستا نەبووە ، تاکو بەهۆی پیشەکەیەوە بچێتە ناو ناخی منداڵان و بە دنیا پەپوولەییەکانی ئەوان ئاشنا بێت ، ئەوەی کەوای لە شاعیر کردووە بۆ منداڵان بنووسێت تەنها خۆشەوستێتی بۆ منداڵانی کورد.ئەو شیعرانەی، بۆ منداڵانی نووسیوە ،پڕن لە بەهای پەروەردەیی زۆر جوان و گرنگ،کە پێویستە لەناو ئەدەبی منداڵاندا هەبێت،لەوانە ڕێنماییکردنی منداڵان و ئاژەڵدۆستی و زانست و زانیاری و بایەخییشی داوە بە سرووودی نیشتمانی و نەتەوایەتی. ئەمەش نموونەیەکە لە شیعری منداڵانی کاکەی فەلاح.

هەنگەکەم

ئەی هەنگی ویزەخۆشم        وەکوو تۆ تێدەکۆشم

چاوم لە تۆیە وردی        ئای چەن بەدەست وبردی

جێی بەرز ئەدۆزێتەوە          هەڵاڵە دەچنێتەوە

شیلە و هەڵاڵەی بۆنخۆش          دەکەی بە هەنگوینی نۆش...(فەلاح،٢٠٢٠:ل١٨٠).

### ٥/ مەدحەت بێخەو : ١٩٣٤-

شاعیر ماوەیەکی دورودرێژە شیعر دەنووسێت و شیعری منداڵانیشی فەرامۆش نەکردووە،بەتایبەتی گرنگی داوە بە ئۆپەرێت و چیرۆکە شیعر.بێخەو شاعیرێکی نیشتمانپەروەر و پێشکەوتنخواز بووە،بەشی زۆری ئەو شیعرانەی بۆ منداڵانی هەراش نووسیوە . شاعیر مامۆستا نەبووە بەڵام توانیوویەتی گرنگییەکی زۆر بدات بە شیعری پەروەردەیی و سروودی منداڵان.زۆربەی شیعرەکانی کراون بە گۆرانی و سروودەکانیشی لە قوتابخانەکاندا دەگوترێنەوە.لە زۆربەی شیعرەکانیدا باس لە گرنگی خوێندەواری و خوێندن و تێکۆشانی کردووە.چونکە زانیوویەتی خوێندن تیشکی ڕووناکییە و ڕێگا ڕۆشن دەکاتەوە و بەرەو لوتکەیان دەبات و قوتابخانەشی لەلا خۆشەویست بووە و بەمەڵبەندی یەکەمی خوێندن و زانستی زانیووە.هەر وەک لەم شیعرەدا دەڵێت:

قوتابخانەکەم چەند خۆشەویستی

بۆ ئێمە ڕێگەی زانین و هەستی

هەر تۆی سەرچاوەی ڕووناکی و شادی

تۆی بۆ نیشتمان شەوقی ئازادی.....(فەرهادی،٢٠٢١:ل ١١٩).

### ٦/ فایەق بێکەس : ١٩٠٥ - ١٩٤٨

شاعیری گەورەی کورد(فایەق بێکەس)وەک شاعیر و مامۆستا زۆر لە ناخ و حەز و خولیای منداڵانەوە نزیک بووە،لەبەر ئەوە شیعرەکانی پڕ کردووە لە گیانی خۆشەویستی و ڕەوشت بەرزی و چاکە و جوانی و سروودی نیشتمانی و وەرزش و خۆشەویستی دایک و خوێندنگاو زانست و بەها پەروەردەییەکان بە گشتی . بۆ نموونە لەم شیعرەدا هانی منداڵ دەدات بۆ یاریکردن و دڵخۆشی و دەڵێت :

یاری کە،ڕاکە، پێکەنە

جلی بێکاری داکەنە

دەماری سستی هەڵکەنە

یاری کە ، ڕاکە ، پێکەنە ..... )، ( مەلا کەریم،٢٠١١:ل١٨٨) .

### ٧/ لەتیف هەڵمەت ١٩٤٧- لە ژیاندایە .

لەتیف هەڵمەت مامۆستا نەبوو،بەڵام تا ڕادەیەکی زۆر لە جیهانی منداڵان و لە خواست و خەونەکانیان نزیک بووەتەوە و توانیوێتی بە زمانی سادە و ساکاری ئەوان شیعر بۆ منداڵان بنووسێت.لەتیف هەڵمەت نوێخواز و داهێنەربووە،یەکێکە

لەو شاعیرانەی کە گرنگی و بایەخێکی زۆری داوە بە وەرگێڕانی شیعری منداڵان لە زمانەکانی ترەوە بۆ سەر زمانی کوردی .لەتیف هەڵمەت لە پەرتوکی (مانگ لە نێوانی هەزارویەک ئەستێرەدا دەنوێ)،کۆمەڵێک شیعری لە زمانی عەرەبییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی،کە منداڵ بۆ منداڵانیان نووسیون . لەتیف هەڵمەت لە زۆربەی بوارە ئەدەبییەکاندا دەسترەنگینی خۆی زۆر بە جوانی نواندوە ،لە ئەدەبی منداڵانیشدا بەهەمان شێوە شیعری منداڵانی کردووەتە دەروازەیەک بۆ پیشاندانی ژیانی منداڵی خۆی و منداڵانی تر .هەر بەرهەمێکی ئەدەبی نووسیبێت،پڕن لە وشەی مانادار و بەپێز و مۆسیقای دەرەوە و ناوەوەی شیعرەکانی لەگەڵ ئەزموون و بۆچوونەکانی خۆی تێکەڵکردووە،داهێنان و نوێکاری تێدا کردووە،" بەگشتی ئەزموونی لەتیف هەڵمەت لە بواری ئەدەبی منداڵاندا،ئەزموونێکی دەوڵەمەند وپڕ بایەخە و پێگەیەکی مەزنی هەیە، سەرکەوتوویی و لێهاتوویی شاعیر لە بواری ئەدەبی منداڵاندا بۆ شارەزایی و لێزانی لە دنیای منداڵاندا دەگەڕێتەوە.هەر وەک خۆی دەڵێت دەتوانم بڵێم بەشێکی زۆری منداڵێتیم لە ناخی خۆمدا پاراستووە لەو ڕوانگەیەوە کەوتمە نووسین بۆ منداڵان" ،(جاسم ، ٢٠١٨:ل ٨١ ).هەڵمەت لەم شیعرەیدا خۆی دەگەڕێنێتەوە بۆ قۆناغی منداڵی و دەست بە وێنەکێشان دەکات .

وێنە دەکەم ..وێنەی جوان
وێنەی ئەستێرە و ئاسمان
وێنەی دەفتەر و قەڵەم
وێنەی قوتابخانەکـــەم ......، ( هەڵمەت ، ١٩٨٩ : ل ١٧ ) .

## ٨/ دایکی سۆلاڤ (١٩٢٨- لە ژیاندایە).

شاعیر(سەبریە نوری قادر)هەر لە منداڵییەوە هۆگری خوێندنەوە بووە،لە تەمەنی منداڵیدا چەند شیعرێکی سادەی بۆ جوانی بەهار و شاخەکانی گۆیژە و ئەزمەڕ نووسیوە،لە ڕێگەی شیعرەوە ڕێنمایی منداڵانی کوردی کردووە.شیعرەکانیشی سادە و ساکارن،بە زمانێکی شیرین و کوردی پەتی و ڕەوان نووسراون،بەشێکیان کراون بە گۆرانی،لە بەلجیکا و ئەڵمانیادا کۆڕی خوێندنەوەی شیعری منداڵانی سازکردووە،لەچەند کەناڵێکی ئاسمانی کوردیشدا دیمانەیان لەگەڵدا کردووە، شیعری بۆ منداڵان خوێندووەتەوە،" لە ساڵی (٢٠٠٣ -٢٠٠٤)دا لە حەوت ژمارەی گۆڤاری (نی ڤۆخ- بەهاری تازە) کە لە نەرویج دەردەچێت ،شیعری بۆ منداڵان بڵاوکردووەتەوە،چەند شیعرێکیشی بۆ منداڵان لە گۆڤاری کوردی ،کەلە وڵاتی (ئوسترالیا) دەردەچوو بڵاوکردووەتەوە،چوار پارچە شیعریشی بۆ منداڵان لە گۆڤاری (کوردیلەکان) کە لە وڵاتی نەرویج دەردەچێت بڵاوکردووەتەوە و هەروەها لە چەند ژمارەیەکی گۆڤاری (تەوار) یشدا کەلە سلێمانی دەردەچێت ،چەند شێعرێکی بۆ منداڵان و چەند بابەتێکی دەربارەی ژنان بڵاوکردووەتەوە لە (بەلجیکا)و(ئەڵمانیا)لە(سوید)کۆڕی خوێندنەوەی شیعری بۆ منداڵان سازکردووە"،

(https://manumedia.org).دایکی سۆلاڤ هەر بە شیعر نووسینەوە نەوەستاوە و حەزیشی لە هونەری وێنەکێشان کردووە و وێنەی کێشاوە.دایکی سۆلاڤ لەم شیعرەدا کوردستان بە دایک و باوکی دەزانێت .

| | |
|---|---|
| وڵاتەکەم باوکمـــە | لە گوێما بە لای لایە |
| نیشتمان دایکمــــە | بە دەنگی خۆشی دایە |
| خاکەکەم زۆر شیرینە | کە پێی وتم نیشتمان |
| بەهەشتێکی ڕەنگینـە | شیرینترە لە گیان |

( شوان)،(https://www.regaykurdistan).

## تەوەری سێیەم : شیعری منداڵان و پرۆسەی پەروەردە و خوێندن.

### ٢ / ٣ /١) . مێژووی هاتنە ناوەوەی شیعری منداڵان بۆ ناو پێڕەو و پرۆگرامی پەروەردە و خوێندن .

لە باسکردنی پرۆسەی پەروەردەدا فەلسەفەی پەروەردە سەرهەڵدەدات،چونکە هەموو پەروەردەیەک فەلسەفە و ئامانجێکی تایبەت بە خۆی هەیە .فەلسەفەی پەروەردەش " هەوڵێکی مەبەستدارە بۆ پیادەکردنی هزری فەلسەفی لە بواری پەروەردەییدا یاخود پیادەکردنی ئەو دید و بۆ چوونە فەلسەفییە گشتییانەی کە پێکهاتەکانی پەروەردە و فێرکردنیان پێدەبینرێ،هەروەها گەڕانە بە شوێن زانین و بەهاکان ، رەخنە گرتنە لەو ئەگەر و سەلمێنراوانەی کە بە پێی گۆڕانکاریەکانی کۆمەڵ ئەرکی ڕێکخستن و ڕاستکردنەوەی پرۆسەکانی پەروەردە دەگرێتە ئەستۆ " ،(محەمەد ، ٢٠٠٨ : ل ١١١ ).فەلسەفەی پەروەردە ئامانج و ئەرکی خۆی هەیە ، کە دەبێت ئامانجی پەروەردە بە دی بهێنێت ، ئەرکیشی ڕێکخستنی ناوەڕۆک و پرۆگرامی خوێندنە،" پەروەردە وەک دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی کۆمەڵێک ئەرکی کۆمەڵایەتی هەیە،چونکە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی تری وەک ئابووری ، کەلتور ، ئاین و سیاسەتەوە هەیە ،هەموو کاتێکیش لە حاڵەتی گۆڕاندایە، بۆ ئەوەی بتوانێت خۆی لە گەڵ دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکان بگونجێنێت ،چونکە بەها کۆمەڵایەتییەکان ، ئیعتیباری وەک یەکیان لە درێژایی زەمەندایە ، هەر بۆیە ئەم بەشانەی لە گەڵ هەلومەرجی سەردەم ناگونجێن ،وەلا دەنرێن و بە پێچەوانەوە بەهای نوێ پەیدا دەبن " ، ( مەغدید ، ٢٠١٧ : ل ٣٦ ).دوو شت لە خوێندنگادا گرنگن : یەکەمیان بوونی پێڕەو و پرۆگرامی خوێندن ، دووەمیان مامۆستایان،کەپایەو و کۆڵەکەی پەروەردەو فێربوون و فێرکردنن. هاتنە ناوەوەی شیعری منداڵان بۆ ناو پێڕەو و پرۆگرامی خوێندن وپەروەردە دەگەڕێنەوە بۆ مێژوویەکی دێرین،کە ئەویش سەرەتای پەیدابوونی حوجرەی فەقێیانە لە کوردستاندا،واتە بۆ سەرەتای پەیدابوونی مزگەوت و مەلایەتی.بە پێی سەرچاوە مێژووییەکان دەبێت مزگەوت بووبێتە شوێنی خواپەرستی و سەرچاوەی دینداری و فێرگەی فێرخوازان ،" لە سەدەی شەشەمی کۆچیدا لە سەر دەستی ئەمیرێکی ئەتا بەگی کە ناوی ( ئەبت مەنسور سەرفە تەکین ) بووە ، وا دەگەیەنن ، کە(خدری کوڕی نەسڕی کوڕی عوقەیل )لە ساڵی ( ٤٨٧ ک . ١٠٨٥ ز )لە بەغداد لەسەر دەستی زانا شافیعی مەزهەبەکاندا خوێندنی ئاینی ئەو کاتە تەواو دەکات و دەگەڕێتەوە هەولێر،ئەمیر مزگەوتێکی بۆ بنیات دەنێت بۆ ئەوەی دەرسی تیا بڵێتەوە ، مزگەوتەکەش بە ناوی باپیری ئەو مەلاوە ناودەنرێت مزگەوتی عوقەیلی " ،(هەورامی ، ٢٠٠٨ : ل ٢٧٨) .بێگومان حوجرەکان پێڕەوی خوێندنی تایبەت بە خۆیان هەبووە،کە لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر جیاواز بوون.لە هەندێ شار و دێهاتەکانی کوردستان لە پاڵ حوجرەشدا سوختەخانەی فێرکردنی منداڵان هەبووە،کە تێیدا پاش فێربوونی خوێندنەوەی قورئان و خەتمکردنی،ئینجا نۆبەی فێربوونی نووسین دەستی پێدەکرد،" حوجرە و سوختەخانەکان پرۆگرامی خوێندنی خۆیان هەبوو ، بەڵام بە پێی ناوچەکان جیاواز بوون بۆ نموونە ( ئەحمەدی ) یەکەی (شێخ مارفی نۆدی ) فێرخوازانی ناوچەی سلێمانی و دەشتی هەولێر و کۆیە و باڵکان دەیانخوێند ،بەڵام لە ناوچەکانی کرمانجی ژووروودا( نەوبەهار ) ی ( ئەحمەدی خانی ) دەخوێنرا ،لە هەندێک ناوچەی تری کوردستان هەندێک لە شیعرەکانی ( پەندی عەتار ) و ( گوڵستان و بۆستان ) ی ( سەعدی شیرازی ) دەخوێنران ، بەڵام لە ناوچەکانی هەورامان و ئەردەڵان ( ڕۆڵە بزانی) و ( ئاسمان و زەمین ) دەخوێنران بە زاری هەورامی "،(هەمان سەرچاوە: ل ٣١٠ . ٣١١) .حوجرە ڕۆڵی خوێندنگای گێڕاوە و زیاتر لە هەشت سەدەیە لە کوردستاندا هەیە ، سەرەتای دەست پێکرنی خوێندەواری ڕۆڵەی کورد دەگەڕێتەوە بۆ حوجرەکان ئەگەر سەیری پێڕەو و پرۆگرامی خوێندنەکانیان بکەین،شیعر یەکێک بووە لەو وانانەی کە لە حوجرەکان خوێنراوە،کاری

**ماموستاش ئەوە بووە،زمان و مێژوو و کەلتوری کۆمەڵگاکەی بیکاتە پێڕەوی حوجرە،خوێندنی ناو حوجرەکانیش وەکو هەر سیستەمێکی تر،سێ کۆڵەکەی سەرەکی هەبووە( پرۆگرام ، فێرخواز ، ماموستا)،هەر لە ناو پێڕەوی حوجرەکاندا کۆمەڵێک وردە کتێب هەبوون،کە منداڵان لە سوختەخانەکان دەیانخوێند پێش ئەوەی ببن بە فەقێ لەوانەش : .**

**١ . ئیسماعیل نامە ( کۆمەڵێک کورتە چیرۆک ) بوون .**

**٢ . باغەبان ( ٤٨ ) بەیتە شیعرە .**

**٣ . ناگەهان ( چیرۆک ) .**

**٤ . سەنگتراش ( ٤٦ ) بەیتە شیعرە .**

**٥ . نان و ماست ( ٣٢ ) بەیتە شیعرە .**

**٦ . بیاداود ( وەرە داود ) (٥٤ ) بەیتە شیعرە (هەمان سەرچاوە:ل ٣١٢ . ٣١٤) .**

**ڕاستە ناوەڕۆک و ڕوخساری ئەم هۆنراوانە بۆ منداڵان گونجاو نەبوون و دوور بوون لە دنیای منداڵان ، بەڵام سەرەتا و مێژووی خوێندنی شیعرە لە پرۆگرامی خوێندندا،هەروەها ئەو کتێبانەی لە حوجرەکاندا بە منداڵانی کورد دەخوێنران،بەهەمان شێوە شیعر یەکێک بووە لە وانەکان بۆ نموونە : .**

**١ . سیپارە : بۆ فێربوونی ئەلف و بێ بووە .**

**٢ . خوێندنی قورئان .**

**٣ . خوێندنی عەقیدەی کوردی .**

**٤ . مەولوودنامەی کوردی .**

**٥ . ئیسماعیل نامە بە فارسی .**

**٦ . ئەی شودە بە فارسی .**

**٧ . پەندی عەتتار بە فارسی .**

**٨ . گوڵستانی حافیزی شیرازی .**

**٩ . نەوبەهاری ئەحمەدی خانی ( فەرهەنگە بە شێوەی شیعر ).**

**١٠ . ئەحمەدیەی شێخ مارفی نۆدێ ( فەرهەنگە بە شێوەی شیعر ).**

**١١ . سەماو زەمین ( شیعرە ).**

**١٢ . ڕۆڵە بزانی ( شیعرە )،( هەورامی ، ٢٠٠٨ : ل ٣٣٤. ٣٣٥) .**

**کەواتە لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت خوێندنی منداڵانی کورد لە حوجرەکانەوە دەستی پێکردووە ،وەشیعر یەکێکە بووە لە وانەکانیان ،چونکە هەر لە زووەوە ئەوە ئاشکرا بووە،کە شیعر گەورەترین کاریگەری لە پەروەردە و فێرکردنی منداڵاندا هەیە،بۆیە شیعر بووە بە پشکێک لە پەرتووکی خوێندنەوە،بەڵام خوێندن هەر لە چوار چێوەی حوجرەو مزگەوتەکاندا نەماوەتەوە،بەڵکو " لە ساڵی (١٨٦٥ )کە حکومەتی عوسمانی نیزامی تەشکیلاتی ویلایاتی راگەیاند،کەوتە کردنەوەی چەند خوێندنگایەک و سلێمانیش هەر ئەو رۆژگارە بە هەوڵ و کۆششی پیاوانی وەک:(ئەحمەد پاشای بابان ) و (سایمان غەواس ) هەلی بۆ هەڵکەوت و ساڵی (١٨٦٨ ) یەکەم خوێندنگای روشدیەی موڵکی کرایەوە ،پاشان لە گەڵ هاتنی (مدحت پاشا )دا و لە یەکەم هەنگاویدا چەند خوێندنگایەکی روشدیەی سەربازی لە چەند شارێکی سێ ویلایەتەکەدا کردەوە ،یەکەمیان لە ساڵی( ١٨٦٩)لە بەغداد کرایەوە، بە هەوڵ و**

ماندوبوونی (سەعید پاشا خەندان )، کە وەزیری بابی عالی و خەڵکی شاری سلێمانی بوو،توانرا لە ساڵی (١٨٩٣ ) یەکەم روشدیەی سەربازی لە سلێمانیش بکرێتەوە "،(شوانی ، ٢٠٠٢ : ل ٥٨ ـ ٥٩ ).بێگومان ئەم قوتابخانانە پێڕەو و پرۆگرامی خوێندنی خۆیان هەبوو ، ئەو وانانەی خوێنراون " رێبازی زانستی ئایینی و رێزمانی عەرەبی و تورکی و ، رێنوس و دارشتن، رێزمانی فارسی ، ژمارە ، وێنە ، ئەندازیاری، مێژووی گشتی و مێژووی عوسمانییەکان، جوغرافی" ،(ئەحمەد ، ١٩٨٢: ل ٣٤ ).ئەگەر سەیری ئەو وانانە بکەین ،وانەیەکی تایبەت بە زمانی کوردی تێدا نەبووە ،زمانی خوێندنیش بە تورکی و فارسی و عەرەبی بووە .لێرەدا ناتوانین ئاماژە بە بوونی هیچ شیعرێک بکەین بۆ منداڵانی کورد،لە ناو پرۆگرامی خوێندندا.بەم شێوەیە سلێمانی دەبێتە خاوەنی دوو خوێندنگای موڵکی و سەربازی ، هەرچەندە منداڵان سەرەتا هەر لە حوجرەکانەوە دەستیان پێدەکرد،واتە حوجرەکان جێگەی خوێندنگای سەرەتاییان گرتبووەوە، " فێرخوازانی ئەم خوێندنگایە زیاتر منداڵی کورد بوون و خوێندنگایەکی کلدانی و یەکێکی جولەکەکانیش لە ناو سلێمانیدا هەبووە"،(شوانی ،٢٠٠٢ : ل ٦٢ ). زۆر لە نووسەر و دڵسۆزانی کورد داوای خوێندن و خوێندەواری و چوونە خوێندنگایان لە رۆڵەی کورد کردووە، هەروەها زۆر وتاریان لە رۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاوکردووەتەوە، کە تیایاندا هانی رۆڵەی کوردیان داوە بۆ خوێندن .( کەمال رەئوف محەمەد )لە نووسینێکیدا باس لە کردنەوەی خوێندنگایەکی کچان لە سلێمانی دەکات و دەڵێت " بە بەڵگەوە بۆم ساغ بووەتەوە یەکەم خوێندنگای کچان دامەزراوە لە گەرمەی جەنگی جیهانی یەکەمدا ،یەکەم ئافرەتی کوردی سلێمانی ( مەلیحە خانی نەزهەت ئەفەندی)رێبەری بووە ،دامەزراندنی ئەم خوێندنگایە دەگەرێتەوە بۆ هەوڵ و کۆششی لقی سلێمانی کۆمەڵەی ئیتیحاد و تەرەقی چونکە ( مەلیحە خان ) خێزانی ( عەبدوڵڵا نور موهتەدی ) بووە ، کە ناوبراو بەر لە هاتنی بۆ سلێمانی لە موسڵ سەر بە رێخراوەکە بووە " ،(کاکە سور ،٢٠٠٤ : ل ٢٩ ) .شایانی باسە لەو سەردەمانەدا هەرچەنێک خوێندنگا هەبووبێت گرنگیان نەداوە بە خوێندنی زمان و ئەدەبی کوردی ،" بە پێی ئاماری فەرمی سەبارەت بە خوێندنگای حکومی لە ویلایەتی موسڵ بۆ ساڵی ( ١٩٥٠ )دەگەرێتەوە،دەرکەوتووە کە لە شاری موسڵ دواناوەندییەکی مەلەکی پێنج پۆلی و دوو خوێندنگای سەرەتایی هەبووە لە پێنج قەزاکەی موسڵیش(ئامێدی ،زاخۆ ، دهۆک ، ئاکرێ ، سەنجار )و دەوروبەری پێنج خوێندنگای روشدیە و دوازدە خوێندنگای سەرەتایی هەبووە ،بەڵام لە هەردوو لیوای(سنجقی)کەرکووک و سلێمانی نۆ قەزاکانی رواندز،کۆی سنجاق،رانیە و هەولێر ،سلاحیە ( کفری )،گوڵعەنبەر ( هەڵەبجە )،معمورە الحمید( قەڵادزێ ) ،بازیان ، شارباژێر و نۆ خوێندنگای روشدیەی ناوەندی و شازدە خوێندنگای سەرەتایی،و خوێندنگایەکی روشدیەی سەربازی لە سلێمانی هەبووە،کە دەرچووانی ئامادە دەکرد بۆ چوونە دواناوەندی (سەربتزی )لە بەغداد"،(عەبدوڵڵا،٢٠١٠ :١٠٢).دەوڵەتی عوسمانی بایەخی نەداوە بە دابینکردنی خوێندنگای پێویست لە زۆربەی شار و شارۆچکەکانی کوردستان، گومانیش لە وەدا نییە،کە بایەخیشی نەداوە بە پێڕەو پرۆگرامی خوێندنی کوردی.پاش نەمانی دەوڵەتی عوسمانی یەکەمین خوێندنگای رەسمی لە کۆیە کرایەوە لە ساڵی (١٩٢٠)،چەندین خوێندنگای تری سەرەتایی لە هەولێر و سلێمانی و زاخۆ و ئاکرێ ... کرانەوە .لەم سەردەمەدا زمانی عەرەبی لە خوێندنگا رەسمییەکاندا جێگەی زمانی تورکییان گرتەوە ، لە گەڵ ئەوەشدا بایەخ بە زمانی کوردی دەدرا.بەریتانییەکان بەتایبەتی(میجەر سۆن)لەو رووەوە کاریگەرییان هەبوو،سەرەتای بوونی پەرتووکی خوێندنەوەی کوردی بۆ قۆناغی یەکی سەرەتایی دەگەرێتەوە بۆ وەرگێرانی پەرتووکی عەرەبی پۆلی یەکی بنەرەتی، ئیدی هەر لەو کاتەوە شیعر بۆ منداڵان هاتووەتە ناو پرۆگرامەکانی خوێندنەوە ، " بەشێکی زۆری ئەم کتێبانە لە لایەن نووسەران و رۆشنبیرانی سلێمانییەوە وەرگێراونەتە سەر زمانی کوردی بۆ نموونە : رەشید نەجیب ، عەبدولقادر قەزاز ، فایەق بێکەس ، شێخ محەمەدی خاڵ ، فوئاد رەشید ، عەبدولواحید نوری

..".(کەریم ، ٢٠١٢: ل٢٣٤ )بە پێی گەڕانمان بە ناو پرۆگرامی خوێندنی قۆناغی سەرەتایی ئەو ساڵانەی،کە خوێندنی تێدابووە بە کوردی بە پێی ئەو سەرچاوانەی لە بەر دەستان دەگەڕێتەوە بۆ وەرگێڕانی کتێبەکەی(ابو خلدون) بۆ قۆناغی یەکەمی سەرەتایی ،هەروەها( الف و بی ی کوردی )لە ساڵی (١٩٣٦ ) دانراوە و خوێنراوە لە سلێمانی لەلایەن(حامد فەرەج)ەوە چاپکراوە بریتیبووە لە کتێبێکی قوتابخانە بۆ پۆلی یەکی بنەڕەتی،کۆمەڵێک شیعری منداڵانەی تێدایە بە ناوی(فڕندە، ئەسپە ئاسنینە،ئەستێرە....،بەڵام لە پەرتووکی (الفبا ی کوردی ) لە لایەن ( احمدی عزیز اغا ) دانراوە لە ساڵی (١٩٣٦) ، لە چاپی سێیەمدا شیعری تێدایە بۆ فێرخوازانی قۆناغی سەرەتایی وەکو :

ای مندالینە بابچینە مکتب
بو وەرگرتنی اخلاق و ادب
امرو زەمانی علم و عرفانە
بو دەردی جهل مکتب دەرمانە ..........ل ٤١

هەروەها لە پەرتووکی ( الف بی کرمانجی ) دا شیعری تێدا بووە بۆ قۆناغی سەرەتایی ،بەڵام بە شێوەیەک نووسراوە جوان ناخوێنرێتەوە،لەبەر کۆنی نووسینەکەی وپەرتووکەکە،پەرتووکی( خوێندنەوەی کوردی ) بۆ پۆلی سێیەم لە لایەن ( محمد بهجت الاثری، عبدالحمید کاظم، رشید سلیی ) دانراوە لە لایەن ( عبدالخالق قطب) کراوە بە کوردی ، لە ساڵی ( ١٩٤٧ ) دا نۆ شیعری بۆ منداڵان تێدایە زۆربەیان هی( زێوەر) ی شاعیرن بۆ نموونە : .

تۆپ

توپەکەم شیرینە شکلی　　　شەکرە سیو بکە خرو جوان
سیوەکە ئەخوری بەلام ئەو　　　بو گەمە ئەی هینمە مەیدان .......... ل ١٥

هەروەها (لە(١ / ٢ / ١٩٤٨ ) دا،( ئیبراهیم ئەمین باڵدار )ڕاسپێردرا، کە هەر بە تەنها خۆی لە دێی جوانی (جاسەنە) لە بناری شاخی هەژدیهای پاڵ کێوی ساراوە لە سەرچاوەی ئاوی کانیخان،کە لە ناوچەی سورداشە، نزیک شاری سلێمانی خوێندنگایەکی سەرەتایی بۆ یەکەم جار دامەزراند،لەم خوێندنگایەدا دەستیکردووە بە دانانی پرۆژەی پرۆگرامی خوێندنی ئەلف و بێی کوردی بۆ قۆناغی یەکەمی سەرەتایی و دوو شیعری خۆی کردووەتە ناو پرۆگرامەکەوە بە ناوی پشیلەکەم و پەپولە).(ئەحمەد ،٢٠١٨: ١٣ ) .

پشیلەکەم
پشە خرپنەی چاو کاڵ
خۆشەویستەکەی ناو ماڵ
ئەندام توکنی خاڵ خاڵ
سمێڵ درێژی لوت ئاڵ ............. ل ١٤٢

پەپولە
پەپوولەی جوان و ڕازاو

ئیسک سوکی باڵ نەخشاو

تۆ کەی هاتی بۆ لامان

بەخێر هاتی سەر چاومان ............. ل ١٤٢

هەروەها لە پرۆگرامی ( ئەلف و بێ ) ی ( ئیبراهیم ئەمین باڵدار ) کە لە ساڵی ( ١٩٥١ ) دایناوە بۆ پۆلی یەکەمی بنەڕەتی ، لە چاپخانەی ( نەجاح ) لە بەغداد چاپکراوە ، شیعری بۆ منداڵان تێدایە بە ناوی ( چوونە مەکتەب ) لە لایەن ( زێوەر ) ی شاعیرەوە نووسراوە .

چوونە مەکتەب

هەموو بەیانی یان کە لە خەو هەستم

پاک ئەیشۆم چاو و روومەت و دەستم

بەفرو با نەبێ سەریشم ئەشۆم

ئینجا بەر چایی بە خۆشی ئەخۆم ............... ل ٨٤

هەروەها بۆ جاری دووەم لە ساڵی( ١٩٥٣)دا پەرتووکی ( ئەلف و بێی نوێ)ی بۆ منداڵانی قۆناغی یەکەمی سەرەتایی داناوە، پەرتووکی خوێندنەوەی کوردی پۆلی دووەمی سەرەتایی لە لایەن ( د.متی عقراوی ) و(محمد ناصر ) دانراوە و ( رشید نجیب ) لە ساڵی (١٩٥٥)وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی،چاپی چوارەم،شەش شیعری تێدایە بەڵام لە عەرەبییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی .بۆ نموونە : .

دایکم

دایکی شیرینم چەند خۆشەویستی

بۆ ژیانی من چەند پێویستی

لە بەر من بە شەو ئازار ئەکێشی

نەکو دەرکەوم ، تاکوو دام پۆشی .......... ل ٣٨

لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت بوونی شیعری منداڵان لە ناو پێڕەو و پرۆگرامی خوێندن مێژوویەکی هەیە ، بێگومان ئەمەش کاریگەری و گرنگی شیعری منداڵان دەردەخات لە پەروەردەو خوێندندا چونکە وەکو ڕۆسۆ دەڵێت : "پێویست ناکات مامۆستا ئامۆژگاری و نەهی کردن پێشکەش بە منداڵ بکات،بەڵکو پێویستە ڕێگای بۆ بکاتەوە و ئاڕاستەی بکات بۆ دۆزینەوە لە لایەن منداڵەکە خۆیەوە "،( البکر :ل ١٣ ) .

## ٢ / ٣ /٢) . شیعری منداڵان و کاریگەری لەسەر پرۆسەی پەروەردە و فێربوون

بێگومان شاعیرو نوسەران ئامانج و پەیامی خۆیان هەیە لە بەرهەمەکانیاندا،ئەو شاعیر و نوسەرانەش ،کە بۆ منداڵان دەنووسن،بە هەمان شێوە پەیامی خۆیان هەیە بۆ منداڵان بە گشتی و منداڵانی کورد بە تایبەتی .ئەو دەروازەیەی کە منداڵانی کورد هەیانەبۆ فێربوون و پەروەردەکردن ،لە دوای دایک و باوک و خێزانەکانیانەوە ،باخچەی ساوایان و خوێندنگاکانن ، کەتێیاندا گرنگی بە لەبەرکردن و خوێندنی شیعر و ئەدەبی منداڵان دەدرێت .

" مندالانیش بەردی بناغەی کۆمەڵگان، هەر ناتەواوی وخوارو خێچییەک لە کارەکانی ئەواندا هەبێت لە پاشەڕۆژدا لە نێو کۆمەڵگادا ڕەنگدەداتەوە، بۆیە باشتر وایە ئەو نووسەرانەی بۆ منداڵ دەنووسن زۆر بە وردی شارەزای لایەنی دەروونی و کەلتووری و پەروەردەیی و قۆناغەکانی تەمەنی منداڵ بن. تا بتوانن بە شێوازێکی راست و ڕەوان خزمەتی منداڵ و ئەدەبیاتی مندالان بکەن و بەرەو پێشیان بەرن "،(محەمەد ،٢٠٢٢، ل ٤٨ ) .

ئامانجی سەرەکی شیعری مندالان پێگەیاندنی منداڵە لە هەموو ڕوویەکەوە،بۆ ئەوەی ببێتە ئەندامێکی باش و بەکەڵک و سەرکەوتوو بۆ خۆی و نیشتمانەکەی و هەموو مرۆڤایەتی.شیعری مندالان لە چەندین لایەنەوە کاریگەری لەسەر پرۆسەی پەروەردە و فێربوون دروست دەکات،لەوانە:

## ١/ لایەنی پەروەردەیی

أ. پرۆسەی پەروەردە مندالان هان دەدات بۆ فێربوون و خوێندن و ڕۆشنبیری .کۆمەڵگای کوردی بە هۆی خراپی بارودۆخی ڕامیارییەوە،کەهەمیشە بە دەست ژێر دەستەییەوە نالاندوویەتی،هۆکارێک بووە بۆ بلاوبوونەوەی هەژاری و نەخوێندەواری و نەزانی،شاعیرانی کوردیش هەر زوو درکیان بەوە کردووە، کە مندالانی کورد پێویستیان بە هاندان و فێربوون و خوێندەواری هەیە ،تاوەکو لە پاشە ڕۆژدا بتوانن خۆیان ڕزگار بکەن،بۆ ئەو مەبەستەش" نووسینی شیعر دەتوانرێت بە شێوەیەکی باش بەم شێوانە دەرببڕێت : بۆ نموونە هەموو جۆرە هەستێک ، پێکەنین ،خەیاڵ وەک هاندەرێک بێت بۆ بیرکردنەوە ،ئەم گەشەکردن و بیرکردنەوە وگۆڕانکارییانەی، دەبنە هۆی ئەوەی، یارمەتی منداڵ بدەن،کە گوێ بگرێت لە شیعر بۆ ئەوەی ببێتە خوێندەوارێکی چاک" ،(Cigman j ,٢٠١٤:p٢٠ )بەو پێیەی "پەروەردەکردنی ڕۆشنبیری فۆرمەلەکردنی مرۆڤە لە ڕێگەی فێرکردن و داهێنانەوە تا دەبێتە ئەو کەسەی شیاوی بەشداریکردنی کۆمەڵگە بێت " ،(جمال ،٢٠٠٨ : ل ١١٦ ) .کەواتە" دەتوانین بڵێن شیعر دەبێتە بەشێک لەو دەسەلاتەی کە منداڵ فێردەکات چۆن لە ناو گروپە کۆمەلایەتییەکەی خۆیدا بە سەرکەوتوویی ڕەفتار بکات و خۆی بگونجێنێت و ڕۆشنبیری پێویست وەربگرێت شاعیرانی کورد وەک پێویست وەک کار ئاوڕێکی باشیان لە مەسەلەی فێرکاری و خوێندن داوەتەوە و هەمیشە هاندەرێک بوون بۆ پەروەردەکردنی ڕۆڵەکانی گەل" ،(مەحمود ،٢٠٠٤ : ل ١٢٧).

لەڕاستیدا،"شیعر بەشداری دەکات لە پەروەردە کردنی منداڵ ،پەروەردەکردنێکی تەواو ، لە بوارە جیاجیاکاندا ڕاستی و تێگەیشتن و زانیاریان بۆ دابین دەکات ،هەروەها ئەو زیادکردن وپێکهاتانەیان بۆ دابین دەکات کە سامانی زمان و هەستی خۆیان و هەروەها چێژی هونەری و ئەدەبیات لە مندالاندا پەرە پێدەدات ،هەروەها شیعر یارمەتی کردنەوەی مێشکی منالْ دەدات "،(نجاة،٢٠١٦ : ل ٤٧).شیعر و ئەدەب هەمیشە ڕۆڵی گرنگیان بینیوە،لە ڕۆشنبیرکردنی مرۆڤ بە گشتی،پەروەردەو فێرکردن و فێربوون و ڕێنماییکردنی مندالان،لە سەر بنەمایەکی ڕاست و دروست بەشێوەیەکی پوخت پانتاییەکی فراوانیان لە شیعری شاعیرانی بواری ئەدەبی مندالاندا بۆ تەرخان کراوە.بابەتەکانی باخچەی ساوایان و خوێندن و کردنەوەی خوێندنگا و کتێب و کتێبخانەو ڕێزگرتنی مامۆستا و دوورخستنەوەی منداڵ لە کاری دزێو و نارێک و ڕەخنەگرتنی لە کردەوەو خووی خراپ لە ناو شیعرەکانیدا ڕەنگیداوەتەوە.بۆ نموونە کاکەی فەلاح زۆر شیعری پەروەردەیی جوانی بۆ مندالان نووسیوە وەک شیعری(باخچەکەمان ) :

باخچەکەمان

باخچەکەمان دڵگیرە

**جێگای منالّی ژیره**
**ئەوەی ژیرو خاوێنه**
**تیا دیاره وەک ئاوێنه**
**ئەم باخه ،ئەم بەهەشته**
**جێی پەروەرده و ڕەوشته....،**
**( فەلاح ،٢٠٠٩ : ل ٣١ ـ ٣٢ ).**

**زۆربەی شاعیرەکان له شیعرەکانیاندا ئاماژه به پۆل و وانەکانی خوێندن دەکەن،ئامانجیشیان لەوەدا ئەوەیه وانەکان لای منداڵ خۆشەویست بکەن ،تێیان بگەیەنن، که وانەکانی خوێندن سەرچاوەی زانیاریەکانن .بۆ نموونه(عائیشه میرزا عەبدوڵڵا) ی شاعیر دەڵێت :**

**بیرکاری**
**خۆشه وانەی بیرکاری**
**سەرچاوەی گشت زانیاری**
**ژمارەیه و پێوانه**
**بۆ ژیانی ڕۆژانه**
**فێرمان ئەکات ئەندازه**
**به شێوەیەکی تازه.....،**
**( عەبدوڵڵا ،٢٠١٣ : ل ١١) .**

**هەروەها هەر لەم چوارچێوەیەدا" شیعری منداڵان کاریگەرییەکی باشی هەیه،له فراوانکردنی ئاسۆی ئەندێشەو خەیاڵی منداڵاندا،له گەشەکردنی زەین و هۆشیان،له قوڵترکردنی بیریان ، له ختوکەدانی هەست و سۆزیان ، چێژ و خۆشییەکی زۆریان پێده بەخشێت ، گەلێ گرێ و کێشەی دەروونی منداڵان چارەسەر دەکات، بەشێک له هەڵەکانیان ڕاست دەکاتەوه له ڕێی شیعری جوانەوه گەلێ له ئامانجەکانی پەروەردەی دروست دێته دی ... شیعری منداڵان هۆکارێکه بۆ فێرکردن و فێربوون، منداڵان به تاک و به کۆمەڵ ، به دەنگ و ئاوازو جووڵەوه ، شیعرو سرود و گۆرانی دەڵێن،شەرمیان دەشکێ و ئازایەتی ئەدەبییان دەبێت"،(شوان ،https://www.kurdistanpost).بەڵام(د. کامیل حسن بەصیر،که به شیعری زانیاری ناوی دەبات،و دواتر لەو بارەیەوه دەڵێت (شیعری زانیاری له بەهەشتی وێژەی کوردیدا درەختێکی سەوز و ڕاستەقینه یه،چونکه له مێژەوه له ژیانی نەتەوەیی کوردا ڕەنگی داکوتاوه ،هەروەها نووسەره کوردەکانی دوای ئەویش هەمان ڕێچکه دەگرنه بەر و نیوەی ئەدەبی منداڵان باس له شیعری فێرکردن دەکات)،(نەقشبەندی ،٢٠١٧ : ل ٤٠٥).هەروەها ((د.دڵشاد عەلی ) له کتێبەکەیدا دەربارەی مەبەستی شیعری فێرکردن بۆچوون و تێڕوانینی خۆی دەخاته ڕوو وا دەڵێت :" ئەگەر هەندێک جاریش وەسف و بابەتی چیرۆکی و شێوازی خودی تیا دەربکەوێت له شیعری فێرکردندا ئەوا ئەمانه به شێوەیەکی لاوەکی له پاڵ مەبەسته بنەڕەتیەکەدا دێن و بۆ ئەوەیه که له وشکی و گرانی و پەند و ئامۆژگاریەکان که مبکەنەوه "،( محمد ،١٩٩٨ : ل ٢١ ) .**

لێرەدا (د. دڵشاد) مەبەستی ئەوەیە هەندێک جار لە شیعری فێرکردندا، بە شێوەیەکی لاوەکی باس لە بابەتی تر دەکرێت،بەڵام بابەتە سەرەکیەکە تەنها فێرکردنی منداڵانی کوردە.زێوەر خوێندنەوەی بۆ زانست و هونەر و مەکتەب کردووەو دەڵێت :

بۆ مناڵانی قوتابخانە

من منداڵی بچوکم ، مەکتەبە ڕۆح و سەرم

بە سەعی و خۆشی دەرسم ئەکەمە بەرم

سەعی گەر ماندووم ئەکا شادم دەرسم ڕەوانە....، ( زێوەر ،٢٠٠٨: ل ٢٢١ ) .

هەروەها " لە ڕێگای شیعرەوە مناڵ ئازووخەیەکی ڕۆشنبیری سەرەتای پێکەوە دەبێ و بە هۆیەوە دەتوانێت بەرە بەرە لە دیاردەکان بگات و وەڵامی پرسیارەکانی ناو بیری دەست کەوێت و،ببێتە هاندەرێکی زیاتر بۆ فێربوونی شتی تازەترو چەکەرەکردنی پرسیاری تازەتر لەلای دەربارەی ژیان و بوون "،(عبدوالواحید ،١٩٨٠ : ل ٩٧ )

ب. شیعری منداڵان،منداڵ فێری ڕەوشتی جوان و بەهادار دەکات ،ئەرکێکی کۆمەڵایەتی هەیە ،کەوا لە منداڵ دەکات ئەو ڕەوشت و کەلتوورەی،کە پەیوەندی بە کۆمەڵگای منداڵەوە هەیە،بگەیەنێتە منداڵان،تاوەکو لە ناو کۆمەڵگاکەیدا پەسەندو خۆشەویست بێت.ئێمەش وەک کۆمەڵگای کوردەواری،هەر لە کۆنەوە ،حەزمان لە ڕەوشتی جوان و ڕێزگرتن و دەستپاکی و زمان پاکی و ڕاستگۆیی و گوێڕایەڵی کردووە،مەبەستمانە منداڵان لە هەموو کارێکی خراپ و دزێو و نالەبار و زیانبەخش دووربکەونەوە،" ڕێنماییە فەرمییەکان هەرگیز باس لەو ناوەندە بەرزەی پەروەردەی ئەخلاقی ناکەن،کە لەلایەن "فێلیکس پیگۆ"لە ساڵی(١٨٨٢)لە فەرەنسا بانگەشەی بۆ کراوە،بەڵکو باس لە ڕاهێنانی هەستی بەهێز و بیری بەخشندە دەکەن کە خودی شیعرە "،(جعفر،٢٠١٧: ص ١٨٠).شیعر کاریگەری زۆری هەیە لەسەر منداڵان وا دەکات لە پاشەرۆژدا منداڵان کەسایەتیەکی باش و بەهێزیان هەبێت، بۆ ئەم مەبەستەش شاعیران بەشێک لەو ئەرکە کۆمەڵایەتیەیان دەکەوێتە سەر شان،دەتوانن لە ڕێگەی شیعرەکانیانەوە یارمەتیدەری دایکان وباوکان و مامۆستایان بن ،یاخود شاعیران دەتوانن هەر بۆ ئەم مەبەستەش هانی دایکان و باوکان بدەن،کە ڕەفتاریان لە گەڵ منداڵاندا نەرم و نیان بێت و دوور بن لە توندوتیژی ،بۆ نموونە ئەم شیعرەی (کازم کۆیی ) :

قوتابی ژیر و دەستپاک

قوتابیەکی چالاکـــم

ژیر و هێمن و دەستپاکـم

لە پۆل و لە گۆڕەپـــان ...، (کۆیی، ٢٠١٩: ل١٦ ) .

لێرەدا شاعیر مەبەستێتی نەوەیەکی دەست پاک و ژیر و هێمن بێتە ئاراوە ،چونکە ئەبنە نەوەی دوا ڕۆژی گەلەکەمان . هەمیشە شاعیرانمان ویستویانە منداڵان فێری ئەوە بکەن، کە ڕێزێکی زۆر لە مامۆستاکانیان بگرن، کە هاوشێوەی ڕێزگرتنیان بێت لە دایک و باوکیان ،چونکە هەمیشە مامۆستایان بە پێشەنگی کۆمەڵگا زانیووە ، هانی منداڵانیان داوە بە قسەی ئامۆژگاری مامۆستاکانیان بکەن ، وەڵامی پرسیارەکانیان بە جوانی بدەنەوە . ئەمەش لە زۆربەی زۆری شیعری منداڵاندا ڕەنگی داوەتەوە .(سەراب جاف) شاعیرێکی بواری منداڵانە لە شیعرێکیدا دەڵێت :

**من  قوتابييەكی ژیرم**
**زۆر بە هۆش و پڕ  بیرم**
**ناو پۆل ناشڵەژێنم**
**بە ژیری خۆم ئەنوێنم**
**دادەنیشم لە جێگام     ...،**
**( جاف ،٢٠١١: ل ١٥ ) .**

**ت. شیعری منداڵان هانی منداڵ دەدات بۆ وەرزش کردن و پەروەردەی تەندروستی .شاعیران و نووسەرانی کوردیش هەر لە سەرەتاوە درکیان بە گرنگی و بایەخی وەرزش کردووە، هانی منداڵانیان داوە بۆ وەرزشکردن و گرنگی دان بە تەندروستی لەش و لاریان.ئەگەر چاوێک بخشێنین بەو هۆنراوانەی، کە بۆ منداڵان نووسراون، ئەوە بە دی دەکەین شاعیرانی وەک (زێوەر ، بێکەس ، بەختیار ،....... هتد ) گرنگیان داوە بە وەرزشکردنی منداڵان و لە شیعرەکانیاندا ڕەنگی داوەتەوە.بێگومان یاری و  وەرزش بەشێکی دیاری ژیانی منداڵانن ، منداڵ بە سروشتی خۆیان حەز لەیاری و ڕاکە ڕاک و وەرزش و هەڵبەزو دابەز دەکەن،(ئەحمەد حوسێن ئەحمەد ـ پێزان )لە شیعرێکدا،ئەوە دەخاتە ڕوو، کە منداڵ بە بێ وەرزش و یاری ناتوانێت قۆناغی منداڵی وەک پێویست بەسەربەرێت، چونکە وەرزشکردن یەکێکە لە پێداویستیە گرنگەکانی ژیانی منداڵ .شاعیر وەرزش بە هۆکارێک دادەنێ، کە لەش چوست و چالاک دەکات و پەستی لە دڵدا ناهێڵێ منداڵ بە وەرزش تەندروستی باش دەبێت و وەرزش خەم لابەرە و تەمەن درێژ دەکات و ئێش و ئازار ناهێڵێ .**

**وەرزش دەکەم بە خۆشی**
**لادەبا  لە دڵ پەستی**
**ڕەگە  بۆ  تەندروستی**
**تیشکە بۆ خۆشەویستی....)،**
**(پێزان ، ١٩٩١: ل ٢٨٢) .**

**پ ـ شیعری منداڵان کاریگەری هەیە لە سەر دروستبوونی کەسایەتیەکی باش و جوان بۆ منداڵان ، مامۆستا (عەلی حەمە ڕەشید)ی شاعیر دەڵێت :" ئێمە بمانەوێت و نەمانەوێت ، ئەدەبی منداڵان کاریگەری باشی هەبووە و هەیە لە سەر پەروەردەی مناڵ و دروستبوونی کەسێتی منداڵ، کە زۆربەی زانایانی دەروونناسی لە سەر ئەوە کۆکن کە دروست بوونی کەسێتی مناڵ لە تەمەنی باخچەو پۆلی یەکەمی بنەڕەتی دایە بۆیە گرنگیدان بەو قۆناغە پێویستە و ئامادەکاری باشی دەوێت،چونکە منداڵ بنچینەی بونیادنانی کۆمەڵگەیە،دەتوانین لە ڕێگەی شیعری پەروەردەیی گونجاو بۆ ئەو قۆناغە ئەو کارە ئەنجام بدەین، تا ئایندەیان گەش بێت و کەسێکی وریا و چالاک و وشیاریان لێ دەربچێت "، (شوان ،موزەی منداڵان (muzeymndalan.wixsite.com) . هەروەها ڕەزا شوان دەڵێت  :" شیعری منداڵان هۆکارێکە بۆ بنیاتنانی کەسایەتییەکی دروست و بۆ ڕواندنی ڕەشتی بەرز و خوو و نەریتی جوان و بەهای بەرز و پیرۆز بۆ زاخاودانی هۆش و هەست و دەروونی منداڵان"(شوان، ٢٠٢١) (https://www.pmnews.se) شیعری منداڵانی**

کورد پڕیەتی لە باسکردنی سیفەتی جوان و بەهادار،کە ئەمەش کاریگەری خۆی دەبێت لە سەر بنیاتنانی کەسایەتی جوان و بەرز.

## ٢ / لایەنی زمانەوانی

شیعر ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانەوانی منداڵان،هۆیەکی گرنگە بۆ گەشەکردنی زمانی منداڵان و شارەزایی و داهێنانیان، تواناو بەهرەیەکی باشیان پێدەبەخشێت لە گوزارشتکردن و نووسین و قسەکردندا.شیعری منداڵان ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە بەهێزکردنی زمانی دایک لای منداڵ.واتە" شیعری منداڵان دەبێتە هۆی گەشەکردن و فێربوونی وشە و بە شێوەیەکی زۆر و فراوانتر،ئاخاوتن و گەشەکردنی زمان بەوە دەبێت، کە شانس بدرێت ،بە هەموو منداڵێک بۆ ئەوەی کە ئەزموون و شارەزایی تەواو وەربگرن ،لە کەشێکی دەوڵەمەندی زماندا بۆ ئەوەی کە بتوانن گەشە بە باوەڕ بە خۆبوون بکەن و گەشە بە کارامەی خۆ دەربڕینیان بدەن" ،(ل١٥: ٢٠١٤ (CigmanJ)گومانی تێدا نییە،" منداڵان تا شیعر بخوێننەوە و گوێ بیستی بن،زیاتر فێری وشەی تازە دەبن و توانای دەربڕینیان زیاتر دەبێت،ئەدەبی منداڵ ڕۆڵێکی گرنگی هەیە،لە دەوڵەمەندکردنی زمانی مناڵ و خووگرتن پێوەی،ئەمەش لە ڕێگەی هەڵسووکەوتی پاڵەوانەکان و سەرنجدانیانە لە لایەن منداڵانەوە"،(امال ،٢٠١٢:ص ١٠ ) . لێرەدا مەبەست ئەوەیە منداڵ لە شیعردا،یان لە هەر بەرهەمێکی ئەدەبیدا،فێری هەندێ وشە دەبێت،کە لە پاڵەوانی ناو بەرهەمە ئەدەبییەکەوە گوێی لێبووە و وەری گرتووە .زۆر جار منداڵ دەتوانێت بە هەوڵ و توانای خۆی زیاتر وشە و ڕستەو دەسەواژە فێربێت لە ڕێگەی شیعری منداڵانەوە .چۆمیسکی لەم ڕووەوە دەڵێت : " منداڵ لە ڕێگەی داهێنانەوە بایەخ بە زمان دەدات،مرۆڤ بە سانایی فێری زمانی خۆی نابێ ئەگەر لە منداڵییەوە قسەی پێ نەکاو بە چاکی فێری نەبێ و نهێنییەکانی تێنەگا "،(ئەحمەد ، ٢٠٠٥ : ل ٥٠ ).کەواتە داهێنانی بەرهەمە ئەدەبییەکان بە گشتی و شیعر بە تایبەتی،کاریگەری دەبێت لە سەر دەوڵەمەندکردنی لایەنی زمانەوانی منداڵان .( کاتێک منداڵان بە شێوەیەکی نەستی فێری دەنگەکانی زمانەکان دەبن ، وە دەتوانن بە شێوەیەکی ژیرانە وشەکان و ڕستەکان بناسنەوە ، تێبینی ئەوە کراوە منداڵ زیاتر فێر دەبێت و بیری دەکەوێتەوە ،کاریگەرانە ترە لە ڕێگەی دووبارە کردنەوە و پێداچوونەوەی بەردەوامی شیعری منداڵان، دوای فێربوونی دەنگی شیعری وتراو ،هاندراو دەبێت بۆ بەکارهێنانی هەمان ئەو دەنگانە بۆ دەربڕین و وتنی وشەی نوێ)،(http://iaeme.com/home/journal/IJM)،" شیعری منداڵان ڕۆڵێکی گرنگی هەیە ،لە فێربوونی زمانی تر (زمانی دووەم جگە لە زمانی دایک )،شاعیرانی کورد( ئەحمەدی خانی و شێخ مارفی بۆدێ)،هەر زوو درکیان بەوە کردووە ، کە منداڵ دەتوانێت لە ڕێگەی شیعرەوە زمانی تر فێر ببێت .لە توێژینەوەیەکدا،بە زمانی ئینگلیزی بڵاوکراوەتەوە کە شیعرو گۆرانی کاریگەری هەیە لە سەر فێربوونی زمانی تر.و ئاماژەی پێکراوە:" دەتوانین شیعرو گۆرانی وەک چالاکییەکی پۆل بەکاربێنین ،لە پێناو دەوڵەمەندکردنی وشەسازی قوتابیان یان باشکردنی ڕێزمان وشێوازی جیاوازی ئاخاوتن "،(ل ٢٠١٥:٨٣ ,Conesa,Rubio ).شیعر "منداڵ بەرز دەکاتەوە بۆ ئاستێک کەوا دەکات بەپلەیەکی ئاگادارانە شارەزا بێت لە چالاکییە زمانەوانی و جوڵەییەکانی خۆی ،وئەو توانای چاودێرکردنەی خۆی ،وئامادەیی ڕەفتار و زارەکی و جووڵەیی یەی کە هەیەتی" ،(الكعبى،١٩٩٩،ص ١١٢).کەواتە زمانی شیعر" بریتییە لە هەڵبژاردن و ڕێکخستنی وشە بە شێوەیەک کە واتاکەی کاریگەر بێت و ئەندێشە ببزوێنێ.زمانی شیعری منداڵانیش ئەو وشە و ڕستەو دارشتنەیە کە نوسەر لە نوسینی شیعری منداڵاندا بەکاری دێنێت،کە پێویستە منداڵ لێی تێبگات و حەزی لێ بکات و واتاکەی کاریگەر بێت"،( مەحمود ،٢٠٠٤ : ل ٤٨ ).ئەو وشانەی شاعیران بەکاری دەهێنن سەرچاوەی

داهێنانی شیعرەکەیە.کەواتە" شیعری باش کاریگەری خۆی دەکات و کۆنترۆڵی زمانی منداڵ دەکات و کارلێکی لە گەڵدا دەکات "،(جەمال ، ٢٠٠٨ : ل ٨٦ )،بێگومان منداڵان لە ڕێگەی شیعرەوە زۆر وشەی تر فێردەبن کە پێشتر گوێیان لێ نەبووە .

## ٣/ لایەنی نیشتمانپەروەری و ڕامیاری

شیعری منداڵان،منداڵ دەبەستێتەوە بە نیشتمان و ئاو هەوا و خاک و خۆڵی وڵاتەکەیەوە .شیعری نیشتمانپەروەری و خۆشەویستی کوردستان مەبەستێکی بەربڵاوە لە ناو پانتایی شیعری کوردیدا،بە شێوەیەکی گشتی و لە ناو شیعری منداڵانیشدا بە تایبەتی .شاعیرانی منداڵان بە پێویست و گرنگیان زانیوە تۆوی خۆشەویستی خاک و ئاوی کوردستان لەناو دڵ و دەروونی منداڵانی کوردستاندا بچێنن،چونکە کورد تا ئێستا نیشتمانێکی پارێزراوی سەربەخۆی نییە،لەبەر ئەوە پێویستە منداڵانی کورد ئەوە بزانن تاوەکو لە دوا ڕۆژدا بتوانن پارێزگاری لە خاک و ئاوی کوردستان بکەن .بۆ ئەم مەبەستەش دەبێت، شاعیرانی کورد وا لە منداڵان بکەن هەر لە منداڵێیەوە دڵسۆزی خاکی کوردستان بن.ئەگەر بەناو شیعری منداڵاندا بگەڕێین،ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت شاعیرانی کورد لەم ڕووەوە دریغیان نەکردووە،" واتە،ئەوەمان بۆ ڕوونە،کەشاعیرانمان هەر لە سەرەتای بیستەکانەوە ئەم جۆرە شیعرانەیان بۆ منداڵ نووسیوە،دەکرێ ئەم جۆرە پەروەردەکردنەی منداڵ لە ڕێگای شیعرەوە بۆ قۆناغی تەمەنی (٨ ـ١٢) ساڵان بەرەو ژوور شیاوبێت ،ئەم قۆناغەش بێگومان دەشێت لە بنەماو خەسڵەتەکانی نیشتمان و داگیرکەران تێبگەن،بۆیە شاعیران گرنگیان داوە بەم قۆناغەی تەمەن "،(مەحمود ، ٢٠٠٤: ل ١١٨).گۆشکردنی منداڵانی کورد بەهەستی کوردایەتی و بە کوردستان پەروەری، گرنگترین ئامانجی شاعیرانی کورد.خۆشەویستی و شیرینکردنی کوردستان لە دڵی منداڵانی کوردا،بە پێویست و بە ئامانجێکی پیرۆز دەزانن،شاعیرانی نیشتمان منداڵان هان دەدەن، کە تێبکۆشن بۆ ئازادی کورد و بۆ ڕزگارکردنی کوردستان لە داگیرکەران .لەو ڕووەشەوە(ڕەزا شوان) دەڵێت : "نیشتمان پیرۆزترین و خۆشترین شوێنە ، هیچ شتێک نییە لە نیشتمان شیرینتر بێت ،هیچ سۆز و خۆشەویستییەک نییە بگاتە خۆشەویستی نیشتمان ، نیشتمان تێکەڵی خوێن و هەست و سۆز و بیر و هۆشمان بووە..تایبەترین شوێنی لە دڵماندا هەیە ، نیشتمان ناسنامەمانە ،ئابڕوومانە ،شانازیمانە ،ژیانمانە بەبێ نیشتمان ژیانمان مەحاڵە ..نیشتمانیش تەنها ناوێک نییە،لە سەر زارمان بێت ،نیشمان خاکە ، دار و دەوەن و گوڵزارە ،بەردە ،خۆڵە ، ئاو وهەوایە ، دەشت و دۆڵ و گرد و چیایە ،ماڵ و گوند وشارە ،خزم وکەس و کارە ..هتد"، ( شوان ، datafixare, ٢٠١٤)نووسەر بە شێوەیەک گوزارشتی لێکردووە،کە دەتوانین بڵێین نیشتمان هەموو شتێکمانە.

هەروەها(فەرهاد ئەحمەد بەرزنجی)شاعیر لە شیعرەکانیدا ،" ئەوە دەخاتە ڕوو،کە کوردستان وڵاتی ئێمەیە و ئەرکی نیشتمانی داوامان لێدەکات کە هەر لە قۆناغی منداڵییەوە منداڵەکانمان لەم ڕاستییە بگەیەنین و وا بکەین کوردستان بە نیشتمانی ڕاستەقینەی خۆیان بزانن ،چونکە جێی باب و باپیرانمانە و هەزاران ساڵە بووتە مەڵبەندی ژیانی ئێمە"،(فەرهادی ،٢٠٢١: ل ٤١٠ ) . لە شیعرێکیدا دەڵێت :

وڵاتمان کوردستانە

جێی باب و باپیرانە

پڕ لە باخ وکانییە

کانگای کامەرانییە)، ( بەرزنجی ،٢٠٠٢ : ل ٢٦ ) .

کەواتە،(وەسفکردن و خۆشەویستی نیشتمان لە ناو شیعری منداڵاندا ڕەگ و ڕیشەیەکی پتەوو قوڵی داکوتاوە، منیش باوەڕم بەوە هەیە کە بایرۆن دەیڵێت: " ئەوەی نیشتمانی خۆش نەویت ،هیچی خۆش ناویت"،(شوان ، indatafixare,٢٠١٤-٠١-٢٣).هەروەها(مستەفا کامیل)دەڵێت:"نیشتمان پەروەری هەستێکە تا ئازارەکانی نیشتمان گەورەترین و نەهامەتیەکانی زیاتر بن ، ئەویش زیاتر کوڵ دەسێنێت "،(هەمان سەرچاوە، ٢٠١٤ ).ئەم وتەیە ئەوەمان بۆ دەردەخات ،کە چەوساندنەوە و داگیرکردن و بەشکردن و وێرانکردنی کوردستان ، وای کردووە ،کشاعیران نەتوانن ،چاوپۆشی لەم مەبەستە شیعرییە بکەن ،چونکە هەموو ئەو ڕووداوەنە کاریگەرییان هەبووە لە سەر خودی شاعیرەکان ئەمەش وا دەکات لە نوسین و شیعرەکانیاندا ڕەنگ بداتەوە .شیعری منداڵان سوودو بایەخی خۆی هەیە بۆ ڕوونکردنەوەی بارودۆخی نەتەوەو میللەتەکەی،" شیعری منداڵان دەورێکی کاریگەری خۆی نواند لە میدانی وریاکردنەوەی سیاسی نەتەوەیی و کەلێنێکی دیاری لە مەیدانی ڕۆشنبیری کوردی ئەو سەردەمە پڕکردەوە،بە ڕادەیەک سرودەکانی منداڵانی خوێندنگا پەڕینەوە لای گەورەکانیش و دڵی ئەوانیشی پێکەوتە جۆش و کوڵ و هاندەری خەباتیان تێدا دەبینی،لە زمانی منداڵانەوە،سروودی(ئەی کوردینە ، ئەی مەردینە و ...تا دەس لە مل هیوا نەکەم ،دڵ لە دەردی وەتەن پەست وگیراوە)،گەیشتە زمانی گەوران،کە ڕابردووی مێژووی سەلاحەددین و قارەمانانی تریان بە بیر دەهێنرایەوە و هاواری نیشتمان و نەتەوەیان بە بەرگوێ دەخرا جگە لە بانگەوازی زانین و پەروەردە و شارستانیەتی "، (هەمزەتۆش ، ١٩٨٠ : ل ٤٣ ـ ٤٤) .سرودی منداڵانیش پڕە لە هەستی نیشتمانی و نەتەوایەتی .

## ٤ / لایەنی دەروونی

شیعری منداڵان کاریگەری هەیە لە سەر دەروونی منداڵان و چێژیان پێدەبەخشێت .گەشەکردنی سۆز و هەست و نەست و بەهرەو چێژی هونەری منداڵان لە ڕێگەی شیعرەوە زۆر جار منداڵ بە هۆی خوێندنەوەو لە بەرکردنی شیعرێکەوە چێژێکی دەروونی وەردەگرێت ،ئەمەش پەیوەندی بە ناوەڕۆکی شیعرەکەوە هەیە، زۆر جاریش بە هۆی ئەو ئاوازو جووڵەیەی،کە منداڵ لەکاتی وتنی شیعرەکەدا دەینوێنێ ،خۆشی وەردەگرێت .شیعر دڵخۆشی و ئارامی بە منداڵان دەبەخشێت ،چوست و چالاکیان دەکات،کەواتە" چێژی ئەدەبی بۆ منداڵان زۆر گرنگ و پێویستە چونکە لەم سەردەمەدا ئەدەبی منداڵان بووە بە پێویستیەکی زۆر گرنگی نیشتمانی و نەتەوەیی،بووە بە فاکتەرو مەرجێکی گرنگ و بنەڕەتیش بۆ گەشەکردنی ڕۆشنبیری منداڵان لە ڕووی زانستی وپەروەردەیی و هەستیاری و کۆمەڵایەتییەوە،چونکە ئەدەب کارتێکردنێکی ئەرێنی گەورەی هەیە،لە زاخاودانی هۆشی منداڵان و گەشەکردنی توانا هۆشییەکان و لە سۆزداری و لە بەهرەو ئارەزووەکانیان،لەڕووی وروژاندنی هەستیان،لە ختووکەدانی چێژی ئەدەبیان"،(https://dengekan) بوونی ئەم چێژە لای منداڵ، وا دەکات منداڵ حەز بە خوێندنەو و گوێگرتنی شیعر بکات،یەکێک لە ئامانجە گرنگەکانی شیعری منداڵان " دادەنرێت بە یەکێک لە هۆکارەکانی بە دەستهێنانی چێژ و خۆشی بۆ منداڵان "،( نجاە، ٢٠١٦ ـ ٢٠١٧ : ل ٤٨ ).ئەم چێژ و خۆشییە دەروونی منداڵان ئاسوودە دەکات. وایان لێدەکات لە ڕووی دەروونییەوە تەندروست بن،دەبێتە هۆکارێک بۆ "ڕزگارکردنی منداڵان لە هەڵچوونی زیانبەخش وەکو،جۆرەکانی توندو تیژی و دەمارگرژی،گرژی دەروونی ،شەرانگێزی،ڕق هەڵگرتن و دوژمنایەتی،ستەمکاری،تۆڵەسەندنەوە وا لە منداڵ دەکات کە هەست بە خۆشی و ئارامی بکەن.چێژ لە شیعرو ئەدەبی هەمە ڕەنگەی تر وەرگرن،کە دەبێتە بنەمایەکی باش وهاندەر بۆ گوێگرتن و بۆ خوێندنەوە"،(شوان ٢٠١٥: ل ٤٠ ـ ٤١).چێژ وەرگرتن مەرجی سەرەکی ئەدەبی منداڵان بە گشتی و شیعری منداڵانە بە تایبەتی .

## ٥/ لایەنی مرۆڤایەتی

شیعری منداڵان هانی منداڵان دەدات بۆ ئاژەڵ دۆستی و پەروەردەی مرۆڤایەتی و مرۆڤ دۆستی و گەشەی ویژدان.بوونی ئاژەڵ و باڵندە ڕووبەرێکی فراوانی لەناو شیعری منداڵاندا داگیر کردووە،منداڵان لە هەموو قۆناغەکانی تەمەنیاندا حەز دەکەن زیاتر لە جیهانی ئاژەڵان نزیک ببنەوە،بەتایبەتی ئەو ئاژەڵانەی لە دەوروبەرەیدا دەژین،وا دەکات وەکو پاڵەوانێکیش ڕۆڵی ئەوان بگێڕێت.شاعیرانی کورد هەوڵی ئەوەیان داوە لە ڕێگەی شیعرەکانیاندا منداڵانی کورد بەرەو ئاژەڵ دۆستی و مرۆڤدۆستی ڕابکێشن، تاوەکو فێری ئەوانەیان بکەن کە ئاژەڵیش ڕۆح لەبەرە و نابێت ئازار بدرێن.لە هەمان کاتیشدا ترسی منداڵانش ئەڕەوێننەوە و هەندێ ئاژەڵ هەیە،کە لای مرۆڤ خۆشەویست نییە شاعیرەکانمان باسیان دەکەن،تاوەکو خۆشەویستیان بکەن لای منداڵان. شاعیرانی کورد ،ویستوویانە وا لە منداڵانی کورد بکەن نەک ئاژەڵ، بەڵکو هەموو مرۆڤەکانیان خۆش بوێت و هەستی بەزەییان هەبێت، بۆ ئاژەڵی بێ زمان و مرۆڤی هەژار و بێماڵ. شاعیرانی کورد ویستوویانە، وا لە منداڵانی کورد بکەن، کە نەک ئاژەڵ بەڵکو هەموو مرۆڤەکانیان خۆشبوێت و هەستی بەزەییان هەبێت بۆ ئاژەڵی بێزمان و مرۆڤی هەژار و بێماڵ.(جمال نوری) لە شیعری (بێ باوک)دا دەڵێت:

ئەو بێ باوکە هەژارە

دڵی پڕە لە پەژارە

نەکەیت ئەی قوتابی ئازیز

ئازاری دڵی بەیت هەرگیز

بەسەزمانە بێ باوکە....(مەحمود،٢٠٠٤:ل١٤٤).

## ٦/لایەنی بەهرە و داهێنان و گەشەی عەقڵی

شیعری منداڵان بوارێکی گرنگ و باشە بۆ ئەوەی بەهرە و هونەرپەروەری و بەهرە هونەرییە کپکراوەکانی منداڵ ئاشکرابێت ، منداڵ ڕزگار دەکات لە گۆشەگیری و شەرمکردنی زۆر و کەمدوویی گرنگی دان بە شیعری منداڵان زۆرجار دەبێت بە سەرچاوەیەکی گرنگ و سەرەکی نووسین و داهێنان لای منداڵ لە پاشەڕۆژدا،زۆر جار، شاعیرێک،یان نوسەرێک کە باس لە ژیانی خۆی دەکات ،ئاماژە بەوە دەکات هەر لە منداڵییەوە حەزی بەو شتە کردووە ،کەواتە شتێک لە منداڵیدا کاریگەری هەبووە لە سەری.دەتوانین بڵێن شیعری منداڵان ڕۆحی داهێنان و پێشکەوتن و تازەگەرەی ئەدەبی لای منداڵ دەڕوێنێت،بەهرەو حەزو خولیاکانی منداڵان گەشە دەکەن ،حەزی ئەوەیان دەبێت،کە ئەوەی لە هۆش و لەناخی دڵیان دایە بە نوسین و قسەکردن دەریان ببڕن و بە کەسانێکی کەی بگەیەنن ،شیعری منداڵان یارمەتی دەرە لە ئامادەکردنی منداڵان " بۆ ژیانی ئایندەی پڕ لە گۆڕنکاری و داهێنان و تەکنۆلۆژیای پێشکەوتن "،( شوان ، ٢٠١٥ : ل ٤٠ ).جگە لە" بەخشینی ڕۆشنبیری بە مانا گشتییەکەی .. شارەزایی هەمە چەشنە یان پێدەبەخشێت و ئاسۆی خەیاڵ و هەستکردن و تێگەیشتن و وەرگرتن و داهێنانیان فراوانتر دەبن لە ڕاستیشدا داهێنان بۆ منداڵان ، واتە بەرجەستەکردنی هیواو و خەونەکانی منداڵییانە "،(هەمان سەرچاوە،٢٠١٥ : ل ٤٠ ). کەواتە شیعری منداڵان سەرچاوەی بەهرە و داهێنانی منداڵانە. بێگومان توانای منداڵان بۆ فێربوونی هەر شتێکی باش کاریگەری دەبێت لە سەر گەشەی عەقڵ و هزری منداڵان ، دکتۆر (محەمەد ناسر)لە زانکۆی کۆیە پسپۆری دەروونناسی دەڵێت : ."زمان و هزر کارلێکیان هەیە لە قۆناغەکانی گەشەی مەعریفی منداڵدا،و هەروەها

که هەندێک فەیلەسوف مرۆڤیان بە زیندەوەری ژیر بێژ(حیوان ناطق ) ناساندووە،جۆراو جۆری و داهێنانی وێژەیی نیشانەدرێکی گرنگە بۆ زیرەکی تاک ،شیتاڵکاری چەمکەکان ، لێکچواندنی داهێنەرانەی شتەکان و ڕووداوەکان ،هێماکاری و لێکدانەوەی هۆکاری و هێزی وێناگەری و خەیاڵێک کەوا لە چیرۆک و شانۆ و شیعردا هەیە، هەموویان ڕێخۆشکەرن بۆ گەشەی چەند لایەنی زیرەکی منداڵ و گونجاندنی باشتر و قوڵتری منداڵ لە گەڵ ژینگە و ژیاردا،بۆ نموونە: . ئەو منداڵانەی کە لە قسەکردندا توانای دەربڕینی ئەدەبیان هەیە لە ڕووی عەقڵەوە گەشەی زیاتر دەکات تاوەکو و منداڵێک کەوا توانا و ورەی دەربڕینی بە شێوەی ئەدەبی نیە،هەروەها خولیا و دەستێوەردانی دەق و بەرهەمە ئەدەبییەکان یادگە( زاکرە ) ی تاک بەهێزتر دەکات کە ئەمیش بۆ گەشەی زیرەکی پێویستە "،(سڵێوە ، خامۆش، ٢٠٢٢: ل ١٥٤). بێگومان دەربڕینی ئەدەبی پێویستی بە بیرکردنەوەی ورد هەیە ، ئەم بیرکردنەوەیەش دەبێتە هۆی گەشەکردنی عەقڵی منداڵان و جوڵاندنی مێشکی منداڵان .شیعری منداڵان کاریگەرییەکی باشی هەیە لە فراوانکردنی ئاسۆی ئەندێشە وخەیاڵی منداڵاندا،لە گەشەکردنی زەین و هۆشیان لە قوڵکردنی بیریان.

### ٧/ لایەنی خۆشەویستی

شیعری منداڵان ،منداڵان فێری خۆشەویستی دەکات بەرانبەر بە کەسانی دەوروبەریان وەک ،دایک ، باوک، مامۆستا و ..پێشمەرگە،هاوڕێکانیان...هەروەها بەرانبەر شتەکانی چواردەوریان، وەک ئاڵای کوردستان، کەلوپەلەکانیان ،یارییەکانیان ...شاعیرانی کورد هەمیشە ویستویانە منداڵان وریا بکەنەوە لە ڕێزگرتنی گەورەکان و پیرۆز کردنیان . (ئەمین مەحەمەد ) دەڵێت :

(دایکم خۆشەویستـــــە لام
کە دوور بێت لێم بە تەنیام
ئاگای لێمە گشت شـــــەوێ
چونکە منی خۆشـــدەوێ ...)، (محەمەد ، ٢٠١٢ : ل ١٧ )

# بەشی سێیەم

## بەشی سێیەم : ڕێگا و بنەماکانی توێژینەوەکە .

## تەوەری یەکەم : کۆمەڵگا و سامپڵ و قەبارەی توێژینەوەکە .

**٣ / ١ / ١ ) . کۆمەڵگای توێژینەوەکە** : کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پڕۆگرامەکانی خوێندنی کوردییە لە باشوری کوردستان ،کە لەلایەن وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بڕیاری لە سەر دراوە .

**٣ / ١ / ٢ ) . سامپڵی توێژینەوەکە** : شیعرەکانی قۆناغی بنەڕەتی وانەی کوردی(بازنەی یەکەم)و(بازنەی دووەم).

**٣ / ١ / ٣) . قەبارەی سامپڵەکان**

**١)بازنەی یەکەم :**

**سامپڵی یەکەم / بریتییە لە شیعرەکانی ناو پڕۆگرامی خوێندنی کوردی پۆلی یەکەمی بنەڕەتی.**

**سامپڵی دووەم / بریتییە لە شیعرەکانی ناو پڕۆگرامی خوێندنی کوردی پۆلی دووەمی بنەڕەتی .**

**سامپڵی سێیەم/ بریتییە لە شیعرەکانی ناو پڕۆگرامی خوێندنی کوردی پۆلی سێیەمی بنەڕەتی .**

**٢) بازنەی دووەم :**

**سامپڵی یەکەم / بریتییە لە شیعرەکانی ناو پڕۆگرامی خوێندنی خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی چوارەمی بنەڕەتی .**

**سامپڵی دووەم / بریتییە لە شیعرەکانی ناو پڕۆگرامی خوێندنی ڕێزمان و خوێندنەوەی کوردی پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی .**

**سامپڵی سێیەم / بریتییە لە شیعرەکانی ناو پڕۆگرامی خوێندنی ڕێزمانی خوێندنەوەی کوردی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی .**

**٣ / ١ / ٤ ) . هەڵبژاردنی سامپڵەکان**

**١)بازنەی یەکەم :**

**سامپڵی یەکەم : بریتییە لە (٨) شیعر.**

**سامپڵی دووەم : بریتییە لە (٨) شیعر.**

**سامپڵی سێیەم : بریتییە لە (٧) شیعر.**

**٢)بازنەی دووەم :**

**سامپڵی یەکەم : بریتییە لە ( ٩) شیعر .**

**سامپڵی دووەم : بریتییە لە (٥) شیعر .**

**سامپڵی سێیەم : بریتییە لە ( ٦) شیعر .**

## تەوەری دووەم : . ڕێکارەکانی توێژینەوە لە بابەتە شیعرییەکانی ناو پرۆگرامی خوێندنی (بازنەی یەکەم) و (بازنەی دووەم).

### ٣ / ٢ / ١ ) . منداڵانی قۆناغی بنەڕەتی

لەم قۆناغەدا منداڵ هەنگاوێکی بڕیوە لە ناسینی ئەو ژینگە سنووردارەی کە تیایدا دەخولێتەوە، ئیتر تینوی ئەندێشەکردنی شتی ترە لە پاڵ ئەم دیاردە واقعیانە "لەم قۆناغەدا پرۆسەی بیرکردنەوەی منداڵ زۆر مەنتقین و لە توانایدا هەیە، کە بەبەڵگەی زانستی و مەنتیقی بەرگری لە بیر و بۆچوونەکانی خۆی بکات و دەتوانێت هەستی پێ بکات"،(قەرەچەتانی، ١٩٩٨: ل١٨) واتە منداڵ توانای ئەوەی هەیە بە شێوازێکی زانستی لە دیاردەکان تێبگات بە پێچەوانەی قۆناغی پێش خوێندنگا، لەبەر ئەوە نووسەرانی بواری ئەدەبی منداڵانیش قۆناغەکانی گەشەیان بەسەر چوار قۆناغدا دابەش کردووە ئەوانیش:

١. قۆناغی منداڵێتی زوو (نزیکەی ٣-٦) ساڵان
٢. قۆناغی منداڵێتی ناوەڕاست (نزیکەی ٦-٨) ساڵان
٣. قۆناغی منداڵێتی درەنگ (نزیکەی ٩-١٢) ساڵان
٤. قۆناغی منداڵێتی ئایدیالی یان ڕۆمانتیکی (١٢-کۆتایی قۆناغی منداڵێتی)،(دیاب، ١٩٨٥: ل٥٦)

دەبێت شاعیرانی بواری ئەدەبی منداڵان،" ئەو شیعرانەی کە دەینووسن گونجاو بن بە پێی تەمەن و قۆناغ و حەز و ئارەزووی منداڵان هەروەها منداڵی قۆناغی بنەڕەتی ناتوانێت لەیەکسانی، سۆشیالیست، هەرەوەزی....هتد تێبگات"،(ژاڵەیی، ١٩٨٣: ل٤٤).لەبەر ئەوە دەبێت شاعیران بە شێوەیەکی زانستی باس لەو زاراوانە بکەن، واتا و مەبەست بۆ منداڵان ڕوونبکەنەوە.منداڵانی ئەم قۆناغە،" لە قاوغ و چوارچێوەی تەنیایی و دۆستایەتی و تەبایی تیایدا گەشە دەکات و زمانیشی ئاراستەی کەسانی تر دەکات و لە توانایدا دەبێت،کە گفتوگۆ و دیالۆک بە ئاکام بگەیەنێت و راوبۆچوونی کەسانی تر لەبەر چاو بگرێت و حساب بۆ بەرامبەرەکەی بکات، لەم قۆناغەشدا منداڵ دەگاتە ئەو بڕوایەی کەسانی تریش بیرو باوەڕەی جیاوازیان هەیە و لەوانەیە بگەنە دەرئەنجامێک، کە جیاوازبێت لەو دەرئەنجامەی کە ئەو پێی گەیشتووە هەوڵدەدات لە ڕێگەی بیر و بۆچونی کەسانی ترەوە لە ڕاست و دروستی ڕاو بۆچوونەکانی خۆی دڵنیابێت "،(صبری، ٢٠١٠: ل١٦١-١٦٢) لەم قۆناغەدا بیر و بۆچوونەکانی منداڵان دەبێت بە هەند وەربگیرێت و ڕێزی لێ بگیرێت و ئەدەبی منداڵان بە گشتی و شیعریش بە تایبەتی بخرێتە خزمەتی منداڵانەوە و سوود لە پرۆگرامی خوێندن وەربگیرێت بۆ ئەم خزمەتکردنە. ئەو شیعرانەی لە ناو پرۆگرامی خوێندندان، ڕێگایەکە لە ڕێگاکانی فێرکردن و فێربوون و ڕۆشنبیرکردن ،چونکە پرۆگرامی خوێندن ئەو زانست و زانیاری و وانانەیە،کە دەخرێتە ناو چوارچێوەی پەرتووکێکەوە بۆ ساڵێکی خوێندن ،یان بەرنامەیەکی تایبەتە برەو بە فێربوون و پەروەردە دەدات ،کە بە هۆیەوە ئاستی ڕۆشنبیری و هۆشیاری تاکی کۆمەڵگا بەرەو پێش دەبات و دەبێتە هۆی پێشکەوتن و فراوان بوونی هزری تاکەکان لە ڕێگای زانست و پەروەردەوە .لەبەرئەوە  نابێت شیعری منداڵان تەنها مەبەست لێی چێژ و خۆشی بێت،بەتایبەتی ئەو شیعرانەی لە ناو پرۆگرامەکانی خوێندنی قۆناغی بنەڕەتیدا هەن، ڕۆڵی گرنگیان هەیە لە پەروەردەدا و لە بنیاتنانی کەسایەتی منداڵان. لێرەدا دەبێت بە ڕوونی ڕۆڵی شیعری منداڵان دیار بێت و کاریگەری هەبێت لە پەروەردەکردنی منداڵ و دروستکردنی کەسایەتی منداڵ و گەشەکردنی ئارەزووی هونەری و ئەدەبی، هەروەها پڕ بێت لە

بەهاکان ، بەها پەروەردەییەکان و کۆمەڵایەتییەکان، بەها ئابوورییەکان ،بەها سیاسی و نەتەوایەتییەکان ،بەها ئاینییەکان ،بەها ئیستاتیکییەکان، بەها تیۆرییەکان،" پرۆگرام هەموو ئەزموونێکی خوێندنگایە کە پەیوەندی بە گەشەکردنی لێهاتوویی ، ستراتیژی بیرکردنەوە و داهێنان، چارەسەری کێشە، بە کارەکی فێربوون لە خۆدەگرێت،هەروەها هەموو ئەوکۆ زانیاریی و ، بەها رەفتاریانەشە کە بونیادی پەرەپێدانی کەسێتی تاک پێک دەهێنن،لەم نێوەندەشدا کتێبەکانی خوێندن بەیەکێک لە گرنگترین سەرچاوە سەرەکییەکان دادەنرێن کە فێرخواز سودی لێ وەردەگرێت لە وەرگرتنی زانیاری و زانست وبەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیری و بەهادا،بۆیە زانایان گرنگی زۆر بە پرۆگرام دەدەن بەتایبەتی بۆ قۆناغەکانی بنەڕەتی،کە منداڵ لەو تەمەنەدا هەموو ئەندامەکانی هەست و نەستیان ،ئامادەیە بۆ چالاکی و کار، پڕ وزەو توانا و هێزە ،کەواتە دەبێت مامۆستا و دەوروبەر سودی لێ وەربگرێت بۆ بە گەڕخستنی بەها پەروەردەیی و رەوشتییەکان "،(سعید و علی ، ٢٠٢١: ل ٥٣).خوێندنی بنەڕەتی فاکتەرێکی کاریگەر و گرنگە و رۆڵی هەیە لە ئامادەکردنی منداڵان بۆ داهاتوویەکی گەش،چونکە جیهانی دەرەوەیان پێدەناسێنێت و عەقڵ و هۆشیان دەکاتەوە.خوێندنگای بنەڕەتی دووەم ماڵی فێرخوازە بۆ پەروەردەو فێرکردن،کە لە دوای پەروەردەی خێزانی و باخچەی ساوایان دەگوازرێتەوە بۆ پەروەردەیەکی فەرمی و تەندروست و شیاو،کە وا لە منداڵ دەکات بە شێوازێکی جوان و تەندروست و پەروەردەیی گەشە بکات ، هەر لەو ڕێگەیەوە منداڵ بناغەیەکی دەبێت بۆ بڕینی قۆناغەکانی تر.خوێندنگای بنەڕەتیی دەزگایەکی پەروەردەییە ئامانجی پەروەردە و فێربوونە،لە تەمەنی شەش ساڵیدا دەست پێدەکات، سەرەتاو بناغەی نووسین و خوێندن و فێربوونە خوێندنگا لە ماڵ کاریگەری زیاترە لە سەر فێرخواز ،چونکە کاتێکی زۆری ژیانیان لە خوێندنگا دەبەنە سەر نهێنی ئەم کاریگەریەش دەگەڕێتەوە بۆ چۆنییەتی پرۆگرامی خوێندن ،هەتا پرۆگرامی خوێندن زانیاری تازە و دەوڵەمەندی تێدا بێت، کاریگەری زیاترە لە سەر منداڵان، ئەمە لە لایەک ، لە لایەکی تریشەوە مامۆستایان رۆڵ و کاریگەریەکی گەورەیان هەیە لە سەر پەروەردە و فێربوونی منداڵان، بەتایبەتی لە قۆناغی بنەڕەتیدا( پۆلی یەک تا پۆلی شەش)،لەم قۆناغەدا مامۆستایان دەتوانن لەڕێگای شیعرەوە پەیامەکانیان بگەیەنن. چونکە شیعری منداڵان بەکەناڵێکی پەروەردەیی دادەنرێت و،دەرفەت دەبەخشێت بە منداڵان بۆ زانینی وەڵامی پرسیارەکانیان و بە دواداچوونیان و هەوڵدان بۆ دۆزینەوە یان بۆ خەیاڵکردن. منداڵان بە سروشتی خۆیان حەز و ئارەزوو و مەیلیان هەیە بۆ شیعرو گۆرانی، بەوە دڵخۆش وچالاک دەبن، لەو ڕێگایەوە منداڵان دەتوانن هەستەکانیان دەرببڕن،کاریگەری گەورەیان هەیە لە سەر ژیانی منداڵان،ئەو شیعرانەی کە لە ناو پرۆگرامی خوێندنی بازنەی یەکەم و دووەمدا هەیە.(٤٣)شیعر دەبن، ناوەڕۆک و مەبەستی شیعرەکان جیاوازن. پێویستە شیعرکانی ئەم قۆناغە لە دەوری ئامانجێکی پەروەردەیی بسوڕێنەوە ، بیرۆکەی شیعرەکان ئاسان و ڕوون و تەواو منداڵانە بن و منداڵان ئاشنا بن بە وشەکان ، منداڵان فێربکات چۆن ڕێز لە مافی کەسانی تر دەگیرێت و ڕێز لە داب و نەریتی کۆمەڵگاکەی و سیستەمە یاسایەکان بگرێت ،لە هەمان کاتدا چێژ و خۆشیەکی تایبەتی ببەخشێت بە منداڵان تاوەکو لە ڕێگای ئەوەوە فێری زۆر شت بن .

### ١/١/٢/٣) بازنەی یەکەم

پرۆسەی پەروەردە بناغەی کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوو و پێگەیشتووە، لەبەر ئەوە قسەکردن لەسەری زۆر هەڵدەگرێت.نووسەرانی بواری ئەدەبی منداڵان بە قۆناغی منداڵێتی ناوەڕاست ناوی دەبەن نزیکەی(٦-٨)ساڵان دەبن، "بازنەی یەکەمی خوێندن، واتە پۆلەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم، بنەمایەکی سەرەکی خوێندن و بەردی بناغەی

فێربوون و فێرکردنە، ئەوەی منداڵ لەم قۆناغەی خوێندندا فێری دەبێت و لەسەری ڕادێت کاریگەری لە تەواوی قۆناغەکانی داهاتووی خوێندنیدا دەبێت بە ئەرێنی یان نەرێنی" ،(باجەلان، ٢٠٢٢) لەم قۆناغەدا فێربوونی منداڵان پێویستییەکی سەرەکییە بە تایبەتی فێربوونی خوێندنەوە و نووسین، تەمەنی منداڵ و تواناکانی فێربوونی لە بازنەی یەکەمدا پێویست بەوە دەکات، بە شێوازێکی بەرنامە بۆ دانراو بنەماکانی خوێندنەوە و نووسینی فێربکرێت.ئەم بەرهەمە ئەدەبیانەی،کە لە ناو پرۆگرامی خوێندنی وانەی کوردی ئەم بازنەیەدا هەیە، بێجگە لە فێربوونی خوێندنەوە و نووسین، زۆر بابەتی پەروەردەیی تر لەخۆ دەگرێت.لەبەر ئەوە گرنگە شیعرەکانی ئەم بازنەیە شیکار بکەین،تاکو بزانین چ ڕۆڵێک لە پرۆسەی پەروەردە و فێربووندا دەبینێت." کتێبەکانی زمانی کوردی لە بازنەی یەکەمدا بە شێوازێکی کرداری تەنها جەخت ناکاتەوە لەسەر خوێندنەوەی دەق و نووسینەوەی، بەڵکو بەشێوازێکی گونجاو کار لەسەر فراوان کردنی فەرهەنگی وشە و دەربڕین و ئاستی بیرکردنەوەی قوتابی و مەعریفەی فراوان و فەرهەنگی زمانی قوتابیان دەکات."،(هەمان سەرچاوە).بە پێویستی دەزانین شیعری ناو پرۆگرامەکانی خوێندن شیکار بکەین.

## ١)شیکردنەوەی شیعرەکانی سامپڵی یەکەم

| ژمارە | پۆل / وەرز | ناونیشانی تێکست | بابەت | ناوی شاعیر | ژمارەی بەیت | جۆری دیالێکت |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ١/١ | پەرتوک | فێرکاری | ئیبراهیم چاوشێن سێکانی | چوار | کرمانجی خواروو |
| ٢ | ١/١ | سمۆرە | پەروەردەیی و ئاژەڵدۆستی | ڕێزان بەکر موحەمەد | شەش | کرمانجی خواروو |
| ٣ | ١/١ | ئێک و دوو | فێرکاری | پیر خدر سلێمان | پێنج | کرمانجی ژووروو |
| ٤ | ١/١ | بڵێن بەڵێ | پەروەردەی ڕەوشتی | حاتەم باناسی | چوار | کرمانجی خواروو |
| ٥ | ١/١ | پەپولە | ئاژەڵدۆستی | باڵدار | چوار | کرمانجی خواروو |
| ٦ | ٢/١ | بەهار | نیشتیمانی | هەژار | چوار | کرمانجی خواروو |
| ٧ | ٢/١ | زمانێ کوردی | نەتەوەیی | شکۆیی حەسەن | حەوت کۆپلە | کرمانجی ژووروو |
| ٨ | ٢/١ | نەورۆز | نەتەوەیی | کەریم شارەوانی | سێ | کرمانجی خواروو |

خشتەی ژمارە (١) : خشتەی شیعرەکانی پۆلی یەکەمی بنەڕەتی

ئەگەر سەیری خشتەی ژمارە یەک بکەین، لە قۆناغی یەکەمی بنەڕەتیدا. لە وەرزی یەکەمدا (پێنج) شیعری تێدایە، لە وەرزی دووەمدا (سێ) شیعری تێدایە.

**شیعری یەکەم :**

**پەرتوک**
**پەرتوکی خۆت دەربێنە**
**وریابە و مەیدڕێنە**
**ناوی خودای لێ بێنە**
**پیت و وشەی بخوێنە**
**گەر پیت ڕیزکەی بۆ وشە**
**ئەوا ئایندەی گەشە**
**کە وشەت کرد بە ڕستە**
**ئەوە هیواو مەبەستە**

(ئیبراهیم چاوشین سێکانی)، (پەرتووکی خوێندنی کوردی بۆ پۆلی یەکەمی بنەڕەتی،٢٠١٨: ل٥)

ئەم شیعرە لە رووی پەروەردەییەوە واتاو ناوەڕۆکێکی گونجاوی هەیە بۆ فێرخوازانی ئەم قۆناغە، وشەکانی کوردی پەتین و ئاسانن،بە کێشی حەوت برگەیی نوسراوە، کێشێکی سوک و ئاسانە بۆ شیعری منداڵان،شاعیر سەروای یەکگرتووی بەکارهێناوە،هانی فێرخوازان دەدات وریا بن و نرخی کتێبەکانیان بزانن و نەیدڕێنن.مامۆستا دەبێت ئەو وشانەی کە هاوواتایان هەیە وەکو (پەرتوک = کتێب/هیوا = ئاوت/ ئایندە = داهاتوو /وریا = زیتەڵ...) بۆ فێرخوازان ڕوونبکاتەوە.شاعیر مەبەستی ئەوەیە خوێندەواری ئایندەی فێرخوازان گەش و ئومێدبەخش دەکات و پاشەڕۆژێکی پڕشنگداریان پێدەبەخشێت،بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا ئەم شیعرە یەکەم وانەی دەستپێکی پەرتووکی خوێندنەوەی وانەی کوردییە بۆ پۆلی یەکەمی بنەڕەتی،منداڵان نازانن پیت و وشە و ڕستە چییە؟ لەبەر ئەم هۆیە وا باشە دەستپێکی وانەکە بە شیعرێکی چێژبەخش دەست پێ بکات.

**شیعری دووەم:**

**سمۆرە**

| | |
|---|---|
| سمۆرەیەک هاوڕێمە | لە ناو پۆلیشدا پێمە |
| زۆر وریایە و بچوکە | خنجیلە و ئێسک سوکە |
| پێمان دەڵێت وریابن | لە دەرسا زۆر ئازابن |
| هەرجارەو بابەتێک | جوان فێرمان دەکات پیتێک |
| بەلاشە چەند بچوکە | هێندە کاراو چاپوکە |

سوپاس بۆ تۆ هاوڕێ گیان خۆشمان دەوێی وەک چاومان... (ڕێژان بکر موحەمەد)، (پەرتووکی وانەی کوردی بۆ پۆلی یەکەمی بنەڕەتی، ٢٠١٨، ل١٣).

شاعیران هەمیشە هەوڵی ئەوەیان داوە، کەمنداڵان فێری ئاژەڵدۆستی بکەن،ئەمەش یەکێکە لە بەها کۆمەڵایەتییە گرنگەکان،دەبێت منداڵان فێری ئەوە بکرێن کە ئاژەڵیش ڕۆح لەبەرە، پێویستە بە هیچ شێوەیەک ئازاریان نەدرێت،لە ڕووی زمانەوە وشەکان ئاسان و کوردی پەتین، ئاواز و ئیقاعێکی خۆشی هەیە و هەر نیوە دێڕێک (حەوت) بڕگەیە، واتە هەر بەیتێک (چواردە) بڕگەیە هەر بەیتێکیش سەروای خۆی هەیە، هەروەها لە شیعری(پەپولە)شدا،شاعیر مەبەستی بووە کە، پەپولە زیندەوەرێکی جوان و باڵ نەخشینە،بکاتە هاوڕێی منداڵان و بە جوان و ڕازاوە وەسفی دەکات، هەمیشە شاعیرانی بواری منداڵان هەوڵیانداوە شتە جوانەکانی دەوروبەری منداڵان پیشانی منداڵان بدەن. ئەم شیعرەش وشەکانی سوک و ئاسانن بۆ منداڵان گونجاوە، بەڵام بۆ ئەوەی لە پڕۆگرامێکدا جێگەی زۆربەی بەهاکان ببێتەوە،واباشە ناوەڕۆکی شیعرەکان لە یەکتر جیاوازبن.تاوەکو فێرخواز زۆرترین شت فێرببێت،لە ڕێگای شیعری منداڵانەوە.ئەمەش شیعرەکەیە :

پەپولە

پەپولەی جوان و ڕازاو
ئێسک سوکی باڵ نەخشاو
تۆ کەی هاتی بۆ لامان؟
بەخێر هاتی سەرچاومان
چاوەڕێت بووین زۆر بەکوڵ
بیرمان دەکردیت بە دڵ
لێرە زۆرە دار و گوڵ
بفڕە لەم چڵ بۆ ئەو چڵ (باڵدار)

شیعری سێیەم:

ئێک و دو
ئێک و دو
ڕابە زوو
سێ و چوار
بکە غار
پێنج و شەش
گوڵان گەش
حەفت و هەشت
چوو مەگەشت
نەهـ و دەهـ
خوێندنگەهـ

(پیر خدر سلێمان)،(پەرتووکی کوردی بۆ پۆلی یەکەمی بنەڕەتی، ٢٠١٨: ل٦٣).

پرۆسەی پەروەردە و فێرکردنی منداڵان خۆی لە خۆیدا کارێکی گران و ئاڵۆز و تێکچرژاوە،چونکە پرۆسەیەکی گشتگیر و هەمەلایەنە و بەسەر چەندین تەوەر و لایەندا دابەش بووە،هەریەک لە خێزان و مامۆستا و خوێندنگا شاعیران و

نووسەران، دەروونناسان و پەروەردەکاران و کۆمەڵناسان،دەیانەوێت منداڵان پەروەردە و بەهرەمەند بکەن، شاعیرانیش دەیانەوێت منداڵان لە ڕێگەی شیعری منداڵانەوە فێری زۆر شت بکەن. ئەم شیعرە ناوەڕۆکێکی فێرکاری هەیە،لە ژمارە یەکەوە دەست پێدەکات تا ژمارە دە بە مەبەستی فێربوونی منداڵان،هەر دوو دێر دوو دێڕ مەبەستێک دەگەیەنێت بۆ نموونە دوو دێڕی یەکەم (لە خەوهەڵسان) دەگەیەنێت،دوو دێڕی دووەم (وەرزش) دەگەیەنێت، دوو دێڕی سێیەم (دڵخۆشی) دەگەیەنێت، دوو دێڕی چوارەم(سەیران و گەشت) دەگەیەنێت، دوو دێڕی پێنجەم(خوێندنگا)دەگەیەنێت. لەڕووی زمانەوە بە کرمانجی ژووروو نوسراوە،زۆر گرنگە منداڵانی کورد دیالێکتەکانی زمانی نەتەوەکەیان بناسنەوە. وشەکانی سوک و ئاسانن، منداڵانی هەموو دیالێکتە جیاوازەکانیش دەتوانن لێی تێبگەن،دێرەکان زۆر کورتن و بۆ لەبەرکردن ئاسانن، ئاوازێکی خۆشی هەیە بەهۆی کێش و سەرواکەیەوە،هەر نیوەدێرێک بە کێشی (سێ) بڕگەیی نوسراوە و سەروای هەمەجۆر بەکارهاتووە ،بۆ منداڵانی ئەم قۆناغە زۆر گونجاوە.

شیعری چوارەم :                    بلێن بەڵێ

منداڵان گوێتان لێیە

من ئەو پەیامەم پێیە

لە ئێستاوە کە وردن

هەر کەسێ بانگی کردن

لە وەڵاما وشیاربن

بەڕێزەوە دیار بن

ژیری خۆتان بنوێنن

(بەڵێ) بەکار بهێنن

(حاتەم باناسی)،(پەرتووکی خوێندنی کوردی بۆ پۆلی یەکەمی بنەڕەتی، ٢٠١٨: ل٨٣)

چەسپاندنی باها پەروەردەییەکان لای منداڵان بێجگە لەوەی کە ئەرکی خێزان و خوێندنگایە، یەکێکە لە ئەرکە گرنگەکانی سەرشانی شاعیرانی بواری منداڵان، چونکە هەر بەرهەمێکی ئەدەبی کە دەخرێتە ناو پرۆگرامی خوێندنەوە، دەبێت لە پێناوی پەروەردە و فێربوون و فێرکردندا بێت. شاعیر مەبەستییەتی منداڵان فێری ئەوە بکات،کە لە وەڵامدانەوەدا وشەی(بەڵێ)بەکاربهێنن،چونکە شاعیرانی کورد هەمیشە هەوڵی ئەوەیان داوە کە منداڵان بە جوانی پەروەردە بکرێن و، لە قسە و گفتوگۆدا بەڕێز و وریابن.لە ڕووی زمانەوە وشەکانی کوردی پەتین و ئاسانن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت مامۆستایان ئەو وشانەی کە هاوواتایان هەیە بۆ فێرخوازان ڕوونبکەنەوە،چونکە یەکێک لە سوود و گرنگی شیعری منداڵان، دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانەوانییە لەلای منداڵان، لەو وشانەش (ورد = بچوک/ وشیار = وریا/پەیام = ڕاسپاردە/ژیر = ئاقڵ .....) بە کێشی (حەوت) بڕگەیی و سەروای هەمەجۆر نووسراوە،ئەمەش وای کردووە، شیعرەکە ئاواز و ریتم و مۆسیقایەکی خۆشی هەبێت،بۆ منداڵانی ئەم قۆناغە لە هەموو ڕوویەکەوە گونجاوە.

شیعری پێنجەم :                    بەهار

زستان نەما بەهار هات

خۆشی بۆ گوند و شار هات

بولبول گەیی بە مرادی

دەخوێنێ بە ئازادی

**پەپولە لە چل بۆ چڵ**
**دەچن بۆ سەیرانی گوڵ**
**جوانە ئەم چیا و دەشتە**
**کوردستان وەک بەهەشتە**

**(هەژار)، (پەرتووکی خوێندنی کوردی بۆ پۆلی یەکەمی بنەڕەتی، ٢٠١٨: ل١٣)**

**شاعیر وەسفی جوانی کوردستان دەکات، کە زستان تەواو بووە و بەهار دەشت و چیاکان بەرگی سەوز دەپۆشن.لێرەدا منداڵان فێری ئەوە دەبن لە دوای وەرزی زستان وەرزی بەهار دێت، ئەوە پیشانی منداڵان دەدات، لەم وەرزەدا دەشت و دەر و چیاکان بەرگی سەوز دەپۆشن و پڕ دەبن لە گوڵ و گوڵزار، بولبولیش بە دڵی خۆی بەهۆی ئەو دیمەنە جوانەوە بە ئازادی دەخوێنێت،ئەم شیعرە جوانی و خۆشی کوردستان پیشانی منداڵان دەدات، لە ڕووی وشەوە وشەکانی سوک و ئاسان و کوردی پەتین،بە کێشی حەوت بڕگەیی نووسراوە، سەروای هەمەجۆری تیا بەکارهاتووە،ئەوەش وای کردوە ئاواز و مۆسیقایەکی خۆشی هەبێت و گونجاوە بۆ منداڵانی ئەم تەمەن و قۆناغە.**

**شیعری شەشەم :** **زمانێ کوردی**

**ب سێر و سوڕە** **ب خەمل ، ڕەوشە**
**جەواهر ، دۆڕە** **شرین و خوەشە**
**زمانێ کوردی** **زمانێ کوردی**

*** ***

**بە نەخش ، ئاوازە** **غەزەل، هەڵبەستە**
**لەتیف و نازە** **شەمالکا دەستە**
**زمانێ کوردی** **زمانێ کوردی**

*** ***

**بەیتا فەقی یە** **شوورێ بارزانە**
**دەنگێ خانی یە** **نوورا ئەرشانە**
**زمانێ کوردی** **زمانێ کوردی**

*** ***

**مەرتا لامەیە** **دەست پێشمەرگەیە**
**زمانێ کوردی**

**. (شکۆێی حەسەن)، (پەرتوکی خوێندنی کوردی بۆ پۆلی یەکەمی بنەڕەتی، ٢٠١٨: ل٣١)**

**ئەم شیعرە، باس و وەسفی خۆشی و شیرینی زمانی کوردی(زمانی دایک) دەکات، زۆر گرنگە منداڵان لە زمان و کەلتوور و فەرهەنگ و کەلەپور و شارستانییەتی خۆی دانەبڕێت وخۆشەویست بکرێن لای منداڵان.ئەم شیعرە هەرچەندە دوور و درێژە لەحەوت کۆپلەی سێ دێڕی پێکهاتووە .،بەڵام لە ڕووی کێشەوە زۆر گونجاوە بۆ منداڵان،هەر نیوە دێڕێک (پێنج) بڕگەیە ، هەر کۆپلەیەک سەروای خۆی هەیە،بە شێوەیەکی گشتی سەروای هەمەجۆر بەکارهاتووە،دووبارە کردنەوەی (زمانێ کوردی) ئیقاعێکی خۆشی بە شیعرەکە بەخشیوە .**

شیعری حەوتەم :

نەورۆز

نەورۆزە مەستم بە نەغمەی بولبول
بە عەتری وەنەوشە و سونبول
شادم بەهاژەی ڕوباری بەفرین
سوورم بە شڵپەی شەپۆلی زیوین
نەورۆز.....
نەورۆز.....

جەژنی نەورۆزتان پیرۆز (کەریم شارەزا)،(پەرتووکی وانەی کوردی بۆ پۆلی یەکەمی بنەڕەتی، ٢٠١٨: ل٥١)

نەورۆز جەژنی نەتەوایەتی کوردە،لە(٢١)ی ئاداردا هەموو ساڵێک کوردانی هەر چوار پارچەی کوردستان یادی جەژنی نەورۆز دەکەنەوە،هەمیشە کورد شانازی بەم بۆنە نەتەوایەتییەوە کردووە.شاعیرانیش هەوڵی ئەویان داوە لە ڕێگەی شیعرەکانیانەوە،ئەم بۆنە نەتەوایەتییە بە منداڵانی کورد بناسێنن.ئەم شیعرە بۆ منداڵانی پۆلی یەکەمی بنەڕەتی گونجاو نییە ،بۆ قۆناغی گەورەتر گونجاوە چونکە تێگەیشتن و ڕوونکردنەوەی واتای وشەکانی وەکو (مەستم، شڵپە و شەپۆل) بۆ منداڵان ئاسان نییە، پێویستە شیعرێک لەهەموو ڕوویەکەوە گونجاو بێت بۆ ئەم تەمەن و قۆناغە.شیعرەکە بە کێشی (دە) بڕگەیی و سەروای هەمەجۆر نووسراوە،لەبەرکردنی شیعرێکی دە بڕگەیی بۆ منداڵان ئاسان نییە.

## ٢)شیکردنەوەی شیعرەکانی سامپڵی دووەم .

| ژمارە | پۆل / وەرز | ناونیشانی تێکست | بابەت | ناوی شاعیر | ژمارەی بەیت | جۆری دیالێکت |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ١/٢ | ساڵی نوێمان پیرۆز بێ | پەروەردەیی | لەیلا مستەفا | حەوت | کرمانجی خواروو |
| ٢ | ١/٢ | قوتابخانە | پەروەردەیی | لەتیف هەڵمەت | پێنج | کرمانجی خواروو |
| ٣ | ١/٢ | کوردایەتی | نەتەوەیی | سەلمان شێخ مەمی | سێ کۆپلە | کرمانجی ژووروو |
| ٤ | ١/٢ | سوڕی ئاو | زانستی | فەرهاد ئەحمەد بەرزنجی | حەوت | کرمانجی خواروو |
| ٥ | ١/٢ | ئالآمان | نەتەوەیی | موحسین مەحمەد | هەشت | کرمانجی خواروو |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٦ | ٢/٢ | بۆ باوکم | خۆشەویستی | جەمال شاربـاژێری | شەش | کرمانجی خواروو |
| ٧ | ٢/٢ | پاکو خاوێنی | سروشتی و ژینگە | عەلی حەمە ڕەشید بەرزنجی | شەش | کرمانجی خواروو |
| ٨ | ٢/٢ | بەرخەکەم | ئاژەڵدۆستی | گۆران | هەشت | کرمانجی خواروو |

**خشتەی ژمارە (٢) : خشتەی شیعرەکانی پۆلی دووەمی بنەڕەتی**

**شیعری یەکەم :** **ساڵی نوێمان پیرۆز بێ**

**دەرچووی پۆلی یەکەمم وا لە پۆلی دووەمم**
**یاخوا پیرۆز بێ لێمان خوێندنی ساڵی نوێمان**
**قوتابییەکی وریام گوێ ڕایەڵی مامۆستام**
**قوتابخانەم خۆشدەوێ چونکە دڵ تیا دەسرەوێ**
**کەلوپەلی خاوێنم هیچ کات نایانشکێنم**
**هەر بژی قوتابخانە کە مەڵبەندی ژیانە**
**بژی مامۆستاکانم هاورێ زیرەکەکانم**

**(لەیلا مستەفا)،(پەرتووکی خوێندنەوەی کوردی– قۆناغی بنەڕەتی بۆ پۆلی دووەم، وەرزی یەکەم، ٢٠٢١، ل٧)**
**شاعیر زۆر جوان و شارستانیانە و هونەرمەندانە پرۆسەی خوێندنی هەر لە مامۆستاو قوتابی و خوێندنگا پیشانداوە، بەو مەبەستەی، هەمیشە فێرخوازان بە شەوق و زەوقەوە لەو پرۆسەیە بڕوانن و خۆشیان بوێت و ئارەزوومەندی بن. شاعیر شیعرەکە لە دەمی فێرخوازەوە دەڵێت، هەندێ دەستەواژەی جوان لەوانە (یاخوا پیرۆزبێ لێمان، دەرچووی پۆلی یەکەم....)، لێرەوە فێرخواز متمانەی بۆ دروست دەبێت ، بەو وەسفە جوانەی کە شاعیر کردویەتی،چونکە وێنەی فێرخوازێکی وریا و گوێڕایەڵ و پاک و خاوێنمان پیشان دەدات،ئەمەش هاندانی منداڵانە بۆ ئەو بەهانە.هەروەها ڕۆڵی مامۆستاشی بەرز نرخاندووە و وەسفی هاورێکانیشی دەکات و خوێندنگاشی کردووە بەسەرچاوەی ژیان،شیعرەکە لە ڕووی تەکنیکیەوە بەزمانێکی زۆر سادە و ڕەوان بنیاتنراوە،منداڵان زۆر بە ئاسانی لێی تێدەگەن،بەکێشی حەوت برگەیی نوسراوە و،سەروای هەمەجۆر بەکار هاتووە.کەواتە زۆر گونجاوە.**
**شیعری دووەم:**

**قوتابخانە**

**قوتابخانە زۆر خۆشە مەڵبەندی بیر و هۆشە**

دەیپارێزم باخچەکەی　　دەرگا و شوشە و پەنجەرەی
قوتابخانە گشت کاتێ　　ڕوناکیمان دەداتێ
فێرمان دەکات وریابین　　بۆ تەنگانە ئازا بین
قوتابخانە زۆر خۆشە　　مەڵبەندی بیر و هۆشە

(لەتیف هەڵمەت)، (پەرتووکی خوێندنەوەی کوردی – قۆناغی بنەڕەتی بۆ پۆلی دووەم، وەرزی یەکەم، ٢٠٢١: ل٢٦)
شاعیر دەیەوێت پڕۆسەی خوێندن و خوێندنگا لای منداڵان بە جوانی پیشان بدات و زیاتر سەرنجیان ڕابکێشێ کە شوێنێکی پڕ لە زانست و مەعریفەیە و منداڵان بە هۆی خوێندن و خوێندەوارییەوە دەتوانن پەی بە ژیان بەرن و ئاسۆی بیرکردنەویان فراوانتر بکەن.خوێندنگای بە سەرچاوەی بیر و هۆشی منداڵان داناوە،کە پیویستە منداڵان پارێزگاری لێبکەن،چونکە ژیانیان و پاشەڕۆژیان ڕووناک دەکاتەوە. شیعرەکە لە ڕووی وشە و واتاوە، وشەکانی سوک و ئاسان و کوردی پەتین، تێگەیشتن لە مانای شیعرەکە ئاسانە بۆ منداڵان.بە کێشی (حەوت) بڕگە نوسراوە، کە کێشێکی سوک و ئاسانە بۆ شیعری منداڵان گونجاوە،سەروای (هەمەجۆر) بەکار هاتووە،وشەکانی نامۆ نین بە دنیای منداڵان.

شیعری سێیەم :

کوردایەتی
مەدڤێت کوردایەتی
ئێک ڕێزی و برایەتی
هەمی ئول و نەتەوە
بژین ب تەڤایەتی
* * * * * * * *
نڤشەکێ نوی دێ ڕابین
دزیرەک و زانا بین
پەروەردا مە زارۆکا
پاشە ڕۆژا کوردا بین
* * * * * * * *
دەستا کەینە ناڤ دەستان
ئەم بچینە دبستان
ببینە ژیرو زانا
بژی بژی کوردستان

( سەلمان شێخ مەمی)، (پەرتووکی خوێندنی کوردی – قۆناغی بنەڕەتی بۆ پۆلی دووەم،وەرزی یەکەم،٢٠٢١: ل٥١)
شاعیر گرنگی یەکگرتن و یەکڕیزی و تەبایی نەتەوەی کورد بۆ منداڵانی کورد دەخاتەڕوو، چونکە دەبێت نەتەوەی کورد منداڵانیان بە شێوەیەک پەروەردە بکەن، کە هەست بە گرنگی ڕۆحی نەتەوایەتی و یەکێتی ناو ڕیزەکانی گەل بکەن.

دەبێت منداڵان زیرەک و زانابن، تاوەکو پاشەڕۆژی کورد ڕووناک بێت و پێویستە گەلی کورد هەموو دەست لە ناو دەست بێت.شیعرەکە لە سێ کۆپلەی چوار دێڕی پێک هاتووە، لە ڕووی کێشەوە شیعرەکە هەمووی لەسەر کێشی (حەوت) بڕگەییە.شاعیر بە شێوەی چوارینە سەرواکەی ڕێکخستووە،هەر کۆپلەیەک بە شێوەی (أ أ ن أ) سەرواکەی بۆ ڕێکخستووە.واتە سەروای دێڕی یەکەم و دووەم و چوارەم وەک یەکە بەڵام سەروای دێڕی سێیەم جیاوازە،ئاواز و مۆسیقایەکی خۆشی هەیە بۆ وتن ئاسانە،هەروەها لە ڕووی زمانەوە، زۆر گرنگە منداڵان دیالێکتە جیاوازەکانی زمانی کوردی بناسنەوە،دەبێت مامۆستا ئاماژە بەوە بکات کە ئەم شیعرە بە دیالێکتی کرمانجی ژووروو نوسراوە،وە ناوی شاعیر (سەلمان شێخ مەمی) بە منداڵان بناسێنێت.

شیعری چوارەم:

سوڕی ئاو

| | |
|---|---|
| سوڕی ئاوم لە ژیان | لە ڕوبار و دەریاکان |
| تیشکی خۆر گەرمم دەکات | دەمکات بە هەڵم و دەمبات |
| بۆ ناو قوڵایی ئاسمان | چڕ دەبمەوە هەم دیسان |
| دەبم بە هەورێکی ڕوون | دێم و دەچم لە گەردوون |
| بە دڵۆپی بارانم | دڵخۆشکەری هەموانم |
| دووبارە بەتیشکی خۆر | دەبمە هەڵمی جۆر بە جۆر |
| دەڕۆمەوە بۆ ئاسمان | دەبمەوە بە باران |

(فەرهاد ئەحمەد بەرزنجی)،(پەرتووکی خوێندنی کوردی – قۆناغی بنەڕەتی بۆ پۆلی دووەم،وەرزی یەکەم،٢٠٢١: ل٦٠)

شاعیر بابەتێکی زانستیی گرنگ بۆ منداڵان ڕووندەکاتەوە، ئەویش سوڕی ئاو و دروستبوونی بارانە. منداڵان لە ڕێگەی ئەم شیعرەوە تێدەگەن چۆن باران دروست دەبێت، ئەمەش بابەتێکی زانستی گرنگە. هەمیشە شاعیران ویستوویانە منداڵان لە ڕێگەی شیعری منداڵانەوە فێری زانست و زانیاری و ئاکار و ڕەوشتی جوان بکەن،شیعرەکە ئاواز و مۆسیقایەکی خۆشی هەیە و گونجاوە بۆ منداڵان،لە ڕووی کێشەوە بە کێشی(حەوت) بڕگەیی خۆماڵی کوردی نورسراوە، شاعیر سەروای هەمەجۆری بەکارهێناوە،لە ڕووی وشەوە وشەکانی سادە و سوک و ئاسانن و منداڵان پێی ئاشنان، وشەکانی کوردی پەتین و نزیکن لە دنیای منداڵانەوە، واتاو تێگەیشتنی ئاسانە.

شیعری پێنجەم :

ئاڵامان

ئاڵامان شەکاوەیە
قەشەنگ و ڕازاوەیە
چوار ڕەنگی جوان و گەشە
هی خاکێکی چوار بەشە
سپی و زەرد، سەوز و سوورە
هیوای نزیک و دوورە
زەردی ڕۆژی ڕوناکە
سپی ئاشتییە و پاکە

**سەوزی هێمای ژیانە**

**سوور خوێنی شەهیدانە**

**با هەموومان یەک دەنگ بین**

**یەک گوتار و یەک ڕەنگ بین**

**یەک بخەین تەقەلامان**

**تا هەر وابێ ئالامان**

**هەر جوان و گەشاوە بێ**

**بەرز بێ، شەکاوە بێ (موحسین حەمەد ئەمین)، (پەرتووکی خوێندنی کوردی بۆ پۆلی دووەم،وەرزی یەکەم، ٢٠٢١: ل ١٠)**

**ئالای کوردستان ئالای نەتەوەی کوردە،شاعیر بە پێویستی دەزانێت منداڵان ڕەنگی ئالای نەتەوەکەی خۆیان بناسن، زۆر بە جوانی وەسفی دەکات، کە جوان و قەشەنگ و ڕازاوەیەو لە چوار ڕەنگ پێک هاتووە، هەر ڕەنگەی هێماو پەیامێکی هەیە.دروشمی نەتەوەیی ئالای کوردستان خۆری زێڕینە کە هێمایە بۆ ڕووناکی ئایندەی کورد .سپی هەمیشە هێمای ئاشتی و پێکەوە ژیان و پاکی بووە،سەوز هێمای ژیان و ئاوەدانییە، سووریش هێمای خوێنی شەهیدانی نەمری کوردستانە.شاعیر داوا لە هەموو کورد دەکات کە یەک دەنگ و یەک ڕەنگ بن،واتە یەکگرتووبین لە ناو خۆمانداو هەمووان هەوڵبدەین بۆ بەرزی و شەکاوەیی ئالاکەمان.کێشی(حەوت) بڕگەیی و سەروای هەمەجۆر بەکارهاتووە.وشەکانی سوک و ئاسان و کوردی پەتین و نزیکن لە دنیای منداڵان،بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ وشەی وەکو (تەقەلامان،شەکاوە...) دەبێت بۆ فێرخوازان ڕوونبکرێتەوە. هەندێک وشەی وەکو (خوێن ،شەهید)تێگەیشتنیان بۆ منداڵانی پۆلی دوو ئاسان نییە لەبەرئەوە بۆ قۆناغی گەورەتر گونجاوە.**

**شیعری شەشەم :**

**بۆ باوکم**

| | |
|---|---|
| **خۆشەویستەکەی ژینم** | **باخەوان و پەرژینم** |
| **سڵاوی زۆر بە تینم** | **بۆ تۆ باوکی شیرینم** |
| **مایەی شانازی منی** | **سۆزی ئاوازی منی** |
| **بەهرەی بەختیاریمە** | **ئەم نامەیەم دیاریمە** |
| **خۆشەویستەکەم بابە** | **لە ئێمە دڵنیابە** |
| **تێدەکۆشین بێوچان** | **بۆ سەربەرزیی نیشتمان ،(جەمال شارباژێڕی)،(پەرتووکی خوێندنی کوردی بۆ پۆلی دووەم، وەرزی دووەم، ٢٠٢١:ل ٧)** |

**خۆشەویستی باوک، دایک، مامۆستا یەکێکە لە بەها پەروەردە کۆمەڵایەتییەکان،کە شاعیران دەیانەوێت لە مێشک و دڵ و دەروونی منداڵاندا بیچەسپێنن،چونکە باوک دەتوانێت منداڵەکەی بە جوانی پەروەردە بکات و بۆی ببێت بە باخەوان و پەرژین و بیپارێزێت،هەمیشە منداڵان شانازی بە باوکیانەوە دەکەن و خۆشەویستی خۆیان بە پاکی و بێگەردی دەردەبڕن.شاعیران دەیانەوێت لە پاڵ هەموو خۆشەویستییەکدا، خۆشەویستی کوردستان و نیشتمان فەرامۆش نەکەن،لە ڕووی کێشەوە، زۆر گونجاوە بۆ منداڵانی ئەم قۆناغە،چونکە بە کێشی (حەوت) بڕگەیی نوسراوە،کە بۆ منداڵان ئاسانە، شاعیر سەروای هەمەجۆری بەکارهێناوە، لە ڕووی وشەوە، وشەکانی نزیکن لە دنیای منداڵان و سوک و ئاسانن.**

شیعری حەوتەم :

**پاكو خاوێنی ژینگە**

| | |
|---|---|
| پاكو خاوێنی ژینگە | لای هەموومان گرنگە |
| كارێكە پڕ پیرۆزی | هێمایە بۆ دڵسۆزی |
| دەبێت هەموو بەشداربین | چالاك و دەست بەكاربین |
| هەتا ژینگەمان پاك بێ | دوور لە خۆڵ و خاشاك بێ |
| هەركەسە و لە ئاستی خۆی | بەرپرسێكی باش بێ بۆی |
| لە ژینگەی خاوێن و جوان | لەش ساغ دەژین هەموومان |

(عەلی حەمە ڕەشید بەرزنجی) ، ( پەرتووكی خوێندنی كوردی بۆ پۆلی دووەم ، وەرزی دووەم ، ٢٠٢١، ل٣١)

پاكوخاوێنی یەكێكە لە بەها گرنگە پەروەردەییەكان ، هەمیشە شاعیران جەختیان لێ كردووتەوە ،كە دەبێت منداڵان ژینگەو ئەو دەوروبەرەی تێیدا دەژین خۆشیان بوێت و بیپارێزن،چونكە پاكو خاوێن ڕاگرتنی بەكارێكی پیرۆزو جوانی پیشان داوە كە هێمایە بۆ كەسانی دڵسۆز،بەئەركی سەرشانی هەموومانی دەزانێت لە بچووكەوە تا گەورە، پێمان دەڵێت هەموومان بەرپرسین لە پاك ڕاگرتنی ژینگە تا ژیان و تەندروستیمان پارێزراوبێت لە ڕووی كێشەوە بە كێشی (حەوت) بڕگەیی خۆماڵی نوسراوە ،شاعیر سەروای هەمەجۆری بەكارهێناوە و لەڕووی وشەوە ،وشەكانی سوك و ئاسان و كوردی پەتین و منداڵان زۆر بە ئاسانی دەتوانن لێی تێبگەن و پێی ئاشنان،زۆر گونجاوە بۆ منداڵانی ئەم قۆناغە.

شیعری هەشتەم :

**بەرخەكەم**

| | |
|---|---|
| ئەی بەرخۆلەكە | نەرم و نۆڵەكە |
| سپی و خرپنی | وەك كولوی لۆكە |
| دەستەمۆو چەشی | فێرە باوەشی |
| دەنگی باڕە خۆش | جوان و چاو ڕەشی |
| بۆهەر كوێیەك چووم | تۆش وەرە لە دووم |
| ئەتلەوەڕێنم | هەروەكو بێچووم |
| وەرە خلە خل | بچۆ نەرم و شل |
| ببارێنە باع | بەرخی چاو بەكل |

(گۆران)(پەرتووكی خوێندنی كوردی بۆ پۆلی دووەم — وەرزی دووەم ، ٢٠٢١،ل٤٣)

وروژاندنی هەستی بەزەیی بە ئاژەڵ و گیاندار و چاندنی تۆوی خۆشەویستی و سۆز لە دڵ و دەروونی منداڵاندا كاری شاعیران و مامۆستایان و پەروەردەكارانە.شاعیریش لەو ڕوانگەیەوە هەوڵیداوە ئەو خۆشەویستی و سۆز و بەزەییە لە نێوان منداڵان و ئاژەڵدا زیاتر پتەوتر بكات،زۆر بەجوانی وێنەی بەرخێكی بچووكی سپی و نەرم و خرپنی پیشانی منداڵان داوە ،كە گومانی تێدانییە وا لە منداڵان دەكات حەز بكەن بەرخیان هەبێت شیعرەكە ئاواز و مۆسیقایەكی خۆشی هەیە بۆ وتن،هەرچەند هەندێك وشەی تێدایە دەبێت مامۆستا زۆر بەوردی ڕوونیان بكاتەوە ، تاوەكو فێرخوازان لە واتاو مەبەستی شیعرەكە تێبگەن،وەكو:( كولوی لۆكە ، دەستەمۆ ، لە دووم ، ئەتلەوەڕێنم ، خلەخل،ببارێنە....)

شێوازی بنیاتی شیعرەکەش لەسەر بنەمای کێشی(دە) برگەیی خۆماڵییە(٥+٥) ،سەروای هەمەجۆری بەکارهێناوە، هەروەها لە ڕووی زمانەوە وشەکانی کوردی پەتین،هەروەها وێنەی شیعری تێدایە، کە(لێکچواندن) ی دروستکردووە،بۆ نموونە (بەرخ /لێچووە)(وەک/ئەوزار)(کولوی لۆکە/لەوچووە).پێویستە گرنگیش بدرێ بە ناوی شاعیر، بۆ ئەوەێ منداڵان شاعیرانی نەتەوەکەی خۆیان بناسن.

## ٣)شیکردنەوەی شیعرەکانی ساپڵی سێیەم

| ژمارە | پۆل | ناونیشانی تێکست | بابەت | ناوی شاعیر | ژمارەی بەیت | جۆری دیالێکت |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ٣ | لەسەرەتای ساڵەوە | پەروەردەیی | کاکەی فەلاح | چوار | کرمانجی خواروو |
| ٢ | ٣ | قوتابیم | پەروەردەیی | عەزیز مەلا ڕەش | پێنج | کرمانجی خواروو |
| ٣ | ٣ | کوردستان | نیشتیمانی | محەمەد پاکژ | پێنج | کرمانجی خواروو |
| ٤ | ٣ | ژینی لادێ سەیرانە | کۆمەڵایەتی | قانیع | نۆ | کرمانجی خواروو |
| ٥ | ٣ | مینی | ئامۆژگاری | محمد دارياس | حەوت | کرمانجی خواروو |
| ٦ | ٣ | هەرەوەز | پەندو ئامۆژگاری | بێکەس | نۆ | کرمانجی خواروو |
| ٧ | ٣ | کوردستان شیرینە | وەسفی نیشتمان | ئیدریس عبدوڵلا مستەفا | پێنج | کرمانجی خواروو |

**خشتەی ژمارە (٣) : خشتەی شیعرەکانی پۆلی سێیەمی بنەڕەتی**

شیعری یەکەم :

لەسەرەتای ساڵەوە
براکانم ! خوشکەکانم !
هاوڕێ خۆشەویستەکانم !
دەرگای مەکتەب کرایەوە
پشووی هاوین بڕایەوە
جا نۆرەی قوتابخانەیە
کە بۆ زانین هێلانەیە
بەیەکتر شاد دەبینەوە
ڕێگای خوێندن دەگرینەوە

(کاکەی فەلاح)،(پەرتووکی خوێندنی کوردی بۆ پۆلی سێیەمی بنەڕەتی، ٢٠١٩: ل٣)

شاعیر کردنەوەی دەرگای قوتابخانەکان و تەواوبوونی پشووی هاوین ،وەکو مژدەیەک دەدات بە فێرخوزان و پێیان دەڵێت ئیتر پشوو تەواو بوو،دەبێت ڕێگای خوێندن بگرینەوەبەر،وا وەسفی قوتابخانە دەکات کە هێلانەیەکە بۆ زانست و زانیاری ،ئەمە لەلایەک ،لەلایەکی تریشەوە دیمەنێکی جوانی هاوڕێیەتی نێوان منداڵان پیشان دەدات،کە لە یەکەم ڕۆژی خوێندندا بەیەکتر شاد دەبنەوە.شیعرەکە بە کێشی (هەشت) بڕگەیی نوسراوەو سەروای هەمەجۆر بەکارهاتووە بەشێوەیەکی گشتی وشەکان سوک و ئاسانن،بەڵام هەندێ وشە هاوواتای وەکو (مەکتەب = خوێندنگا =قوتابخانە/نۆرە= سەرە..)بۆ فێرخوازان ڕوونبکرێتەوە و هاوواتاکان بە فێرخواز بوترێت ،تاوەکو وشەی زیاتر فێربن.
شیعری دووەم :

قوتابیم

قوتابیم لە پۆلی سێ          ئازا و ژیر، بەڕێوجێ
بولبولی گچکە و ساوام          لە باخی ژین بێ پەروام
شەیدای گوڵی زانستم          هەر خوێندنە مەبەستم
شەو و ڕۆژ هەوڵدەدەم          بە هۆی کتێب پێبگەم
تابگەمە خۆشی ژیان          لە چوار چێوەی کوردستان (عەزیز مەلا ڕەش)،(پەرتووکی خوێندنی کوردی بۆ پۆلی سێیەمی بنەڕەتی، ٢٠١٩: ل١٨)

شاعیر دەیەوێت منداڵانی کورد فێری هەوڵدان و تێکۆشان بکات، تا بە هۆیەوە نیشتمان و نەتەوەکەیان زیاتر پێش بکەوێت و گەشە بکات شاعیر هەوڵی پەروەردەکردنی منداڵانی نەتەوەکەی دەدات،لەم دەقە شیعریەدا کە لەسەر زاری قوتابییەکەوە بە ناوی (قوتابیم) بۆمان دەگێڕێتەوە،کە منداڵەکە قوتابی پۆلی سێیەمە و متمانەی بە خۆی هەیە، کە ئازاو ژیر و گورج و گۆڵە، مەبەستیتی شەو ڕۆژ بخوێنێت و هەوڵبدات تا دەگاتە دواڕۆژێکی خۆش و پڕشنگدار.بە کێشی (حەوت) بڕگەیی و سەروای هەمەجۆر نوسراوە و لە ڕووی وشەوە وشەکانی کوردی پەتین و سوک و ئاسانن بۆ منداڵان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت هەندێک وشەی وەکو (بێ پەروا، بەڕێوجێ، گچکە....) بۆ فێرخوازان ڕوون بکرێنەوە، گونجاوە بۆ ئەم قۆناغ و تەمەنەی منداڵان.
شیعری سێیەم:

کوردستان

ئەم کوردستانە جوانە
خوێن و دڵ و چاومانە
خۆشم دەوێ پڕ بە دڵ
ئەیپارێزم وەکو گوڵ
سەربازی گەل و خاکم
ڕۆڵەی چوست و چالاکم
کوردستان دەپارێزم
بە هەموو تواناو هێزم
سنگم دەکەم بە قەڵغان

بۆ بەرگری نیشتمان (محەمەد پاکژ)،(پەرتوکی خوێندنی کوردی بۆ پۆلی سێیەمی بنەڕەتی، ٢٠١٩: ل٤٢)

شاعیرانی کورد،هەمیشە هەوڵی ئەوەیان داوە خۆشەویستی کوردستان و نیشتمان لە دڵ و دەروونی منداڵاندا بچەسپێنن، بەڵام منداڵان نازانن و ناتوانن بەرگری لە نیشتمان بکەن، لەبەر ئەوە لە ڕووی واتاوە قورسە منداڵان لەوە تێبگەن کە سنگیان بکەنە قەڵغان بۆ پارێزگاری کردن لە کوردستان.بە کێشی (حەوت) بڕگە نوسراوە، سەروای هەمەجۆر بەکارهاتووە،لە ڕووی وشەوە هەندێک وشە وەکو (سەرباز، قەڵغان)نامۆن بە دنیای منداڵان،هەر لەم پرۆگرامەدا شیعرێکی تری تێدایە بە ناونیشانی (کوردوستانمان شیرینە) لە نووسینی (ئیدریس عەبدوڵا مستەفا)، باشتر وایە لە ناو یەک پرۆگرامدا، دوو مەبەست و ناوەڕۆکی لەیەکچوویان تێدا نەبێت، شاعیر لەم شیعرەشدا بە هەمان شێوە هەر وەسفی سروشتی جوانی کوردستان دەکات وشەکانی ئاسان و گونجاون بۆ منداڵان ، بەکێشی (حەوت) بڕگەیی نوسراوە و سەروای هەمەجۆر بەکارهاتووە، هەروەها وێنەی شیعری بەکارهێناوە (ئەیپارێزم وەکو گوڵ) مەبەستی ئەوەیە کە بە جوانی ئەیپارێزێت ،(پاراستن)ەکەی چواندووە بە (گوڵ)،بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت هەندێ وشەی وەکو (زێڕین، سازگار، ناودار....) بۆ فێرخوازان ڕوون بکرێنەوە.

شاعیر دەڵێت :-

کوردستانمان شیرینە
کوردستانمان شیرینە
خاک و ئاوی زێڕینە
شاخ و دۆڵی بەفرینە
لەسەر ڕووی ئەم زەمینە
ئاوی گەلێ سازگارە
هەوای خۆش و لەبارە
خاوەن گەلێ ناودارە
لە ناو جیهاندا دیارە
خوایە هەر ئاوەدان بێ
جێگەی خۆش و سەیران بێ (ل٩٩)

شیعری چوارەم :
ژینی لادێ سەیرانە
گەرچی تۆزێک گرانە
ڕۆژی نەورۆز سەری ساڵ
دەکەونە ئیش کوڕ و کاڵ
یا جووت یا جۆگە هێنان
بۆ ئاو داشتن دەغڵ و دان
یا دار بڕینی شاخە

یاخۆ پەرژینی باخە

یا توتنە یادرەو

ناوەستن بە ڕۆژ و شەو

یا گێرە یا شەن کردن

هەڵمەت بۆ فەرمان بردن

فەرقی نیە نێر و مێ

هەرچی دانیشتوە لە دێ

گشت خەریکی فەرمانن

بۆ دەستهێنانی نانن

تاتەواو دەبێت هاوین

تێدەکۆشن زۆر بەتین (قانیع)،(پەرتووکی خوێندنی کوردی بۆ پۆلی سێیەمی بنەڕەتی، ٢٠١٩: ل٦١)

شاعیرانی کورد هەمیشە لە ڕێگەی شیعرەکانیانەوە هەوڵی ئەوەیانداوە،کە ژیانی گوند و شار بۆ منداڵان ڕوون بکەنەوە، لەم شیعرەدا ژیانی قورسی گوند خراوەتەڕوو.ئەم شیعرە ئەوەمان پێدەڵێت سەرەتای بەهار، کە نەورۆزە، لەو کاتەوە خەڵکی گوند کارو ئیشیان لە درەو و گێرە و بڕینی دار و توتن کردن و جووت کردن دەست پێ دەکات،ئەم کارانە قورسن و منداڵان شارەزای نین و دورن لە دنیای منداڵان.لە ڕووی کێشەوە بە کێشی (حەوت) بڕگەیی نووسراوە و،سەرواى هەمەجۆر بەکارهاتووە، لە هەمان کاتیشدا دوور و درێژە،باشتر وایە بۆ منداڵانی ئەم قۆناغە شیعر کورت و پوخت بێت و وشەکانی سادە و ساکار بن بۆ تێگەیشتن .ئەم شیعرە گونجاو نییە چونکە باسی داربڕین دەکات ، کە ئەمەش زیان بە ژینگە دەگەیەنێت و ئەوە لای منداڵان دروست دەکات ، کە خەڵکی گوند دار دەبڕنەوە و زیان بە ژینگە دەگەیەنن و تێڕوانینی هەڵە دروست دەکات لای منداڵان.

شیعری پێنجەم :

مین

ئای کەمین ڕەزا قورسە　　زۆر بەسام و بە ترسە

ڕقی لە من و لە تۆیە　　دوژمنی هەموو مرۆیە

بۆ ئێمە وەک تەڵەیە　　دەسکاریکەی هەڵەیە

بەهەڤاڵانت بێژە　　هەر شوێنێ کە مین ڕێژە

بانەچن بۆ ئەو جێیە　　کە مینی بە دخوی لێیە

نەک بتەقێ و بتکوژێ　　خوێنی پاکت بڕێژێ

هەزار نەفرەتی لێبێ　　جا لە هەر شوێن و جیبێ (محمد دارياس)،(پەرتووکی خوێندنی کوردی بۆ پۆلی سێیەمی بنەڕەتی، ٢٠١٩: ل٧٣).

شاعیر دەیەوێت بڵێت:مین بەڵایەکی ترسناکە و مرۆڤایەتی بەدەستییەوە دەناڵێنێت و دوژمنان بۆ خەڵکی بێ گوناح و بێ تاوانی دادەنێن،بەڵام لەم شیعرەدا زۆر وشەی وەکو (ترس، ڕق، دوژمن، تەقین، بیکوژێ، خوێن ڕشتن، نەفرەت...) منداڵان لە ڕووی دەروونیەوە پێی بێزارن،بە هیچ شێوەیەک چێژ بەخش نییە،لە هەمان کاتیشدا لە ڕووی ناوەڕۆکەوە

گرنگ و پێویستە،دەبێت منداڵان ئاگادار بکرێن،بەڵام بە شێوازێکی وا کە لە ڕووی پەروەردە و دەروونییەوە خزمەتی منداڵان بکات.لە ڕووی کێشەوە بە کێشی (حەوت) بڕگەیی نوسراوە و سەرواى هەمەجۆر بەکارهاتووە،ئاواز و مۆسیقای شیعری تێدایە،بەڵام بۆ قۆناغی گەورەتر لە تەمەنی منداڵانی ئەم قۆناغە گونجاوترە.

شیعری شەشەم :

هەرەوەز

کوڕێ بوو ناوی دارا بوو

وریا و زیرەک و دانا بوو

هەرچی کەوتە بەر چاوانی

دەچووە بنج و بناوانی

ڕۆژێ ئەو دیقەتی کرد

تەنیا مێرولەیەکی ورد

لە دەنکە گەنمێ ئاڵاوە

زۆر بەدەستییەوە داماوە

چەندی ئەکرد بۆی نەدەبرا

هێزو قووەتی لێبڕا

ئەمجا ماندوو بوو لێیدا ڕۆی

هی تری هێنا لەگەڵ خۆی

چوونە سەری و کاتێ زانی

گەنمیان برد بە ئاسانی

دارا لەمە عیبرەتی گرت

پەندێکی باشی لێوەرگرت

وتی هەرکارێ گرانە

بەهەرەوەزی ئاسانە (بێکەس) ، (پەرتووکی وانەی کوردی بۆ پۆلی سێیەمی بنەڕەتی ، ٢٠١٩ : ل٨٠)

(هەرەوەز) چیرۆکە شیعرێکی بێکەسە ،کە تێیدا چیرۆکی کوڕێکی وریاو زیرەک و مێروولەیەکمان بۆ دەگێڕێتەوە شاعیران هەمیشە مەبەستیان بووە،هەموو ئاکار و ڕەوشتە جوانەکانی ناو کۆمەڵگای کوردەواری بخەنە بەرچاوی منداڵان تا لە ژیاندا سوودی لێ وەرگرن،هەرەوەزی و هاوکاریکردنی یەکتر و بەکۆمەڵکارکردن هەر لە زووەوە سیفەتی کۆمەڵگای کوردەواری بووە، یەکێکە لە کلتورە نەتەوەیەتییەکانی میللەتی کورد.لەم شیعرەدا دارا کوڕێکی زیرەک و وریاو بەدیقەت بووە،سەیری کردووە مێروولەیەک بە تەنها نەی توانیوە.دەنکە گەنمەکە ببات لەگەڵ خۆی،بەڵام کاتێک مێروولەی تری لەگەڵ خۆی هێناوە، بە ئاسانی توانیویانە دەنکە گەنمەکە هەڵگرن و ببەن .لێرەدا منداڵان پەندێکی لێ وەردەگرن، کە ئەویش هەرەوەزی و هاوکاریکردنی یەکترە لەکارە قورس و گرانەکاندا. بە کێشی (هەشت) بڕگەیی و سەرواى هەمەجۆر نووسراوە، وشەکانی بەشێوەیەکی گشتی ئاسانن،بەڵام هەندێ وشەی وەکو ( دیقەت ، قووەت ، عیبرەت ، بنج

و بناوان.....) دەبێت ڕوونبکرێنەوە بۆ فێرخوازان.لە ڕووی ڕێنووسەوە کەمێک جیاوازی هەیە لەگەڵ نووسینی ناو دیوانەکەی بێکەس،بەڵام وا باشترە دەستکاری ڕێنووسەکەی نەکرێت وەک وشەکانی (ئەکەوتە،ئەچوە ،ئەوا،مێرووڵەیەکی،.......)چونکە هەندێک جار کاریگەری دەبێت لەسەر واتاکەی یان کێشەکەی.

## ٢/١/٢/٣)بازنەی دووەم

بازنەی دووەمی خوێندنی بنەڕەتی ،واتا پۆلەکانی(چوارەم، پێنجەم،شەشەم)،تەمەنی منداڵانی ئەم قۆناغە نزیکەی(٩-١٢)ساڵان دەبن،نووسەرانی بواری ئەدەبی منداڵان بە(قۆناغی منداڵێتی درەنگ)ناوی دەبەن.توانای منداکانی ئەم قۆناغە،بە شێوەیەکی خێرا وریاییان زیاد دەکات،بەشێوەیەک کەبەبێ یارمەتی هیچ کەسێک خۆیان لە شتەکان ورد دەبنەوە.شیعری منداڵانی ئەم قۆناغە جیاوازییان هەیە لەگەڵ شیعری منداڵانی بازنەی یەکەم،لەبەر ئەوە ئەو شاعیر و نووسەرانەی بۆ منداڵانی ئەم قۆناغە شیعر دەنووسن،دەبێت هەوڵی ئەوە بدەن ناوەڕۆکی شیعرەکانیان لە ڕووی بیرو واتا ومەبەستەوە کەمێک فراوانتر بێت،چونکە منداڵانی ئەم قۆناغە توانای وەرگرتن و لێ وردبوونەوەی زیاتریان هەیە.لێرەدا بە پێویستی دەزانین شیعرەکانی ناو پرۆگرامی بازنەی دووەم شیبکەینەوە.

### ١ ) . شیکردنەوەی شیعرەکانی سامپڵی یەکەم:

| ژمارە | پۆل | ناونیشانی تێکست | بابەت | ناوی شاعیر | ژمارەی بەیت | جۆری دیالێکت |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | چوار | قوتابی ژیر | پەروەردەیی | محمد دار یاس | شەش | کرمانجی خواروو |
| ٢ | چوار | کوردستان | نیشتمانی | لەتیف هەڵمەت | پێنج | کرمانجی خواروو |
| ٣ | چوار | وەرزش | چێژ بەخش وپەروەردەیی | مەدحەت بێخەو | شەش | کرمانجی خواروو |
| ٤ | چوار | کۆمپیوتەر | زانستی | بەرزان ئەحمەد | شەش | کرمانجی خواروو |
| ٥ | چوار | وانەیەک بۆ منداڵان | کۆمەڵایەتی | عەبدوڵڵا پەشێو | چوار | کرمانجی خواروو |
| ٦ | چوار | گۆرانی دەنکە گەنم | ئابووری | گۆران | دوو کۆپلەی سێ دێڕی | کرمانجی خواروو |
| ٧ | چوار | جوانی بەهار | وەسفی کوردستان | کامەران | نۆ | کرمانجی خواروو |
| ٨ | چوار | وەرزەکانی ساڵ | فێرکاری | عەبدولڕەحمان تاوەگۆزی | نۆ | کرمانجی خواروو |
| ٩ | چوار | هێزلە یەکێتیدایە | کۆمەڵایەتی | قانیع | حەوت | کرمانجی خواروو |

خشتەی ژمارە (٤) : خشتەی شیعرەکانی پۆلی چوارەمی بنەڕەتی

**ئەگەر سەیری خشتەی ژمارە(چوار) بکەین ،لە قۆناغی چوارەمی بنەڕەتیدا(نۆ) شیعر هەیە .**

**شیعری یەکەم :**

**قوتابی ژیر**

**ئێمە قوتابی ژیرین**

**خاوەنی هۆش و بیرین**

**شاگردی ڕێی ڕوناکین**

**وێنەی بەرزی و دڵپاکین**

**خامەو کتێب و دەفتەر**

**هەر سێی دەخەینە سەر سەر**

**پێی فێر دەبین زانستی**

**ڕەوشتی جوانی و ڕاستی**

**مامۆستایە ڕابەرمان**

**فەرمانی لەسەر سەرمان**

**ئیتر دەبێ بخوێنین**

**نەزانین لە بن بێنین (پەرتووکی خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی چوارەمی بنەرەتی، ٢٠١٦ ،ل ٧)**

**ئەم شیعرە لە ڕووی پەروەردەییەوە هانی منداڵان دەدات بۆ خوێندن و وەرگرتنی زانیاری و گرتنەبەری ڕێگای ڕاست بۆ ژیان . چەند وشە و زاراوەیەکی تێدایە، کە دەبێت بە هاو واتا بۆ وشەی تر وەکو ( ژیر =ئاقڵ / خامە = پێنووس / ڕابەر = پێشەنگ / شاگرد = فێرخواز=قوتابی=خوێندکار/دەفتەر = پەراو )ناونیشانی شیعرەکە ( قوتابی ژیر ) جۆرێک لە متمانەی تێدایە کە فێرخواز هەیەتی بەرامبەر بە ژیری و ئاقڵی خۆی و خۆی بە خاوەنی هۆش دەزانێت ، ڕێز و ستایشی مامۆستای کردووە ، مامۆستای بە ڕابەر نیشان داوە،ئاواز و ئیقاعێکی خۆشی هەیە ، بە هۆی کێش و سەرواکەیەوە،شاعیر سەروای هەمەجۆری بەکارهێناوە، بە کێشی حەوت بڕگەیی نووسراوە، کە کێشێکی ئاسان و سوکە بۆ شیعری منداڵان.وشە و زاراوەکانی ئاسانن و واتاکانیان ڕوون و ئاشکران،ڕستەکانیشی کورت و واتادارن .کەواتە لەم شیعرەدا ئاماژە بە( زانست و خوێندەواری ، ڕێزی مامۆستا ، ڕەوشتی جوان ،دڵپاکی ، ئاقڵی ...) کراوە،یەکێتی بابەت لە شیعرەکەدا بەدی دەکرێت، واتە هەموو دێڕو بەیتە شیعرەکان پێکەوە بە دەوری یەک بەهای پەروەردەییدا دەسوڕێنەوە کە پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە و لە ناوەڕاستی شەستەکانی سەدەی بیستەم بەدواوە یەکێتی بابەت زیاتر پەرەی سەند.مامۆستا دەتوانێت لە ڕێگای هەر یەکێک لەم زاراوانەوە ئامۆژگاری و زانیاری ببەخشێت بە فێرخواز،دێڕی(ڕەوشت جوانی و ڕاستی)ڕێنووسەکەی تەواو نییە پیتی(ی) ی وشەی(ڕەوشتی) نەنووسراوە،کە نابێت هەڵە لە نووسینی شیعرەکاندا هەبێت .هەروەها مامۆستا دەبێت ئاماژە بە ناوی شاعیرەکە بکات ( محەمەد دارياس )،پێویستە بە چەند دێڕێک باسی ژیانی شاعیرەکە بکات و بیناسێنێت بە فێرخوازەکانی،دەتوانێت وێنەی شاعیرەکەیان پیشان بدات تاوەکو منداڵانی کورد هەر لە منداڵییەوە ئاشنای ئەدەبی نەتەوەکەی خۆیان بن و چێژی لێببینن .**

**شیعری دووەم:**

**کوردســـــــتان**

پیرەمێردێ

چووە قوتابخانەی گوندێ

لە حەوشەکەدا ڕاوەســـــتا

دەورەیان لێدا مامۆستا

ها خاڵە گیــــــــــــان

چیت گەرەکە ها خاڵە گیان

پیرەمێردی بەستە زمـــــان

کە لاواز بوو بوو وەک گۆچان

وتی : توخوا مامۆستا گیـــان

فێرم ناکەی چۆن بنووسم کوردستان ؟ ( پەرتووکی خوێندنەوەی کوردی بۆپۆلی چوارەمی بنەڕەتی، ٢٠١٦ : ل ١٨)

لە ناوەڕۆکی ئەم شیعرەدا دەردەکەوێت پیرەمێردیکی بە ساڵاچووی دانیشتووی لادێ ، کە خوێندەواری نییە، داخی ئەوەیەتی لە کاتی خۆیدا بواری بۆ نەڕەخساوە تاوەکو بخوێنێت، بە حەسرەتەوەیە بتوانێت بنووسێت و بخوێنێتەوە.لەتیف هەڵمەت ئەم پیرەمێردەی کردووە بە هێمای دڵسۆزی و کوردستان پەروەری، دەیەوێت لە ڕێی ئەم پیرەمێردەوە پەرۆش و خۆشەویستی و هاوبەستەبوون بۆ کوردستانی نیشتمانی شیرینمان لە دڵی منداڵانی کوردا شیرینتر بکات.شاعیر بەو شێوەیە گوزارشت لە خۆشەویستی کوردستان دەکات ،کە پیرەمێردەکەش لە خۆشەویستییەتی بۆ کوردستان، بۆیە حەز دەکات بنووسێت کوردستان و هانا بۆ مامۆستای گوندەکە دەبات،تاوەکو فێری بکات .لێرەدا شاعیر ڕەچاوی یەکێتی بابەتی نەکردووە ، دوو بابەتی (نەخوێندەواری،خۆشەویستی کوردستان )ی لەشیعرەکەدا خستووەتە ڕوو ،شاعیر ئازادانە شیعرەکەی نووسیوە بە ئارەزووی خۆی دێڕی کورت و درێژی بەکارهێناوە ،ئەمەش وای کردووە نەخشەی شیعری (تۆپۆگرافیا) ی ئەم شیعرە جیاواز بێت.شاعیر ژمارەی پێیەکانی هەر دێڕێک بە پێی ناوەڕۆک و هەست و بیر و لایەنی هونەری کەم و زیاد کردووە ئەم شیعرە وشەکانی سوک و ئاسانن هیچ وشەکی ناڕوون و قورسی تێدا نییە،کە پێویست بە ڕوونکردنەوە بکات ،بەڵام لێرەدا مامۆستا دەتوانێت ئاماژە بەوە بکات کە (پیرەمێردەکە چوێنراوە بە گۆچان ) شاعیر مەبەستێتی بڵێت پیرەمێردەکە پشتی چەماوەتەوە ئەوەندە چووەتە تەمەنەوە .ئەم شیعرە لە ڕووی تێگەیشتنەوە ناوەڕۆکێکی پڕ واتای هەیە،شاعیر کێش و سەروای هەمەجۆری بەکارهێناوە.جۆری شیعرەکە(چیرۆکە شیعرە)کەبە شێوازێکی ساکار و ئاسان و بە زمانێکی شیرین و ڕوان و پەتی نووسراوە.پێویستە ئاماژە بە ناوی شاعیر( لەتیف هەڵمەت )و ژیاننامەکەی بدرێت ، وێنەی شاعیر پیشانی فێرخوازان بدرێت ،تاوەکو فێرخوازان ئاشنای ئەدیب و ئەدەبی کوردی ببن.بۆ منداڵانی ئەم قۆناغە گونجاوە.

شیعری سێیەم : وەرزش

وەرزش گزنگێکی گەشــــە

شەنگی دەست و قاچ و لەشە

نەخۆشی و بێ هێزی و سستی

تیپی وەرزش لێی بێ بەشــە

گەنجان قوتابییانی زرنـــگ
وەرزش وانەیەکە گرنـــــگ
بەرگـــــی بێزاری دادڕن
هەڵمەت بەرن وەکو پڵنــگ
یاری و ڕاهێنانـــی جوان
لە کاتی ئێوارەو بەیـــان
بیکەن بە خوو تاکو ماون
هەل نەدۆڕێنن لە ژیـان (پەرتووکی خویندنەوەی کوردی بۆپۆلی چوارەمی بنەڕتی،٢٠١٦ : ل٢٦ )

لەم شیعرەدا ئاماژە بە گرنگیی وەرزش دراوە، کە پێویستییەکی پەروەردەی تەندروستی و چێژ و خۆشییە .وەرزشکردنی بە هەل داناوە،چونکە مرۆڤ لە هەموو تەمەنێکدا توانای وەرزشکردنی نییە، گەنجان و منداڵان زیاتر توانای وەرزشکردنیان هەیە ،لەبەر ئەوە نابێت ئەو هەلە لەدەست بدەن.شاعیر پێی وایە ئەو کەسانەی دۆستی وەرزشکردنن لەش ساغ و تەندروستن،لەبەر ئەوە هانی منداڵان دەدات بۆ یاری و ڕاهێنان و وەرزشکردن .شاعیر کێشی هەشت بڕگەیی بەکارهێناوە، کە کێشێکی سوک و ئاسانە بۆ شیعری منداڵان،هەروەها سەرواکەی ڕێکخستووە هەر چوار نیوە دێڕێک بەیەکەوە تەنها سەروای دێڕی سێیەمی جیاوازە، واتە بەم شێوەیە (اا ب ا) لە ڕووی وشەوە هەندێک وشەی وەک ( گزنگ =تیشکی ڕۆژ کە بەیانیان لە شوێنی بەرز دەدات /شەنگ =جوان ، شۆخ / سستی =خاو و خلیچکی / زرنگ = زیرەک و وریا / هەڵمەت = پەلامار ، هێرش ..) پێویستە ڕوون بکرێنەوە بۆ فێرخوازان ،چونکە ئاسان نین.پێویستە مامۆستا ئاماژەیەکی کورت بدات بە ناو و ژیانی شاعیر و بیناسێنێت بە منداڵان ، ئەم شیعرە لە لایەن ( مەدحەت بێخەو )ەوە نووسراوە .

شیعری چوارەم :

کۆمپیوتـــــەر

کۆمپیوتەر ، کۆمپیوتەر
دانیشە لام ، بەرامبەر

دانیشە و لێم بڕوانە
ئیشوکارم چەند جوانە

عەقڵێکی گەورەو پڕم
وەک دارستانی چڕم

ئامێرێکی هەستیارم
هەڵە ناکەم لە کارم

من گەنجینەی زانیاریم
بۆتان مایەی وشیاریم

وەرە بە کارم بێنە
زانیاریم لێ دەربێنە (پەرتووکی خوێندنەوەی کوردی بۆپۆلی چوارەمی بنەڕەتی ،٢٠١٦ ،ل ٣٤ )

کۆمپیوتەر یەکێکە لە داهێنراوە گرنگەکانی مرۆڤایەتی، بە هۆی ئاگاداربوونی شاعیر لە دنیای پڕ گۆڕانکاری و پێشکەوتن ئەم شیعرەی نووسیوە و بە پێویستی زانیوە منداڵانی کورد ئاگادار بکات لەم تەکنەلۆژیا پڕ بایەخە. ناوەڕۆک و مەبەستی ئەم شیعرە زانست و زانیارییە ،مامۆستا دەتوانێت ئامێری کۆمپیوتەرەکە لە نزیکەوە پیشانی فێرخوازەکانی بدات و بۆیان باس بکات، کە ئامێرێکی چەند گرنگە بۆ جێبەجێکردنی زۆربەی ئیش و کارەکان .ئەم شیعرە بە کێشی حەوت بڕگەیی نووسراوە، بێجگە لە دێڕی یەکەم ( کۆمپیوتەر ، کۆمپیوتەر ) شەش بڕگەیە،سەروای هەمەجۆر بەکار هاتووە،هەروەها وێنەی شیعری تێدایە لە دێڕی(وەک دارستانی چڕم) واتە عەقڵی کۆمپیوتەرەکە چوێنراوە بە دارستانی چڕ،پێویستە ئاماژە بە ناوی شاعیرەکە(بەرزان ئەحمەد)بدرێت و زۆر بەکورتی باس لە ژیانەکەی بکرێت .لە ڕووی وشە و زاراوەوە وشەکانی سوک و ئاسانن و وشەی قورسیان تێدانییە و گونجاوە بۆ ئەم تەمەن و قۆناغە.

شیعری پێنجەم :

**وانەیەک بۆ منداڵان**

منالـــــــــەکان !

ئەی برسییە ژین تاڵەکان

لە سەر سینگە نەوتاوییەکەی ، بابە گوڕ گوڕ

نێزیک تاڤگەی سەرەو ژووری ، زێڕینی گڕ ....

گڵکۆیەکی بچکۆلەم دی

لێی نووسرابوو :

" ئا لێرەدا منالێکی ، چاو گەشی کورد لە برسا ... مرد "

(پەرتووکی خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی چوارەم بنەڕەتی ، ٢٠١٦ : ل ٤٦)

هەر چەندە شاعیر ئەم شیعرەی بۆ منداڵان نووسیوە و ڕاستەوخۆ ڕووی دەمی لە منداڵان کردووە ، بەڵام ناوەڕۆکەکەی قورسە بۆ منداڵان بە هۆی ئەو ڕووداوانەی لەناو شیعرەکەدا کە ڕەنگییان داوەتەوە ،لە ڕووی نەتەوایەتییەوە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ باس لە کەرکوک دەکات، کە گرنگییەکی ستراتیجی گەورەی هەیە بۆ نەتەوەی کورد و کانە نەوتی بابە گوڕ گوڕ مێژوویەکی گرنگی هەیە و ناسراوە لە هەموو جیهاندا ، بەڵام بە داخەوە لە گەڵ ئەوەی کە کورد نەوتی هەیە،بەڵام منداڵانی کورد لە برسا دەمرن .لێرەدا ئەوە دەردەکەوێت لێکدانەوەی ئەم شیعرە بۆ منداڵان ناخۆشەو لە ڕووی دەروونییەوە ئازاریان دەدات ،هەندێک وشەی وەکو ( تاڵ ، گڵکۆ ، برسی ، مرد ، ...) تێگەیشتن و واتاو ڕوونکردنەوەیان ئازار بەخشە، لەبەر ئەوە بۆ منداڵان گونجاو نییە.شاعیر ئازادانە کێش و سەروای بەکارهێناوە ، نەخشەی شیعری تەواو جیاوازە لە شیعری قۆناغەکانی پێشووتر،پێویستە مامۆستا ناوی شاعیرەکە(عەبدوڵلا پەشێو)و کورتەیەک لە ژیانەکەی بناسێنێت بە فێرخوازان .

**شیعری شەشەم :**

**گۆرانی دەنکە گەنم**

**ئەی خوای گەردوونە بەرزە !**

**دەغڵەکەم بپارێزە**

**لە سن و کوللە و تەرزە**

**هی تۆیە و من**

**نەک هی دوژمن**

**دەنکە گەنم**

**دەغلم وەک ئاڵتون زەردە ....**

**وەرزێر !داس لە هەسان دە !**

**خۆت لە ئاسایی تەکان دە .....**

**مەڵۆم بۆ لە خەرمان دە**

**خەرمانی سوور**

**وەک کۆگای نوور**

**،(پەرتووکی خوێندنەوەی کوردی بۆپۆلی چوارەمی بنەڕەتی،٢٠١٦ : ل ٥٤)**

**لەم شیعرەدا(گۆران) ی شاعیر باس لەوە دەکات کە دانەوێڵە دوژمنی زۆرە،لەم قۆناغەدا مەترسی گەورە لە بەردەم گەنمدا سن و کوللەو تەرزەن کە دەبێتە هۆی لە ناو بردنی گەنمەکە ، لە بەر ئەوە شاعیر لە خوای گەورە داوا دەکات دەغڵەکە بپارێزێت، چونکە بە هی خۆیی و خوای گەورەی دەزانێت، مەبەستی ئەوەیە کورد هەر لە کۆنەوە زەکاتی دەغڵ و دانی داوە بە هەژاران ،دوایی دێتە سەر وەسفی دەغڵەکە و دەڵێت وەکو ئاڵتوون زەرد و جوانە،واتە ( دەغڵ ) ەکەی چواندووە بە ( ئاڵتوون ) بابەتی ڕوانبیژیش لە ناو شیعرەکەدا بەکارهاتووە ،هەندێک وشەی وەکو ( مەڵۆم = سواڵە ( چەند باقەیەکی گەورەیە لە شتێک کە بە داس دورابێت یا بە دەست دەسکەنە کرابێ / دەغڵ = گەنم و جۆ/ وەرزێر =جوتیار = سەپان ( واتە ئەو کەسەی دروێنە دەکات) / خەرمان = ئەو گەنمەی کە دەدروێتەوە بە پوشەوە)پێویستی بە ڕوونکردنەوە هەیە و پێویستە مامۆستا بە وێنە یان بە ڕاستی مێروەکانی وەکو ( سن ، کوللە ) پیشانی فێرخوازەکانی بدات. لە ڕووی کێش و سەرواوە لە کۆپلەی یەکەمدا دێڕی یەکەم و دووەم و سێیەمی بە کێشی حەوت برگەیی نووسیوە ، دێڕی چوارەم و پێنجەم و شەشەم بە کێشی چوار برگەیی ، لە کۆپلەی دووەمدا دێڕی یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەمی بە کێشی حەوت برگەیی نووسیوە، بەڵام لە دێری سێیەمدا وشەی ( ئاسایی ) دەتوانین بە دوو برگە (ئا ) و ( سایی ) دابنێین ئەوا لەم حاڵەتەدا حەوت برگەییە ، بەڵام ئەگەر وشەی (ئاسایی ) بە سێ برگە دابنێین ( ئا ، سا ، یی )،ئەوا دەبێتە هەشت برگە ،پێدەچێت شاعیر مەبەستی حەوت برگەیەکە بێت، چونکە مەبەستی بووە کێشی شیعرەکەی ڕێکبخات ،لەم حاڵەتەدا چوار دێڕی یەکەمی حەوت برگەیە و سێ دێڕی کۆتایی چوار برگەییە ،سەرواکەشی ڕێکخستووە . نەخشەی شیعری ئەم شیعرە جیاوازە لە گەڵ شیعرە کۆنەکان ، واتە لە ڕووی کێش و سەرواو و فۆرمی شیعرەکەوە تازەیی پێوە دیارە.ئەم شیعرە بۆ منداڵانی قۆناغی گەورەتر گونجاوە.**

شیعری حەوتەم :

## جـــوانی بەهـــــار

ئاوی قەڵبەزەی سپی و ڕەنگاو ڕەنگ
لە گەرووی کەژا ئەیکا بە ئاهەنگ

وەختێ کە تاڤگە دێتە پێکەنین
مەلانی بزێو دێنە هەڵپەڕین

بووکی بەهاری جوانی ڕازاوە
لە کوردستانا خێمەی هەڵداوە

لە سەر لووتکەی شاخ تاجی زەردەپەڕ
پڕشنگ ئەهاوێ بۆ ناو ئاوی کەڕ

لە سەر کەناری چەمی پڕ نەغمە
ئەو خونچە سوورەی ناسک و نەرمە

بەرگی داماڵی سەوزی ئاودامان
خۆی شت بە قەترەی بەفراوی کوێستان

وردە شەپۆلی جۆگەلەی بڵاو
ختووکەی بەردە لە کەناری ئاو

وەکو فریشتە گوڵی هەڵوەریو
لە سەر سنگی ناو جۆگەی وەکو زیو

ئەڕۆن بەرەو خوار بە پشتە مەلە
ئەپژێتە دەمیان تیشکی ئەو کەلە

( پەرتووکی خوێندنەوەی کوردی بۆپۆلی چوارەمی بنەڕەتی ، ٢٠١٦ : ل ٧٠ )

ئەم شیعرە پڕە لە وەسفی جوانی وەرزی بەهار ، مەگەر شاعیر خۆی توانیبێتی ئەو وەسفە جوان و داهێنەرانە بکات ، بەڵام لێکدانەوە و ڕوونکردنەوەی واتای وشەکان قورسن و ئاسان نین بۆ منداڵان .( کامەران موکری ) زۆر داهێنەرانە وەسفی سروشتی کوردستان و وەرزی بەهار دەکات ،بەڵام تێگەیشتن لە وشە و زاراوەکانی دوورە لە دنیای منداڵان ، شیعری منداڵان دەبێت ئامانجێکی هەبێت ،لێرەدا منداڵان ناتوانن بەم وەسفەی شاعیر جوانی کوردستانیان بێتە بەرچاو، چونکە واتای وشەکان ڕوون نین و لێیان تێناگەن،تەنانەت ئەگەر واتای وشەکانیش لێکبدرێنەوە،لەبەرئەوە بۆ منداڵانی ئەم قۆناغە گونجاو نییە،شاعیر کێشی (١٠)بڕگەیی و سەرواى هەمەجۆری بەکارهێناوە،سەرەڕای هەندێک وشەی قورس وەکو ( قەڵبەز =شەپۆلی ئاو ،تاڤگە ،گوندێکە لە کوردستان بەعسی وێرانی کرد،یان ئاوێک کە لە شوێنێکی بەرز دێتە خوارەوە / کەژ = شاخ / زەردەپەڕ= کاتی ئاوا بوونی خۆر /ئاوی کەڕ= ئاوی ڕاوەستاو ی بێدەنگ)وشەی عەرەبیشی تێدایە وەکو ( نەغمە،خێمە ،قەترە ) .

شیعری هەشتەم :

## وەرزەکانی ســـــاڵ

ئادەی ئادەی ئێمەی مناڵ
با فێربین وەرزەکانی ساڵ

بیزانین بۆ زانین فەرزە
وەرزەکانی ساڵ چوار وەرزە

یەکەم بەهار ، دووەم هاوین
خودا وەهای بۆ داناوین

سێیەم پایز ، چوارەم زستان
بیان ناسە لە کوردستان

وەرزێ سێ مانگی تەواوە
ناگۆڕێ و قەت نەگۆڕاوە

مانگەکانی بەهار جوانە
نەورۆز ، گوڵان ، جۆزەردانە

مانگەکانی هاوین بیێژ
پوشپەڕ ، خەرمانان ، گەلاوێژ

پایز لە یادمە بە ئاوەز
ڕەزبەر ، خەزەلوەر ، سەرماوەرز

زستان بەفرانباری لێیە
ڕێبەندان و ڕەشەمێ یە

(پەرتووکی خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی چوارەمی بنەڕەتی ،٢٠١٦ : ل ٧٨ )

ئەم شیعرە پڕە لە زانیاری گرنگ سەبارەت بە وەرزەکانی ساڵ و ناوی وەرز و مانگەکان ،شاعیر ئاماژەی بەوە کردووە،کە ساڵێک چوار وەرزە ( بەهار ، هاوین ، پایز ، زستان ) ناوی وەرزەکانی هێناوە و هەروەها ئەوەی خستووەتەڕوو هەر وەرزێک سێ مانگە و ناوی مانگەکان فێری فێرخوازان دەکات ،ئەمەش زانیاریەکی گرنگ و پڕ بایەخە.مامۆستا دەتوانێت بە داتاشۆ یان بە وێنە سروشتی وەرزەکان و مانگەکان پیشانی فێرخوازان بدات.ئەم شیعرە کێش و سەروای تایبەت بە خۆی هەیە، ئەمەش وای کردووە ئاواز و ئیقاعێکی خۆشی هەبێت ،شیعرەکە بە کێشی هەشت بڕگەیی نووسراوە، کە کێشێکی سوک و ئاسان و گونجاوە بۆ شیعری منداڵان ، سەروای هەمەجۆر بەکار هاتووە، وشەکانی سوک و ئاسان و کوردی پەتیین، منداڵان بە باشی لێی تێدەگەن.پێویستە واتای ئەو وشانەی کە ڕوون نییە ( ببێژ = وتن / ئاوەز = هۆش و عەقڵ / فەرزە =ئەرکی سەر شان ) لێکبدرێنەوە،هەروەها پێویستە بە کورتی باس لە ناوی شاعیر ( عەبدولڕەحمان تاوەگۆزی ) و ژیانی بکرێت تاوەکو منداڵانی کورد شاعیرە ناودارەکانی نەتەوەکەی خۆییان بناسن .

شیعری نۆیەم :

هێز لە یەکێتیدایـــــــە

ئاشنا تۆ وەرە با ئاشنا بین
لە ئاشنا چاکتر هەر وەک برا بین

نەت بیستووە برا لە پشت برا بێ
مەگەر موقەدەر لە لای خوا بێ

کۆمەڵێ ڕێوی شێر ئەشکێنن
پۆلێ چۆلەکە باز ئەفڕێنن

تەنها پەنجەیەک هیچی پێ ناکرێ
کە کردت بە پێنج کێ بەرگەی ئەگرێ

مشتەکۆڵ ئەبێ و ناو دەم ئەشکێنێ
ڕەگی پەنا گوێی دوژمن ئەپسێنێ

ئێستاش من و تۆ با وەک برا بین
وەکو پەروانە و شوعلە و چرا بین

تەماع نەکەینە ناموسی یەکتر
بۆ ڕۆحی یەکتر نەبین بە ئاگر ( پەرتووکی خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی چوارەمی بنەڕەتی ، ٢٠١٦ : ل٨٥ )

( قانیع )ی شاعیر لەم شیعرەدا باس لە بەهایەکی کۆمەڵایەتی گرنگ دەکات ، ئەویش برایەتی و یەکگرتنە . شاعیر مەبەستی ئەوەیە ئەگەر ڕۆڵەکانی نەتەوەکەی یەکگرتوو بن ، ئەوا هیچ دوژمنێک ناتوانێت زەفەریان پێبەرێت ،چونکە یەک کەس هەر وەک یەک پەنجە وایە هەموو کەس پێی دەوێرێت ،بەڵام کە بوو بەپێنج پەنجە، واتە بوون بە پێنج کەس،کەس پێیان ناوێرێت ،لەبەر ئەوە پێویستە ڕۆڵەکانی ئەم نەتەوەیە یەکگرتوو بن و لە پشتی یەکتر بن . واتا و مەبەستێکی گرنگی هەیە،هەر چەندە (قانیع) وشەی کوردی پەتیی لە شیعرەکانیدا بەکاردەهێنێت بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا وشەی عەرەبی بەکارهێناوە وەکو ( تەماع ، شوعلە ،ناموس ).شاعیر گرنگی داوە بەڕێکخستنی سەروای

دێرەکان،شیعرەکە بە کێشی (١٠)بڕگەیی خۆماڵی نووسراوە، واتە(٥ – ٥)،سەروای هەمەجۆری بەکارهێناوە. بەڵام لە ڕووی واتـاوە بۆ قۆناغی گەورەتر گونجاوە.

## ٢) . شیکردنەوەی شیعرەکانی سامپڵی دووەم :

| ژمارە | پۆل | ناونیشانی تێکست | بابەت | ناوی شاعیر | ژمارەی بەیت | جۆری دیالێکت |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | پێنج | خوێندەواری | پەروەردەیی | مەدحەت بێخەو | چوار کۆپلەی چوار دێڕی | کرمانجی خواروو |
| ٢ | پێنج | کورد | نەتەوەیی | فەیسەڵ مستەفا | پێنج | کرمانجی ژووروو |
| ٣ | پێنج | بەفربارین | چێژو خۆشی | لەتیف هەڵمەت | شەش | کرمانجی خواروو |
| ٤ | پێنج | کوردستان | وەسفی نیشتمان | دڵدار | شەش | کرمانجی خواروو |
| ٥ | پێنج | ئاشتی | نەتەوەیی | / | شەش | کرمانجی ژووروو |

**خشتەی ژمارە (٥):خشتەی شیعرەکانی پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی**

**شیعری یەکەم :** **خوێنـــــدەواری**

خوێندەواری چرای ژینە
ڕێگەی ئاواتی شیرینە
سەرچاوەی بیرو زانینە
هۆشیارییە و ڕاپەڕینە

خوێندەواری دەریای هەستە
شەوقی لالەی بیر و دەستە
بۆ میللەت چەکی مەبەستە
گرنگی وێژەو هەڵبەستە

✻✻✻✻✻✻✻

خوێندەواری ئازادییە
سەرفرازییە و شادییە
چارەی دەردی هەژارییە
لەناو بەری بێ دادییە

بەرزی و پیتۆڵی و ناوداری
ئاوەدانی و گەشە داری
گشت داهێنان و زانیاری
هۆی خوێندنەوە و خوێندەواری

✻✻✻✻✻✻✻✻

،(پەرتووکی ڕێزمان و خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی ،٢٠٢١ :ل ٥٧)

ئەم شیعرە ناوەڕۆک و مەبەستێکی پەروەردەیی هەیە ،خوێندەواری کردووەتە سەرچاوەی زانین و ڕووناکی ،شاعیر هانی منداڵان دەدات بۆ خوێندن و بە چارەسەری هەژاری دەزانێت . هەروەها ( مەدحەت بێخەو ) لە شیعرکەدا ئاماژە بەوە دەکات کە خوێندەواری وەکو چەک وایە، مرۆڤ دەتوانێت بەرگری پێبکات لە نیشتمان و نەتەوەکەی ،هەروەها بە سەرچاوەی ئەدەب و شیعری دەزانێت ،کە گرنگی خۆی هەیە لە ناساندنی هەموو نەتەوەیەک،خوێندەواری دەکاتە سەرچاوەی ئاوەدانی و داهێنان ،ئاواز و ئیقاعێکی خۆشی هەیە . بە هۆی کێش و سەروایەکەیەوە ، بە کێشی هەشت بڕگەیی نووسراوە ، کێشێکی سوک و ئاسانە و هەر کۆپلەیەک سەروای تایبەت بە خۆی هەیە ، لە هەمان کاتیشدا دەبێت هەندێک وشەی وەکو (پیتۆڵی = زانا ،فەیلەسوف / وێژە = ئەدەب و هونەر /هەڵبەست = شیعر/ ناودار =

بەناوبانگ / شەوق= ڕووناکی / بێ دادی = نا دادپەروەری...)ڕوونبکرێنەوە بۆ فێرخواز .دەبێت مامۆستا گرنگی بدات بە ناوی شاعیر و ژیانەکەی ، تاوەکو منداڵانی کورد شاعیرانی نەتەوەکەی خۆیان بناسن .ئەم شیعرە بۆ منداڵانی ئەم قۆناغە گونجاوە .

شیعری دووەم :

**کـــــــــــــورد**

کورد سیارن ، کورد شیارن
خوڕتە مێرن ، جەنگە یارن
دپەیت و چڤت و هوشیارن
پەیا نابن ، چکو دکارن
مافێ خۆ ب باسکان بستێنن
نێ دوژمن دوپشک و مارن
خابڤانن و گورگە هارن
چونکی فێلێت وان دیارن
دەست و بەفرەکا سارن
ئێدی باوەڕێی نابینن

(پەرتووکی ڕێزمان و خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی ، ٢٠٢١ : ل ٧٣)

ئەم شیعرە بە دیالێکتی کرمانجی ژووروو نووسراوە، زۆر گرنگە منداڵانی کورد دیالێکتەکانی زمانی کوردی بناسن ، دەبێت مامۆستا فێرخوازان تێبگەیەنێت. ئەم دیالێکتە یەکێکە لە دیالێکتەکانی زمانی کوردی ( کرمانجی ژووروو ، کرمانجی خواروو ، لوڕی ، هەورامی )، لە هەمان کاتیشدا پێویستە مامۆستا واتای هەموو وشەکان ڕوونبکاتەوە،لە پەرتووکەکەدا بەم شێوەیە واتای وشەکان لێکدراونەتەوە( سیار = سوار / شیار = بەتوانا / دپەیت = ئامادەباش / چڤت = چوست / پەیا = پیادە / باسک = زەند / خابڤان = فێڵباز / سار = سارد/ ئێدی = چیتر / دکارن = دەتوانن ) تاوەکو فێرخواز لە مەبەست و ناوەڕۆکی شیعرەکە تێبگات،ئەم شیعرە ناوەڕۆکێکی نیشتمانی نەتەوەیی هەیە،و وەسفی ڕۆڵەی کورد دەکات لە بەرەنگاربوونەوەیان بەرامبەر دوژمن کە بە دەست و مەچەکی خۆیان مافی خۆیان وەردەگرن ، لە ڕووی کێش و سەرواوە ،بە کێشی هەشت بڕگەیی نووسراوە تەنها دێڕی ( مافێ خۆ ب باسکان بستێنن ) نۆ بڕگەیە ،شاعیر سەرواکەی ڕێکخستووە ، وشەکانی دوورە لە دنیای منداڵان بۆ قۆناغی گەورەتر گونجاوە، دەبێت گرنگی بدرێت بە ناوی شاعیر (فەیسەڵ مستەفا حاجی) و ژیانەکەی .

شیعری سێیەم :

**بەفر بارین**

| | |
|---|---|
| ئای لەم بەفرە باریوە | زەوی یەک پارچە زیوە |
| نەبەرد دیارە نە درەخت | نە هەورازی بەرز و سەخت |
| هەمووی لە بەفرا کپە | بێ سروەیە و بێ چپە |
| منداڵان دەی یاریکەین | جێی یاریمان دیاریکەین |
| دەی گورج ببنە،دووبەرە | (هێمن) ڕاکە ،(هێرش ) وەرە |

(هیوا ) تۆپەڵێ خڕکە                    گوێی ( ڕزگار ) ی پێ سڕکە     (پەرتووکی ڕێزمان و خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی ،٢٠٢١: ل ٩٥)

( لەتیف هەڵمەت ) لەم  شیعرە دا دیمەنی جوانی کوردستانمان پیشان دەدات ، کاتێک بەفر وەک تارای سپی دار و درەخت و بەرد و شاخ و هەورازەکانی کوردستان دادەپۆشێت ،هەروەها بیری ژیان و تەمەنی منداڵیمان دەخاتەوە ، زۆربەی منداڵانی کورد یادگاری زۆر خۆشیان لە گەڵ بەفر بارین و شەڕە تۆپەڵدا هەیە.ناوەڕۆکێکی چێژ بەخش و خۆشی هەیە،هەر کە گوێمان لێی دەبێت دەمان گەڕێنێتەوە بۆ سەردەمی منداڵی ،وشە و زاراوەکانی سوک و ئاسان و خۆشن ، ئاواز و ئیقاعێکی خۆشی هەیە و کراوە بە گۆرانی بۆ منداڵانی کورد ،کێش و سەرواى تایبەت بە خۆی هەیە ، بە کێشی حەوت بڕگەیی نووسراوە ،کێشێکی ئاسانە بۆ شیعری منداڵان ،سەرواى هەمەجۆر بەکارهاتووە، شاعیر ڕەچاوی یەکێتی بابەتی کردووە واتە مەبەست و ناوەڕۆکی شیعرەکە لە دەوری یەک بابەتدا دەسووڕێتەوە،منداڵان فێری چەندین وشەی تازە دەبێت  وەکو  ( گورج = ئازا  و خێرا/ کپ = بێدەنگ  و ئارام /  سروە = شنەی شەماڵ / چپە = قسەکردن بە هێواشی )،بەشێوەیەکی گشتی تێگەیشتن لە واتای وشەکان ئاسانە،مامۆستا دەتوانێت بە هۆی ئەم شیعرەوە باس لە وەرزی بەفربارین بکات کە لە(زستان)دا دەبارێت،هەروەها مێشکی منداڵان بجوڵێنێت بە پرسیارکردن دەربارەی سود و گرنگی بەفربارین .پاشان لە ڕووی چێژەوە( دروستکردنی شێرە بەفرینە )چێژێکی تایبەتی هەیە،کەواتە لە ڕووی دەروونییەوە خۆشی دەبەخشێت بە فێرخوازان لەم قۆناغەدا و زۆر بۆیان گونجاوە.زۆر گرنگە ناوی شاعیر ( لەتیف هەڵمەت ) و ژیانی شاعیرەکە بناسێنێت .

شیعری چوارەم :

**کوردســـــتان**

کوردستانی خۆش،نیشتمانی جوان
تۆ قیبلە گاهی منی بێگومان
چاوم پشکوتووی شاخەکانتە
فێری سەیرانی باغەکانتە
دەنگی شمشاڵی شوانەکانت
زریق و باقی جووانەکانت
قاسپەی کەوانی قەد کێوەکانت
خوڕەی ئاوەکەی نشێوەکانت
ئەمانە هەمووی گوێیان کردمەوە
هەوێنی شیعری دڵیان گرتمەوە
من درەختێکم لەو خاکە ڕووام
بە خۆشەویستی تۆوە ئاو درام

،( پەرتووکی ڕێزمان و خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی ، ٢٠٢١ : ل١١٠ )

هەمیشە لە ناو شیعری منداڵاندا وەسفی جوانی کوردستان پانتاییەکی گەورەی داگیر کردووە ، شاعیرانی بواری منداڵان ویستوویانە لە ڕێگای شیعرە وە کوردستان خۆشەویست بکەن لە لای منداڵانی کورد ،گومانی تێدا نییە شیعری منداڵان ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە ئاشکرا کردنی دیمەنە جوان و سەرنجڕاکێشەکانی کوردستان ،شاعیر کێشی (١٠) بڕگەیی و

**سەرواى هەمەجۆرى بەكارهێناوە ، بەڵام ئەم شيعرە بۆ قۆناغێكى گەورەتر گونجاوە ،چونكە وشەكانى دوورن لە دنياى منداڵان .**

**شيعرى پێنجەم :**

**ئـــــاشتــــــى**

**ل سەر چيا**
**پێلێن دەريا**
**لێڤێن ڕويبار و كانيا**
**ل سەر دلا**
**بەلگێن گولا**
**پەڕێن شاليل و بلبلا**
**ل سەر ڕويێ ڤيانێ**
**ل سەر دلێ ژيانێ**
**دێ تەڤنەكێ سپى ڕێسم**
**ب ئاوازا نڤێسم**
**پەياما كوردستانێ**
**ئاشتى بۆ تەڤ جيهانێ**

**،( پەرتووكى ڕێزمان و خوێندنەوەى كوردى بۆ پۆلى پێنجەمى بنەڕەتى ، ٢٠٢١ : ل ١١٨ )**

**ناونيشانى ئەم شيعرە (ئاشتى) پەيامێكى پەروەردەيى گرنگى لە خۆ گرتووە ،چونكە شارەزايانى بوارى پەروەردە هەميشە ويستوويانە ئاشتى و خۆشەويستى و پێكەوە بوون لە ناو مێشك و دڵى منداڵانى كورد بچەسپێنن،چونكە منداڵ بەردى بناغەى كۆمەڵگايە،هەر كەم وكوڕييەک لە پەروەردە و كارەكانى ئەواندا هەبێت ،لە پاشەڕۆژدا لە ناو كۆمەڵگادا ڕەنگ دەداتەوە. لە ڕووى زمانەوە بە دياليكتى كرمانجى ژووروو نووسراوە،ئەمەش خاڵێكى گرنگە ،چونكە پێويستە منداڵانى كورد دياليكتەكانى زمانى كوردى بناسنەوە.لە ڕووى ناوەڕۆكەوە باس لە پەيامى خەڵكى كوردستان دەكات بۆ هەموو جيهان كە ئاشتييە .پێويستە مامۆستا وشە بە وشەى شيعرەكە ڕوونبكاتەوە بۆ فێرخوازەكان،لە پەرتووكەكەدا بەم شێوەيە هەندێک لە وشەكان ڕوونكراونەتەوە( پێلێن دەريا = شەپۆلى دەريا / لێڤى = لێوار / بەلگێن گولا = گەڵاى گوڵ / شاليل = جۆرێكە لە باڵندە / تەڤنى = تەون / تەڤ = هەموو / ئاوازا = گۆرانى )شاعير ڕەچاوى كێش و سەرواى كردووە ، دێڕە كورتەكانى بە كێشى چوار بڕگەيى نووسيوە،دێڕە درێژەكانى بە حەوت بڕگەيى نووسيوە ،سەرواى هەمەجۆر بەكار هاتووە،دێڕەكان كورت و درێژن،ناوى شاعيرەكە نەنووسراوە، نابێت شيعرێک بخرێتە ناو پڕۆگرامى خوێندنەوە كە ناوى شاعيرەكەى نەزانراو و ناديار بێت .**

## ٣)- شیکردنەوەی شیعرەکانی سامپڵی سێیەم

| ژمارە | پۆل | ناونیشانی تێکست | بابەت | ناوی شاعیر | ژمارەی بەیت | جۆری دیالێکت |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | شەش | بەیان | وەسفی کوردستان | گۆران | هەشت | کرمانجی خواروو |
| ٢ | شەش | کەچا کورد | کۆمەڵایەتی | جگەر خوێن | پێنج | کرمانجی ژووروو |
| ٣ | شەش | سەدەی زانست | زانستی | عەلی بەختەوەر | دە | کرمانجی خواروو |
| ٤ | شەش | تەپڵ | نەتەوایەتی | دیلان | شەش | کرمانجی خواروو |
| ٥ | شەش | کۆترو ڕاوکەر | کۆمەڵایەتی | شێخ سەلام | دوازدە | کرمانجی خواروو |
| ٦ | شەش | نەورۆز | نەتەوایەتی | شەعبان سلێمان | شەش | کرمانجی ژووروو |

**خشتەی ژمارە (٦) : خشتەی شیعرەکانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی**

**شیعری یەکەم :**

**بەیـــــان**

**( الله و اکبر!) مەلا بانگانــــــە        وا بەتەواوی دنیا ڕوناکـــــــــــە،**
**تاریک و لێڵی بەری بەیانـــــــە        هەر سیحری ڕووتە سروشت ئێستاکە!**
**مانگی بەجێماو لە سەفەری شـــەو        لە درەخت ئەدا شنەی بای سەحەر:**
**زەردە لە ترسی قاسپە قاسپی کەو!        جموجووڵیەتی چەشنی سەودای سەر!**
**ئەستێرەی مەغریب وەک قەترەی ئەمەل        لە سەر جۆگەی ئاش قاز و مـراوی**
**کزکز ئەتکێتە ناو بەفری سەر کەل!        چاوەڕێی ڕۆژن هەڵبێنـــــێ چاوی،**
**لەڕێی ئەو بەری شاخ دەنگی زەنگ دێ        بەڵام تا خوڵقی نەکا چێشتەنگاو**
**لە شوێنی ڕاوکەر تەقەی تفەنگ دێ!        نایەتە ناو دێ پرشنگی هەتـــاو !**

**،(پەرتووکی ڕێزمان و خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی شەشەمی بنەڕەتی ، ٢٠٢١ :ل ٥٩ )**

**ئەم شیعرەی( گۆران )لە ڕووی واتاوە وەسفێکی جوانی بەرەبەیانی کوردستان دەکات ،هەمیشە شاعیران ویستوویانە لە ڕێگەی وەسف و پیاهەڵدانەوە جوانی و خۆشەویستی نیشتمان و نەتەوەکەیان بخەنەڕوو،بەڵام تێگەیشتن لە واتای ڕستەو دەستەواژەکانی ئاسان نین، چونکە شاعیر هونەری ڕوانبێژی ( جوانی بایس )ی بەکارهێناوە کە بۆ منداڵان ئاسان نییە،ئاساییە لە شیعری منداڵاندا هونەری ڕوانبێژی بەکاربێت، بەڵام بە مەرجێک ئاسان بێت بۆ تێگەیشت ،(جوانی بایس)ئەوەیە دیاردەیەک هۆی دروست و ڕاستەقینەی خۆی هەبێت،بەڵام ئەو هۆیە بخرێتە لاوەو بۆ جوانکردن و ڕازاندنەوەی شیعرەکە هۆیەکی تری هونەرمەندانەی بۆ دروستبکرێت ،کە زۆر دوور بێت لە هۆیە دروست و ڕاستەقینەکەی خۆی،ئەمەش لەم بەیتەدا دەردەکەوێت (مانگی بەجێماو لە سەفەری شەو /زەردە لە ترسی قاسپە قاسپی کەو ) منداڵان لەمە تێناگەن،زەردبوونی مانگ دیاردەیەکی سروشتییە هیچ پەیوەندی بە قاسپە قاسپی کەوەوە نییە،هەروەها هونەری لێکچواندنی تێدایە کە واتاکەی ڕوون نییە بۆ منداڵان وەکو ( ئەستێرەی مەغریب ) لێچووە ( قەترەی ئەمەل ) لەوچووە ،هەندێک وشەی تێدایە کە منداڵان پێی ئاشنا نین وەکو ( سیحر = جادوویی / شنە =**

کزەبا ، شەماڵ / سەودای سەر=خەیاڵی ناو سەر/چێشتەنگاو =وەختی بەر لە نیوە ڕۆ / پرشنگ = تیشکی خۆر )،تێگەیشتن لە واتای وشەکان بۆ منداڵان ئاسان نییە،لەبەر ئەوە ئەم شیعرە بۆ قۆناغی گەورەتر گونجاوە،شاعیر کێشی ( ١٠ ) بڕگەیی و سەروای هەمەجۆری بەکارهێناوە.

شیعری دووەم :

**کەچـــا کورد**

ئەی کەچێ ڕابە بخوێنە دا تو سەربەست هەر بژی — ڕابە سەر خوە ئەی کەچا کورد سەر بلند بمرە تو ژی
زوو ژ خەو تو سەر هلینە بەس بمینە بێ مـەژی — گەر بخوینی دێ بدی خوەندن تو ئێ هوندر تـــەڤا
ڕەنجبەرا هوندەر تویی تم ڕند و ژیر و زانا بــــە — گەر نەخوێنی کەس ژ بۆ مە ئێش و دەردا ناکـــوژی
بۆتە بێتر هەر دڤێتن خوندەواری ، پاڤـــــــژی — وا جەگەر خوین خوەش دنالی داکو ژن پێشڤە هـەڕن
وا هەڤالێن تە ل هەرجی سەر بلند پێشڤە دچــن — دابیێـژن هەر بـژی کـورد هەر بـژی کـورد هەر بـژی

،(پەرتووکی ڕێزمان و خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی شەشەم ،٢٠٢١ : ل ٧٥ )

ئەم شیعرەی(جگەر خوێن ) بۆ ئەم ڕۆژگارەی ئێستا ، کە گۆڕانکاری و پێشکەوتنی بە خۆیەوە بینیوە،شتێکی تازە نییە ،زۆر زوو شاعیران هەستیان بە گرنگی خوێندنی کچان کردووە .و کچانیشیان بە بەشێکی گرنگی کۆمەڵگا زانیوە ، بەڵام لە ئێستادا کچان هاوشانی کوڕان دەخوێنن و هەوڵ دەدەن.ئەم شیعرە وشەکانی قورسن دەبێت ڕوونبکرێتەوە،لە ناو پەرتووکەکەدا بەم شێوەیە نووسراوە بۆ فێرخوازان وەکو ( سەر هلینە =سەر بڵند کە / بێ مەژی =بێ مێشک ، نەخوێندەوار /هوندەر= ناوماڵ / تم = هەمیشە / دڤێتن =دەیەوێ / دێ بدێ خوەندن تو =تۆ خوێندەواری دەدەیتە / ئێ هوندەر تەڤا =ئەوانەی لە ناو ماڵن هەموویان / بێتر = زیاتر ...) لێکدانەوەی وشەکان کەم و کورتیان هەیە،شیعرەکە بە کێشی ( ١٥ ) بڕگەیی نووسراوە و دێڕەکانی دوور و درێژن و بۆ لەبەرکردن ئاسان نییە، هەروەها ڕەچاوی سەروا کراوە و بەم شێوەیە ڕێکخراوە ( ا ا ، ب ا ، ج ا ، د ا ، ت ا ) واتە بەیتی یەکەم،هەر دوو نیوە دێڕەکەی یەک سەروای هەیە،بەڵام بەیتەکانی تر تەنها دێڕی دووەمیانی ڕێکخستووە لە گەڵ سەروای بەیتی یەکەم،دەبێت فێرخوازان لەوە ئاگادار بکرێن کە ئەم شیعرە بە دیالێکتی کرمانجی ژووروو نووسراوە،بەڵام لە ڕووی واتا و مەبەستەوە بۆ ئەم سەردەم و قۆناغە گونجاو نییە.

شیعری سێیەم:

**سەدەی زانست**

ڕەوشت ، زانست ، پەروەردە
هەتوانی زامی کـــــــوردە
مرۆڤ بە بیر و زانـــــست
هەوڵدان ،تەکان،توانست
تێدەگا چۆن دنیای نوێ
سەردەکەوێ ... نانەوێ
هەر ڕۆژە و داهێنانـــێ
جۆرە بەرهەم هێنانـــێ

زۆر بوونی ئامێرەکـــــــان
گەشت بەرەو ئەستێرەکــان
( کۆمپیوتەر)و(ئینتەرنێت )
نەزانین لە گۆڕ ئەنێـــــــت
هەنگاوی ( فۆتۆکۆپی )
شۆڕشە دژ بە کپـــــی
ئەمانە گشتی بۆ گەل
مایەی سوودن بۆ کۆمەڵ
ڕۆڵەی کوردم ، بائێمەش
لەم ڕەوتە نەبین بێ بەش
مێژوو لە ( هەزارەی سێ )
،( پەرتووکی ڕێزمان و خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی شەشەم ،٢٠٢١ : ل٩٥ )

( عەلی بەختەوەر )ی شاعیر ڕەوشت و زانست و پەروەردەی بەیەکەوە گرێداوە ،ئەم شیعرە ناوەڕۆکێکی زانستی و پەروەردەیی هەیە، گونجاوە بۆ منداڵانی ئەم قۆناغە ، ئاگاداری پێشکەوتن و داهێنان بووە و بە چارەسەرو دەرمانی دەردی کوردی زانیوە،وشەکانی ئاسانن بۆ تێگەیشتن ،واتاکانیان ڕوون و ئاشکران ،منداڵان بە ئاسانی تێدەگەن ،ئاشنان بە وشەو دەستەواژەکان بەڵام دێڕی(هەنگاوی(فۆتۆکۆپی)،شۆڕشە دژ بە کپی)بۆ منداڵان قورسە و لێی تێناگەن،کێش و سەروای تایبەت بە خۆی هەیە، شیعرەکە بە کێشی حەوت بڕگەیی و سەروای هەمەجۆر نووسراوە ،ئەمەش وای کردووە خۆشبێت بۆ گوتن و چێژی هەبێت .پێویستە مامۆستا گرنگی بدات بە ناساندنی ناوی شاعیر و ژیانەکەی .هەروەها مامۆستا دەتوانێت بە ئاسان ئامێری کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت پیشانی فێرخوازان بدات.

شیعری چوارەم :

تەپـــــــڵ

هەر چیم هەیە لێم وەرگرە
لەشم ، ناوم ، جوڵەم ، تینم
بیگروو پێستی ئەندامم
بیکە بە بەیداخی ژینم
بەرەڵایکە هەوری توانج
بۆ ئەستێرەی بەختی ژینم
بەڵام شتێ لە مۆخمایە
(ئەتۆم ) نایهێنێتە دەرێ
هیچ دەسەڵاتێ ناتوانێ
پەناو زەفەری پێبەرێ
ئەزانی چی ؟ ئەمن کوردم
گەڵای کوردانەم ناوەرێ ( پەرتووکی ڕێزمان و خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی شەشەم ، ٢٠٢١ : ل ١٠٧ )

ناونیشانی ئەم شیعرە ( تەپڵ) دوورە لە ناوەڕۆکی شیعرەکەوە ، کاتێک منداڵان وشەی تەپڵ دەبینن یان دەیبیستن ، وا بۆی دەچن باس باسی تەپڵ بێت ،بەڵام لە ڕاستیدا وا نییە ،گومان لەوەدا نییە ( دیلان ) ی شاعیر زۆر زیرەکانە ئەم وشەیەی کردووە بە ناونیشانی شیعرەکەی، بەڵام ئاسان نییە منداڵان لەوە تێبگەن،ئەم شیعرە ناوەڕۆک و مەبەستێکی نیشتیمانی هەیە بۆ بەهێزکردنی هەستی خۆشەویستی نیشتمان و شانازیکردنی ڕۆڵەکانی بە کورد بوونی خۆیانەوە،ئەگەر منداڵان لە ناونیشان و مەبەستی شاعیر باش تێنەگەن، ئەوا شیعرەکە کاریگەر نابێت ،لە هەمانکاتدا هەندێک وشەی قورسی تێدایە وەکو ( بیگروو =کەوڵکردن = لێکردنەوەی پێست / بەیداخ =ئاڵا ، ڕەمز / توانج = تعلیق ، ڕەخنەو جنێوو / زەفەر = فرسەتی لێ دەهێنێت ...) .شاعیر لێرەدا مەبەستی ئەوەیە بڵێت ئەگەر پێستی لەشم لێبکەنەوە و کەوڵیشم کەن من هەر کوردم و شانازی بە کورد بوونی خۆم و نیشتمانەکەم دەکەم بە شێوەیەک گوزارشت لە هەستی نیشتمانی خۆی دەکات، کە چۆن تەپڵ لە پێستی ئاژەڵ دروست دەکرێت ،لە ئەنجامی کەوڵکردنی پێستی ئاژەڵەکەوە،ئەگەر پێستی ئەمیش لێبکرێتەوە ئەم واز لە کورد بوونی خۆی ناهێنێت .ئەم شیعرە بە گشتی بە کێشی هەشت بڕگەیی نووسراوە ،شاعیر ئازادانە سەروای بەکارهێناوە،تێگەیشتن لە واتای ئەم شیعرە بۆ منداڵان قورسە و ئاسان نییە،لەبەر ئەوە بۆ منداڵانی ئەم قۆناغە گونجاو نییە،بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە مامۆستا ناوی شاعیر (دیلان) و کورتەیەک لە ژیانەکەی بە فێرخوازان بناسێنێت.

شیعری پێنجەم :

## کۆتر و ڕاوکەر

کۆترێکی جوانی خاڵ و مل نەخشین
پەڕو پۆشین و قاچ و قول ڕەنگین
هێلانەیەکی گەرمکرد بە تـــــووک
پووشی بۆ هێنا بە نووکی دەنووک
لە سەر دارێکی بەرزی گــەڵا دار
هێلانە و هێلکە و خۆی تیادا حەشار
دوو هێلکەی کردو کۆتر کەوتە کڕ
پشتیوانی بوو دارستانی چـــــــڕ
ڕۆژێ ڕاوکەرێ بۆ ڕاو و شکــــــــار
ورد ورد دەگەڕا بندار بە بنـــدار
مەلێکی نەدی ڕاوکەر لـــە ڕاوا
وەخت بوو لێڵایی بێ بە سەر چاوا
ملی ڕێگەی گرت زۆر بە دامـــاوی
بڕوات بۆ ماڵ و بێ کەڵکـە ڕاوی
کۆتر نەفامبوو بێ عەقڵ و کەماڵ
بەرزی کردەوە ملی پڕ لە خـــــاڵ
نەزانین برا ، دەردە بۆ هەمــــــووان

دەردی،دەردی سەخت،دەردی بێدەرمان

خۆت ڕزگار بکە زوو لە نەزانیـــــن

هەتا تووش نەبیت وەک کۆتری نەخشین

کۆتر دەستیکرد بە حاقو حاقـــــو

ڕاوکەر و ڕاوی هیچ لە بیر نەبـــوو

ڕاوکەر بە دەنگی کۆتر دڵخۆش بوو

هیلاکی ڕێگەی لا فەرامۆش بوو

( پەرتووکی ڕێزمان و خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی شەشەم ،٢٠٢١ : ل ١٢١ ، ١٢٢)

( شێخ سەلام )ی شاعیر بە شێوازێکی زۆر ورد باس لە دیمەنی ڕاوکردن دەکات، وا هەست دەکەیت بە فلیم دەیبینیت ،مەبەستی شاعیر ورياكردنەوەی منداڵانی کوردە لە نەزانین،تاوەکو زەفەریان پێنەبرێت .وشە و ڕستە و دەستەواژەکانی ئاسان و سوکن و منداڵان بە ئاسانی لێی تێیدەگەن و واتاکانیان ڕوونن ،لە هەمانکاتدا وەسفی جوانی کۆتر دەکات کە باڵندەیەکی ڕۆح سوک و خۆشەویستە لای منداڵان ،ڕەمزە بۆ ئاشتی گەلان،ئەمەش تام و چێژ دەبەخشێت بە دەروونی فێرخوازان .شیعرەکە دور و درێژە و بۆ لەبەر کردن ئاسان نییە، وا باشترە شیعری ناو پرۆگرامەکانی خوێندن کورت و ئاسان بن.شیعرەکە بە کێشی دە بڕگەیی و سەرواى هەمەجۆر نووسراوە،شاعیر دەیەوێت ئەوە بگەیەنێت کە نەفامی و بێ ئاگایی دەردە بۆ مرۆڤ، پێویستە منداڵان وریا و زیرەک بن و کەس نەتوانێت زیانیان پێبگەیەنێت .

شیعری شەشەم: نـــــــــەورۆز

نەورۆزە گەلێ ئـــــاری

ڕۆژا ئازادیێ هـــــــــەلات

بیست و ئێکێ ئـــــاداری

جەژن و سەر ساڵ بون خەلات

باپیرێ مەزنێ ئـــــاری

ئەوی کاوەیێ ئاسنگـــــــــەر

ڕۆژا گەشا ئازادیـــــێ

ژتاریا شەڤێ ئیـــــــــــنادەر

ئاگر هەلکرن سەرێت چیا

ل سەربان سەرێت ڕی یــــــا


گوند باژار و کولانـــــــا

گەل کەتن شاهی دیلانا (پەرتووکی ڕێزمان و خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی شەشەم ،٢٠٢١ :ل ١٢٨ )

( شەعبان سلێمان )ی شاعیر لەم شیعرەدا باس لە بۆنەیەکی نەتەوایەتی کورد دەکات ، ئەویش جەژنی نەورۆزە وەک مێژوویەک باس لە چیرۆکی کاوەی ئاسنگەر دەکات، کە ئەویش هیمایە بۆ ئازادی ،هەروەها ئاماژە بە ڕەچەڵەکی گەلی کورد دەکات ( ئاری ).لە ڕووی ناوەڕۆکەوە شیعرێکی نەتەوایەتییە،دەبێت مامۆستا زۆر بە جوانی باسی گەلی ئاری و


بۆنەی نەورۆز بکات،تاوەکو منداڵان سوود لە شیعرەکە ببینن،چونکە ئامانجی شاعیر تەنها چێژ و خۆشی بەخشین نییە ، بەڵکو دەبێت لە ڕووی پەروەردە و فێربوونەوە سود بە منداڵان بگەیەنێت ،لە ڕوویەکی تریشەوە گرنگی خۆی هەیە،کە ئەویش ئەوەیە کە بە کرمانجی ژووروو نووسراوە ،چونکە پێویستە منداڵان دیالێکتەکانی زمانی کوردی بناسن .کێش و سەروای تایبەت بە خۆی هەیە و بۆتە هۆی ئەوەی ئاواز و ئیقاعێکی خۆشی هەبێت .شیعرەکە بە کێشی حەوت بڕگەیی و سەروای هەمەجۆر نووسراوە ،بۆ منداڵانی ئەم قۆناغە گونجاوە.

ئامانجی گەورەی پەروەردە و خوێندن گۆڕینی ڕەفتاری مرۆڤە لە نەرێنییەوە بۆ ئەرێنی،بەمەش ئامانجی فێربوون هێتە کایەوە،دەتوانرێت لە ڕێگەی شیعری ناو پرۆگرامەکانی خوێندنی قۆناغی بنەڕەتی، ڕەفتاری منداڵان بگۆڕدرێت لە ڕێگای چاندنی بەهاکانەوە،ناوەڕۆک و مەبەستی شیعری منداڵان لەقۆناغی بنەڕەتی لەناو پرۆگرامەکانی خوێندن ئەم بابەتانەی لە خۆ گرتووە .




هێڵکاری ژمارە ( ١ ) ناوەڕۆکی شیعرەکانی قۆناغی بنەڕەتی

هەر یەک لەم بابەتانەی سەرەوە گرنگن بۆ فێرخوازانی قۆناغی بنەڕەتی ئەمانە ناوەڕۆکی شیعری منداڵانی ئەم قۆناغەن ،شیعری منداڵان یەکێکە لەو ڕێگا کاریگەرانەی کە دەکرێت ببێتە هۆی کاراکردنی سەرجەم بەهاکان،وا باشە زۆر بابەتی تری گرنگ بخرێتە ناو پرۆگرامەوە بە تایبەتی سەرجەم بەهاکان بۆ هەر قۆناغێک : .




**هێلکاری ژمارە (٢ ) بەهاکان**

**لە وێنەی ژمارە دوو ئەوە دەردەکەوێت کە، پێویست و گرنگە لە ڕێگای شیعری منداڵانەوە ،سەرجەم بەهاکان کارا بکرێن، چونکە هەر یەک لەم بەهاییانە،کاریگەری هەیە لە سەر ژیانی منداڵان .شیعری منداڵان یەکێکە لەو ڕێگایانەی دەتوانرێت پشتی پێببەسترێت بۆ فێربوونی منداڵان،ئەرکی سەر شانی پەروەردەکاران و مامۆستایانە سەرجەم بەهاکان لەلای منداڵان بچەسپێنن،ئەمەش لە ڕێگای خوێندنگا و ژینگەی فێربوونەوە دەبێت،ڕەنگدانەوەی بەها پەروەردەیی و کۆمەڵایەتیەکان (ڕێزگرتن ، ڕاستگۆیی ،دەست پاکی ،گوێڕایەڵی ، پاکی و خاوێنی ...) مرۆڤ لە قۆناغی منداڵیدا لە ڕێگای شیعرەوە زۆر گوێ بیستی دەبێت و فێری دەبێت کەواتە ئەدەبی منداڵان بە گشتی و شیعر بەتایبەتی، ڕۆڵی گرنگی هەیە لە سەر منداڵان . بەها کۆمەڵایتییەکان لە پەیوەندی ڕاستەخۆ و پتەودان لە گەڵ مرۆڤ، بۆیە تێگەیشتن لێیان هەروا کارێکی ئاسان نییە ، بەها شتێکی بەرجەستەکراو نییە ، بەڵکو لە ڕێگەی ڕەفتاری تاکدا بەرجەستە .دەبێت مامۆستایان دەتوانن ڕۆڵی کاراکردنی ئەو بەهایانە ببینن،لە ڕێگای گرنگیدان و خوێندنی شیعرەوە (بەها کۆمەڵایەتییەکان پەیوەست دەبێت بە بایەخدانی بە خۆشویستنی خەڵک و قوربانیدان لە پێناویاندا و کۆششکردن لە پێناو کامەرانی و چاککردنی ڕەوشی ژیاندا )،( مەغدید ، ٢٠١٧: ل ٢٠). وەکو : ژینگەدۆستی ، بە کۆمەڵایەتی بوون ، ئارام گرتن ، بەخشین ،ئادابی هەڵسوکەوت ، بەزەیی ، ئەمانەت پارێزی ، هاوڕێیەتی ، خۆشەویستی ، پێکەوە**

**کارکردن و هەرەوەزی...،هەموو ئەم بابەتانە دەتوانرێت لە ڕێگای شیعرەوە فێری منداڵان بکرێن ، شیعری منداڵان دەتوانێت هەمان کاریگەری وانە و بابەتەکانی تری وەک (پەروەردەی مەدەنی و کارامەیی و ئەتەکێت ،زانست....) ببینێت ،بەمەرجێک ئەو شیعرانە تەواو گونجاو بن بە پێی قۆناغی منداڵی و هزرو تێگەیشتنیان و تەمەنیان، هەروەها پێویستە بەهای یاساو دادوەری لە ناو شیعری منداڵاندا ڕەنگ بداتەوە ،تاوەکو منداڵان هەست بەوە بکەن، کە مرۆڤ دەبێت لە چوارچێوەی یاسادا بژی، بەهای سیاسی و نیشتمان پەروەری و نەتەوایەتی بایەخێکی گەورەی هەیە لە ناو ئەدەب بە گشتی و شیعری منداڵان بە تایبەتی،چونکە نەتەوەی کورد هەمیشە ژێردەستەو چەوساوە بووە،لەبەر ئەوە گرنگە بۆ منداڵانی کورد ئاگاداری بارودۆخی نەتەوەکەی خۆیان بن، بەمەرجێک لەگەڵ ئاستی تیگەیشتنی منداڵان گونجاو بن .بەهای ئابووری ( جەختدەکاتەوە لە سەر،بایەخدان بە سودی ئابووری و دارایی و هەوڵدان لە پێناو ماڵ و سامان و بەرهەم هێنان و وەبەرهێنان )،(هەمان سەرچاوە: ل ٢٠ ) گرنگە منداڵان لەوە تێبگەن دارایی و ئابووری چییە؟،ئەمەش لەناو شیعری منداڵاندا ڕەنگی داوەتەوە و کاریگەری خۆی هەیە و گرنگە بەهای ئیستاتیکی لە شیعری منداڵاندا هەبێت، پێویست دەکات منداڵان جوانی شتەکانی دەوروبەری خۆیان ببینن.بەهای تیۆری (بایەخدانی تاک و ئارەزووکردنیانە بۆ دۆزینەوەی ڕاستییەکان و مەعریفەکان و هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی زیاتری زانست و زانیاری )،(هەمان سەرچاوە: ل ٢٠).هەروەها بەهای تەندروستی گرنگییەکی زۆری هەیە بۆ ژیانی منداڵان،دەبێت منداڵان هەر لە منداڵییەوە فێری ئەوە بکرێن گرنگی بە پاکوخاوێنی و تەندروستی خۆیان بدەن .ئەمەش لە ڕێگەی شیعرەوە ئەنجام دەدرێت .**


## تەوەری سێیەم : خستنەڕووی داتاکان و ڕاڤەکردنیان .

### ٣ / ٣ / ١ ) . خشتە و نەخشەی داتاکان

لەم خشتانەی خوارەوەدا ئەنجامی ڕاپرسیکەمان بە شێوەی ڕیزبەندی خراوەتەروو ، بۆ ئەنجامدانی ئەم ڕاپرسییە (١١٠ ) فۆرم دابەشکراوە بە سەر مامۆستایانی قۆناغی بنەڕەتی ،پسپۆری زمانی کوردی ، لە سنوری پارێزگای سلێمانی و دەوروبەری سەبارەت بەو شیعرانەی لەناو پرۆگرامی خوێندنی قۆناغی بنەڕەتیدا دەخوێنرێن ، (٥٢) مامۆستایان بڕوانامەی ( دبلۆم ) یان هەیە ،( ٤٨ ) یان بڕوانامەی ( بەکالۆریۆس ) یان هەیە ، (١٠٠) فۆرم گەڕێنراوەتەوە ( ٢ ) فۆرمی هەڵەی تێدایە .

خشتەی و نەخشەی ژمارە (١): تایبەتە بە جۆرێك لە ئەدەبی منداڵان .


| | بۆچوون | | ڕێژە |
|---|---|---|---|
| شیعر وەك جۆرێك لە ئەدەبی منداڵان کاریگەری هەیە لە سەر منداڵان ؟ | بەڵێ | ٧٠ | ٧١,٤٣٪ |
| | تارادەیەك | ١٦ | ١٦,٣٣٪ |
| | بەکەمی | ٤ | ٤,٠٨ ٪ |
| | نەخێر | ٨ | ٨,١٦ ٪ |




لە خشتە و نەخشەی ژمارە(١) دا،سەبارەت بەو پرسیارەی خراوەتەروو (جۆرێك لە ئەدەبی منداڵان )، لە کۆی( ٩٨ ) کەسدا،ڕێژەی ئەو کەسانەی وەڵامەکەیان ( بەڵێ ) یە دەکاتە (٧١.٤٣ ٪)، ڕێژەی ئەو کەسانەی ( تاڕادەیەک ) ە دەکاتە (١٦.٣٣ ٪) ، ڕێژەی ئەو کەسانەی ( بەکەمی ) یە دەکاتە (٤.٠٨ ٪)،ڕێژەی ئەو کەسانەی ( نەخێر) ە دەکاتە( ٨.١٦ ٪).بە پێی ئەم ڕاپرسییە ئەوە دەردەکەوێت زۆرینەی مامۆستایان بۆچوونیان وایە، شیعر کاریگەری گەورەی هەیە لە سەر منداڵ

خشتەو نەخشەی ژمارە (٢): تایبەتە بە شیعری نیشتمانی ونەتەوایەتی .


| مندالانی قۆناغی بنەڕەتی حەز لە شیعری نیشتمانی دەکەن ؟ | بۆچوون | | ڕێژە |
|---|---|---|---|
| | بەڵێ | ٣٩ | ٪ ٣٩,٨٠ |
| | تارادەیەك | ٤٣ | ٪ ٤٣,٨٨ |
| | بەکەمی | ١٤ | ٪ ١٤,٢٩ |
| | نەخێر | ٢ | ٪ ٢,٠٤ |




لە خشتە و نەخشەی ژمارە ( ٢ ) دا ،سەبارەت بەو پرسیارەی خراوەتەڕوو (شیعری نیشتمانی و نەتەوایەتی )، لە کۆی (٩٨)کەسدا،ڕێژەی ئەو کەسانەی وەڵامەکەیان ( بەڵێ )یە دەکاتە ( ٣٩.٨٠٪ )،ڕێژەی ئەو کەسانەی ( تاڕادەیەک ) ە دەکاتە( ٤٣.٨٨ ٪ )،ڕێژەی ئەو کەسانەی ( بەکەمی ) یە دەکاتە ( ١٤.٢٩٪ ).ڕێژەی ئەو کەسانەی ( نەخێر) ە دەکاتە ( ٢.٠٤٪ ) .بە پێی ئەم ڕاپرسییە، زۆرینەی مامۆستایان بۆچوونیان وایە مندالانی قۆناغی بنەڕەتی تاڕادەیەک حەز لە شیعری نیشتمانی و نەتەوایەتی دەکەن و هەستیان بۆ نیشتمانەکەیان دەجوڵێت .

**خشتە و نەخشەی ژمارە ( ٣ ) : تایبەتە بە بازنەی دووەم .**


| ڕێگای (بیستن ) گونجاوە بۆ وتنەوەی شیعری منداڵانی بازنەی دووەم ؟ | بۆچوون | | ڕێژە |
|---|---|---|---|
| | بەڵێ | ٣ | ٣,٠٦ ٪ |
| | تارادەیەك | ١٦ | ١٦,٣٣ ٪ |
| | بەكەمی | ٥ | ٥,١٠ ٪ |
| | نەخێر | ٧٤ | ٧٥,٥١ ٪ |




**لە خشتە و نەخشەی ژمارە ( ٣ ) دا ، سەبارەت بەو پرسیارەی تایبەت بە (بازنەی دووەم)خراوەتە ڕوو،لە کۆی( ٩٨ ) کەسدا،ڕێژەی ئەو کەسانەی وەڵامەکەیان ( بەڵێ )یە دەکاتە ( ٣.٠٦ ٪ )،ڕێژەی ئەو کەسانەی ( تاڕادەیەک ) ە دەکاتە (١٦.٣٣ ٪ ) ، ڕێژەی ئەو کەسانەی ( بەکەمی ) یە دەکاتە ( ٥.١٠٪ ) .ڕێژەی ئەو کەسانەی ( نەخێر) ە دەکاتە (٧٥.٥١ ٪ ) .بە پێی ئەم ڕاپرسییە ڕێگای ( بیستن ) گونجاو نییە بۆ وتنەوەی شیعری ئەم بازنەیە .**

خشتەی و نەخشەی ژمارە (٤) : تایبەتە بە ڕێز و خۆشەویستی .


| | بۆچوون | | ڕێژە |
|---|---|---|---|
| شیعری منداڵان کاریگەری هەیە لە سەر فێربوونی ڕێز و خۆشەویستی ؟ | بەڵێ | ٥٩ | ٪ ٦٠,٢٠ |
| | تارادەیەك | ٣٦ | ٪ ٣٦,٧٣ |
| | بەکەمی | ٢ | ٪ ٢,٠٤ |
| | نەخێر | ١ | ٪ ١,٠٢ |




لە خشتە و نەخشەی ژمارە ( ٤) دا ، سەبارەت بەو پرسیارەی خراوەتەڕوو (ڕێز و خۆشەویستی )، لە کۆی ( ٩٨ ) کەسدا ، ڕێژەی ئەو کەسانەی وەڵامەکەیان ( بەڵێ ) یە دەکاتە ( ٦٠.٢٠ ٪ ) ، ڕێژەی ئەو کەسانەی ( تارادەیەک ) ە دەکاتە ( ٣٦.٧٣٪ )، ڕێژەی ئەو کەسانەی کە ( بەکەمی ) یە دەکاتە (٢.٠٤ ٪ ).ڕێژەی ئەو کەسانەی کە ( نەخێر) ە دەکاتە ( ١.٠٢٪ ) .بە پێی ئەم ڕاپرسییە شیعری منداڵان ڕۆڵی هەیە لە فێربوونی ڕێز و خۆشەویستی لە لای منداڵان .

خشته و نەخشەی ژمارە ( ٥ ) : تایبەتە بە منداڵانی قۆناغی بنەڕەتی .


| | بۆچوون | | ڕێژە |
|---|---|---|---|
| فێرخوازانی قۆناغی بنەڕەتی کاردانەوەیان هەیە لە کاتی وتنەوەی شیعردا ؟ | بەڵێ | ٦١ | ٦٢,٢٤ ٪ |
| | تارادەیەك | ٢٨ | ٢٨,٥٧ ٪ |
| | بەکەمی | ٦ | ٦,١٢ ٪ |
| | نەخێر | ٣ | ٣,٠٦ ٪ |




لە خشتە و نەخشەی ژمارە ( ٥ ) دا ، سەبارەت بەو پرسیارەی خراوەتەڕوو (بازنەی یەکەم و دووەم )،لە کۆی ( ٩٨ ) کەسدا ،ڕێژەی ئەو کەسانەی وەڵامەکەیان ( بەڵێ ) یە دەکاتە ( ٦٢.٢٤٪ ) ، ڕێژەی ئەو کەسانەی ( تاڕادەیەک ) ە دەکاتە (٢٨.٥٧ ٪ )، ڕێژەی ئەو کەسانەی ( بەکەمی ) یە دەکاتە (٦.١٢ ٪ )،ڕێژەی ئەو کەسانەی (نەخێر)ە دەکاتە (٣.٠٦ ٪ ).بە پێی ئەم ڕاپرسییە فێرخوازان بە گشتی لە قۆناغی بنەڕەتیدا لە کاتی وتنەوەی شیعردا کاردانەوەیان هەیە و دەکەونە جموجوڵ .

**خشته و نەخشەی ژماره (٦ ) : تایبەتە بە چەشەی ئەدەبی .**


| | بۆچوون | | ڕێژه |
|---|---|---|---|
| شیعر یارمەتی منداڵان دەدات لە گەشە کردنی هەست و چەشەی ئەدەبی ؟ | بەڵێ | ٤٨ | ٪ ٤٨,٩٨ |
| | تارادەیەك | ٢٩ | ٪ ٢٩,٥٩ |
| | بەکەمی | ١١ | ٪ ١١,٢٢ |
| | نەخیر | ١٠ | ٪ ١٠,٢٠ |




**لە خشتەو نەخشەی ژمارە ( ٦) دا ، سەبارەت بەو پرسیارەی خراوەتەڕوو (چەشەی ئەدەبی )، لە کۆی ( ٩٨ ) کەسدا ڕێژەی ئەو کەسانەی وەڵامەکەیان (بەڵێ)یە دەکاتە ( ٤٨.٩٨ ٪ )، ڕێژەی ئەو کەسانەی (تاڕادەیەک)ە دەکاتە ( ٢٩.٥٩٪ ) ، ڕێژەی ئەو کەسانەی (بەکەمی) یە دەکاتە (١١.٢٢ ٪).ڕێژەی ئەو کەسانەی ( نەخێر) ە دەکاتە(١٠.٢٠ ٪ ) .بە پێی ئەم ڕاپرسییە زۆرینەی مامۆستایان بۆچوونیان وایە کە خوێندنەوە و لەبەرکردنی شیعری منداڵان، ڕۆڵی هەیە لە گەشەکردنی چەشەی ئەدەبی .**

**خشتەو نەخشەی ژمارە ( ٧ ) : تایبەتە بە ڕێگەی وتنەوەی شیعر .**


| ڕێگای وتنەوەی شیعر هەمان ڕێگای وتنەوەی وانەکانی ترە ؟ | بۆچوون | | ڕێژە |
|---|---|---|---|
| | بەڵێ | ٩ | ٪ ٩,١٨ |
| | تارادەیەك | ١٧ | ٪ ١٧,٣٥ |
| | بەکەمی | ٨ | ٪ ٨,١٦ |
| | نەخێر | ٦٤ | ٪ ٦٥,٣١ |




**لە خشتەو نەخشەی ژمارە ( ٧ ) دا ، سەبارەت بەو پرسیارەی خراوەتەڕوو (ڕێگای وتنەوەی شیعر )، لە کۆی( ٩٨ ) کەسدا،ڕێژەی ئەو کەسانەی وەڵامەکەیان ( بەڵێ ) یە دەکاتە (٩.١٨ ٪ ) ،ڕێژەی ئەو کەسانەی ( تاڕادەیەک ) ە دەکاتە (١٧.٣٥ ٪ )، ڕێژەی ئەو کەسانەی ( بەکەمی ) یە دەکاتە (٨.١٦ ٪ ).ڕێژەی ئەو کەسانەی ( نەخێر) ە دەکاتە (٦٥.٣١ ٪ ). بە پێی ئەم ڕاپرسییە دەردەکەوێت، زۆرینەی مامۆستایان بۆچوونیان وایە ڕێگای وتنەوەی شیعر جیاوازە لە ڕێگای وتنەوەی وانەکانی تر .**

**خشته و نەخشەی ژماره ( ٨ ) : تایبەته بە گەشه کردنی بیری داهێنەرانه .**


| | بۆچوون | | ڕێژه |
|---|---|---|---|
| شیعری منداڵان کاریگەری ئەرێنی هەیه لە گەشه کردنی بیری داهێنەرانه ؟ | بەڵێ | ٤٠ | ٪ ٤٠,٨٢ |
| | تارادەیەك | ٣٢ | ٪ ٣٢,٦٥ |
| | بەکەمی | ١٥ | ٪ ١٥,٣١ |
| | نەخێر | ١١ | ٪ ١١,٢٢ |




**لە خشته و نەخشەی ژماره ( ٨ ) دا، سەبارەت بەو پرسیارەی خراوەتەڕوو (بیری داهێنەرانه )، لە کۆی ( ٩٨ ) کەسدا ، ڕێژەی ئەو کەسانەی وەڵامەکەیان ( بەڵێ ) یە دەکاته ( ٪٤٠.٨٢ ) ،ڕێژەی ئەو کەسانەی ( تاڕادەیەک ) ە دەکاته ( ٪٣٢.٦٥ ) ، ڕێژەی ئەو کەسانەی ( بەکەمی ) یە دەکاته ( ٪١٥.٣١ ) . ڕێژەی ئەو کەسانەی ( نەخێر) ە دەکاته ( ٪١١.٢٢ ) .بە پێی ئەم ڕاپرسییه دەردەکەوێت، زۆرینەی مامۆستایان بۆچوونیان وایه شیعری منداڵان کاریگەری هەیه لە گەشەکردنی داهێنان لای منداڵان بەتایبەتی داهێنانی ئەدەبی .**

خشته و نەخشەی  ژمارە ( ٩ ) : تایبەتە بە کەسایەتی فێرخواز .


| شیعر یارمەتیدەری منداڵانە لە گەشە کردنی کەسایەتیان بە ڕێگەی دروست ؟ | بۆچوون | | ڕێژە |
|---|---|---|---|
| | بەڵێ | ٤٣ | ٪ ٤٣,٨٨ |
| | تارادەیەك | ٤٥ | ٪ ٤٥,٩٢ |
| | بەکەمی | ٥ | ٪ ٥,١٠ |
| | نەخیر | ٥ | ٪ ٥,١٠ |




لە خشتە و نەخشەی ژمارە(٩) دا ، سەبارەت بەو پرسیارەی خراوەتەڕوو (کەسایەتی منداڵان )، لە کۆی ( ٩٨ ) کەسدا ، ڕێژەی ئەو کەسانەی وەڵامەکەیان ( بەڵێ ) یە دەکاتە (٤٣.٨٨ ٪ ) ، ڕێژەی ئەو کەسانەی ( تاڕادەیەک ) ە دەکاتە ( ٤٥.٩٢٪ )، ڕێژەی ئەو کەسانەی ( بەکەمی ) یە دەکاتە (٥.١٠ ٪ )،ڕێژەی ئەو کەسانەی ( نەخێر) ە دەکاتە ( ٥.١٠٪ ) .بە پێی ئەم ڕاپرسییە دەردەکەوێت زۆرینەی مامۆستایان بۆچوونیان وایە شیعری منداڵان تاڕادەیەک یارمەتیدەری منداڵانە لە گەشەکردنی کەسایەتیاندا .

**خشتە و نەخشەی  ژمارە ( ١٠ ) : تایبەتە بە توانای دەربڕین .**


| شیعر یارمەتیدەرێکی باشی منداڵانە لە توانای دەربڕین و زماندا ؟ | بۆچوون | | ڕێژە |
|---|---|---|---|
| | بەڵێ | ٦٨ | ٪ ٦٩,٣٩ |
| | تارادەیەك | ٢٤ | ٪ ٢٤,٤٩ |
| | بەکەمی | ٥ | ٪ ٥,١٠ |
| | نەخێر | ١ | ٪ ١,٠٢ |




**لە خشتە و نەخشەی  ژمارە (١٠)  دا ، سەبارەت بەو پرسیارەی خراوەتەڕوو (توانای دەربڕین)، لە کۆی ( ٩٨ ) کەسدا ، ڕێژەی ئەو کەسانەی وەڵامەکەیان ( بەڵێ ) یە دەکاتە ( ٦٩.٣٩٪ ) ،ڕێژەی ئەو کەسانەی ( تارادەیەک ) ە دەکاتە ( ٢٤.٤٩ ٪ ) ، ڕێژەی ئەو کەسانەی ( بەکەمی ) یە دەکاتە (٥.١٠ ٪ ) . ڕێژەی ئەو کەسانەی( نەخێر) ە دەکاتە ( ١.٠٢٪ ) .بە پێی ئەم ڕاپرسییە دەردەکەوێت، بۆچوونی زۆرینەی مامۆستایان وایە شیعر یارمەتی منداڵان دەدات لە بەهێزکردنی توانای قسەکردن و دەربڕین .**

**خشتە و نەخشەی ژمارە (١١) : تایبەتە بە گرنگدان بە وتنەوەی شیعری منداڵان.**


| | بۆچوون | | ڕێژە |
|---|---|---|---|
| لە قۆناغی بنەڕەتی دا وەک مامۆستایەک گرنگی بە وتنەوەی شیعر دەدەیت ؟ | بەڵێ | ٧٢ | ٪ ٧٣,٤٧ |
| | تارادەیەك | ١٦ | ٪ ١٦,٣٣ |
| | بەکەمی | ٧ | ٪٧,١٤ |
| | نەخێر | ٣ | ٪ ٣,١٤ |




**لە خشتە و نەخشەی ژمارە (١١) دا،سەبارەت بەو پرسیارەی خراوەتەڕوو (وتنەوەی شیعری منداڵان)،لە کۆی ( ٩٨ ) کەسدا ، ڕێژەی ئەو کەسانەی وەڵامەکەیان ( بەڵێ ) یە دەکاتە (٧٣.٤٧ ٪ )، ڕێژەی ئەو کەسانەی (تاڕادەیەک ) ە دەکاتە (١٦.٣٣ ٪ )،ڕێژەی ئەو کەسانەی( بەکەمی ) یە دەکاتە ( ٧.١٤٪ ) . ڕێژەی ئەو کەسانەی ( نەخێر) ە دەکاتە ( ٣.٠٦٪ ).بە پێی ئەم ڕاپرسییە دەردەکەوێت ،مامۆستایان بە ڕێژەیەکی زۆر گرنگی بە وتنەوەی شیعر دەدەن .**

خشته و نەخشەی ژمارە ( ١٢ ) : تایبەتە بە ئامێری میوزیک .


| ئامێرەکانی میوزیکت بەکارهێناوە بۆ ئەوەی منداڵان زیاتر گوێ لە شیعر بگرن ؟ | بۆچوون | | رێژە |
|---|---|---|---|
| | بەڵێ | ١٥ | ٪ ١٥,٣١ |
| | تارادەیەك | ٢٤ | ٪ ٢٤,٤٩ |
| | بەکەمی | ١٧ | ٪ ١٧,٣٥ |
| | نەخێر | ٤٢ | ٪٤٢,٨٦ |




لە خشتە و نەخشەی ژمارە (١٢) دا ، سەبارەت بەو پرسیارەی خراوەتەروو (ئامێری میوزیک )، لە کۆی ( ٩٨ ) کەسدا ، رێژەی ئەو کەسانەی وەڵامەکەیان ( بەڵێ ) یە دەکاتە ( ٪١٥.٣١ ) ،رێژەی ئەو کەسانەی ( تاڕادەیەک ) ە دەکاتە ( ٪٢٤.٤٩ ) ، رێژەی ئەو کەسانەی ( بەکەمی ) یە دەکاتە ( ٪١٧.٣٥ ) .رێژەی ئەو کەسانەی ( نەخێر) ە دەکاتە ( ٪٤٢.٨٦ ) .بە پێی ئەم ڕاپرسییە دەردەکەوێت زۆرینەی مامۆستایان لە کاتی وتنەوەی شیعردا ئامێری میوزیک بەکارناهێنن .

**خشتە و نەخشەی ژمارە ( ١٣ ) : تایبەتە بە ناوەڕۆکی شیعری (بازنەی یەکەم)و(بازنەی دووەم).**


| | بۆچوون | | ڕێژە |
|---|---|---|---|
| ناوەڕۆک و مەبەستی ئەو شیعرانەی لە(بازنەی یەکەم) و(بازنەی دووەم)ی بنەڕەتی دەخوێنرێن ، لە ڕووی تەمەن و ئاست و عەقڵەوە گونجاوە بۆیان ؟ | بەڵێ | ٣١ | ٣١,٦٣ ٪ |
| | تارادەیەك | ٥٥ | ٥٦,١٢ ٪ |
| | بەکەمی | ٩ | ٩,١٨ ٪ |
| | نەخێر | ٣ | ٣,٠٦ ٪ |




**لە خشتە و نەخشەی ژمارە (١٣) دا ، سەبارەت بەو پرسیارەی خراوەتەڕوو (ناوەڕۆکی شیعری بازنەی یەکەم و بازنەی دووەم)، لە کۆی ( ٩٨ ) کەسدا ، ڕێژەی ئەو کەسانەی وەڵامەکەیان ( بەڵێ ) یە دەکاتە (٣١.٦٣ ٪ ) ، ڕێژەی ئەو کەسانەی ( تاڕادەیەک ) ە دەکاتە ( ٥٦.١٢٪ )، ڕێژەی ئەو کەسانەی ( بەکەمی ) یە دەکاتە (٩.١٨٪ ). ڕێژەی ئەو کەسانەی ( نەخێر) ە دەکاتە ( ٣.٦٪ ) .بە پێی ئەم ڕاپرسییە دەردەکەوێت تاڕدەیەک ئەو شیعرانەی لە بازنەی یەکەم و دووەمدا دەخوێنرێن لە گەڵ تەمەن و ئاست و عەقڵی منداڵان گونجاون .**

خشته و نەخشەی ژمارە ( ١٤ ) : تایبەتە بە پلاندانان بۆ شیعر .


| | بۆچوون | | ڕێژە |
|---|---|---|---|
| تۆی مامۆستا پلان دادەنێیت بۆ وتنەوەی شیعری منداڵان ؟ | بەڵێ | ٧١ | ٧٢,٤٥ ٪ |
| | تارادەیەك | ١٢ | ١٢,٢٤ ٪ |
| | بەکەمی | ٣ | ٣,٠٦ ٪ |
| | نەخیر | ١٢ | ١٢,٢٤ ٪ |




لە خشتە و نەخشەی ژمارە (١٤)دا،سەبارەت بەو پرسیارەی خراوەتەڕوو (پلان دانان )، لە کۆی ( ٩٨ ) کەسدا ، ڕێژەی ئەو کەسانەی وەڵامەکەیان ( بەڵێ )یە دەکاتە (٧٢.٤٥٪)، ڕێژەی ئەو کەسانەی ( تاڕادەیەک )ە دەکاتە (١٢.٢٤٪ )،ڕێژەی ئەو کەسانەی ( بەکەمی ) یە دەکاتە (٣.٠٦ ٪ ) .ڕێژەی ئەو کەسانەی ( نەخێر) ە دەکاتە (١٢.٢٤ ٪ ) . بە پێی ئەم ڕاپرسییە دەردەکەوێت زۆرینەی مامۆستایان پلانی ڕۆژانە دادەنێن بۆ وتنەوەی شیعر .

**خشتە و نەخشەی ژمارە ( ١٥ ) : تایبەتە بە سودی شیعر.**


| | بۆچوون | | ڕێژە |
|---|---|---|---|
| شیعری منداڵان سودی پەروەردەیی هەیە لە پرۆگرامەكانی خوێندندا ؟ | بەڵێ | ٦٤ | ٪ ٦٥,٣١ |
| | تارادەیەك | ٢٨ | ٪ ٢٨,٥٧ |
| | بەكەمی | ٥ | ٪ ٥,١٠ |
| | نەخێر | ١ | ٪ ١,٠٢ |




**لە خشتە و نەخشەی ژمارە (١٥) دا،سەبارەت بەو پرسیارەی خراوەتە ڕوو (سودی شیعر)، لە کۆی ( ٩٨) کەسدا، ڕێژەی ئەو کەسانەی وەڵامەکەیان( بەڵێ) یە دەکاتە(٦٥.٣١٪)،ڕێژەی ئەو کەسانەی( تاڕادەیەک )ە دەکاتە( ٢٨.٥٧٪)،ڕێژەی ئەو کەسانەی ( بەکەمی ) یە دەکاتە(٥.١٠ ٪).ڕێژەی ئەو کەسانەی( نەخێر) ە دەکاتە( ١.٠٢٪).بەپێی ئەم ڕا پرسییە دەردەکەوێت زۆرینەی مامۆستایان بۆچوونیان وایە خوێندنی شیعر ڕۆڵی گرنگی هەیە لە پەروەردەدا .**

**خشته و نەخشەی ژمارە ( ١٦ ) : تایبەتە بە گەشەی عەقڵی منداڵان.**


| | بۆچوون | | ڕێژە |
|---|---|---|---|
| پرۆسەی فێربوون سودی هەیە لەسەر گەشەی عەقڵی منداڵان ؟ | بەڵێ | ٦٨ | ٪ ٦٩,٣٩ |
| | تارادەیەك | ١٩ | ٪ ١٩,٣٩ |
| | بەکەمی | ٦ | ٪ ٦,١٢ |
| | نەخێر | ٥ | ٪ ٥,١٠ |




**لە خشتە و نەخشەی ژمارە (١٦) دا ، سەبارەت بەو پرسیارەی خراوەتەڕوو (گەشەی عەقڵی )، لە کۆی ( ٩٨ ) کەسدا ، ڕێژەی ئەو کەسانەی وەڵامەکەیان ( بەڵێ ) یە دەکاتە ( ٦٩.٣٩٪ ) ،ڕێژەی ئەو کەسانەی ( تارادەیەک ) ە دەکاتە ( ١٩.٣٩٪ ) ، ڕێژەی ئەو کەسانەی ( بەکەمی ) یە دەکاتە ( ٦.١٢٪ ) .ڕێژەی ئەو کەسانەی ( نەخێر) ە دەکاتە (٥.١٠ ٪ ) .بە پێی ئەم ڕاپرسییە دەردەکەوێت پرۆسەی فێربوون گەشە بە عەقڵ و هۆشی فێرخوازان دەدات .**

**خشتە و نەخشەی ژمارە ( ١٧ ) : تایبەتە بە ڕێگای وتنەوەی شیعر .**


| | بۆچوون | | ڕێژە |
|---|---|---|---|
| ڕێگای ( نووسین و خوێندنەوە ) گونجاوە بۆ وتنەوەی شیعر لە بازنەی دووەمدا ؟ | بەڵێ | ٣ | ٪ ٣,٠٦ |
| | تارادەیەك | ٣٥ | ٪ ٣٥,٧١ |
| | بەکەمی | ٤ | ٪ ٤,٠٨ |
| | نەخێر | ٥٦ | ٪ ٥٧,١٤ |




**لە خشتە و نەخشەی ژمارە (١٧) دا ، سەبارەت بەو پرسیارەی خراوەتەڕوو (ڕێگای وتنەوەی شیعر)، لە کۆی ( ٩٨ ) کەسدا ،ڕێژەی ئەو کەسانەی وەڵامەکەیان ( بەڵێ ) یە دەکاتە (٣.٠٦ ٪ ) ، ڕێژەی ئەو کەسانەی ( تاڕادەیەک ) ە دەکاتە (٣٥.٧١ ٪)،ڕێژەی ئەو کەسانەی ( بەکەمی ) یە دەکاتە ( ٤.٠٨ ٪ ) .ڕێژەی ئەو کەسانەی( نەخێر) ە دەکات(١٤.٥٧٪ ) . بە پێی ئەم ڕاپرسییە دەردەکەوێت ڕێگای (نووسین و خوێندنەوە ) گونجاو نییە بۆ وتنەوەی شیعر لە بازنەی دووەمدا .**

**خشتە و نەخشەی ژمارە ( ١٨ ) : تایبەتە بە ئامڕازی فێرکردنی شیعر.**


| | بۆچوون | | ڕێژە |
|---|---|---|---|
| وەک مامۆستایەک هۆکار و ئامڕازەکانی فێرکردن بەکاردەهێنیت لە کاتی وتنەی شیعر دا ؟ | بەڵێ | ٣٩ | ٣٩,٨٠ ٪ |
| | تارادەیەك | ٣٦ | ٣٦,٧٣ ٪ |
| | بەکەمی | ١٢ | ١٢,٢٤ ٪ |
| | نەخێر | ١١ | ١١,٢٢ ٪ |




**لە خشتە و نەخشەی ژمارە (١٨) دا ، سەبارەت بەو پرسیارەی خراوەتەڕوو (ئامڕازەکانی فێرکردنی شیعر )، لە کۆی ( ٩٨ ) کەسدا ، ڕێژەی ئەو کەسانەی وەڵامەکەیان( بەڵێ ) یە دەکاتە (٣٩.٨٠ ٪ ) ،ڕێژەی ئەو کەسانەی (تاڕادەیەک ) ە دەکاتە (٣٦.٧٣ ٪ ) ، ڕێژەی ئەو کەسانەی ( بەکەمی ) یە ( ١٢.٢٤٪ ) ، ڕێژەی ئەو کەسانەی ( نەخێر) ە دەکاتە ( ١١.٢٢٪ ) . بە پێی ئەم ڕاپرسییە دەردەکەوێت زۆرینەی مامۆستایان لەکاتی وتنەوەی شیعردا هۆکار و ئامڕازی فێرکردن بەکاردەهێنن .**

**خشتە و نەخشەی ژمارە ( ١٩ ): تایبەتە بە شیعری فێرکاری .**


| | بۆچوون | | ڕێژە |
|---|---|---|---|
| فێرخوازانی(بازنەی یەکەم و دووەم )حەز لە شیعری فێرکاری دەکەن ؟ | بەڵێ | ٦٩ | ٪ ٧٠,٤١ |
| | تارادەیەك | ٢٣ | ٪ ٢٣,٤٧ |
| | بەکەمی | ٥ | ٪ ٥,١٠ |
| | نەخێر | ١ | ٪ ١,٠٢ |




**لە خشتە و نەخشەی ژمارە (١٩) دا ، سەبارەت بەو پرسیارەی خراوەتەڕوو (شیعری فێرکاری)، لە کۆی ( ٩٨ ) کەسدا ، ڕێژەی ئەو کەسانەی وەڵامەکەیان ( بەڵێ ) یە دەکاتە (٧٠.٤١ ٪ )، ڕێژەی ئەو کەسانەی ( تارادەیەک ) ە دەکاتە (٢٣.٤٧ ٪ ) ، ڕێژەی ئەو کەسانەی ( بەکەمی ) یە دەکاتە (٥.١٠ ٪ ) .ڕێژەی ئەو کەسانەی ( نەخێر) ە دەکاتە ( ١.٠٢٪ ) . بە پێی ئەم ڕاپرسییە دەردەکەوێت بە پێی بۆچوونی مامۆستایان زۆرینەی فێرخوازانی (بازنەی یەکەم)و(بازنەی دووەم)حەزیان لە شیعری فێرکاری هەیە .**

**خشته و نەخشەی ژمارە ( ٢٠ ) : تایبەتە بە زەین و هۆشی فێرخوازان .**


| | بۆچوون | | ڕێژە |
|---|---|---|---|
| پرۆسەی فێربوون سودی هەیە بۆ گەشەکردنی زەین و هۆشی فێرخوازان ؟ | بەڵێ | ٥٤ | ٥٥,١٠ ٪ |
| | تارادەیەك | ٣٠ | ٣٠,٦١ ٪ |
| | بەکەمی | ٤ | ٤,٠٨ ٪ |
| | نەخیر | ١٠ | ١٠,٢٠ ٪ |




**لە خشتە و نەخشەی ژمارە (٢٠) دا ، سەبارەت بەو پرسیارەی خراوەتەڕوو (زەین و هۆشی فێرخوازان ) لە کۆی ( ٩٨ ) کەسدا ،ڕێژەی ئەو کەسانەی وەڵامەکەیان( بەڵێ ) یە دەکاتە ( ٥٥.١٠٪ )،ڕێژەی ئەو کەسانەی ( تاڕادەیەک )ە دەکاتە ( ٣٠.٦١٪ ) ، ڕێژەی ئەو کەسانەی ( بەکەمی ) یە دەکاتە ( ٤.٠٨ ٪ ) .ڕێژەی ئەو کەسانەی ( نەخێر) ە دەکاتە (١٠.٢٠ ٪ ) .بە پێی ئەم ڕاپرسییە دەردەکەوێت، بە پێی بۆچوونی مامۆستاییان شیعری منداڵان سودیان هەیە بۆگەشەکردنی زەین و هۆشی فێرخوازان .**

**خشتە ونەخشەی ژمارە ( ٢١ ) : تایبەتە بە شیعری ئامۆژگاری .**


| | بۆچوون | | ڕێژە |
|---|---|---|---|
| **منداڵانی قۆناغی بنەڕەتی(بازنەی یەكەم و دووەم ) حەز لە *شیعری ئامۆژگاری* دەكەن ؟** | بەڵێ | ٤٦ | ٤٦.٩٤٪ |
| | تارادەیەك | ٣٨ | ٣٨.٧٨٪ |
| | بەكەمی | ٨ | ٨.١٦٪ |
| | نەخێر | ٦ | ٦.١٢٪ |




**لە خشتە و نەخشەی ژمارە (٢١) دا ، سەبارەت بەو پرسیارەی خراوەتەڕوو (شیعری ئامۆژگاری) لە كۆی ( ٩٨ ) كەسدا ، ڕێژەی ئەو كەسانەی وەڵامەكەیان( بەڵێ ) یە دەكاتە (٤٦.٩٤ ٪ ) ،ڕێژەی ئەو كەسانەی ( تارادەیەک ) ە دەكاتە (٣٨.٧٨ ٪ ) ، ڕێژەی ئەو كەسانەی ( بەكەمی ) یە دەكاتە (٨.١٦ ٪ ) ، ڕێژەی ئەو كەسانەی ( نەخێر) ە دەكاتە (٦.١٢ ٪ ) ،بە پێی ئەم ڕاپرسییە دەردەكەوێت،بە پێی بۆچوونی مامۆستایان،فێرخوازانی بازنەی یەكەم وبازنەی دووەم حەز لە شیعری ئامۆژگاری دەكەن .**

خشتە و نەخشەی ژمارە ( ٢٢ ) : تايبەتە بە ڕێگای وتنەوەی شیعر .


| ڕێگای ( گفتوگۆ ) گونجاوە بۆ وتنەوەی شیعر لە بازنەی دووەمدا ؟ | بۆچوون | | ڕێژە |
|---|---|---|---|
| | بەڵێ | ٤٦ | ٪ ٤٦,٩٤ |
| | تارادەیەك | ٣٢ | ٪ ٣٢,٦٥ |
| | بەکەمی | ١٠ | ٪ ١٠,٢٠ |
| | نەخێر | ١٠ | ٪١٠,٢٠ |




لە خشتە و نەخشەی ژمارە (٢٢) دا ، سەبارەت بەو پرسیارەی خراوەتە ڕوو (ڕێگای وتنەوەی شیعر) لە کۆی ( ٩٨ ) کەسدا ، ڕێژەی ئەو کەسانەی وەڵامەکەیان ( بەڵێ ) یە دەکاتە ( ٤٦.٩٤ ٪ ) ،ڕێژەی ئەو کەسانەی ( تارادەیەک ) ە دەکاتە (٣٢.٦٥ ٪ ) ، ڕێژەی ئەو کەسانەی ( بەکەمی ) یە دەکاتە ( ١٠.٢٠٪ ) ،ڕێژەی ئەو کەسانەی ( نەخێر) ە دەکاتە (١٠.٢٠ ٪ ) . بە پێی ئەم ڕاپرسییە دەردەکەوێت بە پێی بۆچوونی مامۆستایان ڕێگای ( گفتوگۆ ) ڕێگایەکی گونجاوە بۆ وتنەوەی شیعری بازنەی دووەم .

خشتەو نەخشەی  ژمارە ( ٢٣ ) : تایبەتە بە كێش و ئاوازی شیعری (بازنەی یەكەم) و(بازنەی دووەم).


| | بۆچوون | | ڕێژە |
|---|---|---|---|
| ئەو شیعرانەی لە(بازنەی یەكەم)و(بازنەی دووەم)دا دەخوێنرێن ، لە ڕووی كێش و ئاوازەوە گونجاوە بۆیان ؟ | بەڵێ | ٣٣ | ٪ ٣٣,٦٧ |
| | تارادەیەك | ٥٠ | ٪ ٥١,٠٢ |
| | بەكەمی | ١٠ | ٪١٠.٢٠ |
| | نەخێر | ٥ | ٪ ٥,١٠ |




لە خشتە و نەخشەی  ژمارە (٢٣) دا ، سەبارەت بەو پرسیارەی خراوەتە ڕوو (كێش و ئاوازی شیعری بازنەی یەكەم و بازنەی دووەم ) لە كۆی ( ٩٨ ) كەسدا ، ڕێژەی ئەو كەسانەی وەڵامەكەیان ( بەڵێ ) یە دەكاتە (٣٣.٦٧ ٪ )،ڕێژەی ئەو كەسانەی كە( تاڕادەیەک ) ە دەكاتە (٥١.٠٢ ٪ )، ڕێژەی ئەو كەسانەی ( بەكەمی ) یە دەكاتە (١٠.٢٠ ٪ ) ڕێژەی ئەو كەسانەی ( نەخێر) ە دەكاتە ( ٥.١٠٪ ).بە پێی ئەم ڕاپرسییە دەردەكەوێت،بە پێی بۆچوونی مامۆستایان تاڕادەیەک شیعرەكان لە ڕووی كێش و ئاوازەوە  بۆ بازنەی یەكەم و بازنەی دووەم گونجاون.

خشتەی ژمارە ( ٢٤ ) : تایبەتە بەو منداڵانەی زمانیان دەیگرێت.


| | بۆچوون | | ڕێژە |
|---|---|---|---|
| ئەو منداڵانەی لە کاتی قسەکردندا زمانیان دەیگرێت سوود لە لەبەرکردنی شیعر وەردەگرن ؟ | بەڵێ | ٤٥ | ٪ ٤٥,٩٢ |
| | تارادەیەك | ٣٤ | ٪٣٤,٦٩ |
| | بەکەمی | ١٠ | ٪ ١٠,٢٠ |
| | نەخێر | ٩ | ٪ ٩,١٨ |




لە خشتە و نەخشەی ژمارە (٢٤) دا ، سەبارەت بەو پرسیارەی خراوەتەڕوو (ئەو منداڵانەی زمانیان دەیگرێت) لە کۆی ( ٩٨ ) کەسدا ، ڕێژەی ئەو کەسانەی وەڵامەکەیان( بەڵێ ) یە دەکاتە (٤٥.٩٢ ٪ )،ڕێژەی ئەو کەسانەی ( تاڕادەیەک ) ە دەکاتە( ٣٤.٦٩٪ )،ڕێژەی ئەو کەسانەی ( بەکەمی ) یە دەکاتە (١٠.٢٠ ٪).ڕێژەی ئەو کەسانەی ( نەخێر) ە دەکاتە ( ٩.١٨٪ ). بە پێی ئەم ڕاپرسییە دەردەکەوێت ،بە پێی بۆچوونی مامۆستایان شیعر سودی هەیە بۆ ئەو منداڵانەی کە زمانیان دەیگرێت .

**خشتە و نەخشەی ژمارە ( ٢٥ ) : تایبەتە بە گەشەکردنی بەها پەروەردەییەکان .**


| | بۆچوون | | ڕێژە |
|---|---|---|---|
| شیعری منداڵان ڕۆڵی هەیە لە گەشەکردنی بەها پەروەردەییەکان ( ڕاستگۆیی ، دەست پاکی ، زمان پاکی ،ڕێز گرتن ...؟ | بەڵێ | ٧٥ | ٪ ٥٣.٧٦ |
| | تارادەیەك | ١٩ | ٪ ١٩,٣٩ |
| | بەکەمی | ٤ | ٪ ٤,٠٨ |
| | نەخێر | ٠ | ٪٠ |




**لە خشتە و نەخشەی ژمارە (٢٥) دا ، سەبارەت بەو پرسیارەی خراوەتەڕوو (بەها پەروەردەییەکان ) لە کۆی ( ٩٨ ) کەسدا ، ڕێژەی ئەو کەسانەی وەڵامەکەیان ( بەڵێ ) یە دەکاتە (٧٦.٥٣ ٪ )، ڕێژەی ئەو کەسانەی ( تارادەیەک ) ە دەکاتە (١٩.٣٩ ٪ ) ، ڕێژەی ئەو کەسانەی ( بەکەمی ) یە دەکاتە ( ٤.٠٨٪ ) .ڕێژەی ئەو کەسانەی ( نەخێر) ە دەکاتە (٠ ٪ ) .بە پێی ئەم ڕاپرسییە دەردەکەوێت زۆرینەی مامۆستایان بۆچوونیان وایە شیعری منداڵان ڕۆڵیان هەیە لە کاراکردنی بەها پەروەردەییەکاندا .**

**خشته و نەخشەی ژمارە (٢٦ ) : تايبەتە بە چالاكی جەستەيی .**


| | بۆچوون | | ڕێژە |
|---|---|---|---|
| لەبەر كردنی شيعر كاريگەری هەيە لە سەر چالاكی جەستەيی ؟ | بەڵێ | ٥٧ | ٥٨,١٦ ٪ |
| | تارادەيەك | ٣١ | ٣١,٦٣ ٪ |
| | بەكەمی | ٧ | ٧,١٤ ٪ |
| | نەخير | ٣ | ٣,٠٦ ٪ |




**لە خشتە و نەخشەی ژمارە (٢٦) دا ، سەبارەت بەو پرسيارەی خراوەتەڕوو (چالاكی جەستەيی ) لە كۆی ( ٩٨ ) كەسدا ، ڕێژەی ئەو كەسانەی وەڵامەكەيان ( بەڵێ ) يە دەكاتە (٥٨.١٦ ٪ ) ، ڕێژەی ئەو كەسانەی ( تارادەيەک ) ە دەكاتە (٣١.٦٣ ٪ ) ، ڕێژەی ئەو كەسانەی ( بەكەمی ) يە دەكاتە (٧.١٤ ٪ ) ، ڕێژەی ئەو كەسانەی ( نەخێر) ە دەكاتە (٣.٠٦ ٪ ) . بە پێی ئەم ڕاپرسييە دەردەكەوێت،بە پێی بۆچوونی زۆرينەی مامۆستايان شيعر منداڵان دەخاتە جموجوڵ و خۆ بادان و دەست جوڵان .**

خشته و نەخشەی ژماره (٢٧ ): تایبەتە بە ڕێگای دابەشبوون.


| ڕێژه | | بۆچوون | |
|---|---|---|---|
| ٪ ٥١,٠٢ | ٥٠ | بەڵێ | وەک مامۆستایەک ڕێگای ( دابەشبوون ) بەکاردەهێنیت بۆ فێرکردنی شیعر ؟ |
| ٪ ٢٢,٤٥ | ٢٢ | تارادەیەك | |
| ٪ ١٦,٣٣ | ١٦ | بەکەمی | |
| ٪ ١٠,٢٠ | ١٠ | نەخیر | |




لە خشتە و نەخشەی ژماره (٢٧) دا ، سەبارەت بەو پرسیارەی خراوەتەڕوو (ڕێگای دابەشبوون ) لە کۆی ( ٩٨ ) کەسدا ، ڕێژەی ئەو کەسانەی وەڵامەکەیان ( بەڵێ ) یە دەکاتە (٥١.٠٢ ٪ )،ڕێژەی ئەو کەسانەی ( تاڕادەیەک ) ە دەکاتە (٢٢.٤٥ ٪ ) ، ڕێژەی ئەو کەسانەی ( بەکەمی ) یە دەکاتە (١٦.٣٣ ٪).ڕێژەی ئەو کەسانەی ( نەخێر) ە دەکاتە (١٠.٢٠ ٪ ) .بە پێی ئەم ڕاپرسییە دەردەکەوێت زۆرینەی مامۆستایان ڕێگەی دابەشبوون بەکاردەهێنن بۆ لەبەر کردنی شیعر لای منداڵان .

خشتە و نەخشەی ژمارە (٢٨) : تايبەتە بە بابەتی ڕەوانبێژی .


| | بۆچوون | | ڕێژە |
|---|---|---|---|
| تۆ وەک مامۆستايەک گرنگی دەدەيت بە بابەتی ڕەوانبێژی لە کاتی وتنەوەی شيعردا ؟ | بەڵێ | ٥٠ | ٪ ٥١,٠٢ |
| | تارادەيەك | ٢٢ | ٪ ٢٢,٤٥ |
| | بەکەمی | ١٦ | ٪ ١٦,٣٣ |
| | نەخير | ١٠ | ٪ ١٠,٢٠ |




لە خشتە و نەخشەی ژمارە (٢٨) دا ، سەبارەت بەو پرسيارەی خراوەتەڕوو (بابەتی ڕەزانبێژی ) لە کۆی ( ٩٨ ) کەسدا ، ڕێژەی ئەو کەسانەی وەڵامەکەيان ( بەڵێ ) يە دەکاتە (٥١.٠٢ ٪ ) ، ڕێژەی ئەو کەسانەی ( تاڕادەيەک ) ە دەکاتە (٢٢.٤٥ ٪ ) ، ڕێژەی ئەو کەسانەی کە ( بەکەمی ) يە دەکاتە ( ١٦.٣٣٪ ) ،ڕێژەی ئەو کەسانەی ( نەخێر) ە دەکاتە (١٠.٢٠. ٪ ) .بە پێی ئەم ڕاپرسييە دەردەکەوێت ،زۆرينەی مامۆستايان لە کاتی وتنەوەی شيعردا بابەتی ڕەوانبێژی ڕوون دەکەنەوە.

خشته و نەخشەی ژمارە ( ٢٩ ) : تایبەتە بە فەرهەنگی وشە .


| | بۆچوون | | ڕێژە |
|---|---|---|---|
| شیعر کاریگەری هەیە لە دەوڵەمەند کردنی فەرهەنگی وشە لای فێرخوازان ؟ | بەڵێ | ٦٦ | ٪ ٦٧,٣٥ |
| | تارادەیەك | ٢٣ | ٪ ٢٣,٤٧ |
| | بەکەمی | ٨ | ٪ ٨,١٦ |
| | نەخیر | ١ | ٪ ١,٠٢ |




لە خشتە و نەخشەی  ژمارە (٢٩) دا ، سەبارەت بەو پرسیارەی خراوەتەڕوو (فەرهەنگی وشە) لە کۆی ( ٩٨ ) کەسدا ، ڕێژەی ئەو کەسانەی وەڵامەکەیان ( بەڵێ )  یە دەکاتە  ( ٪٦٧.٣٥ ) ، ڕێژەی ئەو کەسانەی ( تاڕادەیەک ) ە دەکاتە (٪ ٢٣.٤٧ ) ، ڕێژەی ئەو کەسانەی ( بەکەمی ) یە دەکاتە (٨.١٦ ٪ ) ،ڕێژەی ئەو کەسانەی ( نەخێر) ە دەکاتە ( ٪١.٠٢ ) .بە پێی ئەم ڕاپرسییە دەردەکەوێت،بە پێی بۆچوونی زۆرینەی مامۆستایان شیعر کاریگەری گەورەی هەیە لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی وشە لای منداڵان .

**خشتە و نەخشەی ژمارە ( ٣٠ ) : تایبەتە بە فێربوون .**

| | بۆچوون | | ڕێژە |
|---|---|---|---|
| بەبۆچوونی بەڕێزت پەیوەندی هەیە لە نێوان فێربوون و ڕێگاکانی وانە وتنەوە ؟ | بەڵێ | ٧١ | ٪ ٧٢,٤٥ |
| | تارادەیەك | ٢٢ | ٪ ٢٢,٤٥ |
| | بەکەمی | ٤ | ٪ ٤,٠٨ |
| | نەخیر | ١ | ٪ ١,٠٢ |




**لە خشتە و نەخشەی ژمارە (٣٠) دا ، سەبارەت بەو پرسیارەی خراوەتە ڕوو (فێربوون ) لە کۆی ( ٩٨ ) کەسدا ، ڕێژەی ئەو کەسانەی وەڵامەکەیان ( بەڵێ ) یە دەکاتە (٧٢.٤٥ ٪ ) ،ڕێژەی ئەو کەسانەی ( تارادەیەک ) ە دەکاتە (٢٢.٤٥ ٪ ) ، ڕێژەی ئەو کەسانەی ( بەکەمی ) یە دەکاتە (٤.٠٨ ٪ ) ،ڕێژەی ئەو کەسانەی ( نەخێر) ە دەکاتە (١.٠٢ ٪ ) .بە پێی ئەم ڕاپرسییە دەردەکەوێت بە پێی بۆچوونی زۆرینەی مامۆستایان پەیوەندی هەیە لە نێوان فێربوون و ڕێگاکانی وانەوتنەوەدا .**

**ئەنجام**

**لە میانەی لێکۆڵینەوەکەماندا ئەم ئەنجامانەمان لەلا گەڵاڵە بووە .**

**١- یەکەمین جۆری شیعری نووسراوی منداڵان شیعری فێرکردنە،کە بریتییە لە(نوبارا بچوکان)ی(ئەحمەدی خانی)وە دواتریش(ئەحمەدی)یەکەی(شێخ مارفی نۆدێ)یە،کەهەردووکیان بۆ منداڵ لە حوجرەکاندا نووسراون،تا فێری زمانی عەرەبی ببن.کەواتە ئەم دوو بەرهەمە خۆیان فەرهەنگن،بەڵام لە جۆری شیعری فێرکردندا داڕێژراون تا منداڵانی حوجرە بە ئاسانی و بە خێرایی فێری ئەو زمانە ببن.**

**٢- پرۆگرامی خوێندن لەلای کورد فاکتەرێکی گرنگ و کاریگەرە و ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە ناساندنی شیعر و شاعیری بواری منداڵان**

**٣- سەرەتای خوێندنی شیعر لەلایەن منداڵانەوە لەلای کورد دەگەڕێتەوە بۆ حوجرە و مزگەوتەکان ،کەئەمەش سەرەتایەکی گرنگ بووە ،هەرچەندە زۆربەی تایبەتمەندییەکانی شیعری منداڵانی تێدا نییە ،بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مێژوویەکی گرنگە بۆ هاتنەناوەی شیعری منداڵان بۆ ناو پێڕەو وپڕۆگرامی خوێندن و گرنگی پێدانی لەلایەن مامۆستا و مەلاکانەوە.**

**٤- ڕۆڵی ژن و دایکانی کورد لە ناو شیعری منداڵاندا ،لای لایە و گۆرانی دایکان بۆ کۆرپەکانیان ،بەشێکی گرنگن لە شیعری منداڵان،بەتایبەتی لە ناو ئەدەبی فۆلکلۆری کوردیدا.ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە ژنانی کورد هەمیشە ڕۆڵی گرنگیان هەبووە لەناو ئەدەبی منداڵان و پەروەردەکردنیاندا،چونکە دایکان نزیکترین کەسن لە کۆرپەکانیان.**

**٥- بە پێی ناوەڕۆکی شیعرەکانی قۆناغی بنەڕەتی دەردەکەوێت ،کە شیعر هۆکارێکە بۆ بنیاتنانی کەسایەتییەکی دروست و چاندنی بەهای جوان و بەرز و خوو و نەریتی جوان بۆ زاخاودانی هۆش و هەست و دەروونی منداڵان،خەیاڵ فراوانتر و بیر تیژتر و زەین ڕوونتر دەکات.فەرهەنگی زمانەوانی لای منداڵان دەوڵەمەند دەکات.**

**٦- ئەو شیعرانەی کە بابەتی ڕەوانبێژی ئاڵۆزیان تێدایە،تێگەیشتنیان بۆ منداڵان ئاسان نییە و بۆ منداڵانیش گونجاو نین.**

**٧- ئەو شیعرانەی کە وشەکانیان سادە و ساکارن و،منداڵان بە وشەکانی ئاشنان،واتاکانیان ڕوونن.منداڵان باشتر لێی تێدەگەن و حەزی لێدەکەن.**

**٨- لەم توێژینەوەیەدا گرنگی شیعری منداڵان دەردەکەوێت و زۆربەی نووسەران بە جوانترین و ناسکترین هونەر و بە نزیکترین هونەری دادەنێن لە دەروونی منداڵان،کە هەستی خۆش و چێژێکی تایبەتی بە هۆش و دڵ و دەروونی منداڵان دەبەخشێت.**

**٩- لە ئەنجامی ڕاوێژ و گفتو گۆ بۆمان دەرکەوت کە نووسەران و شاعیرانی بواری شیعری منداڵان خۆیان ڕێکەوتوون لە سەر ئەوەی کە ئاین و پەروەردەی دینی تێکەڵ بە ئەدەبی منداڵان نەکەن بە تایبەتی لە شیعری منداڵاندا .**

**١٠- شیعری منداڵان لەناو پرۆسەی پەروەردە و فێرکردندا، ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە لە فێربوون و ئاڕاستەکردنی منداڵاندا بە شێوەیەکی جوان و سەردەمیانە،و شان بە شانی ژانەرەکانی تری ئەدەب توانیوێتی گەشە بە زەین و هۆشی منداڵان بدات.**

**١١- فۆرمی شیعری منداڵان لە چەند شێوە و قاڵبێکدا داڕێژراوە ،هەندێک لە شیعرەکانی ناو پرۆگرامی خوێندن لە ڕووی کێشەوە گونجاو نین بۆ منداڵان ،لەبەر ئەوەی دێڕ وکێشەکانیان درێژن، منداڵان لەکاتی وتندا هەناسەیان سوار دەبێت.**

**١٢- پرۆگرامەکانی خوێندنی وانەی کوردی لە قۆناغەکانی بنەڕەتیدا هۆکارن بۆ گەشەسەندنی شیعری منداڵان و،فێربوون و پەروەردەکردنیان و وریاکردنەوەیان ،بەمەرجێک مامۆستایان ڕۆڵی خۆیان لە وتنەوەی شیعردا بە جوانی ببینن و گرنگی تەواوی پێبدەن،وەک پەروەردەکار و دەروونزانێک مامەڵە لەگەڵ فێرخواز و شیعردا بکەن و لە هەمان کاتیشدا شیعرەکە لەگەڵ تەمەن و ئاستی تێگەیشتن ودەروونی منداڵاندا گونجاو بێت.**

**١٣- هەندێک لە شیعرەکانی ناو پرۆگرامی خوێندنی قۆناغی بنەڕەتی وشەکانیان لەفەرهەنگی زمانەوانی منداڵان دوورن و ڕەچاوی لایەنی دەروونی و پەروەردەیی منداڵان نەکراوە.**

**١٤- شیعری منداڵان سوودی هەیە بۆ ئەو منداڵانەی زمانیان دەیگرێت زۆرینەی مامۆستایان بۆچوونیان وایە شیعر یارمەتی منداڵان دەدات، کە زمانیان پاراو و ڕوان بن .**

**١٥- هەندێک لە شیعرەکانی ناو پرۆگرامی خوێندن،کەمێک ڕێنووسەکانیان جیاوازە لە گەڵ هی ناو دیوانی شاعیرەکان .**

**پێشنیاز**

**١ . پێویستە ئەو شیعرانەی کە دەخرێنە ناو پرۆگرامی خوێندنەوە ، ناوی شاعیرەکەی دیار بێت و بنووسرێت ،چونکە شیعری تێدایە پاش بە دواداچونێکی زۆریش ، ناوی خاوەنەکەیمان نەدۆزیوە ،بۆ نموونە شیعری (ئاشتی) ی کە لە پرۆگرامی خوێندنی پۆلی پێنجەمی بنەڕەتیدا هەیە.**

**٢ . پێویستە شیعرەکانی ناو پرۆگرامی خوێندن کورت و پوخت بن و کۆتاییەکی باشی هەبێت ،بەشێوەیەک کە منداڵان بێزار نەکات ،هەندێک شیعر بەرچاو دەکەون زۆر دوور و درێژن ،هەندێکیشیان لە رووی کێشەوە دوور و درێژن بە ( ١٥ ....) بڕگەیی نووسراون ، وا باشترە شیعری منداڵان بە کێشی ( ٧ ....١٠ ) بڕگەیی نووسرابن .**

**٣ . پێویستە ئەو شیعرانەی بۆ منداڵان گونجاو نین بەتایبەتی لە رووی وشەوە لاببرێن و شیعری گونجاوتریان بە پێی قۆناغی خوێندنەکە و تەمەنی منداڵان بخرێتە شوێنیان ، چونکە هەندێ وشەی وەک مردن و برسێتی و کوشتن ....هتد ، هەستێکی ناخۆش بە منداڵان دەبەخشن .**

**٤ . باشتر وایە لە خوێنگاکاندا ژوورێک یان کتێبخانەیەک هەبێت تایبەت بە خوێندنی شیعر و چیرۆکی منداڵان بە هەموو کەرەستە و پێداویستیەکانییەوە، تا کاریگەری زیاتر بێت و منداڵان هەست بە جیاوازی بکەن لە گەڵ وانەکانی تردا هەر وەک ئەو ژوورانەی کە تایبەتکراون بۆ وانەکانی تر.**

**٥ . پێویستە شیعری سوک و ئاسان بە دیالێکتە جیاوازەکانی زمانی کوردی بخرێنە ناو پرۆگرامی خوێندنەوە ، تا منداڵان دیالێکتەکانی ( شێوەزار ) زمانەکەی خۆیان بناسنەوە .**

**٦ . گرنگی بدرێت بەهەڵبژاردنی ئەو شیعرانەی ناونیشان و ناوەڕۆکەکەی گونجاون بەیەکەوە ، بۆ ئەوەی منداڵان پەشیمان نەبن لە خوێندنەوەیان ،هەندێک ناونیشان تێگەیشتنیان و ئاوێتەکردنی لەگەڵ ناوەڕۆکەکەی ئاسان نییە بۆ منداڵان .**

**٧ – پێویستە سەرجەم بەهاکان (بەها کۆمەڵایەتییەکان، ئابوورییەکان، سیاسی و نیشتمانی، ئیستاتیکی، تیۆری، تەندروستی، یاسا و دادوەری) بخرێتە ناو پرۆگرامی خوێندنی هەر قۆناغێکی بنەڕەتی .**

**٨-پێویستە لەڕێگەی لیژنەیەکی ئەدەبی و ڕەخنەیی وپەروەردەیی ودەروونزانییەوە،کە پێکهاتبن لە کەسانی شارەزا و پسپۆر و ڕەخنەگر وپەروەردەکار.پیاچوونەوەیەک بەو شیعرانەدا بکرێ کە لەناو پرۆگرامی خوێندنی قۆناغی بنەڕەتیدا هەیە ، بەتایبەتی(بازنەی یەکەم)و(بازنەی دووەم).**

**٩-پێویستە ئەو شیعرانە بخرێنە ناو پرۆگرامی خوێندنەوە،کە ئاوێنەی کلتووری نەتەوەی کوردن،لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا فێربوونی کلتووری نەتەوایەتی بەشێکە لە پەروەردەکردنی منداڵان.ئەمەش بۆ نەتەوەی کوردی بێ خاوەن بێ دەوڵەت پێویست و گرنگە.**

**١٠- زۆر گرنگە لە دانانی شیعرەکانی ناو پرۆگرامی خوێندندا ،ڕەچاوی تەمەنی منداڵان بکرێت و گونجاو بن بۆیان .**

**١١- دەبێت مامۆستایان بەتایبەتی مامۆستایانی وانەی کوردی،گرنگی بدەن بە دۆزینەوەی بەهرەی نووسین و خوێندنەوە لای فێرخوازان.**

**١٢-پشنیاز دەکەم توێژینەوەی زیاتر بکرێت لەم بارەیەوە،چونکە لێشاوی تەکنەلۆجیا،کاریگەری خراپی کردووەتە سەر بەرهەمی ئەدەبی منداڵان بە گشتی.**

**١٣- پێویستە ئەو شیعرانەی کە دەخرێنە ناو پرۆگرامی خوێندنەوە،دەستکاری ڕێنووسەکانیان نەکرێت چونکە دەستکاریکردنی دەق تەنها بۆ خاوەن دەقە.**

**١٤-پێشنیاز دەکەم ڕێبەری مامۆستایان هەبێت بۆ وتنەوەی وانەی کوردی و شیعری هەموو دیالێکتە(شێوە زار)جیاوازەکانی تێدا ڕوون و لێکدرابێتەوە بە وشە و ڕستە و واتای گشتییەوە،تاوەکو مامۆستایان بتوانن لێکدانەوەی ڕاست و دروست بۆ شیعرەکان بکەن لە پۆلدا.**

**١٥- پێویستە لە دابەشکردنی شیعرەکان بەسەر هەر دوو وەرزی خوێندندا ،ڕەچاوی کات و توانای فێرخواز بکرێت .چونکە کات لە وەرزی یەکەم زیاترە و فێرخوازیش وزەی زیاترە.**

## لیستی سەرچاوەکان

### کتێب بە کوردی :


١. ئەحمەد ، ئاوات ئەبوبەکر ، ٢٠١٨، ئیبراهیم ئەمین باڵدار ، ڕۆحی ئەلف بێی کوردی ، سلێمانی،چاپخانەی ناوەندی سارا .
٢. ئەحمەد ، ناهیدە ، ٢٠٠٥ ، سەرەتایەک دەربارەی سەرهەڵدانی ئەدەبی منداڵانی کورد ، هەولێر ،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە .
٣. ئەحمەد ، نەوزاد عەلی ، ٢٠٠٦ ، منداڵان و ئەدەب ( لێکۆڵینەوە ) ، سلێمانی ، چاپخانەی ڕوون .
٤. ئەکبەر ،عەلی و ئەوانی تر ، و. قادر و وریا ، ٢٠٠٥ ، مێژووی پەروەردە و فێرکردن ( لە ڕۆژگاری کۆنەوە تا ڕێنیساس ) .
٥. اغا ، حەمدی عەزیز ، ١٩٣٦ ، پەرتووکی خوێندنی الفبای کوردی ، بەغداد، مطبعەی الفرات .
٦. ئالانی ، ڕەوف محەمەد ، ٢٠٢٢ ، ئامانجە باڵاکانی پەروەردە ، سلێمانی،چاپخانەی کەکۆن .
٧. ئالانی ،عزیز ، ٢٠١٥ ، پەروەردەکردنی مناڵەکانمان ، سلێمانی ،چاپخانەی چوارچرا .
٨. ئیسماعیل ، نەسرین ڕەئوف ، ٢٠٠٩ ، ئەرکی شیعر لە ئەدەبی کوردیدا ساڵانی ( ١٩٢٠- ١٩٥٨) ، هەولێر چاپخانەی ڕۆژهەڵات .
٩. الاثری ، محەمەد بهجەت و ئەوانی تر ، و. عبدالخالق قطب ، ١٩٤٧ ، پرۆگرامی خوێندنی کوردی بۆ پۆلی سێیەمی بنەڕەتی .
١٠. بەرزنجی ، ئەحمەد سەیید عەلی ، ٢٠١٠، ئەدەبی منداڵان لە گۆڤاری گەلاوێژدا ، سلێمانی ، چاپ و پەخشی سەردەم .
١١. بەرزنجی ، عەلی حەمە ڕەشید ، ٢٠٢١ ، خەون و خۆزگەی منداڵان ، سلێمانی ، بە هاوکاری پڕۆژەی پەروەردەیی خەونی منداڵان چاپکراوە .
١٢. بەرزنجی ، فەرهاد ئەحمەد ، ٢٠٠٢ ، بوکەڵە بچکۆلانە ( شیعری منداڵان ) ، سلێمانی ، چاپخانەی پەیڤ .
١٣. بابان ، ئەحمەد علی و محەمەد ، نازەنین عوسمان ، ٢٠١٩ ، ڕێنامەی پەروەردە و فێرکردنی سەرەتایی منداڵ ، تاران ، چاپخانەی تاران .
١٤. باجەڵان ، مەحموود عەبدولکەریم ، ٢٠١٧ ، لە پێناو پەروەردەیەکی باشتر ، سلێمانی ، چاپخانەی حەمدی .
١٥. البکر ، عەبدلحەمید ،ب.س.چ،خوێندنگا مەڵبەندێکی کۆمەڵایەتییە ، سلێمانی ، چاپخانەی ڕاپەڕین .
١٦. باڵدار ، ئیبراهیم ئەمین ، ١٩٤٧، پەرتوکی خوێندنی ئەلف و بێی کوردی ، پۆلی یەکەمی بنەڕەتی ،
١٧. باڵدار ، ئیبراهیم ئەمین ، ١٩٥١، پرۆگرامی ئەلف و بێی کوردی پۆلی یەکەمی بنەڕەتی ، بەغداد ، چاپخانەی نەجاح .

١٨. پێزان، ئەحمەد حوسێنی ئەحمەد ، ١٩٩١ ، ( گوێڕایەڵی ) ، کۆمەڵە شیعری منداڵان ، سلێمانی .
١٩. جاف ، سەراب ، ٢٠١١ ، شانۆی ژیان ، هەولێر ، چاپخانەی ڕۆشنبیری .
٢٠. جگەر سۆز ، محەمەد سالح پێندرۆیی ، ٢٠١٥ ، ڕۆڵی خێزان و خوێندنگا لە پەروەردە و فێرکردنی قوتابیدا ، هەولێر ، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.
٢١. جەباری ( د ) ،عومەر یاسین ئیبراهیم(د) ، ٢٠١٦ ، دەرونزانی پەروەردەیی، هەولێر،چاپخانەی ڕۆژهەڵات.
٢٢. جەمال، سۆزان ، ٢٠٠٨ ، سایکۆلۆژیای ڕۆشنبیری منداڵ ، سلێمانی ، چاپخانەی ڕۆمان.
٢٣. حسێن ، لەتیف ، ٢٠٢١، میتۆدەکانی وانەوتنەوە ، سلێمانی ،چاپخانەی مەهتاب .
٢٤. حەمەدەمین ، ڕەمەزان ، ٢٠١٤ ، ڕێگا و شێوازە تیۆری و پراتیکییەکانی وانەوتنەوە ، هەولێر ، چاپخانەی ڕۆژهەلات .
٢٥. الخانی ، الشیخ آحمد بن الیاس ، ٢٠٠٨ ، نوبهارا بچوکان ، ئیستانبول .
٢٦. خلدون ، ابو ، ١٩٣٦ ، پەرتوکی ئەلف و بێی کوردی ، سلێمانی .
٢٧. خۆشناو ، خالید حەمید و حەمەد ، یوسف ، ٢٠١٠ ، ڕێگە هاوچەرخەکانی وانەوتنەوە ، کوردستان ، چاپخانەی کایلاز .
٢٨. خەزنەدار ، مارف ، ٢٠١٠ ، مێژووی ئەدەبی کوردی ، هەولێر ، چاپخانەی ئاراس.
٢٩. دێوی ، جۆن ، و .جیهاد محەمەد ، ٢٠١٩ ، فێرگە و کۆمەڵگە ، سلێمانی ، چاپخانەی کارۆ .
٣٠. ڕەئوف ، ٢٠١٥ ، ئەدەبی منداڵ ، سلێمانی .
٣١. ڕەئوف ، لوقمان(د) ، ٢٠١٥، شێواز و ڕێگاکانی وانەوتنەوە ، سلێمانی ، چاپخانەی دێکان .
٣٢. ڕەسڵ، بێرتراند ، و .جیهاد محەمەد ، ٢٠١٨ ، دەربارەی پەروەردەکردن ، سلێمانی ،چاپخانە و پەخشی سەردەم.
٣٣. ڕەسوڵ ، ڕەسول ئیبراهیم ، ٢٠١٤ ، دەروازەیەک بۆ وانەوتنەوە ، هەولێر ،چاپخانەی نارین .
٣٤. الزغبی ، احمد (د) ، و. عمرابراهیم ( پ. د ) ،٢٠١٨ ، دەرونزانی جیاوازی تاکایەتی و ڕاهێنانە پەروەردەییەکانی ، هەولێر ، چاپخانەی ڕۆژهەڵات .
٣٥. زێوەر ، مەحموود ، ٢٠٠٨ ، دیوانی زێوەر ،هەولێر ، چاپخانەی ئاراس .
٣٦. ژاڵەیی ، جەلال خەڵەف ، ١٩٨٣ ، منداڵان لە قۆناغی دوا منداڵی ،بەغداد،چاپخانەی حسام.
٣٧. سجادی ، علاالدین ، ١٩٧١ ، مێژووی ئەدەبی کوردی ، بەغداد ، چاپخانەی معارف .
٣٨. سعید ، ناز ئەحمەد (د) و علی ، صدیق اورحمان ، ٢٠٢١ ،ڕەنگدانەوەی بەها پەروەردەییەکان لە شیعری منداڵاندا ، سلێمانی ، ناوەندی سارا .
٣٩. سلێوە، هاوژین (د) و خامۆش ، ڕۆستەم، ٢٠٢٢ ، ئەدەب و هونەری منداڵان ، کۆیە ، سەنتەری لێکۆڵینەوە و پەخشی کۆیە .
٤٠. سەعید ، فایەق ، ٢٠١٩، دیداکتیک .مۆدێل و میتۆدەکانی وانەوتنەوە ، ئێران ، چاپخانەی تاران .
٤١. سەلام، عوسمان حاجی ، ٢٠١٥ ، چۆن دەبێتە مامۆستایەکی سەرکەوتوو ، هەولێر ،چاپخانەی ڕۆژهەڵات .
٤٢. سیوەیلی،ئیدریس،٢٠٢١،مامۆستای کارامە و وانەوتنەوەی سەرکەوتوو،سلێمانی،چاپخانەی چوارچرا.

٤٣. صبری ، ڕازاو ڕەشید ،٢٠١٠،چیرۆکی منداڵان لە ئەدەبی کوردیدا ، (١٩٩١-٢٠٠٥ )هەولێر ، چاپخانەی هاشم.
٤٤. شوان ، ڕەزا ، ٢٠١٥ چاوپێکەشانێک بە مێژووی ئەدەبی منداڵان ، کەرکوک ، چاپخانەی کارۆ .
٤٥. شوان ، ڕەزا ، ٢٠١٩ ، چەپکێک لە لای لایەی دایکانی کورد ، عێراق ، چاپخانەی روی .
٤٦. شوان ، ئیبراهیم ئەحمەد(د) ، ٢٠١٨ ، مەڵۆیێ لە ئەدەبی منداڵانی کورد،هەولێر، چاپخانەی هێڤی .
٤٧. شوانی ، ئاکۆ عەبدولکەریم ، ، ٢٠٠٢ ، شاری سلێمانی (١٩١٨- ١٩٣٢) لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی / سیاسییە ، سلێمانی ،چاپخانەی زانست .
٤٨. شەکشەک ، ئەنەس و سەلاح سەعدی، ٢٠١٢ ، دەروونناسی گشتی ( هێزە دەروونیە مەعریفییەکان و هێزە دەروونیەکانی جوڵێنەری ڕەفتار ، هەولێر ، کۆمپیوتەری نارین .
٤٩. شەونم ، عەلی عبداڵله ، ١٩٦٦، جریوە ، سلێمانی ، چاپخانەی کامەران .
٥٠. عارف،محمد، ١٩٥٨ ، دیوانی زێوەر ،بەغداد،چاپخانەی مەعارف .
٥١. العبدالکریم ، ڕاشد بن حسێن(د)،و.سەریاس سەمین ، ٢٠١٥ ، سی و سێ ڕێگە بۆ وتنەوەی وانەکەت بە سەرکەوتوویی ،سلێمانی، چاپخانەی چوارچرا .
٥٢. عقراوی ، متی(د ) و ناصر ، محەمەد ، و.رشید نجیب ، ١٩٥٥، پرۆگرامی خوێندنەوەی کوردی پۆی دووەمی سەرەتایی.
٥٣. عەبدولکەریم ، سەلام ، ٢٠٠٩ ، سیستمی پەروەدەیی لە وڵاتانی ئەسکەندەرنافیا ( سوید ، نەرویج ،دانیمارک ) ، سلێمانی ، چاپخانەی سایە .
٥٤. عەبدوڵڵا ،عائیشەمیرزا ، ٢٠١٣ ،دێراو ، هەولێر ،چاپخانەی ڕۆژهەڵات.
٥٥. عەدەس ، عەبدولڕەحمان و ئەلقتامی،یوسف (د)، و.سەعدی سەلاح ، ٢٠١٣، سایکۆلۆژیای پەروەردەیی تیۆری و پیادەکردنی سەرەکی ، هەولێر ، چاپخانەی نارین .
٥٦. عەدەس ، محەمەد عەبدوڕەحیم ، و. محەمەد ساڵح مەلا حەسەن هۆرێنی ، ٢٠٠٤ ، هونەری وانە گوتنەوە،سلێمانی ، وەزارەتی ڕۆشنبیری .
٥٧. عەزیز ، عزالدین احمد ، ٢٠١٤، بنەماکانی دەروونزانی گشتی، هەولێر ، چاپخانەی ڕۆژهەڵات .
٥٨. عەزیز ،کەریم ئەحمەد ، ٢٠١٧ ، بنەماکانی پەروەردە،( دەروازەیەک بۆ پەروەردە ناسی ) هەولێر ، کۆمپیوتەری نارین .
٥٩. عەلی ، ئازاد (د) و ئیبراهیم ، سەرهەنگ ، ٢٠١٩ ، دەروازەیەک بۆ دەرونزانی گشتی ، کۆیە ، وەزارەتی خوێندنی باڵا.
٦٠. فتاح ، محمد ڕەشید ، ١٩٧٤، ئەدەبی منداڵان و نموونە و لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی منداڵانی کورد ، ، بەیارمەتی وەزارەتی کاروباری مێژوو و بەڕێوبەرایەتی گشتی خوێندنی کوردی لە چاپ دراوە .
٦١. فەتاح ، نیاز محەمەد ، ٢٠١٨ ، پرۆسەی پەروەردە لە سەردەمی جیهانگیری لە تەکنەلۆژیادا ، سلێمانی ، چاپخانەی کارۆ .
٦٢. فەرهادی ، حەمە ساڵح ، ٢٠١٤ ، منداڵ و ئەدەبی منداڵان ، هەولێر ،وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان.

٦٣. فەرهادی ، حەمە ساڵح ، ٢٠٢١، پێگەی شیعری منداڵان لای شاعیرانی کورد ، هەولێر، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین ، ( بەرگی دووەم ) .
٦٤. فەرهادی ، حەمە ساڵح ، ٢٠٢١، پێگەی شیعری منداڵان لای شاعیرانی کورد ، هەولێر، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین ،( بەرگی سێیەم )
٦٥. فەرهادی ، حەمە ساڵح ، ٢٠٢١، پێگەی شیعری منداڵان لای شاعیرانی کورد ، هەولێر،چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین ،( بەرگی چوارەم )
٦٦.فەرهادی ، حەمە ساڵح،٢٠١٣، پێگەی شیعری منداڵان لای شاعیرانی کورد ، هەولێر ، چاپخانەی هاشم ( بەرگی یەکەم)
٦٧. فەلاح ، کاکەی ، ٢٠٠٩ ، دیوانی کاکەی فەلاح ( پەپولەکان ) ، سلێمانی ، چاپ و پەخشی سەردەم .
٦٨. فەلاح،کاکەی، ٢٠٢٠،کاروانی شیعری نوێی کوردی،سنە،چاپ و بڵاوکردنەوەی کوردستان(انتشارات کردستان).
٦٩. قادر ، ڕەمەزان حەمەدە مین ، ٢٠٢٠، بنەماکانی پەروەردەی سەردەم بەردەوامە ، جیهانگیری ، پێداگۆجێ ، دیداکتیک ، سلێمانی ، چاپخانەی سایە.
٧٠. قادر ، ڕەمەزان حەمەدە مین ، ٢٠٢٠، تیۆریەکانی فێربوون ، جێبەجێکردنی پەروەردەیی ، سلێمانی ، چاپخانەی سایە .
٧١. قەرەچەتانی ، (د ) کاریم شەریف ،٢٠١٨، پێوان و هەڵسەنگاندن ، لە بواری پەروەردە و دەروونزانی ، ئێران ، چاپخانەی ( بانی صلح ) .
٧٢. قەرەچەتانی ، کەریم شەریف (د)، ٢٠١٥ ، سایکۆلۆژیای گشتی ، سلێمانی ،چاپخانەی پیرەمێرد .
٧٣. قەرەچەتانی ، کەریم شەریف ، ٢٠٠٨ ، سایکۆلۆژیای پەروەردەیی ، سلێمانی ، چاپخانەی پەیوەند .
٧٤. قەرەنی ، احمد ، ٢٠٠٧ ، شیعری فێرکردن لە ئەدەبی کوردیدا ، هەولێر ،چاپخانەی ئاراس .
٧٥. قەرەنی ، احمد ،٢٠٠٣ ، ئەزموونی گەلان لە بواری پەروەردە و فێرکردندا ، هەولێر ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە .
٧٦.کارانگۆ ، ئاما، و، بەهرە طارق ، ٢٠٢١ ، سلێمانی ، چاپخانەی کتێبخانەی گەشە.
٧٧.کاکی ، ٢٠٠٨، شێواز لە شیعری کلاسیکی کوردیدا ، سلێمانی ، چاپخانەی تیشک.
٧٨.کاکەوەیس ، مەجید ، ٢٠٠٨ ، باسێک لە بنەمای پەروەردە و فێرکردن و کۆمەڵگای پێشکەوتوو ، دهۆک ،چاپخانەی خانی .
٧٩. کامل ، محەمەد عەلی ، و. ئەسعەد حاجی شەریف ، ٢٠١٧ ، دەروونناسی قوتابخانەیی پسپۆڕی دەروونناسی وقوتابخانە و ڕۆڵی لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری و دەروونی ، سلێمانی ، چاپخانەی چوارچرا .
٨٠. کۆیی ، کازم ، ٢٠١٩ ، نامیلکەی شیعری ( نەوەی دەستپاک ) ، هەولێر ، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین .
٨١. کەریم ، توانا ڕەشید ، ٢٠١٢ ، سلێمانی ، لە نێوان ساڵانی ( ١٩٤٥-١٩٥٨) لێکۆڵینەوەیەک لە بارودۆخی سیاسی و ڕۆشنبیری،هەولێر،چاپخانەی ڕۆژهەڵات.
٨٢. گۆران ، عەبدوڵڵا ، ١٣٨٦، دیوانی گۆران ، ئێران ، کتێبخانەی ملی ئێران.

٨٣. محمد ، سەرکەوت جەمال ، ٢٠٢٠ ، ڕێبازی لێکۆڵینەوەی دەروونزانی و پەروەردەیی ، چاپی ئەلکترۆنی .
٨٤. محمد ، شیرین ساڵح ، ٢٠١٦ ، بەها لە کتێبی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی پۆلی چوارەمی بنەڕەتیدا ، هەولێر ،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە .
٨٥. محمد ،دڵشاد عەلی ، ١٩٩٨ ، بنیاتی هەڵبەست لە شیعری کوردیدا، سلێمانی ، چاپخانەی ڕەنج .
٨٦. محەمەد ، حەیدەر ، ٢٠١١، مامۆستای سەرکەوتوو، هەولێر، چاپەمەنی ( منازە ) .
٨٧. محەمەد ، ئەحمەد عەلی ئەلحاج (د) ، و، محەمەد ئەمین قەرەداغی ، ٢٠٠٨ ، فەلسەفەی پەروەردە ، سلێمانی ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم .
٨٨. محەمەد ، ئەمین ، ٢٠١٢ ، گۆرانی هەورەکان ( کۆمەڵە شیعر ) سلێمانی .
٨٩. مەحمود ، فازل مەجید ،٢٠٠٤، شیعری منداڵان لە ئەدەبی کوردیدا، سلێمانی ، چاپ و پەخشی سەردەم .
٩٠. مەلا کەریم،محەمەدی ،٢٠١١،دیوانی بێکەس،هەولێر، چاپخانەی شڤان.
٩١. نۆدیَ ، شێخ مارف ، ١٩٨٦ ، ئەحمەدی ،بەغداد ، دار المثنى للطباعه والنشر.
٩٢. هاڵبێرگ ، پیتەر و ئەوانی تر ، و.ئەنوەر قادر محەمەد، ٢٠١٠ ، تیۆری ئەدەبی و شێواز ناسی ، سلێمانی ، کتێبخانەی یادکار .
٩٣. هاوار ، محەمەد ڕەسول ، ٢٠٠٧، پیرەمێردی نەمر ، بەغداد ، چاپخانەی (العانی)
٩٤. هاوس ، گلێن ستێن ، و. عەلی ئەکبەر مەجیدی ، ٢٠٠٩ ، کلیلی پەروەردەی منالان ، ، سلێمانی ، چاپ و پەخشی سەردەم .
٩٥. هەڵمەت ، لەتیف ، ١٩٨٩ ، شیعر و چیرۆک بۆ منالاَن ،بەغداد ، چاپخانەی الحوادث .
٩٦. هەڵمەت ، لەتیف ، ٢٠١٠ ، شیعر بۆ منداڵ ، ( مانگ لە نێوان هەزار ویەک ئەستێرەدا دەنوێت ) ، سلێمانی، چاپخانەی ڕەهەند .
٩٧. هەورامی ، حەمە کەریم ، ٢٠٠٧، ئەدەبی منالانی کورد دوای ڕاپەڕین ، هەولێر،چاپخانەی ئاراس.
٩٨. هەورامی ، حەمەکەریم ، ٢٠٠٥ ، ئەدەبی منداانی کورد، لێکۆڵینەوە .. . مێژووی سەرهەڵدان ، هەولێر ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە .
٩٩. هەورامی، حەمە کەریم ،٢٠٠٨ ،مێژووی پەروەردە و خوێندن لە حوجرەکانی کوردستان ، ، هەولێر ، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری .

## گۆڤارە کوردییەکان :

١. ئەمین ، ئەمیرە محەمەد (و ) ، ٢٠٠٦، مانای پەروەردە ، گۆڤاری ئاسۆی پەروەردەیی ، هەرێمی کوردستان .
٢. بەرزنجی ، عەلی حمەڕەشید ، ٢٠٢٢، جۆلانێ ، گۆڤاری کانی .
٣. باڵدار ، ئیبراهیم ئەمین ، ١٩٨٥ ، بایەخی هەڵبەست بۆ منداڵان ، گۆڤاری ڕۆشنبیری نویَ .
٤. جەباری ، عومەر یاسین ، ٢٠٠٦ ، کێشە پەروەردەییەکان و چارەسەرکردنیان ، گۆڤاری ئاسۆی پەروەردەیی
٥. جاسم ، نێچیروان ،٢٠١٨ ،ئەدگارەکانی شیعری منداڵان لە دەنگخۆشترین مەل دا ، گۆڤاری ڕامان .

٦. حسێن ، عطا ڕەشید ،( پ.ی.د ) و مەحمود ، شنۆ محەمەد ( پ.ی.د) ،٢٠٢١، ڕۆڵی شیعری منداڵان لە بواری پەروەردە و فێرکردندا ، گۆڤاری ( البحوث للغات ) .
٧. شوان ، ڕەزا، ٢٠٢٢، شیعری ( نەورۆز )، گۆڤاری پەپولە .
٨. شوانی ، نێچیروان ،٢٠١٨ ،حەزی ئەدەبی لای منداڵان ، گۆڤاری ژیار.
٩. عبدولواحید ، ئازاد ، ١٩٨٠، منداڵ و ئەدەبی منداڵانە ، گۆڤاری نوسەری کورد .
١٠. قەرەچەتانی،کەریم شەریف ، ١٩٩٨ ، زیرەکی و گەشەکردنی ژیری لای ( جان پیاجە )،گۆڤاری ڕامان .
١١. قادر ، شەوکەتی هادی ، ٢٠٠٦ ، مامۆستا و بایەخدانی هەمەلایەنەی سیاسەتی پەروەردەیی ،گۆڤاری ئاسۆی پەروەردەیی.
١٢. کاکەسور ، محەمەد عبدوڵلا ، ٢٠٠٤،گەشەکردنی خوێندنی فەرمی لە لیواکانی کوردستانی عێراقدا ( ١٩٢١ — ١٩٥٣) گۆڤاری ئاسۆی پەروەردایی .
١٣. محەمەد ، ئاواز محەمەد عەلی ، ٢٠٠٦ ، مانای پەروەردا ، گۆڤاری ئاسۆی پەروەردەیی .
١٤. محەمەد ، ئاواز محەمەد علی ، ٢٠٠ ، پەروەردەکردنی منداڵ لەسەر شێوازی نوێ ،گۆڤاری ئاسۆی پەروەردەیی.
١٥. محەمەد ، ئەمین ، ٢٠٢٢، چۆن بۆ منداڵ بنوسین ، گۆڤاری ئاوزین .
١٦. هەمزەتۆش ، ڕەسول ، ١٩٨٠ ، ئەدەبی منداڵانی کوردی ، گۆڤاری نوسەری کورد .
١٧. هیرانی ، ئەحمەد ، ٢٠٠٦ ، ئەوخاڵە سەرەکییانەی کە پرۆسەی پەروەردە پێکدەهێنن ، گۆڤاری ئاسۆی پەروەردەیی.

## ڕۆژنامە کوردییەکان :

١- باجەڵان، مەحمود عبدولکریم ،(٢٢-٢-٢٠٢٢) ، هۆیەکانی فێرکردن ، کەی و چۆن بەکاردێن ؟ کوردستانی نوێ .
٢- باجەڵان ، مەحمود عەبدولکەریم ،(٣٠-٨-٢٠٢٢)، گۆڕانکاری کتێبەکانی( خوێندنی کوردی ) لە بازنەی یەکەمدا ، ڕۆژنامەی کوردوستانی نوێ .

## نامە ئەکادیمیەکان بە کوردی :

١. عبدلرەحمان،جبار احمد (د)، ٢٠١١-٢٠١٢، ڕێگاکانی وانەوتنەوەی گشتی ، زانکۆی کۆیە ،دبلۆمی باڵا.
٢. عەبدوڵلا ، چنار سەعید ، ٢٠١٠ ، پەروەردە و نەتەوایەتی ، زانکۆی سەلاحەددین ،هەولێر ، تێزی دکتۆرا.
٣. مەعروف ، هەرێم عوسمان، ٢٠١٧ ، لیریکی گۆران لە ڕوانگەی بونیادگەری کراوە و تەواوکارانەوە ،کۆلێجی زمان،بەشی کوردی، زانکۆی سلێمانی ،نامەی ماستەر.
٤. مەغدید ، ڕوخسار نەبی ، ٢٠١٧ ، بەها کۆمەڵایەتییەکان لە پرۆگرامەکانی خوێندنی کوردیدا لە ڕوانگەی بۆچوونی هۆشەکییەوە ،فاکەڵتیی ئاداب،بەشی کوردی، زانکۆی سۆران ،نامەی ماستەر.
٥. نەقشبەندی،فاروق محەمەد ڕەزا (د) ، ١٩٩٩ ،شیعری منداڵان لە ئەدەبی کوردیدا، کۆلێجی پەروەردە (ئیبن ڕوشد)،زانکۆی بەغداد ،نامەی ماستەر.

## كتێب بە عەرەبی :


١. أحمد ، إبراهيم خليل ، ١٩٨٢ ، تطور التعليم الوطنى في العراق (١٦٩-١٩٣٢) ، البصرة ، منشورات مركز دراسات الخليج العربى بجاميعة البصرة .
٢. جعفر ، عبدلرزاق ( د) ، ٢٠١٧ ، أسطورة الاطفال الشعراء ، بيروت ، دار الجيل.
٣. دياب ، مفتاح محمد ، ١٩٨٥ ، مقدمة فى أدب الأطفال ،ترابلس ، المنشاء العامة لنشر و التوزيع .
٤. الزغول ، عماد عبدالرحيم(د) ، ٢٠١٠ ، نظريات التعلم ، عمان ( الأردن ) ، دار الشروق .
٥. سليم ، مريم ، ٢٠٠١ ، أدب الأطفال و ثقافة ، بيروت ، دار النهضة العربية .
٦. عاقل ، فاخر (د) ، ١٩٧٨ ، معالم التربية ، بيروت ، دار العلم للملايين ،
٧. عواضة ، هاشم (د) ، ٢٠٠٨ ، تطوير أداء المعلم ، بيروت ، دار العلم الملايين .
٨. الكعبى ، فاضل عباس ، ١٩٩٩، المدخل التربوية و مرتكزات التجانس المعرفي في ثقافة الاطفال ، بغداد، دارالشؤون الثقافية العامة .
٩. محمد ، محمد جاسم ، ٢٠٠٤ ، نظريات للتعلم ، عمان ( الأردن ) ، دارالثقافة للنشر و التوزيع .
مرعى ، توفيق أحمد و الحيله ، محمد محمود ، ٢٠٠٢ ، طرائق التدريس العام ، عمان ( الأردن ) ، دار الثقافة للنشر و التوزيع .
١٠. مصطفى ، عفاف عثمان عثمان ( د) ، ٢٠١٤ ، استراتجيات التدريس الأطفال ، الأسكندرية ، دار الوفاء لدنيا الطباعة و النشر .
١١. الهرفى ، محمد على (د) ١٩٩٦ ، أدب الاطفال ( دراسة نظرية ، و تطبيقية ، ( ؟ ) ، دار الاعتصام .
١٢. الهيتى ، هادى نعمان ( د) ، ١٩٧٧ ، الأدب الاطفال ،بغداد ، دار الحرية للطباعة .


## گۆڤاری عەرەبی :


١. الخانى ، ريمة عبدالاله (د) ، ٢٠١٩ ، التعلم الحديث بين الواقيع و الرقمى ، المجلة العربية للتربية النوعية .


## نامە ئاكاديميەكان بە عەرەبی :


١. أمل ، بوشوكة و حكمية ، أوشن ، ٢٠١٢-٢٠١٣، أهمية أدب الأطفال ،البريرة ،البحث العلمى.
٢. طالب ، مبيركة ، ٢٠١٢-٢٠١٣ ، واقيع ادب الأطفال فى الجزائر ، الجزائر ،رسالة ماستر.
٣. نجاة ، زيانى ، ٢٠١٦-٢٠١٧ ، الشعر فى ادب الأطفال ، جامعة عبدلحميد بن ياسين ،رسالة ماستر.


## كتێب بە ئینگلیزی


١-Cigman J,Using poetry to support Literacy and Language Development,published in England.

٢- Conesa,Isabel Maria Garcia and Rubio,Antel Juan,٢٠١٥,The use of rymes and song in the teaching of English in primary Education,Centro Universitario de la Defensa de San Javier.

**لێکۆڵینەوەی ئینگلیزی :**

international research in children's literature (٢٠١٥) Edinburgh university press

**سایتی ئینتەرنێت :**

١. ئەحمەد ، ڕێدار ، ٢٠٢١،
https://zaniary.com.blog
٢. ئەحمەد،٢٠٠٦،(www.pertwk.com).
٣. بەرزنجی، عەلی حەمە ڕەشید ، ١١-٩-٢٠٢٢
https://muzeymndalan.wixsite.com
٤. جوانرۆ،فەریدون میر ئەحمەدی،٢٠١٢،ئەدەبی منداڵان و شیعر(http://ghandil)
٥. حاجی ، لۆی ، ڕێگاکانی فێرکردن .
https://www.orepedia.org
٦. حەسەن ، زاهید ،و سەرحەد ، سۆما ،٢٠١٨ ، پەروەردە و فەلسەفەی پەروەردە
https://penus.kurd.ckb.item
٧. حەسەن ، بەکر کەریم ، ٢٠١٨، گوڵان
goanmedia
٨. شوان ، ڕەزا ، ٢٠١٤ ، نیشتمان لە شیعرەکانی ( لەتیف هەڵمەت ) دا .
posted in datafixare ٢٢-١-٢٠١٤ published
٩. شوان ، ڕەزا ، ٢٠٢٠ ، دیدار لەگەڵ نوسەری منداڵان ( عەلی حەمەڕەشید بەرزنجی )
muzeymndalan.wixsite.com
١٠. شوان ، ڕەزا ، ٢٠٢٠ ، گرنگییەکانی چێژی ئەدەبی بۆ منداڵان .
https://dengekan.info/archives/
١١. شوان ، ڕەزا ، ٢٠٢٠، منداڵەکانمان گرنگترین و بەنرخترین سامان و سەرمایەی گەلەکەمانن ،
http://kwrdistanpost.nu
١٢. شوان ، ڕەزا ، ڕۆڵی خوێندنگای سەرەتایی لە گەشەکردنی ئەدەبی منداڵاندا
https://www.kurdistanpost.nu

١٣. شوان ، ڕەزا ،٢٩-٧-٢٠٢١ ، گرنگیەكانی شیعر بۆ منداڵان .

https://pmnews.se

١٤. شوان ، ڕەزا، ٢٠١٣، مێژووی ئەدەبی منداڵان .

http://www.komarixwa.com/ku

١٥. شوان ، ڕەزا، ٢٠١٥ ، دەربارەی شیعری منداڵان .

شوان ، ڕەزا، ٢٠٢٠، چیرۆكە شیعرەكانی فایەق بێكەس بۆ منداڵان

http://www.kwrdistanpost.nu

١٦. شوان ، ڕەزا، هاندانی منداڵان بۆ هاوبەست بوون بۆ كوردستان لە شیعری شاعیراندا

https://www.regaykurdistan.com

١٧. شوان ، ڕەزا،٢٠٢٠، لەگەڵ نووسەری منداڵان مامۆستا حەمە ڕەشید بەرزنجی ، موزەی هونەری منداڵان .

https://mueymndaLan.wixsite.com

١٨. شوان ، ڕەزا،٧-١-٢٠١٧ ، لافۆنتین كەڵە ئەفسانە نووسی چیرۆكە شیعر بۆ مناڵان .

https://wtarikurd.info

١٩. شوان ، ڕەزا،دایكی سۆلاڤ

https://manumedia.org

٢٠. شەوكەت ، ڕزگار ، پەروەدە لە قەیراندا

https://www.negativegroup.org.item

٢١. عەبدولكەریم ، سەلام

Wikipedia(https://govarikoch.com )

٢٢. قەرەداغی ، فوئاد ، ٢٠١٥ ، ڕێكخراوی پەروەردەی نوێ

https://nanwadi.wordpress.com

٢٣. (htt://pashewnuri.com)

٢٤. https://m.facebook.com

٢٥. Ckb.m.wikipedia.org

٢٦. https://kurdpedia


## سایتی ئینگلیزی :


١. http://www.sun.ac.stellenbosch

٢. http://iaeme.com/home/journa/ljm.p ٢١٢-٢٢٦

## سایتی عەرەبی :

١. الجوهری ، فائدة صبری ، لعلم النفس التربوی ، الکلیة التربیة بالطائف ، السعودیة ، http://iaeme.com/home/gournal/aljm

٢. قاسم ، عەبدالمجید ، ٢٠١٨ ، الاطفال عند الکرد في سوریة . https://firatn.com

٣.

## چاوپێکەوتن :

١-عەلی حەمە ڕەشید بەرزنجی ، ٢٨ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٢ ، شیعری منداڵان ، خۆم ئەنجامم داوە.

٢-مەحموود عبدولکەریم باجەلان ، ٦ ی ئازاری ٢٠٢٢، تەلەفیزۆنی پەروەردە .

## سەرچاوەکانی کەرستەی توێژینەوەکە:

١. لیژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە،٢٠١٨،خوێندنی کوردی بۆ پۆلی یەکەمی بنەڕەتی،وەزارەتی پەروەردە،بەڕێوەبەرایەتی گشتی پڕۆگرام و چاپەمەنیەکان.

٢. لیژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە،٢٠٢١،خوێندنی کوردی بۆ پۆلی دووەمی بنەڕەتی،وەزارەتی پەروەردە،بەڕێوەبەرایەتی گشتی پڕۆگرام و چاپەمەنیەکان.

٣. لیژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە،٢٠١٩،خوێندنی کوردی بۆ پۆلی سێیەمی بنەڕەتی،وەزارەتی پەروەردە،بەڕێوەبەرایەتی گشتی پڕۆگرام و چاپەمەنیەکان.

٤. لیژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە ،(٢٠١٦) ز،خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی چوارەمی بنەڕەتی ،چاپی نۆیەم ،وەزارەتی پەروەردە ، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پڕۆگرام و چاپەمەنییەکان .

٥. لیژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە،(٢٠٢١) ز، ڕێزمان و خوێندنەوەی کوردی . قۆناغی بنەڕەتی پۆلی پێنجەم ،چاپی سێزدەیەم ،وەزارەتی پەروەردە ،بەڕێوەبەرایەتی گشتی پڕۆگرام و چاپەمەنییەکان .

٦. لیژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە،(٢٠٢١) ز، ڕێزمان و خوێندنەوەی کوردی . قۆناغی بنەڕەتی پۆلی شەشەم ،چاپی سێزدەیەم ،وەزارەتی پەروەردە ،بەڕێوەبەرایەتی گشتی پڕۆگرام و چاپەمەنییەکان .

# ملخص

هذا البحث بعنوان (اثر شعر الاطفال في عملية التعلم - المرحلة الابتدائية مثلا) دراسة وصفية تحليلية.كما يحدد أثر القصائد في المناهج الدراسية الموجودة في كتاب (القراءة الكردية) في الصفوف (الأول والثاني والثالث والرابع) وكتاب (القواعد والقراءة الكردي) في الصفوف (الخامس والسادس) على العملية التعليمية ، مع التعرف على أهمية شعر الأطفال ، والمشكلات الموجودة في هذا الصدد ، وتقديم الاقتراحات المناسبة لتحسينها . تؤكد هذه الدراسة أن الهدف الرئيسي لعملية التعليم في هذه المرحلة هو التعلم ، أي في الإطار العام للعملية التعليمية ، يجب تحقيق هدف واحد: و هو التعلم . التعلم في حد ذاته عملية مستمرة وليس لها وقت محدد ، ولكن عندما يرتبط التعلم بالمنهج الدراسي ، فإنه يصبح خاصًا بمرحلة وعمر معين ،بشكل عام ، هناك (برامج ،مدرسون ،طرق وخطط ، استراتيجيات ، أدوات و تقنيات التعلم) في العملية في المقابل ، يلعب (المتعلم )دورًا رئيسيًا. الهدف الآخر للدراسة هو إظهار كيف يمكن استخدام المناهج الدراسى كفرصة جيدة للتركيز على شعر الأطفال ، كما ان العلماء والخبراء في مجال التربية وعلم النفس يوضحون أهمية وضع أدب الأطفال بشكل عام وشعر الأطفال بشكل خاص في خدمة عملية التعليم والتعلم ، لأن شعر الأطفال يتسبب في تنمية الذكاء عند الأطفال ، وهو سبب في إنتاج العقول المبدعة لدى الأطفال من خلال الخصائص الفنية التي يتمتع بها وكذلك المحتوى والموضوعات المهمة والمفيدة التي يحتويها، سيكون مساهماً جيداً في نمو العقلي والفكري والشخصي للاطفال .

وفق منهجية البحث ومبادئه ، يتم أولاً عرض المجتمع وعينة البحث وحجمه ، ثم تحليل أشعار الدروس الكردية في مناهج المرحلة الابتدائية للحلقتين الأولى والثانية. ثم يتم عرض نتائج جميع الاستطلاعات من خلال جداول وخرائط تتضمن إجابات على (٣٠) سؤالا ومن خلالها حددنا نتائج التأثير. لأن الهدف من الدراسة هو معرفة مدى تأثير شعر الأطفال في عملية تعلم الأطفال .

## Abstract

This research is entitled (The impact of children’s poetry on the learning process - the primary stage, for example) as a descriptive and analytical study. It also identifies the effect of poems on the curricula found in the book (Kurdish Reading) in grades (first, second, third and fourth) and the book (Kurdish grammar and reading) in grades ( Fifth and sixth) on the educational process , While recognizing the importance of children's poetry, the problems in this regard, and providing appropriate suggestions for improving them. This study confirms that the main goal of the education process at this stage is learning, that is, in the general framework of the educational process, one goal must be achieved: learning. Learning itself is a continuous process and does not have a fixed time, But when learning is linked to the curriculum, it becomes specific to a particular stage and age, in general, there are (programs, teachers, methods and plans, strategies, tools and techniques of learning) in the process in turn, (the learner) plays a major role. Another aim of the study is to show how the school curriculum can be used as a good opportunity to focus on children's poetry, Also, scholars and experts in the field of education and psychology explain the importance of putting children’s literature in general and children’s poetry in particular at the service of the teaching and learning process, because children’s poetry causes the development of intelligence in children, and it is a reason for producing creative minds in children through the artistic characteristics that it enjoys. With it, as well as the important and useful content and topics it contains, it will be a good contributor to the mental, intellectual and personal development of children.
According to the research methodology and principles, the community, the research sample and its size are first presented, and then the poems of the Kurdish lessons in the primary school curricula for the first and second cycles are analyzed. Then the results of all surveys are presented through tables and maps that include answers to (٣٠) questions, through which we determined the results of the impact. Because the aim of the study is to find out the effect of children's poetry on children's learning process.

**پاشکۆی ژمارە (١)**

**زانکۆی سلێمانی**

**کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی**

**بەشی کوردی**

**خوێندنی باڵا . ماستەر**

**بابەت / ڕاپرسی شارەزایان دەربارەی ڕاستی و دروستی پرسیارەکانی ڕاپرسییەکەمان،دەربارەی شیعرەکانی قۆناغی بنەڕەتی(بازنەی یەکەم)و(بازنەی دووەم )و،وە کاریگەرییەکانی.**

**مامۆستای بەڕێز...**

**پاش ڕێزو سڵاو...**

**توێژەر ( شاگوڵ عثمان عبدالکریم )هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی توێژینەوەیەک بە ناونیشانی (کاریگەری شیعری منداڵان لە پرۆسەی فێربووندا . قۆناغی بنەڕەتی بە نموونە )،بە ئامانجی پێوانەکردنی کاریگەری شیعری منداڵان لە گەشەپێکردن و بەرەوپێشبردنی فێربوون،یەکێک لە پێداویستیەکانی توێژینەوەکە ئەنجامدانی ئەم ڕاپرسییە کە ڕادەی کاریگەرێکە دەردەخات ،توێژەر بە گرنگی دەزانێت،ڕاوبۆچوونی بەڕێزتان وەربگرێت،وەک پسپۆر و شارەزایەک دەربارەی ڕاستی و دروستی پرسیارەکان،بە دانانی وشەی(گونجاوە)(نەگونجاوە)بۆ هەر یەک لە پرسیارەکان،لە ڕوانگەی بەڕێزتانەوە، هاوکاریتان جێگەی ڕێزو پێزانینە.**

**تێبینی : تکایە ئەم زانیاریانە پڕ بکەرەوە :**

**ناوی مامۆستا : ................................................ پلەی زانستی .....................................**

**پسپۆری : ...................................................... بڕوانامە ...........................................**

**وەزارەت ..........................................................تەمەن.................**

**توێژەر : شاگوڵ عثمان عبدالکریم** **سەرپەرشتیار: پ . ی .د . کوێستان جمال سلام**

لیستی ناوی شارەزایان بە پێی ڕیزبەندی پلەی زانستییان دەربارەی هەڵسەنگاندنی پرسیارەکانی ڕاپرسییەکە .

| ناوی پسپۆران | پسپۆری | نازناوی زانستی | بڕوانامە | شوێنی کارکردن |
|---|---|---|---|---|
| ١. محمد امین تاتانی | ئەدەبی کوردی | پرۆفیسۆر | دکتۆرا | زانکۆی سلێمانی |
| ٢. کەریم شەریف قەرەچەتانی | پێوانە و هەڵسەنگاندن | پرۆفیسۆر | دکتۆرا | زانکۆی سلێمانی |
| ٣. صابر بکر مصطفى | دەروونزانی پەروەردەیی | پرۆفیسۆر | دکتۆرا | زانکۆی سلێمانی |
| ٤. علی تاهیر حسین | ئەدەبی کوردی | پرۆفیسۆر | دکتۆرا | زانکۆی سلێمانی |
| ٥. مەهدی فاتیح عومەر | ئەدەبی کوردی | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | دکتۆرا | زانکۆی چەرمۆ |
| ٦. بەختیار صابر حمە | ئەدەبی ئینگلیزی | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | دکتۆرا | زانکۆی سلێمانی |
| ٧. عباس صالح عبدالله | ئەدەبی کوردی | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | دکتۆرا | زانکۆی سلێمانی |
| ٨. عبدالصمد احمد محمد | دەروونزانی پەروەردەیی | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | دکتۆرا | زانکۆی سلێمانی |
| ٩. نازەنین عوسمان محمد | دەروونزانی گشتی | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | ماجستێر | زانکۆی سلێمانی |
| ١٠. سامان جلال عزیز | ئەدەبی کوردی | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | دکتۆرا | زانکۆی سلێمانی |
| ١١. هاوژین سلێوە عیسا | ئەدەبی کوردی | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | دکتۆرا | زانکۆی کۆیە |
| ١٢. نزیرە صالح محمد | پەروەردەی تایبەت | مامۆستا | دکتۆرا | زانکۆی سلێمانی |

## پاشكۆی ژماره ( ٢ )

**فۆرمی تایبەت بە مامۆستایانی پسپۆری كوردی ( قۆناغی بنەڕەتی ).**

**ناوی مامۆستا** .............................. **پسپۆری** ..................................

**بڕوانامە** ........................................

**١ ـ شیعر وەك جۆرێك لە ئەدەبی منداڵان كاریگەری هەیە لە سەر منداڵان ؟**

☐ بەڵێ ☐ تاڕادەیەك ☐ بەكەمی ☐ نەخێر

..........................................................................................

**٢ ـ منداڵانی قۆناغی بنەڕەتی حەز لە شیعری نیشتمانی دەكەن ؟**

☐ بەڵێ ☐ تاڕدەیەك ☐ بەكەمی ☐ نەخێر

..........................................................................................

**٣ ـ ڕێگای بیستن گونجاوە بۆ وتنەوەی شیعری منداڵانی بازنەی دووەم ؟**

☐ بەڵێ ☐ تاڕادەیەك ☐ بەكەمی ☐ نەخێر

..........................................................................................

**٤ ـ شیعری منداڵان كاریگەری هەیە لە سەر فێربوونی ڕێز و خۆشەویستی ؟**

☐ بەڵێ ☐ تاڕادەیەك ☐ بەكەمی ☐ نەخێر

..........................................................................................

**٥ ـ فێرخوازانی قۆناغی بنەڕەتی كاردانەوەیان هەیە لە كاتی وتنەوەی شیعر دا؟**

☐ بەڵێ ☐ تاڕادەیەك ☐ بەكەمی ☐ نەخێر

..........................................................................................

**٦ ـ شیعر یارمەتی منداڵان دەدات لە گەشە كردنی هەست و چەشەی ئەدەبی ؟**

☐ بەڵێ ☐ تاڕادەیەك ☐ بەكەمی ☐ نەخێر

..........................................................................................

**٧ ـ ڕێگای وتنەوەی شیعر هەمان ڕێگای وتنەوەی وانەكانی تره ؟**

☐ بەڵێ ☐ تاڕادەیەك ☐ بەكەمی ☐ نەخێر

..........................................................................................................

٨ ـ شیعر كاریگەری ئەرێنی هەیە لە گەشەكردنی بیری داهێنەرانە ؟

☐ بەڵێ ☐ تاڕادەیەك ☐ بەكەمی ☐ نەخێر

..........................................................................................................

٩ ـ شیعر یارمەتیدەری منداڵانە لە گەشەكردنی كەسایەتیان بە ڕێگەی دروست ؟

☐ بەڵێ ☐ تاڕادەیەك ☐ بەكەمی ☐ نەخێر

..........................................................................................................

١٠ ـ شیعر یارمەتیدەرێكی باشی منداڵانە لە توانای دەربڕین و زماندا؟

☐ بەڵێ ☐ تاڕادەیەك ☐ بەكەمی ☐ نەخێر

..........................................................................................................

١١ ـ لە قۆناغی بنەڕەتی دا وەك مامۆستایەك گرنگی بە وتنەوەی شیعر دەدەیت ؟

☐ بەڵێ ☐ تاڕادەیەك ☐ بەكەمی ☐ نەخێر

..........................................................................................................

١٢ ـ ئامێرەكانی میوزیكت بەكارهێناوە بۆ ئەوەی منداڵان زیاتر گوێ لە شیعر بگرن ؟

☐ بەڵێ ☐ تاڕادەیەك ☐ بەكەمی ☐ نەخێر

..........................................................................................................

١٣ ـ ناوەڕۆك و مەبەستی ئەو شیعرانەی لە( بازنەی یەكەم )و( بازنەی دووەم )ی بنەڕەتی دەخوێنرێن ،لە ڕووی تەمەن و ئاست و عەقڵەوە گونجاوە بۆیان ؟

☐ بەڵێ ☐ تاڕادەیەك ☐ بەكەمی ☐ نەخێر

..........................................................................................................

١٤ ـ تۆی مامۆستا پلان دادەنێیت بۆ وتنەوەی شیعری منداڵان ؟

☐ بەڵێ ☐ تاڕادەیەك ☐ بەكەمی ☐ نەخێر

..........................................................................................................

١٥ ـ شيعری منداڵان سودی پەروەردەیی هەیە لە پرۆگرامەکانی خوێندندا ؟

بەڵێ ☐ تاڕادەیەك ☐ بەکەمی ☐ نەخێر ☐

..........................................................................................

١٦ ـ پرۆسەی فێرکردن سودی هەیە لە سە رگەشەی عەقڵی منداڵان؟

بەڵێ ☐ تاڕادەیەك ☐ بەکەمی ☐ نەخێر ☐

..........................................................................................

١٧ ـ ڕێگای ( نووسین و خوێندنەوە ) ڕێگایەکی گە نجاوە بۆ وتنەوەی شیعرلە بازنەی دووەمدا؟

بەڵێ ☐ تاڕادەیەك ☐ بەکەمی ☐ نەخێر ☐

..........................................................................................

١٨ ـ وەك مامۆستایەك هۆکار و ئامرازەکانی فێرکردن بەکاردەهێنیت لە کاتی وتنەوەی شیعردا ؟

بەڵێ ☐ تاڕادەیەك ☐ بەکەمی ☐ نەخێر ☐

..........................................................................................

١٩ ـ فێرخوازانی(بازنەی یەکەم)و( بازنەی دووەم ) حەز لە شیعری فێرکاری دەکەن ؟

بەڵێ ☐ تاڕادەیەك ☐ بەکەمی ☐ نەخێر ☐

..........................................................................................

٢٠ ـ پرۆسەی فێربوون سودی هەیە بۆ گەشەکردنی زەین و هۆشی فێرخوازان ؟

بەڵێ ☐ تاڕادەیەك ☐ بەکەمی ☐ نەخێر ☐

..........................................................................................

٢١ ـ منداڵانی ( بازنەی یەکەم)و(بازنەی دووەم )حەز لە شیعری ئامۆژگاری دەکەن ؟

بەڵێ ☐ تاڕادەیەك ☐ بەکەمی ☐ نەخێر ☐

..........................................................................................

٢٢ ـ ڕێگای گفتوگۆ گونجاوە بۆ وتنەوەی شیعر لە بازنەی دووەمدا ؟

بەڵێ ☐ تاڕادەیەك ☐ بەکەمی ☐ نەخێر ☐

..........................................................................................

٢٣ ـ ئەو شیعرانەی لە بازنەی یەکەم و دووەمدا دەخوێنرێن ، لە ڕووی کێش و ئاواز وە گونجاوە بۆیان ؟

بەڵێ ☐ تاڕادەیەك ☐ بەکەمی ☐ نەخێر ☐

.......................................................................................................

٢٤ ـ ئەو منداڵانەی لە کاتی قسەکردندا زمانیایان دەیگرێت سود لە لەبەرکردنی شیعر وەردەگرن؟

بەڵێ ☐ تاڕادەیەك ☐ بەکەمی ☐ نەخێر ☐

.......................................................................................................

٢٥ ـ شیعری منداڵان ڕۆڵی هەیە لە گەشەکردنی بەها پەروەردەییەکان ( ڕاستگۆیی ،دەست پاکی ، زمان پاکی ، ڕێزگرتن،.......... ) ؟

بەڵێ ☐ تاڕادەیەك ☐ بەکەمی ☐ نەخێر ☐

.......................................................................................................

٢٦ ـ لەبەر کردنی شیعر کاریگەری هەیە لە سەر چالاکی جەستەیی ؟

بەڵێ ☐ تاڕادەیەك ☐ بەکەمی ☐ نەخێر ☐

٢٧ ـ وەك مامۆستایەك ڕێگای دابەشبوون بەکاردەهێنیت بۆ فێرکردنی شیعر ؟

بەڵی ☐ تاڕادەیەك ☐ بەکەمی ☐ نەخێر ☐

.......................................................................................................

٢٨ـ تۆ وەك مامۆستایەك گرنگی دەدەیت بە بابەتی ڕەوانبێژی لەکاتی وتنەوەی شیعردا ؟

بەڵێ ☐ تاڕادەیەك ☐ بەکەمی ☐ نەخێر ☐

.......................................................................................................

٢٩ ـ شیعر کاریگەری هەیە لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی وشە لای فێرخوازان ؟

بەڵێ ☐ تاڕدەیەك ☐ بەکەمی ☐ نەخێر ☐

.......................................................................................................

٣٠ ـ بە بۆچوونی بەڕێزت پەیوەندی هەیە لە نێوان فێربوون و ڕێگاکانی وانە وتنەوە ؟

بەڵێ ☐ تاڕادەیەك ☐ بەکەمی ☐ نەخێر ☐

.......................................................................................................

**تێبینی**

..............................................................................................................................

..............................................................................................................................

..............................................................................................................................

..............................................................................................................................

.....................................................................